رۆشنبیری نوێ

گوڤارێکی رۆشنبیری گشتی مانگانەیە

ژمـــارە ٨٥ مانگی نیســـــان ومایس ساڵی ١٩٨١



لەم ژمارەیەدا

سەرنووسەر
اسماعیل رسول
جێگری سەرنووسەر
فائق جمیل

ڕۆشنبیری نوێ
گۆڤارێکی ڕۆشنبیری گشتی مانگانەیە
دەزگای ڕۆشنبیری و بلاوکردنەوەی کوردی دەری دەکات

گەشەکردنی بزوتنەوەی وەرگێڕان لەسەردەمی عەبباسییەکاندا و خانەی «بیت الحکمة» لەبەغدا

هەر کە ئاینی ئیسلام لە ناوجەرگەی ـزورگەی عەرەبەوە گەیشتە ناوچەکانی دەوروپشتی . یەکسەر گەورەترین ئاوێتەبوونی بیریی‌و شارستانی لە مێژووی گشت مرۆڤایەتیدا دەستی پێ کرد ، کە ناوێتە بوونی رۆشنبیری عەرەب بوو کە ئالای ئیسلامیان هەلگرت لەگەل گەلانی تردا کە بڕوایان بەم ئاینە هێناو لە زۆرو جەورو کۆیلەیەتی رزگاری کردن‌و لە تاریکی‌یەوە بردنی بۆ روناکی ·

لە سەردەمی فەرمانڕەوایی بەنی‌ئومەییەدا یەکەم بزوتنەوەی وەرگێڕانی زانستەکان دەستی پێ کرد بۆ وەرگێڕانی زانست لە زمانە بێگانەکانەوە (یونانی ، فارسی‌و هیندی) بۆ سەر زمانی عەرەبی · هەندێك لە خەلیفەو میرەکانی بەنی‌ئومەییە خۆیان راستەوخۆ چاوەدێری بزوتنەوەی وەرگێڕانیان دەکردو هانیان دەداو بەتایبەتی خەلیفە عمر بن عبدالعزیز کە زوربەی مێژوو نووسان بە پێنجەمین خەلیفەی راشیدینی دادەنێن لە ئیسلامدا ·

هەروەها میر خالد بن یزید بن معاویە یەکێکی تربوو لەوانەی کە چاوەدێری‌یەکی زۆری بزوتنەوەی وەرگێڕانیان کردو هانیانداو یارمەتی‌یان دا · کاتێك لەشکری ئیسلام لە ولاتی رۆم ئابلۆقەی قوستەنتەنیەی داو لە دواییدا نەیانتوانی بیگرن‌و کشانەوە خالید لەم هێرشەدا چەندین کتێبی یۆنانی دەستگیر بوو ·

خالید . چەند زانایەکی لە قوتابخانەی ئەسکەندەری‌یەوە هێناو فەرمانی پێ کردن کە زانستی کیمیا بگۆڕن بۆ عەرەبی‌و ئەوکاتە بەزمانی عەرەبی سنعات (الصنعە) یان پێ‌دەوت‌و زانایەك لەمانە ئەم کارەی کرد کە « ئیستیفانی کۆن(١) بوو ئەمە یەکەم کاری وەرگێڕان بوو لە ئیسلامدا »(٢) ·

دوای روخانی بەنی ئومییەو کار کەوتنە دەست بەنی [illegible]باس (واتە عەبباسی‌یەکان) پ[illegible] گەورەو گرنگ لە [illegible]می حوکمڕانی هارون الرش[illegible]ویداو ئەم خەلیفەیە بایەخێکی زۆری بە وەرگێڕان دەداو دەزگایەکی سەربەخۆی تایبەتی بۆدامەزراند کە بە ناوی « بیت الحكمة » وە ناسرا ·

زۆر لەمێژوو نووسان بەتایبەتی رۆژ ئاواییەکان وای بۆ دەچن کە مەئمون « بیت الحکمە » ی دامەزراندووە لەمانە رۆژ هەلات ناسی ئەلمان بروکلمان کە لەبارەی مەئمونەوە دەلێ : « لە بەغدا ـ بیت الحکمە ـ ی دامەزراندو کتێبخانەو روانگەیەکی خستە سەرو ـ بیت ـ الحکمة ـ بوو بە مەلبەندێکی هەمیشەیی چالاکی زانستی »(٣) ، هەروەها دوکتۆر ماکس مایەرهوف کە یەکێکە لە دانەرانی کتێبی « تراث الاسلام » کە سالی ١٩٣٦ زانکۆی ئۆکسفۆرد دەری کرد ، دەلێ : « مەئمون لە بەغدا دەزگایەکی رەسمی بۆ وەرگێڕان دامەزراند کە کتێبخانەشی هەبوو »(٤) · هەروەها (ئەلفرێد گیوم)(٥) کە لە دانانی هەمان کتێبدا بەشدار بووە دەلێ : « مەئمون قوتابخانەیەکی بۆ زاناکان لە بەغدا دامەزراند تێیدا بزوتنەوەی لێکۆلینەوەی کتێبە گریکی یەکان‌و وەرگێڕانیان ئەوپەڕی چوست‌و چالاك بوو » ·

ئێمە وای بۆ دەچین کە لە سەردەمی هارون الرشیدا « بیت الحکمە » دامەزراوە نەك لە سەردەمی مەئموندا‌و بەلگەشمان ئەو شتانەیە لە (ابن الندیم) و (ابن القفطی) لە کتێبەکانیاندا وتویانە کاتێك دەربارەی وەرگێڕانی کتێبی « المجسطی »(٦) لە یۆنانی‌یەوە بۆ عەرەبی دواون · ئەم کتێبە کە باسی جوگرافیا دەکات چەند جارێك کراوە

به عـەرەبیو چەند جارێکیش بژار
کراوەتەوەو یەکەم کەس کە بایەخی
بـــە لێکـــدانەوەیو دەرهێنانیو
وەرگێڕانی داوە بۆ عەرەبی یحیى بن
خالد البرمکی بووەو « تاقمێك ئـەم
کتێبەیان بۆ لێك داوەتـەوە بـەلام
تێیدا سەرکەوتوو نەبوونو ئـەمیش
بەمە ڕازی نەبووەو ، ـابا الحسانو
سلم ـ کە دووەمیان لێپرســـراوی
ـ بیت الحکمة ـ بووە رایسپاردون
کە لێکی بدەنەوەو ئەوانیش هەولێکی
زۆریان داوەو ، ئنجـــا وەرگێـــڕی
باشیان هێناوەو بە وەرگێڕانەکـەی
ئەم دووانەدا چوونەوەو باشترینیان
لێ هەڵبژاردووە »(٧) ·

ئەمە ســـاخی دەکاتەوە کـــە
ـ بیت الحکمة ـ هەبووە پێش ئەوەی
هارون الرشید تاقمی بەرمەکی یەکان
لە ناوبەرێ · هارون الرشید پێش
ئەوەی ـ بیت الحکمة ـ دابمەزرێنی،
کۆمـــەلێك کتێبی یۆنانی لـەولاتی
رۆمەوە هێنابوو ، لەو هەڵمەتەدا کە
شاری (عموریە) و (ئەنقەرە) ی
گـــرت هارون الرشـید فرمانی بە
لێپرسراواندا کـــە گەنجینـــەو
ســـامانو کتێبەکانی کتێبخانـــەکان
بپارێزن ، ئنجا تاقمێکی لەو زانایانە
کە زمانی یۆنانیو ئارامیو ســریانی
دەزانن راسپارد کە ئەم کتێبخانانـە
بپشکنن بـۆ ئەوەی بزانن دەربارەی
پزیشـــکیو ئەســـتێرەشوناسیو
ماتماتیـــكو دانایيو فەلســـەفە چ
کتێبێکیان تێدایە ·

ئەم زانایانە کتێبە گرانبەهاکانیان
هەڵبژاردو هێنـــایانن بۆ بەغــــداو
هارون الرشید ئەم کتێبانەی لـــە
« بیت الحکمـــة » دانانو پزیشکی
ناسراو یوحەننا بن ماسەوەی راسپارد
کە چاودێریان بکاتو لـە دواییشدا
کردی بەسەرۆکی « بیت الحکمة » ·

مێژوو ناسان لەسەر ئەوە رێك
نین کە ئایا بیت الحکمة لە چ لایەکی
بەغدا بووە ، بەلام بەلای ئێمەوە ئەم
دامەزراوە لەبەری ـــرصافة ـ بووە ،
چـونکە خەلیفەکانی عەبباسی دوای
مردنی ابو جعفر المنصور ئەو شارەیان
بەجێ هێشت کە (المدینه المدوره)
یان پێدەوتو کە ابو جعفر المنصور
لەبەری کـــەرخ دروستی کردبوو ·
روویان کردە ـ رصافە ـ · أبو جعفر
بەشێکی تایبەتی لە کۆشکی خولـد
کە خـۆی تێیدابوو · بۆ کتێبەکانی
ـ بیـت الحکمـــة ـ دانابوو دوای
مردنیشی بە میرات بۆهارون الرشید
بەجێماو ئەمیش فراوانتری کـــردو
لـــە ولاتانیتر کتێبی بۆ هێنـــا ·
لەلایەکی ترەوە بە تەواوەتی ســـاخ
نەبۆتەوە کـە ئایا چ سالێك ئـــەم
دەزگایە دامەزراوە · رۆژهەلاتناسی
ئینگلیزی « دیلاسی ئۆلەری » دەلێ:
[مەئمـــون ـ بیت الحکمـة ـ ی
دامەزراندو ··· دامەزراندنەکەش لە
سالی ٢١٧ ی کۆچیو ٨٣٢ ی زایین
بوو](٨) · بەلام بە تەواوەتی نازانین
کە ئۆلەری لەم بڕیارەیدا پشتی بە چ
بەلگەیەکی مێژوویی بەستووە ؟!

بیت الحکمـــــة کرابوو بە چەند
بەشو هۆلو ژوورێکەوە ·· چـەند
ژوورێك گەورە بۆ دەرس خوێنـدن
دا[illegible] قوتابی ناوچە جـۆربە
جۆ[illegible] لەلای مامۆستای شارەزا
دەرسی [illegible]ە جۆریان تێدا دەخوێند،
کتێبخانەکە[illegible]ن لە چەند ژوورێك پێك
هاتبـــوو ، هەرژوورەش چـەند
رەفەیەکی تەختیبۆ کرابوو بۆ کتێب
لەسەر دانان ·

هەروەها هۆلی گەورەو فراوان
بۆ موحازەرەو سیمیناری زانستییانە
دانرابوون تێیانـــدا بـــەوپەڕی
ســـەربەستیو ئازادییـەوە بابەتو
مەسەلە جۆربە جۆرەکان باسدەکرانو
لەمانە ئـەو مەسەلانەی پەیوەندییان
بە بڕوای ئیسلامەوە هەیە. هەروەها
لەم دەزگا گرنگەدا ژووری تایبـەتی
هەبوو بۆ پشـــوودانی کارگەرەکانیو
وەرگێڕەکانیش ژووری خـــۆیان
هەبوو · هەموو کەسێکیش دەیتوانی
کتێب لـە کتێبخانەکە بخوازێتەوەو
ماوەی خواستنەوەش مانگێك بوو ·

ئیشو کاری ـ بیت الحکمە ـ
بەرێكو پێکی بـــەرێوە دەچـــوو ·
وەرگێڕەکانیش دەکـران بە چەنـــد
بەشێکەوە ، بەشێکیان بابەتەکەی لە
زمانە بێگانەکەوە دەکرد بەعەرەبیو
بـــە شێکیتر عەرەبییان نەدەزانی
بەلام دوو زمانی بێگانەیان دەزانیو
وەك ئەوەی یونانیو سریانی ، یاخود
یونانیو ، سریانیو فارسی لە یەك
کاتدا دەزانی ئـەمانە لە یونانییەوە
دەیان کرد بە سریانی یاخود فارسی
ئنجـــا هیتر دەیان کردەوە بـــە
عـــەرەبی ·· جالێرەوە زوربـەی
هـــەرەزۆری کتێبـە یۆنانییەکان
راستەوخۆو یەکسەر نەکراون بـــە
عەرەبی بـەلکو کراون بە ســریانی
یاخود فارسی ئنجا لەم دوو زمانانەوە
کراونەوە بـە عەرەبی ··· بەکشتی
لە ـ بیت الحکمە ـ لە شەش زمانەوە
شت وەردەگێڕدرا کە ئەمانەن :

یونانی ، ســریانی ، فارسی
هیندی ، عیبری ، قبتیو هـــەندێ
جاریش لە (نەبتیەوە) شت کراوە
بە عەرەبی ·

لە لایـەکی ترەوە وەرگێڕەکان
بەپێی شارەزاییو پسپۆڕیی دابـەش
کرابوون ، وەرگێڕی تایبـــــەتی بۆ
فەلسەفەو هیتر بۆ پزیشکییو هیتر
بۆ فەلـــەكو کیمیـــاو ماتماتیـك
دانرابوون ·

● شێوەکانی وەرگێڕان

بەپێی سەرچاوەکان دوو جۆرە شێواز لە وەرگێڕاندا پەیڕەو کراوەو « بهاء الدين العاملي » خاوەنی کتێبی « الكشكول » کـە ساڵی ١٠٣١ ی کۆچی ، ١٦٢٢ ی زایین مـردووە باسی ئەمە ئەکاتو دەڵێ « صـلاح الصفدي»(٩) ـ وتویە ، وەرگێڕەکان لە گۆڕیندا دوو ڕێگایان هـەبوو ، ڕێگای یوحنـا بن البطـريقو ابن الناعمـة ـ الحمصي و هیتر ، ئەڕێگایە بەم شێوەیەیە ٠٠ سەرنجی وشە یۆنانییەکە ئەدرێو ماناکـەی چیگـەیاند ئـەوا لە بەرامبەریدا وشەیەکی عـەرەبی هەڵدەبژێردرێو بـەم جـۆرە رستەکە وشەوشە وەردەگێڕدرێو ئەمـەش ڕێگایەکی خراپە ٠٠

ڕێگای دووەمیش لە کردنبەعەرەبیدا ڕێگـای حنـين بن اسـحقو الجوهريو(١٠) هیترەو رستە رستە وەردەگێڕدرێ ، واتـە رسـتەکە دەخوێنرێتەوەو بـە پێیماناکـەی بەزمانەکـەی تر رستەیەك دادەنرێو ئەم ڕێگایەش زۆر باشە »(١١) ٠

لە سەردەمی هارون الرشـيدو مەئموندا ـ بيت الحكمة ـ گەورەو فراوان بوو ئـەویش لە ئـەنجامی ئەوکتێبو نووسـراوانەی کـە لە ئاسیای بچوك (تورکیا) و هیندستان وئێرانو دوورگـەی قوبرسەوە هێنران ، سەرەڕای ئەوکتێبانەی کە سریانییەکانو (١٢) لەکڵێسـاو دێرەکانیان لەشامو وڵاتی جزیرە(١٣) کۆیان دەکردەوە ٠ مەئمون کۆمەڵێك کتێبی گرانبەهای فەلسەفەی یۆنانی لە دوورگەی قوبرسەوە هاوردو (ابن نباته المصرى) لـەم بارەیەوە ئاوا دەڵێ :ـ مەئمون ناردی بۆ ئـەم دوورگـەیە کە ئـەم کتێبانـەی فەلسەفەیبۆ بنێرن بەڵام لێپرسراوی دوورگەکە لە سەرەتادا قایل نەبووە دەستوپێوەنـدەکانی خـۆی کۆکردۆتـەوەو پرسی پێکـردون ئەوانیش هـەر رازی نەبوون بۆ مەئمونیان بنێرن تەنیـا مەترانێك نەبێکە بە سەرداری قوبرسی وتوە: منوای بە باش دەزانم کـە بەزوویی ئەم کتێبانەی بۆ بنێری چونکە ئـەم زاستە ئەقڵییانە چوونە ناو هەر دەوڵەتێکی شـەرعییەوە یەکسـەر تێکیان داوەو زاناکانیان لە نێوخۆیاندا بە گژیەکتـریدا کردووەو ئەویش بەقسـەی کـردوەو بۆی ناردوونو مەئمون بەمە دڵ خۆش بووە(١٤) .

سەرۆکی ئـەم دەزگایە ئـەو وەختە (صاحب بيت الحكمـة) ی پێـدەوتراو « سـلم » کە مێژوو نووسان ناویباوکیو نازناوی ناهێنن یەکەم سەرۆکی ئەم دەزگایە بووەو « ابن النـديم » وتـەنی لەزمانی فارسییەوە شتی کردوە بە عەرەبی، هەروەها یۆحەننا بن ماسەوەی کە وەرگێڕێکی ناسراوبووە ، ماوەیـەك سەرۆکی ئەم دەزگایە بووەوسـەر پەرشتی وەرگێڕانی ئـەو کتێبانەی کردوە کـە لە عەمموریەو ئەنقەرەوە هێنراون ٠

دیسانەوە « ابن ال[illegible] » ، لە سەردەمی مەئموند[illegible] بن هارون سەرۆکی ئەم [illegible] بووە٠ سهل فارس بووەو هاتو[illegible] بۆ بەسرەو لەوبۆە چـووە بۆو بەغدا ، ئـەم وەرگێڕە شعوبی بووە(١٥) وسـەر پەرشتی وەگێڕانی ئـەو کتێبانـەی کردوە کە لەقوبرسەوە هێنراون ٠ لە سەردەمی مەئمونو موعتەسیمو تاوەکو سـەردەمی متـەوەکیل « حنين بن ئیسحاق » سەرۆکی «بيت الحكمة» بووەو بەوپەڕی لێهاتووییەوە ئـەم ئەرکەی سەرشانی ڕاپەڕاندووە ٠٠٠

زوربەی وەرگێڕەکان لە وەرگێڕانی کتێبە یۆنانییەکاندا بەشدارییان کردوە جا بەشێوەیەکی ڕاستەوخـۆ بووبێ یاخـود لـەو تەرجەمە سریانییانەوە بووبێ کە لە یۆنانییەوە کراونو وەرگێڕەکانی ئـەم بوارە ، جگە لەوانەی لەمـەوبەر ناویان هات ئەمانە بوون :

« البطريق » باوکی « يحيى بن البطريق » ، « عبد المسيح بن ناعمه الحمصى » و « هلال الحمصى » و « سـلام الابرش » و « زوربا » ، « ابن ماجوه النـاعمى الحمصى » و « باسـيل المطران » و « اصطفن بن باسيل » و « ابو نوح بن الصلت » و « يحيى ابن عـدي التكريتى » و براکەی « أبو الفضل جرير بن عدي التكريتى » و « يوحنا بن يوسـف الكاتب » و « ايوب الـرهاوى » و چەندینیتر کە ابن النديم لە کتێبی « الفهرست » دا ناوی هێناون ٠

ئەم وەرگێڕانە لەزمانی فارسییەوە شتیان کردوە بە عـەرەبی : ـ (آل نوبخت ، عبدالله بن المقفع ، موسى و يوسـف) کـوڕانی خـالد ، [علـى بن زيـاد التميمـى ، حسن بن سـهل ، احمد بن يحيى البلاذرى ، جبلة بن سالم ، اسـحق بن يزيد ، محمد بن الجهم البرمكى ، موسى بن عيسى الكردى ، هشام بن القاسم] ٠٠٠

دەستەیـەکی تری دیلمانجەکان لە زمانی هیندییەوە شتیان دەکرد بـە عەرەبێ کە ئەمانە بەناوبانگەکانیانن : [ابو الريحـان البيرونى ، منكـة الهندى ، ابن دهن الهندى ، صالـح بن بهلـه] و ابن دهن سەرپەرشتی بیمارستانی بەرمەکییەکانی کردووە٠ لە لایەکی ترەوە [ابن الوحشية]

و [ابن العوام] له زمانی نەبتیەوە شتیان کردوە بە عەرەبی‌و ئەو شتانەی وەریان گێراون لە بارەی وەرزێری‌و ڕووەکەوە بوون .

زوربەی کتێبەکانی ئەریستۆو ئیفلاتون‌و ئەپکرات‌و جالینوس‌و بەتلیموس‌و ئیقلیدس کراون بە عەرەبی‌و راڤەکراون ·

ئەو کتێبانەی لەزمانی هیندی‌یەوە کرابوون بە عەرەبی دەربارەی ماتماتیك‌و پزیشکی‌ی‌و زاست بوون ···

یەکەم کتێبی ماتماتیك کە لە هیندی‌یەوە کرابە عەرەبی کتێبی « سندهانتا » بور هی نووسەری ناودار براهمکبت کە بە عەرەبی ناوی «السند هند»ی لێ نرا · و «کنکه» کە گەورەترین زانای هیندی‌یە چەند کتێبێکی پزیشکی‌ی‌و فەلەکی کرد بە عەرەبی ·

هەر وەها ئەم کتێبانە لە زمانی هیندی‌یەوە کران بە عەرەبی :- ئەریا هیت ، کهند کهادیاك ، شاناق - ئەم کتێبە دەربارەی ژەهرە - ، کتێبی (روسا) دەربارەی چاك کردنەوەی نەخۆشی ئافرەتە ، کتێبی (شارك سهتها)دەربارەی پزیشکی‌یە، کتێبی بیدیا دەربارەی دانایی‌و کتێبی « اسرار المسائل » و (سیسر) کە (منکه) کردونی بە عەرەبی‌و کتێبی « عشر مقالات » کە هی (منکه)یەو کتێبی « سدستاق‌و نستانکی » کە یبن دهن کردویە بە عەرەبی ··· بیرونی ئەم سێ کتێبەی لە هیندی‌یەوە کردوە بەعەرەبی : « بانکل سوترا »و « الکسوفین » لە لای هیندەکان‌و «لکهرجانکم راشاکات هند»(١٦)··· جگە لەمانە چەند کتێبێکی تر کە لە بارەی پەندو دانایی‌و ئەدەب‌و ئەفسانەوە بوون لەهیندی‌یەوە کراون بە عەرەبی وەك کلیلەو دمنەو کتێبی سندبادی گەورەو سندبادی بچوك‌و کتێبی بوداسف‌و بۆداسف مکردو ئەدەبی‌و هیندو چین‌و کتێبی هایل‌و کتێبی دبك‌و سادیرم‌و بیافر .

ئەوانەی کە کتێبیان لە فارسی‌یەوە کردوە بە عەرەبی عبدالله بن المقفع وبهرام بن مردانشاه وموسی بن عیسی الکردی ·· بوون ·

خوارزمی لە (بیت الحکمە) دا گرنگترین کتێبی لە سەر ماتماتیك داناوەو بە فرمانی خەلیفە هارون الرشید هەر لە (بیت الحكمة) دا زماننناسی بەناوبانگ (الاصمعی) کتێبێکی لە سەر مێژووی پاشا کۆنەکان داناوەو زانای بەناوبانگ محمد ابن اسحق ابن الندیم کتێبی « الفهرست » ومێژوو نووسی ناسراو « المسعودی » کتێبی « مروج الذهب » و « الاشراف والتنبیه » و (حمزه الاصفهانی) کتێبی « تأریخ الملوك والانبیاء » ی لە (بیت الحکمة) دا داناوەو پشتیان بەو سەرچاوەو دەست نووسانە بەستوە کە لە وێدا هەبوون ··

[...]ەم پێیە « بیت الحكمة » لە [...]زوتنەوەی پان‌و بەرینی و[...] ئەم شۆرشەی بەرپاکردو زانس[...]ەجیاکانی لە ناوچە جۆربە جۆرەکانی جیهانی ئیسلامدا بلاوکردەوە ·· لەو سەردەمەشداو لە بزوتنەوەی وەرگێڕاندا چەند سوارچاك‌و کەلە وەرگێڕێك دەوری رابەریان گێڕا کە ئەمانە هەندێکیانن:

١ - عبد الله بن المقفع :

ابن المقفع ، کە فارسە ، بە ابي عمرو ناو دەبرێ‌و ناوی خۆی روزبێ بووەو کە موسلمان بووە کردویە بە عبداللەو باوکیشی ناوی (دازوێ) بووەو گوایە پارەی لە (بیت المال) هەلگرتوەو لە سەرئەمە ئەوەندە لە هەردوو دەستی دراوە گۆج بووە لەوەوە ناز ناوی المقفع واتە (گۆج) ی بە سەردا براوە · ابن المقفع لە سەرەتادا میرزای (داود بن عمر بن الحسن) ی دوا والی بەنی ئومەیە بوە لە کرمان وئنجا بوە بە میرزای (عیسی بن علي العباسی ، مامی ابو جعفر المنصورو هەر لە سەر دەستی ئەو موسلمان بووە ئەگەرچی لە ژێرەوە بڕوای هەر بە مانەوی‌و زەردەشتی ماوە ·

عبدالله ابن المقفع نووسەرێکی هەلکەوتەو شاعیرێکی بەهرەدارو لەو وەرگێڕە باشانەبووە کە لە فارسی‌یەوە شتیان کردوە بە عەرەبی ، بەلام رەچەلەکی فارسی پەرستوەو بەتوندی رەخنەی لە عەرەب گرتووە · لە پێشەوەی ئەو ئەدیبانەوە بووە کە هەولی بلاو کردنەوەی ئەدەبی فارسی‌یان داوە لەسەردەمی عەبباسی‌داو شانازییان بە پاشاکانی فارسەوە کردوەو ، ئەوکاتە هەولی داوە کە مانەوی‌و زەردەشتی لەنێو کۆمەلگای ئیسلامدا بلاوبکاتەوە · زمانی عەرەبی لە لای « الخلیل » خوێندوە · یەکەم شت کە ابن المقفع لە فەهلەوی‌یەوە (فارسی کۆن) وەری گێڕاوە کتێبی (کلیلەو دمنە) بووە ئەم کتێبە لە بنەرەتدا بە زمانی هیندی نوسراوەو «پەنج ترا»ی(١٧) پێوتراوە ، هەروەها « ئەفسانەکانی بیدیا » شی پێدەوترێ‌و ابن المقفع ئەوەندە بە جوانی کردویە بە عەرەبی کە بە نموونەیەکی بەرچاوی پەخشانی جوانی عەرەبی دادەنرێ · دەقە فارسی‌و سنسکریتی‌یەکەی ئەم کتێبە

فەوتاون ·

هەروەها سێ کتێبی ئەریستۆی لە فارسی‌یەوە کردوە بە عەرەبی کە ئەمانەن : کاتیگۆریاس ، پارامیناس، ئەنالۆتیکا ··· لەگەڵ ئیساگۆجی فەرفۆریۆس ·

ابن المقفع چەند کتێبێکی داناوە وەك (الادب الكبير) کە هەندێ کات (الـدرة اليتيمـة) ی پێوتراوەو « الادب الصغير » · کتێبێکی هەیە تێیدا بەربەرەکانی ناوەرۆکی قورئان دەکات‌و بروکلمان لە بارەیەوە دەڵێ :- « ئێمـە ئەو کتێبەمان لەناوەرۆکی ئەو رەخنەیەوە ناسیوە کە ئیمـام الزيدى القاسم بن ابراهيم العلوى کە سـاڵێ ۸٦۰ ی زایین مـردوە نووسیویەتی »(۱۸) ·

۲ ـ یۆحەننا بن ماسەوەی :

لـە وەرگێڕەکانی سەردەمی عەبباسی‌یە (۱۹۷ ـ ۲٤۳ ی کۆچی ، ۸۰۹ ـ ۹۵۷ ی زایین) سـەرۆکی (بيت الحكمة) بووەو پزیشکی چاوو شارەزای زانست و فەلسەفە بووەو باوکی نەسـتوری بووەو پیشـەی دەرمان‌کوت بووە لە خەستەخانەی جندیسابورو لـە دواییدا هاتوە بۆ بەغداو ژنی هێناوەو دوو کوڕی بووە یوحەنناو میخاییل · یوحـەننا لە بەغدا گەورە بووەو خوێندویەتی‌و لە سریانی‌یەوە شتی کردوە بە عەرەبی· پزیشکی تایبـەتی هارون الرشـيد بووە · « ابن أبى اصيبعه » دەڵێ : « یوحـەننا چـل‌و چـوار کتێبی هەبووە »(۱۹) بەڵام ئەوە دەرناخات کە ئەم بەرهەمانە خۆی دایناون یان وەری‌گێڕاون · کتێبی «دغل العيون» لە کتێبە بەناوبانگەکانیەتی کە دوو دەست نووسی ماوە یەکێکیان لـە قاهیرەیە لە کتێبخانەی احمد تیمور پاشاو ئەوی تریان لە لینینگراد(۲۰)

بەلای جرجی زیـدان خاوەنی کتێبی « المختصر في آداب اللغة العربية »وە ئەم بەرهەمانەی خوارەوەی یوحەننـا یبن ماسەوەی ماون :

۱ ـ نوادر الطب ·
۲ ـ جواهر الطب ·
۳ ـ كتاب ماء الشعير
٤ ـ كتاب الادوية المسهلة ·

یوحەننا تاوەکـو سەردەمی فەرمانڕەوایی خەلیفە «الواثق بالله» خزمەتی خـەلیفەکانی بەنی عەبباسی کردوەو لە شاری سامەرا کە ئەوکاتە (سرّ من رأى) یان پێوتوە کۆچی دوایی کردوە ·

۳ ـ ثابت بن قره الصابي :

زانایەکە لە زانا ئیسنکلۆپیدیایەکان کە بلیمەتی پێوە دیاربووەو خزمەتێکی بێپایانی زمان‌و شارستانیەتی عەرەبی کردوە ، لـە پزیشکی‌و فەلسەفەو فەلەك‌و ماتماتیك‌دا سوارچاکی مەیدان بووە · لـە رۆژی پێنج شـەمەی بیست‌و یەکی مانگی صفری سـاڵی ۲۱۱ ی کۆچی ۸۲٦ ی زایین لـە شاری حران لە دایك بووە ، یونانی‌و سریانی‌و عیبری باش زانیـوە ، وەسـەنی بوە لە دواییدا بوە بـە لایەنگری ئاینی (الصبئيه) و [illegible] سارتۆن وتەنی گـەورەترین [illegible] بووە لە قوتابخانەی «حرا[illegible] عەرەبدا · جگە لە زمانی [illegible] بە زمانی سریانی شانزە [illegible] سەر ئەندازیاری‌و ژمێرە و فیزیك‌و فەلەك داناوە .. لەمانەی خوارەوە بەولاوە هـەموو بەرهـەم‌و نووسینەکانی لەناوچوون :

۱ ـ کتێبی الكرة و الاسطوانة ·
۲ ـ کتێبی « المأخوذات » ·· ئەم دوو کتێبـە هی ئەرخەمیدسن‌و ئەم کردونی بە عەرەبی ویەکـەمیان لە کتێبخانەی خراجی زادە لە بروسـەو ئەوی تریان لە کتێبخانەی فاتح لـە ئەستەمبوڵەو دانەیەکیشی لە ئەرانە
۳ ـ کتێبی « المعطيات » ·
٤ ـ کتێبی « الاصول » ·
٥ ـ کتێبی « عمل الدائرةالمرسومة بسبعة أقسام متساويه » ئـەم سێ کتێبەش هی ئیقلیدسن‌و ثابت بن‌قره کردونی بە عەرەبی ·
٦ ـ کتێبی « الكرة المتحـركة » ئـەوە وەك خـۆی لە کتێبخانەی ئەیاسۆفیا لە ئەستەمبوڵ هەڵگیراوە·

یبن القفطى دەڵێ : ثابت کتێبێکی گەورەی لەسەر مۆسیقا داناوەو پێنج سـەد لاپەڕە بووە(۲۱) · لە ۱۸ ی شوباتی ساڵی ۹۰۱ ی زایین‌دا کۆچی دوایی کردووە ·

٤ ـ حنين بن اسحاق العبادي :

لە حـیرە لە بنـەماڵەیەکی فەلە (مەسیحی نەستوری) لە دایـك بووەو باوکی دەرمان فرۆش بووە · لـە منداڵی‌یەوە بەئاواتەوە بووە بێ بۆ بەغدا · بە شوشەیەك (مەڵحەمی کافور) کاروانچیەکی رازی کـردوە کە بیهێنێ بۆ بەغداو ئەم ئاواتـەی هاتۆتە دی(۲۲) ·

دوای ئەوەی حنین لە بەغـدا بـە باشی فێری زمـانی عەرەبی بووە دەستی کردوە بە وەرگێڕانی کتێبی یۆنانی‌و لەو کاتەشدا کە لە بەغـدا بوە چاوی بـە پزیشکی بە ناوبانگ جوبراییل بەحتیشوع کەوتوە ، جگە وەرگێڕان لەپیشـەی پزیشکی‌دا بلیمەتی سەردەمی خۆی بوەو دوای تاقی‌کردنەوەیەکی سەخت خەلیفـە متوکل کردویەتی بە پزیشکی تایبەتی خۆی ·

حنین بن اسحاق سامانێکی زۆرو زەبەندی بیریی لەپاش بە جێ‌ماوە کە بریتی‌یـە لـە (۲٦۰) کتێبـی

وەرگێـــڕدراوو (١١٥)(٢٣) كتێبی خۆیو جگە لەو نەوەد قوتابی‌یەی لە لەژێر دەستی ئەودا پێگەیشتوون ·

هـەموو بەرهەمەكانی جالینوس ـپزیشكیو فەلسەفە‌ـ و بەرهەمەكانی تری ئەپیكراتو ئورپیاسوسو پولس جانیتیو دسكوریدسو ئیفـلاتونو ئەریستۆو ئەسكەندەری ئەفرۆدیسی كردوە بە عەرەبی · هەروەها سەد كتێبی جالینوسی كردوە بە سریانیو ٣٩ كتێبی تری كردوە بە عەرەبی . هەر بەهۆی (حنین)ەوە جالینوس لـە سـەدەكانی ناوەراستدا ئـەم پایە بەرزەی لە رۆژ هـەلات پێبراوەو لـــەرۆژ ئاواش لـــە سەدەكانی ناوەراســـتدا بـــە شـێوەیەكی ناراستەوخۆ ·

لـە كتێبەكانی ئیفلاتون ، كتێبی (قانونو تیماوسو كۆمارو سیاسەو النوامیس) ی كـردوە بە عەرەبی · دوكتۆر احمـد شلبی دەڵێ : حنین كتێبـەكانی ئیكلیدسی كردوە بـــە عەرەبی(٢٤) ·

حنین وەك هەموو خاوەن بـیرو بڕوایـەكی نـەكۆڕ لە هەموو سەردەمێكدا بـــە كوێرەوەری‌یەكی زۆرەوە سەری ناوەتەوە ، ئەوانەی حـەسودیان پێبردوە خـەلیفەیان لێپڕكردوەو بە تایبەتی بەختیشـوع بی جوبراییلو ئیسرائیل بن زكـریا تیفوری كـە هـەردووكیان ئەستوری بوون · رۆژی سێ شـەممەی مانگی سەفەری ٢٦٠ ی كۆچی بەرامبەر بە سالی ٨٧٣ ی زاینی كـۆچی دوایی كردوە ·

٥ ـ قستا بن لۆقای بەعلەبەكی :

لە شاری بەعلەبەكی لوبنـان لـە دایك بووە لە رەچـەلەكی یۆنانی مەسیحی(٢٥) ، سەرەرای ئەوەی كە زمانی یونانیو سـریانیو كلدانیو عـــەرەبی زانیـــوە ، فەیلەسوفـو پزیشكو ماتماتیك زانو فیزیك ناس بووەو لــە ئەستیرەناسیو لۆجیـــكو موسیقو جوگرافیادا شارەزا بووەو لەپێشەوەی ئـــەو زانایانـــەیە كە باسی دەوری سروشتو گـــەرماو بارانو دەریاو چیاو دۆلیان كردوە لـــــە خوو رەوشـتو چـــالاكی مرۆڤـو رەنگی پێستیو · كتێبێكی هـــەیە بەناوی «هۆی رەشیی حەبەشی‌یەكان»(٢٦)

بەرهـــەمە وەرگێڕاوەكانی لە فەلسەفەو لۆجیكو بابەتەكانی‌تردا زۆرنو ئەمانە هەندێكیانن :

- المدخل الى المنطق ·
- شرح مذاهب اليونانيين .
- الفصل في بيان النفس والروح·
- كتاب الجزء الذي لا يتجزا .
- النوم والرؤيا ·
- المدخل الى كتاب «ايساغوجي» ومسائل في الحـــدود على رأي الفلاسفة ·

قستا چووە بۆ ئەرمێنیاو لـەوێ كـۆچی دوایی كـــردوەو كومەزێك لەســـەر كـۆرەكەی دروســـت كراوە(٢٧) ·

بن عدي التكريتي :

یحیى بن عدي بن حميد بن ز... لە تكریت لە دایك بووە ، فەلە (مەسیحی یەعقوبی) بوە ، ئەم پەیرەوە وای بۆ دەچێ كە حەزرەتی عیسا یەك سروشتی هەیە ···

لە تكریتەوە چووە بۆ بەغداو لەوێ شتی تەرجەمە كردوە بەتایبەتی لـە (بيت الحكمة) داو سریانیو عەرەبی زۆر باش زانیـوە ·· لە فەلسەفەو لۆجیكدا زۆر شارەزا بووەو هەندێك ووسەر لەو باوەڕەدان كە«گەورەترین فەیلەسوفی سەدەی چوارەمی كۆچی ووە »(٢٨) يحيى قـــوتابی فارابی ووەو زۆر شتی لێوە فێر بووە ·· ـزیكەی ٨١ سـالْ ژیاوەو چەنـــد ـەرهەمێكی دانراوو وەرگێڕاوی لـــە ێاش بەجێماوە ·

برۆكلمان ئـەم بەرهەمانەی يحيى ن عدي تۆمار كردو

- فلسفة الحب الالهي ·
- المسائل الفلسفية ·
- مقالة في الموجودات ·
- رسالة في الكل والجزء · الاحتجاج للمسيحية ضد عيسى بن هارون الوراق ·
- تهذيب الاخلاق .

٧ ـ متى بن يونس :

أبو بشر متى بن يونس (يونان) لە دێری (قنى) دا پێگەیشتوە ئەم ـێرە لە بەری رۆژ هـــەلاتی ئاوی دیجلە بووەو نەوەد كیلۆمەترە لـــە خواروی بەغداوە دوورەو ئەوكـاتە ـەم دێرە قوتابخانەیەك بوو زمانی یۆنانیو ســـریانیو عەرەبی تێـــدا ئوێنراوە(٢٩) ·

لـــەم دێرەدا لـەلای چەند زاناو وەرگێڕێك خوێنـــــدویەتی وەك : ابی‌یحیی‌اجروزی پزیشكو ابن‌قویری وەرگێڕو ابن كـــرنیبو روفیـــلو بنیامین(٣٠) · ابن النديم دەڵێ متی یونانی‌یەو مێژوو نووسەكانی‌تر دەڵێن مەسیحی بووەو لە سەردەمی خەلیفە (الراضی باللە)دا لە بزوتنـــەوەی وەرگێڕاندا بەشداری كردوەو لـــە زانستی لۆجیكـدا دەستڕۆیشتو بووەو لە سریانی‌یەوە شتی كردوە بە عەرەبیو بووە بە سەرۆكی لۆجیـك

ناسابی سەردەمی خۆی(٣١) ۰ چەند وەرگێڕانو بەرهەمێکی لەپاش بەجێماوە وەك .

١ ـ کتێبی البرهان (ئەنالۆتیکای دووەم) ی ئەریستۆ کە لە سریانی یەوە کردویە بە عەرەبی ۰

٢ ـ کتێبی شیعری ئەریستو ، کە دانەیەکی لە کتێبخانەی ئەسکوریال هەیە لەمەدرید ۰

٣ ـ ئەو دەمەتەقێیەی (مناظرة) لەگەل أبی سعید السیرافیدا کردویەتی و کە لە کتێبی (معجم البلدان ، ج٣) ی یاقوت الحموی دایە ۰

پەراوێزەکان :

(١) ئیستیفانی کۆن زانایەکە لە حەوت زاناکەی ئەسکەندەرییە کە لە بەرهەمەکانی جالینوسیان دەکۆڵیەوەو لەنێو ئەم زانایانەدا رەبەن (مەریا نوس) ناوێك هەبوو کە لە دەرەوەی دیمەشقدا دەرسی بە خالید وتبوو ۰

(٢) ابن الندیم : الفهرست ۰ ص ٢١١ ۰

(٣) بروکلمان : تاریخ الادب العربی ج٤ ، ص٩١ ، ترجمة الدکتور السید بکر یعقوب و الدکتور رمضان عبد التواب ۰ ط ١٩٧٥ ۰

(٤) تراث الاسلام : ترجمة جرجیس فتح الله ج١ ، ص١٧٤ ، ط ١٩٥٤ ۰

(٥) تراث الاسلام : ج١ ، ص٢٥٠، ترجمة توفیق الطویل ورفاقه ، ط ١٩٣٦ ۰

(٦) وشەی « المجسطی » لە (میگال) ی یۆنانییەوە هاتوە کەواتای کۆمەڵەو کۆ دەگەیەنێ و ئەوروپاییەکان لەسەدەکانی ناوەڕاستدا کردویانە بە ماگستی Magasti ومێژوو نووس (الیعقوبی) دەڵی ـ المجسطی) لە سیانزە بەش پێك هاتووەو (کتاب الاعظم) ه الیعقوبی : ج١ ، ص١١٥ ۰

(٧) ابن الندیم : الفهرست ص ٢٦٧ ـ ٢٦٨ وابن القفطی تأریخ الحکماء ص٩٨ ۰

8. De Lacy oleary : Arab thought and its place in History, p. 112.

(٩) خاوەنی کتێبی « فوات الوفیات » ە کە لەم دواییەدا چاپ کراوەو هەشت جلدەو خۆی تەواوکەری کتێبی «وفیات الاعیان» ی ابن خەلەکانە ۰

(١٠) ابن سعید الجوهری ، یەکێك بووەلە وەرگێرە ناسراوەکانی سەردەمی مەئمون ۰

(١١) کرلو نللینو : علم الفلك تاریخه عند العرب فی القرون الوسطی ص ٢٢٦ ۰ کاتێ خۆی لەزانکۆی میسر مامۆستا بووە ۰

(١٢) سعید الدیوەچی بیت الحکمة ۰ ص٣٥ ۰

(١٣) وڵاتی جزیرە ـ وەك نووسەری ئەم باسە دەڵێ ـ بریتییە لەو ناوچەیەی کە وتۆتە نێوان (فورات و دیجلە لە عراق و سوریاو دیا[illegible]کرو دورگەی ابن عمر) یش [illegible]

(١٤) ابن نباتە المصر[illegible] العیون فی شرح قصیدة [illegible]یدون ص ٢٢٦ ۰ هەروەها بڕوانە :ـ

ـ الدکتور أحمد الشبلی : تاریخ التربیة الاسلامیة ص ١٥٠ ۰

(١٥) ابن الندیم : الفهرست ۰ ص ١٨٠ ۰

(١٦) مەیش بڕشاد : بین اللغتین العربیة والسنسکریتیه ۰ مجلة« ثقافة الهند» ج١ ، ص٩٥ مارس ١٩٥٠ ۰

(١٧) دی بور : تاریخ الفلسفة فی الاسلام ۰ ترجمة عبدالهادی أبو ریدە ۰ ص ١٢ ۰

(١٨) بروکلمان : تاریخ الادب العربی ۰ ص١٠١ ۰

(١٩) ابن ابی اصیبعه : طبقات الاطباء ۰ ص ١٣٦ ـ ١٣٧ ۰

20. Delacy oleary : How Greek Scinces Passed to the Arabs .

ـ دیلاسی اولیری : العلوم الیونانیه وسبل انتقالها الی العرب ص ٢٢٤ ـ الترجمة العربیة ۰

(٢١) ابن القفطی : ص٨٣ ۰

(٢٢) ابن القفطی : ص ٨٤ ۰

(٢٣) احمد سوسه : الشریف الادریسی فی الجغرافیا العربیة ۰ ج١ ص ١١٨ ۰

(٢٤) احمد شلبی : الفکرالاسلامی ص٤٤ ۰

(٢٥) صاعد الاندلسی ص٢٤٢ ، ابن أبی أصیبعه ج٢ ، ص ٢٤٤ ، هنری کوربان : تأریخ الفلسفة الاسلامیة ص٥٩ ۰

(٢٦) محمد صبری حسن :ـ الجغرافیون ، ج١ ، ص ١٢٣ ۰

(٢٧) ابن ابی اصیبعه ج٢ ، ص ٢٤٥ ، ابن القفطی ص ١٦٣ ۰

(٢٨) آدم متز : الحضارة الاسلامیة فی القرن الرابع الهجری ۰ ترجمة محمد عبد الهادی أبو ریدة ۰ ج١ ، ص ٢٤٢ ۰

(٢٩) الشابشتی : الدیارات ۰ تحقیق کورکیس عواد ۰ ط٢ ، ص ٢٩٤ ۰

(٣٠) ابن الندیم : الفهرست : ص ٢٨٢ ۰

(٣١) ابن القفطی : ص ٢٢٣ ، ابن أبی اصیبعه : ج٢ ، ص ٢٢٧ ۰

ڤاتیکان لەناوەوە :-

دەوڵەتێك هاووڵاتییانی ٤٠٠ ، کەسەو حوکمڕانی ٧٠٠ ، ملیۆن کەس دەکات

لەم سالانەی دواییدا ڤاتیکان کە مەڵبەندێکی جیهانیی کلیسای کاتۆلیکە ، بۆ چوونە دەرەوە لە چوارچێوەی ئاینی ،لەمەیدانی نێو دەوڵەتاندا دەورێکی چوست و چالاکی گێراوە . لە زۆر حالەتدا ، بیروڕاکانی پاپ ، بەهۆی ئەو کارەی لە ڕای گشتی ئەوروپای دەکەن ، بایەخێکی لەباریان هەبووەو دەبێ . بەتایبەتی لەوەدا کە داوای چەك داماڵین و پاراستنی مافی ئادەمیزاد دەکات . وەك برێك لە پسپۆڕانی کاروباری نێو دەوڵەتان بۆی دەچن ، لە سالانی ئایندەدا دەوری دیپلۆماسییەتی ڤاتیکان پتردەبێ .

ئەم لێکۆڵینەوەیە کە لەبەردەستتدایە ڤیلهێلم پیتورف لەگۆڤاری « جیو »ی ئەلمانیدا بلاوی کردۆتەوە وتیشك دەخاتە سەر چەند گۆشەو لایەنێکی نەزانراوی ژیانی ناوەوەی ناوجەرگەی کلیسای کاتۆلیك .

✶ ● ✶

پێش ئەوەی گەشت کاران دابارن بەو مەیدانەی سانت بوترسدا تێپەڕیم کە بە بێلایی دیرەگەکانی بیرنینی دەورە دراوە . بە تەنیشت فوارەیەك لەو دوو فوارانە دا ڕۆیشتم کە لە ناوەڕاستی مەیدانەکەدان و کێلێکی بلندیان لە مابەینیدایە . پرووشەی ئاورنگ کە کزەی بەر بەیان دەی پژاند لەدەم [illegible]دا . یا وەرەکەم لە بەردەم « پالاتسو » چاو[illegible]تم. ئەم پالاتسویە لە سەرەتای سەدەی شانزە[illegible]بە فەرمانی کاردینال ڕافاییل ڕیاریو دروست[illegible]ەو لە سەرەتای سالی ١٥٦٦ دا بوو بە بارەگای بەڕێوە بردنی ئەو کلیسایەی کە جاران بە « بەڕێوە بەرێتی پاکی کاروباری پشکنینی گشتی ڕۆمان » ناودەبرا . ئێستاکەش بە « بەڕێوە بەرێتی پاکی کاروباری فێرکردنی ئاینی » یاخود هەرتەنیا بە « بەڕێوەبەرێتی پیرۆز » ناودەبرێ . بەلام ئاێستا هەر خزمەتی ئەو ئامانجە دەکات کە کاتی خۆی و لەسەردەمی دادگاکانی پشکنین لێرەدا مانای بازجۆیی واتە تەحقیق لەگەلا کردن دەگەیەنێ بۆ زانینی چۆنێتی بیرکردنەوەی ئەو کەسە » . ئەم دەزگایە ڕەگ و ڕیشەی گومڕایی لەبن هەڵدەکێشی و بنەڕەتەکانی ئایین دەپارێزێ و هەروەك لێ پرسراوی بەرێوە بردن لەدواییدا پێی ڕاگەیاندم ئەم دەزگایە دەبێ « ئەو بیرە ترسناکانە سەرکوت بکات کە دەبنە مایەی تێکدانی مێشکی خاوەن بڕواکان » .

لەژێر گومەزی « بەڕێوەبەرێتی پاکدا »

کاتێك لەگەڵ یاوەرەکەمدا بەژێر کەوانەی دەروازەی سان ئوفیتسیادا ڕەتبووین جۆرە هەستێکی سەیر دایگرتم . من لە ژیانگەیەکی پرۆتستانتی لە تورینگا گەورەبووم ، ئەمەش ناوچەیەکە کەوتۆتە نێوان ڤارتبورگ و کوبورگ کە بەشێوەیەکی تایبەتی بزوتنەوەی « ئیصلاحی » تێدا بەهێز بوو . کەچی من بە پێچەوانەی مارتن لوتەرەوە ، لەو باوەڕەدا نیم کە پاپای ڕۆم نواندنی وێنەی دوژمنی مەسیحە . لەگەل ئەمەشدا ئەوی لە منداڵییەوە لە هێلد بورگ هاوزیی ناوچەی ڤیرا گەورە بووبێ مێشکی بە جۆرێك زاخاو دەدرێ کە بڕوای بە هیچشتێکی کاتۆلیك نەبێ .

بەلام کاتۆلیکیەت بەرابەریی پاپای ڕۆما کە خەلکی پۆلۆنیایە بە ڕادەیەك بڕوای بە خۆیەتی کە لەمەوبەر شتی وانەبووە ، هەرچەندە من بە تەواوەتی لە کلیسا دوور کەوتووتەوە بەلام هەمیشە بایەخم بەو مەسەلە نوێیانە داوە کە پەیوەندییان بە باوەڕی خەلکەوە هەبووە ... بۆیە شادمان بووم کاتێك بەهۆی برادەرێکمەوە کە کاربە دەستە ، دەرفەتی بینینی ڤاتیکانم بۆ هەلکەوت و توانیم لەنزیکەوە لێ پرسراوە کار بەدەستەکانی دەسەلاتی بەرزی کاتۆلیك ببینم و لەگەلیاندا دانیشم ...

پێش ئەو کاتەی بۆمان دیاری کرابوو گەیشتین و بە بێلاییەکەدا دەستمان بەپیاسە کردن کرد .. لێرەدا چەند پرسیارێك لە مێشکمدا کەوتنە جوولە جوول..

دەبێ لیرەدا ئەو نووسراوانە هەلگیرابن کە بریتی بوون لە بیرە لاهوتی‌یەکەی هانس کیونگ !؟ ســـالی ١٦٣٣ ئەم جێگایە چۆن بووە !؟ ئایا پشکنەرەکان لیرەدا ــوەك ئێستای من ــ پیاسەیان کردووە ؟ ئایا ئــەوان لێرەدا محاکمەی گالیلو گالیلی یان کرد و ناچاریان کرد کە لە تیورەکەی خۆی پاشگەز بێتەوەو بلێ : جــارێکی تر نالێم زەوی بەدەوری خۆردا دەسوورێتەوە !؟

بەدەروازە خەمناکەکەدا تێپەڕیم و پاسەوانەکــە پێشوازی کردم چوومە ناو هۆلیکی پانو بەرینەوەکــە دیوارەکانی زۆر بلند بوون و پەنجەرەیان تێـــدا بوو بۆیەی دیوارەکان کـــاری دەستی رۆژگاریان پێـــوە دیاربوو ردنگەکەیان لە خوێنی گەش دەچوو . لەلاکەی تری هۆلەکەوە شتو مەکی جۆری روکوکو دانراوە . مێزێکی زەرکەفت کەپەردەیەکی ئاوریشمی بەســـەر هەلکێشراوە .. چەند کورسی‌یەکی تریش بــەدەوری خوانێکی شێوە بازنەیـــدا دانراون .. یاوەرەکـــەم بەئەسپایی لەدەرگای هۆلەکـــەی تەنیشتمی دا .. کەدەرگاکە کرایەوە کاردینال شیپر لێ پـــرسراوی بەرێوە بردنی کاروباری خوێندنی ئاینیمان بینی .

کاردینال تەمەنی حەفتاو چوار سالە لە کرواتیای یۆگۆسلاڤیا لەدایك بووە خرپلانەیەکی کولمە سووری گوپنە : هەر لـــە وێنەیەکی زیندوی کاریکا تێریی پیـــاوێکی ئاینی دەچێ کـــە خۆشی‌یەکانی ژیـــانی نەخستبێتە لاوە . کاردینال شیپر بەلوتفو قســـە خۆشە .. بۆ ئەوەی نیشانی بدات کە رێزم دەگرێ .. بە ئەلمانی‌یەك قسەی لەگەلدا کردم کــە لەسەردەمی ئیمپراتۆریەتی نەمساو مەجەردا قسەی پێـــداکرا . ئیمپراتۆریەتی نەمساو مەجەردا قســـەی پێدەکرا . قورسی‌ی و قەبەیی خەریك بوو کورسی‌یەکەی هەلا بە هەلا بێ .

لەو پرسیارانە ڕاناکەین
کە ژیان دەیانکات

لەپێشەوە بڕیارماندا کــە دەربارەی چ بابەتێك قسەبکەین . ئەوەی بەلای منەوە مەبەست بوو ، کــە گشت لیبرالی‌یەکان مەبەستیانە و کــە کاتولیکیە کانی بێزار کردوە ئـــەم پرسیارە بوو : « هـــەرچەندە ئیسلاحاتێکی زۆر لە دامەزراوە ئاینی‌یەکانی ڤاتیکاندا کراوە کـــەچی تائێستاش کلێسای رۆمانی هـــەر ســوورەو پێدا دەگرێ کەدەبێ خـــۆی رابەری گشت خاوەن بڕواکان بێ و دەست بخاتە نێـــو کاروباری تایبەتی ژیانیانەوە . »

کاردینال شیپر پێش مـــاوەیەك بەتوندی پێنج لاهوتی‌ی ئەمەریکای سەرزەنشت کردووە لەسەر ئەو بیروباوەڕەی کـــە لە نامیلکەیەکدا دەربارەی سێکس بلاویان کردۆتەوە و تێیدا وتویانە : « پێش ژن هێنان هەموو جیماعێك بە زینا دانانرێ » . هەروەها داوای لێ کردون کە لەهەموو مەسەلەیەکدا پەیڕەوی ڕێو شوێنەکانی پێشووبکەن .

لێم پرسی :

ئەمە بۆچی ؟! کاردینال لەوەلامدا پێی وتم :ــ

ــ دەزانم چیت دەوێ .. کـــە شیشەکانمان هەمیشە شـــتی نوێیان دەوێ .. ئـــەوان گومان لەڕاستی رێ و شوێنەکانمان دەکەن و سەرلە خاوەن بڕواو خزمـــەتچی‌یەکانی کلێســـە دەشێوێنن . کـــەشیشەکانمان داوامان لێدەکـــەن بۆیان روون بکەینەوە کە چۆن ئامۆژگاری ئەو خاوەن بڕوایانە بکەن کە لە دان پێدانانەدا باسی گیروگرفتی تایبـــەتی خۆیان دەکەن .. ژووری دان پێدانان (اعتراف) جێگایەکی گونجاو نی‌یە بۆ فەلســـەفە کردن .. لەم جێگایەدا باسی شتی دیاریکراو دەکرێ . ئایا من راستم یان بەهەلە چووم ؟ خاوەن بڕواکانمان ئەمانەیان لێمـــان دەوێو ئێمە پرسیارەکانیان بەبێ وەلام بەجێ ناهێلین .

ــ بەلام ئایا باشتر وانی‌یە کـــە گەورەکان خۆیان ئەم گیروگرفتانە چارەسەر بکەن .

ــ نابێ ئەوان ئەمە بکەن ، چونکــە ئەوان ناتوانن ئەمە بکەن و پێویستی یان بە ئامۆژگاری ســـەرەوە هەیە . لیبرالی‌یەکانیش بێ پسانەوە ، ســـەبارەت بەمەسەلەکانی سێکس ئامۆژگاری خەلك دەکـــەن . ئێمە ئەم هەمووشتە دەبینین و دەبیستین کە دەربارەی سێکس ئایـــا دەکرێ بێدەنگ بین ؟ نەء . ئـــەو کلێسایەی ســـەربەستی دەدا بە مرۆڤ کە خـــۆی مەسەلە[illegible] گرنگی وەك سێکس چـــارەبکات خۆی بە[illegible]ری کردنێکەوە بەند دەکات کـــەخەلك بە[illegible] وئیتر لەبەر چاوی خەلك قەلا بـــەرزە قا[illegible] جاران نامێنێ ودەستی لێ هەلدەگرن .

ــ ئایا ئەمە وادەگەیەنێ کە کلیسا وای بۆدەچێ کە توندیی‌و کـــەللەرەقی‌ی دەبنەمایەی دامەزراندنی پەیوەندی قوولترو بەتین‌تر لەگەل خاوەن بڕواکاندا ؟!

ــ کلێسای ئێمـــە دوور کـــەوتنەوە لە ژیانی رۆژانە بە نیعمەت دانانێ .. نابێ تەنیا هەر خـــەریکی گیروگرفتی غەیبی‌بێ پێویستە خـــەریکی گیروگرفتی رۆژانەی خاوەن بڕواکان بێ و دەبێ روو لەو مەسەلانە وەرنەسوڕێنێ کـــە پەیوەندی‌یان بـــە بەردەوامی‌ی رەگەزی مرۆڤایەتی و مردنەوە هەیە .

ــ ئایا ئەمە ئەنجامی هەڵویستی کلیسە نی یـــە بەرامبەر بە زاووزێ (التناسل) ... ئایا ئەمە ئــەوە ناگەیەنێ کە ئەگــەر ژن و مێرد لەدیاری کــردنی منداڵبوون و ژمارەی منداڵەکانیاندا ســەربەست بن کلیسە بەشێك لەو کارەی لەدەست ئەدات کــە جاران لەژیانی خاوەنبڕواکانی دەکرد ؟!

ــ وای بەباش دەزانم کە دەربارەی ئــەم بابەتە زۆر نەدوێین و وەك ئاشکراشــە هەڵوێستی ئێمــە دەربارەی ئەم مەسەلەیە بەباشی تێ ی نەگەیشتراوە و بەجۆری سەیر لێك دراوەتەوە . بەڵام کلیسای ئێمــە بــەتەنیا بۆئەمرۆ ناژیت . باوکی پاك و یاریدەدەرانی مافی ئەوەیان نی یە کــە تەنیا بەپێ ی مۆدەی سەردەم رەفتار بکەن و بجووڵێنەوە .

دوا حوکمڕانیی
رەهای شــــایەتی !

پانایی ئەم دەوڵەتە لەنیو کیلومەتری چــــوار گۆشە پتر نابێ .. کەبریتی یە لەو مەسافەیەی لەنێوان مەیدانی سانت پوترس و دیوارە بەرزەکەی گردی مۆنت ڤاتیکانۆ و باخچەکانی ڤاتیکاندایە . مەسافەکەش تەنیا دە دەقیقەیە ... بەڵام ئەو ئیمپاتۆری یەتەی کـــــە ئەمگردە حوکمیدەکات هەرگیز خــــۆر لە خاکەکەی ئاوا نابێت .

شارە دەوڵەت ــ ڤاتیکان دوا حوکمڕانی رەهای پاشایەتی یە لەســــەر زەوی و پاپی رۆمانی حاکمــە رەهاکەیەتی . بەو شێوەیەی کە سەرۆکی دەســەڵاتی دنیایی یە . پاپ حوکمی ٤٠٠ هاوولاتی دەکات کەخۆی وەك رەعیەت هەڵی بژاردوون و ئەوان گــەورە ترین فەرمانبەری ئــــەم کۆڕەن سەرەڕای پاسەوانەکانی دەروازە .. بەڵام ئەوخۆی وەك سەرۆکی بەڕێوەبردنی کلیسا ئەوا حوکمی ٧٠٠ ملیون کاتۆلیك دە[illegible] لــە پێنج ئیشکانی یەکانی دنیادا .

ڤاتیکان بەشێوەیەکی بچووك هەمو[illegible]ی دەوڵەتێکی سەربەخۆ رادەپەڕێنێ . ئــــەم[illegible]تە هێزێکی چەکداری هەیە کە لە (٨٠)کەس و ژاندارمی تایبــــەتی پێك هـــاتووە و ئەندامانی پاســــەوانی خانووبەرەکان و لەدەوروپشتی کلیسەی سانتپوترس وکۆشـــکی پێغەمبەریدا هاموشۆ رێك دەخـــەن . هەروەها ژاندارمەکان رێگای بێگانەکان نادەن کـــە ئۆتۆمۆبیلەکانیان لە مەیدانی بەناوبانگی بیلڤیـــدیر رابگرن . کاتی خۆی دار خورما لـەم مەیدانە رووابوو ئێستاکە ئوتومۆبیلی فەرمانبەرانی ڤاتیکانی تێـــدا رادەگیرێ ، وەکو نیشانەیەکی ئــەم هاوچەرخی یەی

لێ هاتووە کە تەنانەت بارەگاری پاپاشی لێ ی رزگـــار نەبووە .

خەڵکی رۆما بەبەرۆشەوە دەیانەوێ ســـوودلە پۆستەی ڤاتیکان وەرگرن کە دایەرەیەکی زۆر رێـك و پێکە . ئەم دەزگایە پولی تایبەتی پۆستە دەردەکات .. لەولای دەروازەی (سانت ئان)ە وە بازارێکی گــەورە هەیە (سوپەر مارکێت) و کاربە دەست و فەرمانبەرانی ڤاتیکان دەتوانن بەهەرزانی پێویستی خــۆیان بکڕن هەر لە کۆلینۆسی ددان شتنەوە تاوەکو تــەلەفزیۆنی رەنگاو رەنگ . لە بەنزینخانەی ڤاتیکان زۆر بەهەرزانی بـــەنزین دەفرۆشرێ و نرخەکـــەی سێ یەکی نرخی شوێنەکانی ترە . ئوتومۆبیلە تایبەتی یەکانی ڤاتیکـان (SCV) یان لێ نووسراوە . ئەمەش کورت کـراوەی ناوی رەسمی ڤاتیکانە بەڵام نوکتە بازەکانی رۆمـا ئەم سێ پیتە بـــەجۆرێکی تر دەخوێننەوە کە دەبێتـــە Se christo vedesse واتە « ئەگەر مەسیح ئەمەی ببینیبایە ! » .

لە ســــەعات حەوتی بەیانی یەوە کارو فرمـانی ١٦٠٠ فەرمانبەری ئاینی (کەشیش و راهیب)و ١٥٠٠ فەرمانبەری مـــەدەنی لـــە دەزگاکانی ڤاتیکـــان دەست پێ دەکات و ئەمانە گشتیان هـــاوولاتی کۆماری ئیتالیان . شان بە شانی « بەڕێوەبەرێتی پاك » کـــە کۆشکی سانت ئوڤیتسیوی کردووە بەبارەگا حــەوت بەڕێوەبەرێتی تر هەیە کە ئەرکی سەرشانیان هـــەر لە هی وەزارەتەکان دەچێ و مل کـــەچی دەسەڵاتی بەرزی کلیـسان . لـــەمانە بەڕێوەبەرێتی کاروباری ئامۆژگاریی پاك و پـــــەرستن و کاروباری پیـــاوە ئاینی یەکان و سەرخستنی گەلان و رێ و شـــوێنی کاتۆلیك و کاروباری کلیساکانی رۆژهـــەڵات و ... گشت ئەم بەڕێوەبەرێتی یانە لە دوو خانوودان کـــە لەدەرەوەی سنووری ڤاتیکانن بەرامبەر بـــە مەیدانی سانت پوترس وکاتی خۆی حکومەتی مۆسولینی لـــە سی یەکاندا ئەم دوو خانووەی دروست کردوە .

هـــەر بەڕێوەبەرێتی یە سەرۆکێکی هەیە کـــە کاردیناڵە و سەرۆکی Prefectus پێدەگوترێ و لــە ئۆرکانی کلیسەیدا ئەندامە . ئەم ناوەش کاتی خۆی واتە لە ئیمپراتۆریەتی کۆنی رۆماندا هی ســـەرۆکی دامەزراوە بە ریوەبەرێتی یەکان بوو . هەروەکو لـــەو ئیمپراتۆری یەتە کۆنەدا وابوو . ئێستاش ئــــەرك و فرمانەکان لە ڤاتیکانی ئەمرۆدا بەچەند پلەو بە یەکەوە دابەش دەکرێن : ئەرك و فرمانی بـــەرز ، فرمانی نزم پلەی یەکەم و دووەم و سێ یەم و یاوەرانی پلەی یەکەم و

دووەم‌و یاریدەدەرانی پلەی یەکـەم‌و دووەم‌و میرزا . پلەی یەکەم‌و دووەم .

گشت فەرمانبەران . بچووکەکان نـەبێ . گشت سکرتێرەکان‌و باوەڕو یاریدەدەران پلەیەکی پـیـاوی ئاینی‌یان هەیە . فەرمانبەری مەدەنی بۆی هەیە کـە تەنیا بگاتە پلـەی میرزا . ئەمەش پلـەیەکی نزمەو پەیوەندی بـە کاروباری ژمێـریاری‌و شتی تری تەکنیکی‌یەوە هەیە . راهیبە ئافرەتەکانیش ژمارەیان کەمەو ئەرك‌و فرمانی میرزاو تایپ رایتـەرو (بەدالە) رادەپەڕێنن .

ناو ئەم دامەزراوە ـخەمناکانە لە لایەکەوە هەر لـە دێری رەبەنان‌و لە لایەکی‌ترەوە لـە جیهانی رۆمانەکانی فرانتز کافکا دەچێ . فەرمانبەرە پلـە نزمەکان بەبێ دەنگ‌و لەسـەرخۆ بەنێو بیلاییەکانی دامـەزراوەکاندا دێن‌و دەچن‌و کـە یەکێکیان بینی یەکسـەر خۆیان بەلای دیوارەکاندا دەگرن بۆ ئـەوەی رێگایان بۆ بکـەنەوە بـە تایبەتی بۆ فەرمانبەرە گەورەکان .. ئەم دیمەنە سەیرەی ڤاتیکان‌و رێکـا کردنەوە لـە بەردەم فەرمانبەرە گەورەکان لـەوە تێدەبەرێ کە لە ئەنجومەنی وەزیرانی بۆن هەیەو کـە لە هی ڤاتیکان وردبییەوە وادێتە بەرچاوت کە جۆرە پەیوەندی‌یەکی برایی لە نێو دالان‌و بێلاییەکانی بارەگای وەزارەتەکانی بۆندا هەیە .

پلەکانی دەسەلات

ئەسانسێرەکە کرێکارێکی لەسەرە جـل‌و بەرگی تایبەتی لە بەرەو تا سەری سەرەوە واتـە تاکو لای بالکۆنی رافاییل دەچێ .. لەویش دوو نیـوە گۆی زەوی دەبینرێن کە هەریەکەیان شەش مـەتر بەرزەو لەسەر دیوارەکەش نەخشـەی فەرەنسـاو ئیسپانیاو ئیتالیاو فەلەستین کێشراوە .. دوای ئەوەی بـە هۆلێکدا تێدەپەری کـە مەرمەی تێگیراوە .. بارەگای وەزارەتی دەرەوە دەبینی کە لە دەروازەکـەیەوە دوو وێنەی سـانت پوترس‌و پولس دێنە بەرچاو کـە هەریەکەیان لەوی تریان ورد دەبێتەوە . لە لایەکـەی ترەوە ئارامگای پاپ هەیە ... لە لایـەنی چوارەمی کۆشکی سان دامازۆوە شارە دێرینەکەو گومەزە هەمە چەشنەکانی دەبینرێن .. خۆ ئەگەر ئاسمان ساف بێ ئەوا لە دوورەوە زنجیرە چیاکانی ئەلبانیا دەر دەکەون کە هەر دەڵێی سەرینێکی نەرمن‌و هـەموو شەوێ رۆما سەریان پێ دەکات .

شارەکەو گۆی زەوی . ئەو شارەی کـە رۆژێك لە رۆژان مەڵبەندی جیهان بوو کە ئێستاش سـەبارەت بـە کلیسای کاتۆلیـك هـەروایە . شارەکەو ئیمپراتۆریەتەکەی . لە هۆڵی وەزارەتی دەرەوەشـدا دوو نیوە گۆی زەوی دەبینرێ بەڵام لـەوەی پێشوو گەورەتر ... چەند قاڕەیەك کە بـەرەنگی بنەوشەیی رەنگ کراون و رووبارو زێ‌و دەریای گەورەیان تێـدا دەبینرێ .. بەڵام سنوور لە نێوان دەوڵەتاندا بەحاڵ دەبینرێ چونکە دەوڵەتەکان بەلای ڤاتیکانەوە تەنیـا چەند یەکە یـەکی بە رێوەبردن‌و هەرێمن . بـەڵێ ڤاتیکان واسـەرنجی گۆی زەوی دەدا کـە ٥٧ مەترانیـەت‌و ١٨٣٠ ئەسقەفیەت‌و ٩٧ کۆنگـرەی نەتەوەیی ئەسقەفەکانە .

لـە ئایاری سـالی ١٩٧٩ دا ئۆگستینو کوزارولی بوو بە وەزیری دەرەوە ، واتە دووەم کەس لـە دوای پاپەوە لە شانشینی کاتۆلیکدا . ئـەم پیاوە لاوازێکی پۆشتەی رێك‌و پێکە .

ئۆگستینو کازارولی « کوڕی بـەرگ دوریەکی کاستیل سان جۆڤانی‌یە لە دۆلی پو » . هەمیشـە زەردەی بە خێرهاتن کردنی لەسەر لێوە . هەر لـە « لۆردێکی بچووکی » بە سالا چوو دەچێ .

ــ دوای بزوتنـەوەی ئیسـلاح لە ئەوروپای ژوورو بـە تایبـەتی لە ولاتی ئەسـکەندێنافی‌دا رێگامان‌دا بە مەترانی‌یەکەمان کە خۆی کاروباری خۆی بەرێوەبەرێ بـەلگەی ئەمەشمان بەدەستەوە بوو .. بەلام ئەمەش هەلەیەکی تراجیدی‌یانە بوو بووە مایەی ئەوەی کە کاتۆلیکی‌یەت لە ئەسکەندێنافیا لە ناوبچێ . ئەمرۆش ولاتانی ئەسکەندێنافیا تاکـە ناوچەن لـە جیهاندا کە کلیساکەمان هیچ دەسەلاتیکی تێدا نی‌یە . بێ‌گومان ئێمەش لەمەدا بێ خەتا نین .

پاپ پۆلس کـاتی خۆی پشتگیریی جـۆری بیرکردنە[illegible]ی کازارولی دەکرد . لە وەزارەتی دەرەوەدا رێ[illegible] « سیاسـەتی رۆژهـەلاتی » دانرا بەم[illegible]کا نەدانی دووبارە بوونەوەی هـەلەکانی رابو[illegible] دەستەبەربوونی مـانەوەی دامەزراوو دەز[illegible]ی کلێسە با هـەندێ هەنگاوی پاشەکشێی وەختییش هەلبنرێت . شاری‌و میرەکانی کلێسـە دەزانن کە خزمەتی مەسەلـەیەك دەکەن کە ناگۆرێت نەبە هەلبژاردنی وەرزانەو نەبە کۆدەتا .

ــ کلیسەکەمان تاکوتایی دنیا هـەر دەمێنێ .. ئەمە کازارولی وتی .

ــ تاوەکو ئەو رۆژی قیامەتەی کە مایکل ئەنجیلۆ وێنەی کێشاوەو لەسـەر میحراب دانراوە ئـەویش ؟!

به پێکەنینەوە وەڵامی دامەوە :
ــ بەڵێ تا ڕۆژی قیامەتیش .

ڕێگایان دام کــــە پیاسەیەك بەنێو باخچەکانی ڤاتیکاندا بکەم ڕووم کــــردە فوارەی « داڵەکان » .. لیرەدا هــــەردوو خواوەندی شادمانی (نێرومێن) بەسەر حەوزە هێلکەییەکەدا دەڕوانن‌و لـــــە لەش‌و لاریاندا کە لەژێر تیشکی خۆردا دەدرەوشێتەوە هیچ نیشانەیەکی داوێن پاکی بەدی ناکرێت .

لە قوژبنە تاریکەکانی مێژوودا

ڕووم کردە بەشێکی باخچەکان کە لـــەم لاو لەو لایاندا فوارەی بچووك‌و پەیکەری بچووکی ســــەردەمی کۆنی ڕۆمایان تێدایە . ئەمە وای لێ کردم وا هەســـت بکەم کە کلیسـای ڕۆمانی کۆنترین دامەزراوی گرنگــە لە مێژووی ڕۆژ ئاوادا پێش چەند ســـاڵێك دەرفەتم بۆ هەلکەوت کە لە کلیسـای سانت پوترسدا چاوم بە تاشە بەردێکی مەڕمەر بکەوێ کە ناوی گشت پاپەکانی ڕۆمای لەسەر هەڵکەندراوە ... بەڵام تەنیا ئێستا بوم دەردەکەوێ کـــــە ڕەگ‌و ڕیشەی ئەم کلیســەیە لــــە مێژووی مرۆڤایەتی‌دا چەند قووڵ خۆی داکوتاوە .

باوای دابنێین کە ئێستا فیرعەونەکان لەســــەر قەراغ ئاوی نیـــــل حوکم دەکەن‌و ئیمپراتۆرییەتی ئەوزێك لە مەکسیکدا ماوە .. تا ئەو رادەیە شانشینی کەشیشەکان بـــە مێژووە سەرسور هێنەرەکــــەی شتێکی سەیرو سەمەرەیە . کلیسـای ڕۆمانی لــــە سانت پوترس‌و سانت پۆلسەوە دەســــت پێ ناکات بەڵکو لە مەسیحیەت کۆنترە . بەڵکو بە هەزار ساڵ لەو بیرو باوەڕەش کۆنترە کە دەینوێنێ .

بــــەلای پاپەکانەوە لە نازناوی « مەک[illegible]ۆسی بەرز » گرنگتر نی‌یە .. هــەروەها نازنا[illegible]ی یەسوعی مەسیح » و « خەلیفەی میری پە[illegible]و « پاتریاکی » ڕۆژ ئاوا گرنگن‌و ئــــەم رســ[illegible]یە « مەکسیموسی بەرز » کە مانای « دروست کـ[illegible]ری پردە بەرزەکان » دەگەیەنێ لەســـــەر دەرگاکانی گشت کلیســـەکانی ڕۆما دەبینرێ .. ئەمـــــە نازناوی یەکەم کاهین بوو لە ڕۆمای کۆن کاتێك خـــەڵك ڤینوسیان دەپەرستو کەس بیری لەوە نەدەکردەوە کە مەسیح‌و مریەم دەردەکەون .

داستانەکە وا دەگەیەنێ کە ئەو وەستایانەی کە پردەکانیان هەڵبــــەست‌و ڕێگـــای نێوان یەکــــەم ئۆردوگاکانیان بەرد ڕێژ کرد لەســـــەر هەردوو ڕۆخی تیبەر ئەرکی کاهینیان گرتە ئەستۆو هەوڵیاندا کــــە ئەو گوندانە ڕێك بخەنەوە کە دوژمنایەتیان لە نێواندا بووەو کە بوون بە بەردی بناخەی دامەزرانی شــاری ڕۆما . پرد هەڵبەستنەکە بوو بە بنیات نانی پرد لـــــە نێوان ئاسمان‌و زەویدا ، لە نێوان خەڵك‌و خواوەندا . . ئیمپراتۆر ئۆگستۆس‌و خـــەلیفەکانی ســــەرۆکی دەسەڵاتی ئاینی بوون و لەهەمان کاتدا بەیەکەم کاهین دادەنران . بەدەوری کوشتارگاکـــەدا دەسوڕانەوەو وەك باپی‌ئێستا فتیلەیان بە دەستەوە بوو .

بیروباوەڕە سەرتاپاگیرەکەی کلیسەی کاتۆلیکی دەربارەی ئەو دەورەی کە دەبێ بیگێڕێ وەك نوێنەری گشتی‌و تاکە نوێنەری گشت خەڵك‌و ڕەگەزو گەلان ، بەتەواوەتی وەك ئەو بیروڕایانەیە کە قەراڵەکانی ڕۆمان لە سیاسەتەکانیاندا پەیڕەویان دەکرد .. کلیسە وەك ئیمپراتۆرییەتێکی جیهـــانی‌یە و ئیمپراتۆرییەتــە جیهانی‌یەکە ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی‌یە کە تائێستاش لە ڕێگای ئەوکلیسەوە هەرماوەکە حاکمێکی بەرزی‌گشتی سەرۆکیەتی . ئەم بیرە پتر لە بیرو باوەڕەکانی تر کاری لە مێژووە تایبەتی‌یەکەی کاتۆلیکی کردوە . هـــــەر بەسایەی ئــــەم بیرەشەوە بوود کلیسەی ڕۆمـــانی توانیویەتی لەبەر دەم هەموو پچڕ پچڕ بوون و تــەنگ وچەڵەمەو گۆمڕاییەك بەرگە بگرێت .

داستان ، بروا

ئێستا بۆم ساغ بۆوە کــــە بۆچی یەکێکی وەك ئوگستینو کازارولی ، جگە لــــە پاڵنەری پەروەردەو ئەرکی تایبەتی خێزانی‌یانە ؛ ژیانی خۆی بۆ خزمــەت کردنی عەرشی پاپ داناوە و لەپێناوی ئەمەدا دەستی لە زۆر لە مافە کەسایەتیەکانی هەڵگرتوە .

بەگشتی ، من لەو کاتەدا کــــە لە ڤاتیکان بووم هەستێك دایگرتم زۆر لەوە دەچوو کــــە کاتی بینینی « ڕۆژی قیامــــەتی » مایکـــل ئەنجیلــــۆ دایگرتم : هاتنەوەی (مەســــیحی تورە) ئەوەندە بەزیرەکانە تێکخراوە خەیاڵ دێنێتە لە رزین و وا نیشان دەدا کە هاتنی ڕۆژی قیامەت ئــــەوپەری واقعی‌یە . لـــــەم حاڵەتەدا هونەرو ئایین بەســــــەر ئەقڵ وواقیعدا زاڵ بوون .

محمد احمد سعید

چەند سەرنجێکی

زمانەوانی دەربارەی کتێبی ڕێزمانی کوردی

لەم چەندانەدا کتێبێکی گەورەو بەنرخ لە لایەن مامۆستا د . ئەورەحمانی حاجی مارفەوە بلاوکرایەوە · لە ژێر ناونیشانی ڕێزمانی کوردی « مۆرفۆلۆژی »دا (١)

گومانی تیانییە کە کتێبێکی وا بەکەڵك و سود بەخش ئەرکێکی گرانو ماندووبوونێکی یەکجار زۆری ویستووە . بەتایبەکی لە بارەی بابەتێکی واکەم وێنەو بەنرخەوە · کەقوولبوونەوەیەکی فراوانو لێکۆلینەوەیەکی زانستانەی باشی ئەوێ ·

ئاشکرایە کە ئەم کارەش بۆ نووسەرەکەی جێی شانازی وڕێزە · وەخزمەتێکی گەورەو نایابە بۆ زمانەکەمانو تۆژینەوەی زانستیو کەشەسەندنی ·

نایابیو لایەنی چاکەشی لەوەدایە· کە مامۆستا د . ئەورەحمان زۆر سەرکەوتووانە بۆ زۆربەی ئەو نهێنییە شاراوانەی زمانەکەمان چووە · کە کەم کەس لەمەو بەر لێی کۆلیوەتەوە · وەکەلکێکی زۆریشی لە کەرەستەی فۆلکلۆرو وشە ڕەسەنەکانی زمانی کوردی وەرگرتووە· بە تایبەتی لە هێنانەوەی زۆربەی نموونەکاندا چ وشە بێ چ ڕستە بێ · وە لە بەکارهێنانی شیعری شاعیرە کۆنو تازەکانمان .

ئەمەش بەلای منەوە قوولبوونەوەیەکی زۆر وردو کەم وێنەیە · لە ڕووی زمانو ڕێزمانەوە ·

ئومێدەوارم مامۆستای ناوبراو لە تەواوکردنی بەرنامەکەیو پێشکەش کردنی جۆرەها بابەتی وا بەکەڵكو مەزن دریغی نەکات ·

هیوای سەرکەوتنی ئەو ڕێبازەدا بۆ ئەخوازم .

جا منیش هەندێ وردە سەرنجو تێبینیم لە مەڕ ئەو کارەی مامۆستاوە هەیە کە ئەبوایە یاددا شتیانی بکردایە · وە بە پێویستم زانی کە بەم چەند سەرنجانەی خوارەوە هەندێ ڕووی بابەتەکە هەلسەنگێنم وڕوونیان بکەمەوە .

١ ـ لە لاپەڕە (٩٣) دا پێناسەی ناوی بەم جۆرە کردووە .

ناو : ئەو وشەیەیە کە ناوی گیاندارێك یان بێ گیانێك · یان بیرێك یان کارێك دیاری ئەکات وەك: ژن ، ئازاد ، ئەسپ ، کۆتر ، ماسی، بەرد ، چیا ، گوڵ ، زەوی ، ترێ ، خەم ، بڕوا ، منداڵی ، جوانی ، تاریکایی ، دروومان ، کۆکە . کوتەك ···(٢)

لەپێناسەکەدا لایەنێکی تری ناوی نەپێکاوە ئەویش ئەوەیە کە ناوی شوێنو کات ناگرێتەوە ·

ئەبوایە پێناسەکەش بەم جۆرە بووایە · ناو : ئەو وشەیەیە کە ناوی گیاندارێك یان بێ گ[illegible]ێك ، یان بیرێك · یان کا[illegible] شوێنێك یان کاتێك د[illegible] وەك : ژن ، پیاو ، نا[illegible]ر ، ئەسپ ، ماسی ، بەرد[illegible] چیا ، [illegible]ول، زەوی، ترێ، خەم، تاریکایی، جوانی ، منداڵی ، سلێمانی ، هەورامان ، کوردستان قوتابخانە ، ماڵ جێ ، ڕێ ، شەو ، سەعات ، دەم، چرکە ، ····

٢ ـ لە لاپەڕە (٩٩) دا لە باسی ناوی مەعنەوی ((گوزارە)) دا نووسیوێتی ·

ناوی مەعنەوی ناوی شتێکە کە بوونی سەربەخۆی نییە . بەڵکو لەشتی بەرهەست وەیا لە بیرو خەیاڵدا پەیدا دەبێ وەك : هۆش ، بڕوا ، خەم ، شەرم ، هێز ، جوانی پیاوەتی ، شادی ··(٣)

لە هێنانەوەی نموونەکانیدا ئەبوایە بەلای کەمەوە چەند چاوگێکیشی بهێنایەتەوە پەنجەی بۆ ئەو بابەتەش رابکێشایە · چونکە چاوگێش وەکو ناوی گوزارە خۆی ئەنوێنێ وەبەر هیچ هەستێك ناکەوێ . تەنیا ئەوە نەبێ کە لە بیرو خەیاڵدا هەیە وەك : مردن ، هاتن ، ڕژان ، کوشتن ... تاد .

٣ ـ لە باسی (ناو لە ڕووی ڕۆنانەوە) لە پێناسەی ناوی داڕێژراودا نووسیوێتی ئەو ناوە ناسادەیەیە کە لە وشەیەکی سادەو زیادییەك پێکهاتبێت · ئەو زیادییە کە پێشگر یان پاشگر یان هەر دوو پێشگرو پاشگر پێکەوە بن وەك : کارگە ، کەمەرە ، ئاگردان ، تاریکایی، دەسرۆکە ، بێ کاری ، نەخۆشی ·· هتد ·(٤)

ئەگەر بەوردی لەو ڕووەوە بکۆلینەوە دەرئەکەوێ · کە لە ڕۆنانی ناو یاخود وشەی داڕێژراودا مەرج نییە لە وشەیەکی سادەو زیادییەك دروست بێت · ئێمە وشەی داڕێژراو یان ناوی داڕێژراومان هەیە کە لە دوو وشەی سادەو زیادیەك پێکهاتووە وەك : ڕەوان بێژی ، خۆشەویستی ، سەربەستی هتد ··

ئاوەڵناو وەرگی کردار وپاشگرێك

← ڕەوابیژی .
ناوەڵناو وەدی کـردار بە یارمەتی ئەنتەرفیکس « ە » ← خوشـەویست + پاشگری (ی) ناو وەدی کردار ← سەربەست + پاشگری « ی » ← سەربەستی . کـە زۆربەی ئاوەڵناوە لیکدراوەکان ئەگریتـەوەو پاشگری ئەچیتـە سەریان، ئەیانکاتـە ناوی دارێژراو و ناوی گوزارەش .

جا بەو پێیە مامۆستا لەوێدا ئـەو ڕووەی یادداشت نەکردووە چونکە لە پێناسەکەیدا وشـەی سادەی بەکار بردووە. پێناسە کەش جـۆرە بێ باشترە ناوی دارێژراو ئەو ناوە ناسادەیەیە کە لە وشەیەکو زیادی‌یەك دروست ئەبێ ئـەوجا ئەو زیادی‌یەش پێشگر یان پاشگر یان هەردووکیان بێت .

ئەگەر وتمان وشـەیەك ئەوا وشەی سادەو ناسادەش ئەگریتەوە. ناسادەش لیکـدراو و دارێژراو ئەگریتەوە . ئێمە لێرەدا مەبەستمان تەنها وشەی ناسادەی لیکدراوە .

٤ ـ لـە لاپەڕە (١٠٧) ی کتێبەکـەیدا باسی ناوی دارێژراو ئەکاو لە سەری ئەڕوا لە بەشی ((أ)) کۆمەڵە پاشگری (گەر ، ساز ، دار ، بەند ، ەوان ، وان ، چی ، کـەر ، باز ، مەند) لە وشەکانی ئاسنگەر ، چەخماخ ساز ، گیاندار ، تالیەند ، گاوان ، چایچی ، کۆترباز ، نانکەر ، دەولەمەند ، دا بە ناوی دارێژراویانی داوەتە نووسین لە کاتێکدا هەموویان سـیفەتێکی هەمیشەییان پێدراوە بەهۆی ئـەو پاشگرانەوە ، بەواتە ئـەتوانین بە ئاوەڵناوی بکـەری دارێژراویان بدەینـە قەڵەم . وە زۆرتریش لایەنی سیفەتی هەمیشەیی ئـەبەخشن . لـەوە ئەچێ مامۆستا بیری لە هەمان ناوی بکەری ((اسـم الفـاعل)) ی عـەرەبی کردبێتەوە .

وە هـەر لە هـەمان کۆمەڵە وشەدا یان کۆمەڵە ناودا لە وشەی « کۆترباز » دا ڕەخنەی لە کەریمی ئـەیوبی‌و نی ، ئاسمیرنۆڤا گرتووە کە گوایە وشـەی « فێلباز » یان بەناو داوەتە نووسین(٥) .

کەچی خۆیشی بە پێچەوانەوە « کۆترباز » ی ئاوەڵناوی بـەناو داوەتە قەڵـەم جگە لـەوەش لـە پێشووتردا سێ ساڵ لەمەوبەر بـە ئاوەڵناوی داناوە ئەڵێ .

پاشگری « باز » یش بە زۆری ناوی سادە دەکاتـە ئاوەڵنـاوی دارێژراو ، نەك ناو وەك « فێلباز ، کۆترباز . جگە لە چـەند وشـەیەکی کەم کـە دەبنە ناو وەك سـەر باز »(٦) .

ئەگـەر لە هەردوو وشـەی کـۆترباز ، فێلبـاز وردبینـەوە جیاوازیەکی ئەوتۆیان لـە نێواندا نابینین، وە هەردووکیان ئاوەڵناون، ئاوەڵناوی بکەری دارێژراو ..

وەئەوەشی نەپێکاوە کـە « باز » ڕەگی چـاوگی « بازیـدن » ی فارسی‌یـە ، ئـەبوایە ڕوونی بکردایەتەوە وەك چـۆن لە هەندێ [illegible] تردا لەپەراوێزەکاندا [illegible] پاکیشاونو سـەرنجی [illegible] نووسەکانی نووسیووەتەوە [illegible]ی کـوردیدا « باز » چەند مانایەکی هەیە وەك « باز » ی ئاوەڵناو یانی ڕەش‌و سپی « باز » لە وشەی « بازدان » و « سێباز » دا باز لە وشـەی « چـاوباز » دا . بازیش وەکو پاشگر وە لە وشـەی « نانکەر و ڕاوکەر » دا(٧) .

« کەر » ی بە پاشگر داوەتە نووسین . ئەگەر تۆزێ لە هـەردوو وشەکەو بەچەندان وشەی تری وەك ئەو دووانە وردبینەوە . دەرئەکەوێ کـە هـەردووی لە ڕەگی چاوگی فرمانی لێکـداروی « نان کردن‌و ڕاوکـردن » ە وە وەرگـیراوە . ئاوەڵنـاوی لێوە دروست بووە . ئاوەڵناوی بکەری دارێژراو .

باوەگەکان وەرگرین‌و لێیان کۆلینەوە .

ناو ڕەگ پاشگر

نان کردن ← نان کـە ەر
ڕاوکردن ← ڕاو کـە ەر

لێرەدا « کە » ڕەگی چاوگەو تەنها پاشـگری « ەر » ی چووەتە سەرو وشەیەکی دارێژراوی دروست کردووە .

بۆ سەلماندنی ئەم بیرەش ئێمـە ئەگەر وشـەی دارێژراو یان ناوی بکـەری دارێژراو لە ڕەگی چاوگی فرمانی‌سادەوە دروست بکەین وەك .

کردن ← بکەر ، دان ← بدەر ،
خواردن ← بخۆر

ئەبینین نیشانەی « ب » ی فرمانی داخـوازی « امری » وپێتە باشگری « ەر » یان چووەتە سەر ئاوەڵناوی یان ناوی بکـەری دارێژراومان بۆ دروست بووە . وە لەو ئاوەڵناوە یان ناوە بکەرە دارێژراوانەی کـە لـە فرمـان چـاوگی لیکدراو یان دارێژراوەوە دروست ئەبن نیشانەی «ب» نادرکێنرێ . تەنهـا پاشگری « ەر » وەك پاشگرێك ئەچێتە سەر ڕەگی فرمانەکەو نـاوی دارێژراو « ئاوەڵناوی بکەری دارێژراومان بۆ دروست ئەبێ وەك .

چاوگی لیکدراو :

نان خواردن ← نان + خۆ + ەر(٨)
نان کردن ← نان + کـە + ەر(٩)

ڕەنج دان ← ڕەنج + دە + ەر

ڕەنج بردن ← ڕەنج + بە + ەر

چاوگی دارێژراو وەك : چێشت لێنان ← چێشت + لێنێ + ەر ← چێشتلێنەر (١٠) بۆمان روون بووەوە کە « کەر » پاشگر نییە بەڵکو تەنها « ەر » پاشگرە وە مامۆستا ئەورەحمان تێکەڵی ڕەگەکەی کردووە ·· ڕەگی کردارەکەو پاشگرەکە ·

٥ – لە هەمان باسدا باسی ناوی دارێژراو وشەی ((هەوار)) ی شوێنەوارییە پاشگر داوەتە نووسین· شوێنەوار لە دوو وشەی سادە پێکهاتووە لە شوێنو هەوار شوێنو هەواریش هەردویان یەك مانا ئەبەخشن · وە بۆ ئاسانکردنی درکاندن ئەو ڕەنگی ((هـ)) ە کە لە دەنگی ((ە)) وە نزیکە ئەگەر پیش دەنگێکی کونسونانتە · بەوشێوەیە ئەدرکێنرێ وە وشەی ((هەوار)) لە ناوی شوێنەوار ڕاسترە لەوەی پاشگر بێت ئەگەر چی لە زۆر شوێنی تردا وەك پاشگر خۆی ئەنوێنێ وەك لە وشەی ((خوێنەوار))دا مامۆستا خۆیشی لە پەراوێزی ژمارە (٦٣) ی لاپەڕە ١٣١ دا پەنجەی بۆ ئەوە ڕاکێشاوە کە ئەم پاشگرە دوو چەشنی هەیە یەکیان بە مانای شوێنو جێگە ئەوی تر یان بە جۆرێکی دی خۆی ئەنوێنێ ···

هەروەها لە پاشگری « ندە » ی لکاوە بە دووای ناوەوە وەك باڵندە ، وەلکاوەی دوای ناوەڵناو ، یان ڕەگی فرمان وەك : دڕندە « دڕ » هەم ناوەڵناوەو هەم ڕەگە وە بۆ ڕەگی فرمانیش وەك « گوشندە » ·

ئەو پاشگرە باسکراوە وەکو ئەو شێوەیەی یە کە مامۆستا ئەورەحمان بۆی چووە بەڵکو (inde) وەك چۆن ئەڵێین (ik) لە وشەی (دەسك) دا ئەمیش بەو شێوەیە (inde) ە ڕاسترە لە « ندە » ئەم بزوێنە کورتەی سەرەتای پاشگرەکە لە زمانی کوردی ڕێنوسی کوردیدا نیشانەی بۆ دانەنراوە ·چوونکە ڕێنوسی کوردی بەپیتی عەرەبی ئەنوسرێتەوەوە تیپی عەرەبیش ئەو جۆرەنیشانەی تێدا نییە · کەوەك « کەسرە » ی عەرەبی وایە · وە لە ڕێنوسی لاتینیدا بەئاسانی دەرئەکەوێ ··

٦ – لەژێر ناونیشانی ئەو پاشگرانەی ئەچنە سەر کرداری سادەو دەیکەنە ناوی دارێژراو · دا باسی کۆمەڵێ پاشگری کردووە کە بەهەندێ ڕەگی کردارەوە ئەلکێن ·

کەمیان لەڕێو شوێنی خۆیاندان وەك لە ·

ا – کوشتار : پاشگری ((ار)) بە دوای فرمانی ڕابردووەوە یان قەدی کردارەوە لکاوە نەك ڕەگی کرداری ڕابردوو · وەك لەم قەدو ڕەگانەی تردا ·

سووتەمەنی ، خواستەمەنی ، خوێندەوار ، خوێنەوار ·

خوێندەوار هەم قەدە... ((خوێن ، خوێند ·))

ب – ((ەر)) لە وشەی ((دانەر))دا بەڕەگی کرداری سادەوە نەلکاوە · بەڵکو بەکردارێکی دارێژراوەوە چوونکە چاوگی ((دانان)) چاوگێکی دارێژراوە وبەم پێیە دروست بووە پێشگر لە گەڵ چاوگێکی سادەدا ··· دا + نان ·

لەزمانی کوردیدا ئەم چاوگی سادەی ((نان)) ە بەزۆری لەگەڵ وشەی سادەو پێشگردا دێ· ئەبێتە چاوگی لێکدراوو دارێژراو ·

وەڕەگەکەشی ((نێ)) یە ·

ئەو پاشگری « ەر » ش بۆ دروست کردنی ناوی بکەر یا ناوەڵناوی بکەری دارێژراو بە کار ئەبرێ چ لەگەڵ کرداری سادەدا بێ وەك · نووسەر ·

یان ناسادە ناسادەش بە هەردوو جۆرەکەیەوە لێکدراو وەك ڕەنج بەر · دارێژراو وەك داهێنەر ، چێشت لێنەر· دانەر کە لە داهێنانو چێشت لێنانو دانانەوە وەرگیراون·

لە وشەی « دانەر » دا دوو بزوێن بەدوای یەکدا هاتووە « ێ » کۆتایی ڕەگی کردار وە بزوێنی « ە » ی سەرەتای پاشگری « ەر » وەلەوێدا بزوێنی « ێ » تێ ئەچێ (١١) ·

٧ – هەردوو وشەی (چەمەنو مەسینە) پاشگری ژمارە ٢١ی لاپەڕە ١١٨و ژمارە ٤٤٦ی لاپەڕە ١٢٣ دا من وای بۆ ئەچم کە هەر دووکیان وشەیەکی سادە ین چوونکە ((چیمو مەس)) یە کوێ کەم کورددا ئاشنان بە وشەیەکی مانادارو سەربەخۆ ناچن ·

چیمەنو مەسینە بە وشەی سادە ئەچن · وە بۆ ئەو پاشگری « نیە » ناوی « گەچینەو قولینە » مان هەیە کە شیاوو لەبارترن ·

٨ – لەژێر ناونیشانی هەندێ پێشگریش هەن کە بەڕەگی کردار یان ئەلکێنن ناوی دارێژراو دروست ئەکەن(١٢) ·

ا – لە پێشگری ((ڕا)) دا و لە وشەی ((ڕایەخ)) دا ((ەخ)) وەکو ڕەگی کرداری ((خستن)) مامەڵە ناکرێ · ڕەگەکەش ((خە)) یە وەکو من جێگەکە ڕائەخەم ···

وشەی ڕایەخ هێشتا لێکۆڵینەوەو

وردبوونەوەی تری ئەوێ · باشتر لێی ورد بینەوە ئەبینین وەبە تایبەتی لە (ەخ) دا دەنگە گۆڕکێی تێدایە «گۆڕینیدەنگ» دەنگی بزوێنی « ە » چووەتە شوێنی دەنگی « خ » کونسونانت وەدەنگی « خ » ش چووەتە شوێنی « ە » و «خە» بووە بە « ەخ » وە بە لکاندنی پێشگر بەرەگەکەوە · بووە بە « رایەخ » دەنگێکی تری نیمچە بزوێن هاتووەتە نێوانیانەوە . ئەویش چونکە دوویزوێن بەدووای یەکدا نایەن ئەگەر هات ئەوا یان یەکێکیان تێ ئەچێ یاخود نیمچە بزوێنێك ئەچێتە نێوانیانەوە . ئەو حاڵەتەی دەنگە گۆڕکێ زیاتر لە وشەکاندا روو ئەدات وە زیاتر گۆڕینەکەش لە دەنگە کونسونانتەکاندا(١٣) ·

ب ـ پێشگری ((بەر)) (بە پێی بۆ چوونی مامۆستا د · ئەورەحمان) لە وشەی بەرچنەو بەرکوتدا بە هیچ جۆرێك پێشگر نییە · وە وشەیەکی سادەیەو مانایەکی روونو ئاشکرای هەیە · بەرامبەر ((ثمر)) ی عەرەبی ئەوەستێ بەرچنە لە چاوگی لێکدراوی ((بەرچنین))ەوە هاتووە ·

ڕەگی چاوگەکە وەرگیراوەوە پاشگری « ە » چووەتە سەر ناوێکی دارێژراوی دروست کردووە · « بەرچن » ئەو کەسەیە کە بەری دار یان میوە ئەچنێ وە بەلکاندنی پاشگری « ە » مانای وشەکەی لە ناوەڵناوەوە گۆڕیوە بۆ ناو : بەرچنە: ئەو دەفرەیە کە لە توڵی بارێك دروست ئەکرێو میوە یان بەری داری تێ ئەکرێ · لەگەرمیاندا پێی ئەوترێ بەرچینە « قەرتاڵە » وە هەر لە هەمان بابەت وشەی زۆرمان هەیە وەك : کاروان کوژە . کە دوو مانای هەیە یەکیان ناوی

ئەستێرەیەکەو ئەوی تریان جۆرە بنجکێکە لە دەرو دەشت بەخۆکردی ئەڕوێ ·

وە هەروەها وشەی «کلاشچنە»ش هەیە کە ناوی جۆرە گیانەوەرێکی بچکۆلەیە · وە وشەی « شوان خەڵەتێنە » · کە جۆرە باڵندەیەکەو لە شێوەی چۆلەکەدایە ئەمانە هەموویان پاشگری « ە »یان چووەتە سەر بوونە بە ناوی دارێژراو · « بەر » ی وشەی « بەرکوت » هەر هەمان مەبەستی پێشوورە بە واتای « ثمر » ی عەرەبی ·

٩ ـ لە باسی ناوی لێکدراوداو بۆ پێکهاتنی لە ناوێکی سادە وڕەگی کردار بەهۆی ئەنتەرفێکسەوە تەنها باسی ئەنتەرفێکسی ((و)) ی کردووە وەك دەستوبرد(١٤) ((برد)) قەدی کردارە یان فرمانی رابردووە نەك ڕەگی کردار ··

ئەگەر زیاتر بچینە ناو وشەکانی زمانەکەمانە وە لێیان وردبینەوە بۆمان دەرئەکەوێ کە ئەنتەرفێکسی « ە » شمان هەیە بۆ پێکهاتنی ناوی لێکدراو لەو بارەوە وەك تەنەشۆر ناوو ڕەگی کرداری شۆردن ، شورین ·

ـ تەنەشۆر ئەو تەختەیەیە کە
سەر ئەشۆرنەوە ·
گە زێ ، گیسکەزا : بەو
گیسک ترێ کە بەگیسکێ ئەزێ·
٣ ـ رشکەزا ، برازا : زا : وەکو ناویش خۆی ئەنوێنێ بەمانای منال، نەوە ·

١٠ ـ دیسان لە دروست بوونی ناوی لێکدراودا ئەڵێ لە دوو ڕەگی کردار بە یارمەتی ئەنتەرفیکسی ((و)) ەوە ناوی لێکدراومان بۆ پێك دێت نموونەکانیشی ((هاتو چۆ ، گفتوگۆ)) ن کە بەشی یەکەمیان قەدی کردارنو لە چۆنیەتی گۆڕینی دەنگی بزوێنی کۆتایی ڕەگی کرداری ((چوون)) ئەدوواوە کە ((چ)) ە بووە بە ((چۆ)) ·

وە ناوە لێکدراوەکانی قرچەقرچ، ملچەملچ ، جیڕەجیڕ ، لوورەلوور ، کفەکف ، بۆڕەبۆڕ ، قیژەقیژ کە لە دووپاتکردنەوەی ناوێکو بە یارمەتی ئەنتەرفیکسی « ە » پێکهاتوون مامۆستا ئەورەحمان لە پەراوێزی ژمارە « ٧١ » دا ئیشارەی بۆ ئەوە کردووە کە ئەگەر ناوەکە کۆتایی بەبزوێنی « ە » هاتبێت ئەوا لەو دوو بزوێنە کۆتاییو پێوەندی یەکێکیان تێ ئەچێو یەکێکیان دەمێنێتەوە(١٥) ·

لەم بارەوە چەند سەرنجێ هەیە ·

ا ـ زۆربەی دەنگە سروشیتەکان کۆتایی ناوە دووبارە کراوەکەش
ب ـ لەو دوو بزوێنە نەك یەکێکیان تێ ئەچێ بەڵکو بزوێنی کۆتایی ناوە دووبارە کراوەکەش تێ ئەچێ ·

ج ـ لەپێکهاتنی ناوی لێکدراودا بە دووپاتکردنەوەی ناوێك شێوەیەکی ترمان هەیە لە وبارەوە ئەویش بەبێ یارمەتی ئەنتەرفێکس· وەك ·

خوڕخوڕە کرکرە ، شەقشەقە ·
کە تەنها بزوێنی ناوە دووبارە کراوەکە ماوەتەوە . وەبزوێنی دوای ناوە پێشینەکەش تێ چووە ·

ئەوەی شایانی باس بێ کە مامۆستا د.ئەورەحمانی حاجیمارف کۆمەڵی پاشگری شیاوو دیار تر وە بیرمان هێناوەتەوەو خستونێتییە سەر باسەکەی کە لەمەو بەر ئەناویان لە ناواندا بووە ئەزماننناسەکان

وەبیریاندا هـــاتووە · نـــەباسیان لیۆەکردوون ئەمـــەش لایەنێکی تری باشـــەی کـــردەوە زانستییەکەی مامۆستایە · تەنانەت بەوەشـــەوە نەوەستاوە · چووە ماوەو بۆ شایی بۆ باسەکە هێشتووەتەوە · ئـەلی لە زمانی کوردیدا کۆمەلی پاشگری تر هـــەن ئەچنە سەر وشەو ناوی دارِێژراو دروست ئەکـەن · بـەلام ئێمە هەر ئەوەندەمان بەبیرا هاتووە· وە کۆتایی باسەکەی بە « هتد » ی هێناوە جامنیش حەز ئەکەم هەندێ پاشگری تر بخەمە سەر ئەو «هتد»ە وە کەلێنێکی بچکۆلەی تر پرِبکەمەوە ئەویش بەم پاشگرانە کە هەندێکیان ئەچنە سەر ناوی سـادەو هەندێکی تریان ئەچنە ســـەر ناوی لێکدارو ناوی دارێژراو دروســـت ئەکـــەن وەك :

١ـ ەنین : لە وشەی نازەنیندا .

٢ـ ینی : لە وشەی ماتەمینیدا. ناوی گوزارەی دروست کـردووە · ئەگەر چی ((ماتەم)) لە وشـــەی ((ماتم)) ی عەرەبییەوە هاتووە بەلام وای لیِهاتووە کـــە شێوەیـــەکی کوردانەی وەرگرتووە ·

٣ ـ ەوانە : لە وشەی (کلکەوانە، حەوتەوانە ، بنەوانە) دا کە چووەتە ســـەر ناو و ئاوەلناوی ژمارەو . ئاوەلکرداری شوێن نیەوانە.بەمانای ســـەرچاوە · وە هەروەها بەمانای ئافرەتی · یان کچێ خزمەتی باوکی یان برای یان مامی بکات ·

٤ ـ وانکە ، ملوا نکە ، بەروانکە·

٥ ـ ان · لـەو شـــەی تۆپان ، گـــولان ، قـــولان ، زیاتر شێوەی پاشگری ((ێن)) ە ·

٦ ـ کێ : لـــە وشـــەی ، چاو شارکێ ، چاو برِکێ ، خەوە نوچکێ چووەتە ســـەر وشـەی لێکدراو ، هەلبـەرکێ · چووە ســـەر وشەی دارِێژراو ·

٧ ـ ێ : لە وشەی ، زۆرەملێ ، ملەقوتێ ، زرمەزلێ ، دا ·

٨ ـ تاتکێ: لە وشەی سەرەتاتکێ، ملەتاتکێدا ·

٩ ـ ەم : لە وشەی بەرەەمدا ·

١٠ ـ ەوێلە : لە وشەی دانەوێلە دا ·

١١ـ یلك : لە کولێك دا .

وە لە پێشگرەکانیشدا پێشگری « تێ » ئەچێتە ســـەر رەگی کردارو ناوی دارێژراو دروستئەکات وەك .

تێ لە وشەی تێژەندا · تێژەن ئەو مەشکە گەورەیەیە کە ماستی تیا ئەژەنرێ

پەراوێزەکان :

(١) دکتۆر ئەورەحمانی حـــاجی مارف ، رێزمانی کـــوردی · بەرگی یەکەم (مۆرفۆلۆژی) بەشی یەکەم ـ ناو ـ چاپخانە ی کۆرِی زانیـــاری عیراق · بەغدا · ١٩٧٩ ·

(٢) هەمان سەرچاوە · لاپەرە ٩٣

(٣) هەمان سەرچاوە · لاپەرە ٩٩

(٤) هەمان سەرچاوە [illegible] ١

(٥) هەمان سەرچاوە [illegible] ١٠٩ پەراوێزی ژمارە (٢٠)

(٦) وشـــــە رۆنان لـــە زمـــانی کوردیدا · د · ئەورەحمانی حاجـــی مارف . چاپخانەی کورِی زانیـــاری کورد ١٩٧٧ ·

(٧) دکتۆر ئەورەحمـــــانی حاجی مارف : رێزمانی کـــــوردی ـ بەرگی یەکەم (مۆرفۆلۆژی) بەشی یەکەم ـ ناو ـ لاپەرە (١١٠) .

(٨) لە کوردیدا « خـــۆر » رەگی کردار چاوگ نییە بەلکو «خۆ»یە .

«خۆر» رەگی چاوگی «خوردن»ی فارسییە ، لە زۆر شوێندا مامۆستا ئەورەحمان بەرەگی چاوگی «خواردن» کـــوردی داوەتە توسێن · ئەمـــەش وانییە · چونکە لەو شوێنانەی کە وەکو « خۆر » دیارە ئەوا ئەو دەنگی «ر» ە سـەربەرِەگی فرمانەکە نییە . بەلکو پاشگری « ەر » ی چووەتـــە ســـەر رِەگی کردارەکە « فرمانەکە » « خۆ » وە بە دەنگی بزوێنی « ۆ » کۆتایی هاتووە ، وە پاشگرەکەش بە بزوێنی « ە » دەستی پێ کـــردووە ئەوا یـــەکێ لەبزوێنەکان تێچووە . چـــونکە دوو بزوێن پێکەوە بەدوای یەکدا نایەن . وەبزوێنی «ە»لەوێدا تێچووە ·

(٩) هەمان مەبەستی پێشوو ·

(١٠ ، ١١) جاری واش هەیە کە دەنگی بزوێنی کۆتایی رِەگی کردارە کەتێ ئەچێ ·

(١٢) د · ئەورەحمـــــانی حاجی مارف : رێزمانی کوردی بەرگی یەکەم (مۆرفۆلوژی) بەشی یەکەم ـ ناو ـ لاپەرە ١٣٣ ·

(١٣) لەم وشانەی وەك : تەرزە ، چـــەوەنەرا وەزع ، دەنگـە گورِکێ روونەدات ئەبن بە تەزرە ، چەنەوەر، وەعز تادووایی ·

(١٤) رێزمانی کوردی · بەرگـــی یەکـــــەم مۆرفۆلوژی بـــەشی یەکەم ـ ناو لاپەرِ (١٣٥) ·

(١٥) هــــەمان سەرچاوە لاپەرە (١٣٧) ·

(١٦) وشـــــــە رۆنان لە زمانی کوردیدا لاپەرە (٨) د · ئەورەحمان ١٩٧٧ ·

گیروگرفتی پیس بوونی ژیانگە

رۆشنبیری وە.ی گیراوە



پیس‌بوون وەك دیاردەیەكی دەوروبەرو ژیانگەیی لە پڕو لە ناكاو ، لە نیوەی دووەمی ئـەم سەدەیەوە ، ســــەرنجی خەڵكی بۆ لای خۆی راكێشاوە . ئەوی راستبێ لـەو رۆژەوە مرۆڤ لەسەر ڕووی زەوی‌یە پیس‌بوونیش هەر هەبووە ، چونكـە پیس‌بوون بەپلەی یەكەم كاری مرۆڤە . جاران رادەو سنورێكی هـەبوو بەلاَم دوای ئەوەی پیشەسازی پشت ئەستور بـــە بالاَدەستی‌ی زانستو تەكنـەلۆجی لوتكەی چالاكی‌یە پیشەییەكانی گرتــە دەســـت ، مرۆڤ ویستویەتی بەهۆیەوە دەستی بەســـەر ژیانگەدا بڕواو ئەگـــەر مرۆڤایەتی بە پێ‌وقدومی پیشەســـازی دلخۆش‌بووبێ كە دەبێتە مایەی خێرو خۆشی‌یەكی بێ‌وێنـــە ، ئەوا ئەوەندەی نەكێشا كـە رووبەرووی شتێك بوو كــە چاودێری نەدەكرد وپێشەسازی بــە هۆی كورت بینی ئەوانەوە كە سەرپەرشتی‌یان دەكردو بەهۆی نالەباری نەخشــــە سازی‌یەوە رووە ناشیرینەكەی خـــۆی دەرخست وپیس‌بوون بوو بە رۆڵەی پیشـــەسازی‌و ترسناكترین گیروگرفتی ژیانگەو دەوروبەر . بگرە بوو بەگیروگرفتێكی ســــەردەم كەوای لێ‌هاتوە ئـــەو كاربەدەستو لێكۆڵەرەوانـەی نارەحەت كردەوەكــە هـــەوڵی دۆزینەوەی رێگا ئـــەدەن بۆ رزگاركردنی مرۆڤایەتی لە مەترسی ئەم كێشە نیمچــە شاراوەیە . لیرەوە هـــەوڵ ئەدەین كــــە هۆیەكانی پیس‌بوونو دیاردەكانی‌و مەترسی‌یەكانی‌و ڕۆڵی نەخشەسازی لــە زاڵبوون بەســـــەر ئەم گرفتەدا بزانین لـــە پێناوی زامن‌كردنی ژیانگەیــــەكی پاكو خـــاوێن‌دا . لیرەدا دەپرسین : پیس‌بوون چی‌یــــە ؟ پیس‌بوون فڕێدانی پاشماوەو پیسی‌یە بە جۆرێك كە جوانی‌و پاكی ژیانگە تێك‌بدات . پیس‌بوون لە روانگــــەی زانستی نوێ‌وە روودانی گوڕانو تێك‌چوونو كەلەبەر كـەوتنە نێــو سیستەمی ئێكۆلۆجی Ecosystem . بەرادەیەك كە كاریگەری ئەم سیستەمە پەك بخاتو وای لێ‌بكات كە نەتوانی بۆ رزگاربوون لە پیسو پۆخلی بـــــە رێگای سروشتی ، دەوری سروشتی خۆی بگێڕێو ، ئـــەم كەلەبەرەش یاخود ئەم گۆڕانە كاتێك روونەدات كـــە پیسو پۆخلی بەرادەیەك فڕێ بدرێ كـــە نەتوانرێ بەرێگای سروشتی لەناوبرێ . بۆ نمـــوونە روبارێك دەتوانێ ئەو پیسایە بشارێتەوە كە ٥٠ هەزار كـەس فڕێی ئەدات بەلاَم كە ئەو ژمارەیە بوو بە ١٠٠ هەزار كەس ئەوا ئــــەو پیساییە بازنە ئیكۆلۆجی‌یەكەی ناو THe Ecological Cycle تەفروتونادەكـــــاتو قەوارەی ئـەم پیساییە پتر دەبێو زیان لە دیاردەكانی

ژیان دەدا لـــە روبارەکەداو ئەبێتەمایەی ئـــەوەی روبارەکە بایـــەخی جارانی نەمێنێ . ئەوەی لـــە روبارەکاندا روو دەدا لە نێو هەواو لەسەر زەویشـدا روو دەدات چمکی پیس‌و پۆخەڵ بوون ئەوەندە فراوان بووە تا ئەو رادەیەی کە پتر بوونی قاروقیزەو قیرەقیر لـــە ژیانی رۆژانەماندا بووە بەجۆرێك لە جۆرەکانی پیس‌بوونی ژیانگە . بۆیە دەتوانین بـەوردتر بدوێین‌و بڵێین پیس‌و پۆخڵ بوون :

« هەموو کارکردەیەك یاخود ماددەیەك کە لـــە جیاتی چاککردنی ژیانگەو دەوروبەر دەبێتـــە مایەی تێکدان‌و شێواندنی » .

لێرەدا دەپرسین سیستەمی ئیکۆلۆجی ژیانگـــە چی‌یە ؟ خوای مـــەزن کاتێك زەوی‌و گیان‌لەبەرانی دروست‌کردوە سیستەمێکی وردی ئیکـــۆلۆجی بۆ داناون بۆ ئـــەوەی دەستەبـــەری بوونی ژیـــان‌و بەردەوام‌بوونی ببێ لەسەر زەوی . ئەم سیستەمەش بریتی‌یـــە لە بوونی دەورەیەکی ســــنور بۆکێشراو بەرامبەریەکی وردو رێك‌وپێك‌و یەکخستنێکی کامـڵ کە لە کاری بنیات‌نان (بەرهەم هێنان)و کاری لـــە ناوبردن (بەکارهێنان)دا خـۆی دەنوێنێ . پەیوەندی نێوان بەرهەم‌هێنەرو بەکارهێنەر (المستهلك) لـــە سیستەمی ئیکۆلۆجی‌دا . بـــە زنجیرەی خــۆراك Food chain دەردەبڕدرێ . بـــەم جـــۆرە ژیان بەبێ‌وەستان لەسەر زەوی بەرەوپێش دەچێ .

ئەو شتانەش کە دەبنە مایەی پیس‌بوونی ژیانگــە دەکرێن بە چەند بەشێکەوە :

گاز ، کە لە دوکەڵکێشی کارگەو زوباو گەرماو ئەگزۆسی ئوتوموبیل دێتەدەرێ‌و کـــە لە ئەنجامی سوتاندندا پەیدا دەبێ .

یاخود شلە لە کیمیاییەکاندا کە کارگەکان فرێی دەدەنە نێو زێرابەکان دگـــەڵ دەرمانی گەزندە کوژو هی‌تر .

یاخود رەق کە ئەویش هەر پاشماوەی کارگەکان‌و کەرەسەی خاوی کشتوکاڵیش دەگرێتەوە .

پیس‌بوون گیروگرفتێکی جیهانی یە

ئایا پیس‌بوون گیروگرفتێکی ناوچەییـــە یاخود گیروگرفتێکی جیهانی یـــــە ؟ هەرچەندە پیس‌بوون رادەربکەوێ کە گیروگرفتێکی ناوچەییە ئەوا لــــەو سنورە دەپەڕێتەوەو دەبێ بـە گیروگرفتێکی جیهانی ، چونکە رادەو سنوری بۆ نی‌یە . ئەو هۆیانەی دەبنـــە مایەی پەیدابوونی پیس‌بوون زۆرن‌و لەپێشـــەوەیان ئەمانەن :

١ ــ ئادەمیزاد دروست‌کەری « پیس‌بوون »ە :

ئەگەر مرۆڤ توانیبێتی وا لەژیانگە بکات کــە لەگەڵ بوون‌و پتربوونی دا گونجاوبێت‌و کار لەیەکتری بکـــەن ، ئەوا لەلایـــەکی ترەوە بەبێ ئەخشـــەو بەنارێك‌وپێکی سود وەرگرتن لە داهاتەکانی ژیانگــە دوژمنێکی سەرسەختی بۆخـــۆی دروست‌کـــرد . پتربوونی ژمارەی خەڵك‌و زیـــــاد بوونی بەردەوام‌و بێ پســـــانەوەی (ئیستیهلاك) گرنگترینی هویەکانی ئالوزکـــردنی گـــیروگرفتی پیس‌بوونن . دوکتـور پۆل ئهـــرلیـك Paul Ehrlick دەڵێ : ســێ شت‌ئاستی پیس‌بوونی ژیانگە دەست‌نیشان دەکـەن . قەوارەی دانیشتوان ، رادەی (ئیستیهلاك)ی تاکـە کەسان ، کـــاری ژیانگەییانەی هەمـــوو یەکـەیەکی بەرهەمهێنەرانە .

٢ ــ فراوان‌بوونی پیشەسازی‌یانە :

دامەزراندنی کارگەو فابریقەو پیشەسازی بـــە رادەیەکی فراوان‌و بەکارهێنانی بەرهەمە جۆربەجۆرە پیشەسازی‌یەکان وەك ماددەی کیمیـایی ئەوەندەی تر بووە هۆی پیس‌بوونی ژیانگە .

٣ ــ بەخراپی بەکارهێنانی داهاتەکانی ژیانگە :

بەخراپی بەکارهێنانی داهاتەکان دەبێتـــە مایەی پیس‌بوونێکی زۆر بۆ نمـــوونە بەخراپی بەکارهێنانی گڵ‌و خۆڵ [illegible] دەبێتە هۆی داروخان‌و رووتانەوەی زەوی‌و بەخراپ[illegible]کارهێنانی روەك دەبێتـــە هۆی تێکچونی بەرا[illegible]سیستەمی ئیکۆلۆجی هـــەوا چونکە درە[illegible]ان ئوکسجین دروست دەکەن .

٤ ــ [illegible]بوونەوەی پلەی گەرما :

Thermal Inversion

مەبەست لەوەیە کە تاوەکو لــە رووبەری دەریا بەرزتر بینـــەوە گەرما پتر بێ واتە پلەی گەرمـــا بەرزتربێتەوە ، ئەمەش دەبێتـــە مایەی کۆکردنەوەی شتی پیس ، بەتایبەتی ئەگەر ناوچەکە کارگەو فابریقەو پیشەسازی تێدابێ .

ئەمەش لە وەرزی زستاندا روودەدات‌و شـــەو چینێکی هەوای نزیك زەوی سارد دەبێتەوەو لە چینی

سەرەوتریش هەوای گەرمتر دروستدەبێ ، ئــەوکاتە دوکەڵی کارگــەو فابریقەکان سـارد دەبنەوەو ناتوانن بەرزببنەوەو بەخۆیانو پیسایییەکانیانەوە وەك تەمومـژ کۆدەبنەوە ، ئەمە سالی ١٩٥٢ ، ١٩٦٣ ، ١٩٧٥ لــە لەندەن روویدا .

شێوەکانی پیس‌بوون :

دەتوانین جۆرەکانی پیس‌بوون بکــەین بە سێ بەشی سەرەکی‌یەوە ، پیس‌بوونی هــەوا ، پیس‌بوونی ئاو ، پیس‌بوونی زەوی .

یەکەم : پیس‌بوونی هەوا :

هەوا هەرزانترینو گرانبەهاترین کەرەســـەی ژیانگـــەیە . جاریّ هیچ گیان‌لەبەرێك بەتایبـــەتی ئادەمیزاد ناتوانێ یەك سات بەبێ هەوا بژی . کــەچی دەتوانێ چەند رۆژێك بەبێ ئاوو چـــەند هەفتەیەك بــەبێ خـــۆراك بژی . جگــە لەمـــەش ناتوانرێ پیس‌بوونی هەوا بخرێتـــە ژێرکۆنترۆڵەوەو مرۆڤ دەتوانێ ئەو جۆرەی ئاو کە دەینوشێو ئــەو خۆراکەی کە دەیخوات دیارو دەست‌نیشان بکات بــەڵام ناتوانێ جۆری ئـــەو هەوایە دەســـت‌نیشان بکات کـــە هەڵی‌دەمژێ .

ئەگەر پیس‌بوونی هەوا لەو رۆژەوە هەبووبێ کە مرۆڤ ئاگری ناســـیوە واتە لە ٥٠ هەزار ســـــاڵ لەمەوبەرەوە ، ئەوا تا ئەو رۆژەی مرۆڤ لە شارەکاندا جێگیربوەو پیشەسازی ناسیوە ، پیس‌بوون شـــتێکی رادەوسنور بۆکێشراوبووە . ئیتر لــەو رۆژەوە خەڵك هەستیان بە پیس‌بوونی هەوا کردوە کاتێك کە چاویان پڕبووە لە ئــاو ، یاخود هەوایان هەڵمژیوە [illegible]دەستیان بە کۆکەکۆك کردوەو تووشی نەخۆشی[illegible]ن . ئەوی راستبێ پیس‌بوون هەر لە زیا[illegible]ـەو لەزۆر شوێن تارادەیەك بــەری تیشکی خ[illegible] . بۆ نموونە لە شاری نیویۆرك پیسی‌ی بـــەری [illegible]٪ی تیشکی خۆردەگرێو لە شاری شیکاگۆ ئــەم رادەیە دەگاتە ٤٠٪ . ئەو شتانەش کە هەوا پیس دەکــەن ئەمانەن : دووەم ئۆکسیدی کاربۆن، دووەم ئۆکسیدی گۆگرد . ئۆکسیدی نایترۆجین وپارتیکلەکان .

دووەم : پیس‌بوونی ئاو : Water Pollution

پیس‌بوونی ئاو ترسناکترین گیروگرفتی ژیانگەیە کە هەڕەشە لە ژیانی مرۆڤ دەکاتو کاردەکاتە ســەر دیاردەکانی تری ژیانیو دەتوانین شـــێوەو هۆیەکانی پیس‌بوونی ئاو بکەین بە چوار جۆرو بەشەوە :

١ ــ پیس‌بوونی بناوانەکان :

مـــەبەســـت لە پیس‌بوونی بـــــاوانی رووبارو دەریاچەکانە بە ماددەی کیمیاییو لەرێگای بەکارهێنانی دەرمانی گەزنـــدەکوژو پەینی کیمیایی لەبەرهـــەمی کشتوکاڵداو . بەشێك لەم مادده کیمیاییانە دەچێتـــە نێو ئاوەڕۆو دەریاچەکانەوە .

٢ ــ پیس‌بوونی دەیارو ئۆقیانووسەکان :

بـــەهۆی فڕێدانی کەرەســــــەی ئۆرگانیكو نائۆرگانیك وەك جیوەو زرنیخو نیکلو مسو هەروەها رۆن وپیترۆل لەســـەر رۆخی دەریاکان ئەم پیس‌بوونە دروستدەبێ .

٣ ــ پیس‌بوونی گەرمایی : Thermal Pollution

بەهۆی ڕشتنی ئاوی زۆرگەرمو کوڵاوەوە لـــە ئیستگەکانی وزەی ئالەکتریكو کارگەکانەوە بۆ نێـــو ئاوی رووبارەکان ئەم پیس‌بوونە پەیدا دەبێ .

٤ ــ پیس بوونی هایدروبایۆلۆژی :
Hydrobiological Pollution

بەهۆی فڕێدانی هەندێ شتی زیادەوە دروست دەبێو ئەم شتە زیادانە دەبنــــە مایەی دروست‌بوونی نایترۆجینو فۆسفۆرو کاربۆنو ئەمانـــەش جــــۆرە نەباتێك دروستدەکەن ئۆکسجین لەئاودا هەڵدەمژێ .

٣ ــ پیس‌بوونی زەوی :

پێش‌کەوتنی تەکنەلۆجیو ئەوهەوڵو کۆششەی کە لە پێناوی پترکردنی خۆراکدا دەدرێ واپێویســت ئەکەن کــــە جۆرە کەرەســـەو پەینی کیمیـــــایی بەکاربهێنرێو ئەمەش کێڵگەو مەزراکان پیس دەکەن . ئەم پیسی‌بوونەش جوانی ژیانگە دەشوێنیو کار دەکاتە Terrestrial Pollution ســـەر ژیانی خەڵكیو ئەبێتـــە مایەی بڵاوبونەوەی نەخۆشی ترسناك .

سەرچاوەکان :

١ ــ الدكتور زين الدين عبود عبدالمقصود (ابحــاث في مشاكل البيئة) .

٢ ــ ندوة تلوث البيئة في الوطن العربي (بغـــــداد ١٧ــ٢١ ايلول ١٩٦٨)

بەغدا ساڵی ١٩١٧

* د . محمد مظفر الادهمي *

* پێویستە لەسەر ئەو کەسانەی نکووڵی لە ئەفسوونی ئەم شارە دەکەن دەمەو ئێواران لە لای ژووروویی ڕووبارەکەوە ڕابوەستن تاچاویان بەداکشانە باریکەلانەکەی ئەم ڕووبارە بکەوێتو ببینن چۆن مزگەوتو منارە کووژەکەیییەکان لەگەڵ تیشکی خۆری لاربووەوەدا تێکەڵئاڵێن *
« ئەدمۆند کاندلەر »

« ئەدمۆند کاندلەر » یەکێکە لەو کەسانەی لەگەڵ هێزی داگیرکەرانی بەریتانیادا بوون کە لە ١١ی ئاداری ١٩١٧دا هاتنە بەغداوە ، یادگارنامە ــ کانیشی دەربارەی ئەم بارگەیە لەدوو بەشدا نووسیوەو لە ساڵی ١٩١٩ دا لە لەندەن بلاوکراوەتەوە . « کاندلەر » ناوی لەم کتێبەی ناوە « ڕێگای درێژ تابەغدا ــ بەچاو بینینێکی وڵاتی وادی ڕافیدەین ــ » تیایدا باسێکی تەواوی ئەو بارگەیە دەکات بۆ سەرعیراق لە دابەزینییەوە لە فاو ، هەروەها باسی ئەو شارانەش دەکات کە سوپای داگیرکەر پێیدا تێپەڕیوە ، کتێبەکە و ـش کەوتۆتەوە باسکردنێکی جوگرافیایی و کۆمەڵایەتی بێت زیاتر لەوەی پیشاندانی کارو فرمانە سەربازییەکان بێت .

« کاندلەر » وا بە دوورو درێژی باسی بەغدا دەکات کە هیچ کەسێکی تر دەربارەی بەغدا لە کاتی دابەزینی هێزە داگیرکەرەکانی بەریتانیادا وەکو ئەمی باس نەکردووە . ئەو باسی سێ لایەنی سەرەکیی دەکات کە ئەمانەن :

(١) باری گشتیی خەڵکەکە لەو کاتەدا کە هێزە داگیرکەرەکان هاتوونەتە بەغداوە .

(٢) بەغدا وەك چۆن تورکە کشاوەکان بەجێیان هێشتبوو .

(٣) جوانیی ماڵەکان و سروشت .

جا بۆ ئەوەی بەتەواوی ئاگامان لەو بارەی ئەو ڕۆژ بێت واپێویست دەکات بڵێین بەغدا لە کاتی هاتنی داگیرەکەرە بەریتانیاییەکاندا لە دواکەوتنێکی شارستانیانەی وادا بوو کە سەرەتاکانی دەگەڕایەوە بۆ ڕووخانی دەوڵەتی عەرەبیی ئیسلامی لەوکاتەدا کە داگیرکەرە مەغۆلەکان لە ساڵی ١٢٥٨ دا بەغدایان داگیرکرد . بۆیە ئەوباسە جوانەی کە « کاندلەر » دەیکات بێگومان هەندێك لایەنی ئەو ناهەمواریەی تیایە کە بەغدا تیایدا دەژیا، بەڵام ئەم لایەنە ناهەموارانە لە هەمان کاتیشدا ئەو جیاوازییە شارستانییە پیشان دەدات کە لە نێوان ئەو واقیعەو ئەو بارەدا هەبوو کە بەغدا لە ڕۆژانی گەشەسەندنیدا لە سەردەمی عەباسییەکاندا بەخۆیەوەی دیبوو ، لەگەڵ ئەم پێشکەوتنە شارستانییەدا کە ئێستا پێی گەیشتووە . بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کەلەپووری شارستانیانەو شوێنەوارەکانی لە گشت زەمانێکدا دیار دەبێتو هیچ کەسێك ناتوانێت چاوی لێبپۆشێت . « کاندلەر »یش لە باسکردنی بەغدادا بۆمان تەواو ڕاستگۆ بووە .

لەو بەشەی کتێبەکەیدا کە دەربارەی بەغدایەو لەژێر ناوی « ڕۆژانی یەکەم لە بەغدادا » یەوکە لە بەشی دووەمی یادگار نامەکەیدا بلاوکراوەتەوە ، « کاندل[illegible] » بە باسی باری گشتی شارەکە دەست پێدەک[illegible] کاتی هاتنی هێزە داگیرکەرە بەریتانیاییە ــ کا[illegible]ەوەی تورکەکان بەبێ شەڕکردن لێ[illegible] . تورکەکان لە سەعاتدووی بەیانیی ڕۆ[illegible]ی ئاداردا لە بەغدا کشانەوەو شار بۆ ماوەی حەوت سەعات بە بەرەڵایی مایەوە تاوەکو داگیرکەرە نوێیەکان لەساعات نۆیی بەیانیی هەمان ڕۆژدا لە لای بابولشەرجییەوە لەدەستی ڕەسافەوە هاتنە ناوەوە :ــ

« لەکاتی پێشکەوتنماندا بەرەو بەغدا بەرێگایەکی بێناودا هاتین تاگەیشتینە بەربەستێکی ڕووخاو کە شوێنەواری دەروازەی خوارووی لێوەدیاربوو . پاشان بەلای چەپدا سووڕاینەوەو خۆمان لە نزیکی ڕووبارەکە بینییەوە بەرامبەر بە سەرەتای ماڵە

گەورەکان کە کەوتبوون سەررۆخی دیجلە . کە چوینە ناو شارەوە خەڵێکی زۆر لەمبەرو ئەوبەری رێگاکەدا راوەستابوو .. دوکانو بازاڕەکان هیچ شتێکی وایان تێدانەبو ؛ چونکە تورکەکان گشت خۆراکو کەلو پەلەکانیان لەگەڵ خۆیاندا بردبوو . دوا شەمەندەفەری تورکیش کەلەشار دەرچووبوو بەیانیی رۆژی ١١ ی ئادار کەوتبووە رێ . یەکێك لە بازرگانەکان وتی لەنێوان سەعات دووی بەیانیو وەختی هاتنی ئێمەدا بۆ بەغدا نزیکەی بایی‌دوو ملیۆن فرەنك شتومەکیان بە تالان براوە ..

کاتێك کە زیاتر چووینە ناوشارەوە چاومان بەچەندین دزو جەردە کەوت کە پەنجەرەو مێزو چرپایەی قورسی لەدارو ئاسن دروستکراویان بە شانەوەبوو . جگە لە ئەسکەمیلو شوورەی باخچە گشتییەکانو ئەم جۆرە شتانەی کە بەئاسانی دەتوانرا هەڵبوەشێنرێت .

بەشەقامی خەلیل پاشادا رۆیشتین کە تەنیا شەقامێکی ۆانە لە شارەکەدا . بە بۆنە ژێرکەوتنەکەی کووتەوە ـ واتە شکانی هێزە بەریتانیاییەکان لە گەمارۆدانەکەی کووتدا ـ ناویان لێنابوو شەقامی هندنبورگ . شەقامێکی جوان یان دلگیرنییە . دیارە رێکوپێك کردنی درەنگ بووە چاککردنی لەسەرخۆبووە . وێرانکاری لە گشت شوێنێکیدا هەیە . دیوارو دنگە رووخاوەکان هێشتایش لە سەر جادەکاندا ماونەتەوە .

نۆزدە ساڵ لەمەوبەر جارێك بە بەغدادا تێپەڕیم ؛ ئەوساکە جادە لە دەستی چەپی روبارەکەوە نەبوو ، هەندێك جێگای جوان لە هەندێك جادەدا هەبوو ؛ کەری سپیی بچووکیش بە ئاسانی دەست دەکەوتو کەسیش لە دەوڵەمەندەکان خۆی [illegible]ەوە بە زیاتر نەدەزانی سوارییان نەبێت ـ لە[illegible]کاری عەرەبانەیەکی هاتوچۆ بووم لە بەغد[illegible]و حیللەو برسو نەمروود چوار هێستر رایان[illegible] ، زۆر لە سەرخۆ دەرۆیشت » .

پاشان « کاندلەر » دەچێتە سەر باسکردنی کۆڵانو ماڵەکانی بەغدا ئەوساکە واتەنۆزدە ساڵلەوەوبەرو دەڵێت :

« لە ئەمبەرو ئەوبەری شەقامی خەلیل پاشادا کە بەناو شارەکەدا شان بە شانی روبارەکە ئەکشێت گەڕەکەکانی موسڵمانەکانو گاوەکانو جوولەکەکان هیچ نەگۆڕاون ، کۆڵانەکان ئەوەندە تەنگن جێگای رەتبوونی ئەسپێکیان تیانابێتەوە ، خۆ ئەو تاقو پەنجەرەداسولکەییە فراوانانەی کە زیاتر رووی ماڵەکانیان گرتووە ، خەریکن بە یەکەوە بنووسێن . لە هەر یەکێك لەم پەنجەرانەوە ئافرەتان بە پەچەو بە بێ پەچە سەیری دەرەوەیان دەکرد ، هەر گەڕەکەی بەپێی ئەوەی ئایا موسڵمانن یان گاور یان جوولەکەن . نەخشی سەر پەنجەرەکان خوراون ، بەڵام دەرگاکان بە بزمار نەخشێنراونو هەریەکەیان دەسکێکی مسی دڵگیریشیان پێوەیە . لە کووچەو کۆڵانەکاندا کەسێك دەتوانێ هەردوو باڵی درێژ بکاو دەست بگەیەنێ بە هەردوو دیواری ئەمبەرو ئەوبەری کۆڵانەکە ؛ دەروازەی ماڵەکان دەچێتە سەرحەوشێکی فراوان کەلە ناوەراستە کەیدا دار پرتەقاڵو هەنار نێژراوە ، وەکو لەشارە رۆژهەڵاتییەکاندا باوە رەوگەیەکی تەسك دەتگەیێنێتە حەوشەی ماڵەکە .

سەربانی ماڵەکان بۆ سەرگەرمو ئاشقو دزەکان وەکو رێگا چەندین میل دەکشێن . پەنجەرەکانیش ئەوەندە لێکەوە نزیکن رۆمیۆو جولێت دەتوانن لێیانەوە بەچرپە لەسەر ژوان رێك بکەون . »

« کاندلەر » لەکووچەو کۆڵانە تەنگەکانی بەغداو ماڵە دێرینەکانی دەرمان ئەهێنێو باسێکی ژیانی سەرجادەکانمان بۆ ئەکا :

« لەچایخانەکاندا خەلکی بەکۆمەڵ دائەنیشن ؛ سەرگەرمی گفتوگۆ یان بیرکردنەوە یان یاریکردنی تاولەو دۆمینەن . قاوە بۆخواردنەوە کەمەو ، جگەرە دەست ناکەوێ ؛ جۆرە گردبوونەوەیەکی غەمناکە . پاش سەعاتێك لە هاتنمان ئیتر کەس گوێی بە سوپای داگیرکەر نەدەدا . ئەوبازاڕو دوکانانەم لەبیرە کە ئاوێنەی ژیانی شارەکە بوون بەڵام ئێستا دیمەنیان ئێجگار خەمناکە : دوکانەکان بەتاڵەو داخراونو هەندێکیشیان روخێنراون . ماوەیەکی زۆری ئەوێ تاپڕ لە شتومەك دەبنەوە .

لەم شەقامانەدا کەبەتاقو ژێر زەوی تەنراونو جمەیاندێ لەعەرەبانەی سواری وسەربازو چەك ؛ پیاوشتی سەیرسەیر ئەبینێ : پێچکەی پێشەوە تۆپێکی ٦٠ پاوەندی سەربانی ژێرزەوییەکی روخاندووەو کەوتۆتە ناویەوە لەجێگای روخاویەکەوە سەری جوولەکەیەکی چاوئەبڵەق لەناوژێر زەوییەکەدا دەبینرێ ، لەلایەکی ترەوە هێسترێکی سریەی پیادە دەمیخستۆتە ناو سینیەك شیرینەمەنی کەبەدەستی کچێکی شانداچەکاوەوەیە ؛ کەچی لەلایەکی تروەوە چاوت بەسواڵکەرێکی تەڵەوی عەجەم ئەکەوێ لەبەر دەرگای ماڵێکدا راوەستاوە

لەبرسا هاوارو واوەیلایەتی .

سەربازەکانمان کـــەهاتنە ناوشارەوە ماندوێتی راوانانە دوورو درێژەکەیان لەبیر چووەوە ، خۆلەکەی بەغدانازار شکێنی لاقەکانمان بوو ، بـــەڵام ئەوخۆلە تەلیـــــماوییە نەبووکـــــە لــە چیرۆکی شەوە ئەفسووناوییەکانیاندا بیستبوویان ، ئەمە نەئەوشارەی هاروونە رەشیدە کەئێمــــــە بیستوومانەو نە ئەوەی نەبوو خوز نەسرە کە ئەمان ویست ببینین . »

ئیستگەی شەمەندەفەرەکە دەکەوتـــە دەستی کەرخەوە کەلەچاو دەستی رەسافەوە ئێجگـــار بچووك بوو . دەوریەکانی پشکنینی سەر بە بەریتانیا لـــــە ســـــەعات ٥٤ر٥ ی بــــەیانیی رۆژی ١١ ی ئاداردا گەیشتبوونە ئیستگەکە ، واتە پێش ئەوەی ســــوپای داگیر کەر لە دەستی رەسافەوە بێتـــە ناو بەغداوە ، « کاندلەر » کـــــە دوای داگیرکردنی دەستی رەسافە ئەپەڕێتەوە بۆ دەستی کەرخ دەڵێت :

« دوا شەمەندەفەر لە سەعات دووی بەرەبەیاندا لە بەغدا دەرچووە ، خەڵکی بەرەو دایـــرە چۆلەکەی جێگاگرتن پاڵەپەستۆیان بوو لە بلیتی سەفەر کردن بۆ ئەستەمبووڵ دەگەڕان . یەکێك لە سەربازەکانی دەویە کـــە لیستەی کــــاتی رۆیشتنی شەمەندەفەرەکەی دۆزیبەوە . ئەفسەرەکانی « رەشە پاسەوان » بێگومان زۆر پەشیمان دەبنـــەوە لەوەی زەنگی ئیستگەکەیان لەگــــەڵ خۆیاندا بۆ یادگار نەبردووە .. ئیستگەی بێتەلەکە ــ لەدەستیکەرخدا ــ بـــــە پارەیەکی زۆر تازە تەواوکرابوو ، لەو دامەزراوە گەورانەبوو کــــە ئەڵمانەکان بنیادیان نابوو ، یەکسەر لەگەڵ بەرلینـــدا پەیوەندیی هەبوو . تورکەکان ســـەر لە بەیانیی رۆژی ١١ ی ئادار دەستگای قـــەناردنەکەیان تەقاندبووەوە ســـەربانی ئیستگەکەیش رووخابوو ، چــــاڵێکی قووڵیش لـــــە ناوەراستی زەویەکەیدا هـــەبوو ، ئەرێلەکەش کەوتبووە سەر دیوارەکانی تـــەنیشتی ، یەکێك لە گەرمکەرە زلەکانیشیان تەقاندبووەوە .. .

شتێکی دڵ هێمنکەرەوەیە لەو دیمەنی وێرانکردنی زانستییە دوور بکەوینەوەو بەو « گوففــــە » خێرانە جارێکی تر لەروبارەکە بپەڕینەوە کـــــە لە سەردەمی نەبووخەز نەسەرەوە بەکار دەهێنرێ .. لــــە سەعات ٣٠ر٩ ی بەیانیی رۆژی ١١ ی ئادار دا سێ کـــەتیبەی سەر بەلیوای ٣٥ لەدەستی راســـــتەوە بۆ دەستی چەپ ــ لـــــە رەسافەوە بۆ کەرخ پاش داگیرکردنی رەسافە بە نیو سەعاتــ پەڕیبەوەو لەوێ ئۆردوگایەکی دامەزراند . پێویست بوو ئـــەم کەتیبانە گوففـــــە بپـــەڕنەوە چونکـــە تورکەکان پردە دارینەکـــەی بەلەمەکانیان تەقاندبووەوەو رووخاندبوو . لیوایـــەکی سوارەیش کازمییەی داگیرکرد . »

« کاندلەر » لەئوتێلی دیجلە ــ هوتێل تایگەر ــ دابەزیبوو ، کە وای باس دەکا لە ســـــــەر تەرزێکی ئەورووپاییانە لە سەر روبارەکە لە دەستی رەسافەوە دامەزرێنرابوو ، دەشڵێت سەعات ١١ ی ئێـــوارەی رۆژی ١١ ی ئادارشێوی لەوێ کردووەو خـــاوەن ئوتێلەکـــە ناوی فەرماندەی ســـوپای داگیرکـەری لێپرسیوەو ئەمیش پێی‌وتووە . بۆ رۆژی دوایەکەی ناوی تێلەکە بووە بە « ئوتێلی مۆد ــ هوتێل ماود » ، وایش دەزانم ئەم ئوتێلە « ئوتێلی » کۆشکی دیجلـــە ــ تایگەر پالاس ــ » سەکە ئەمڕۆ بەناوی « قصر الدجلە» دەناسرێو کـــەوتۆتە شەقامی رەشـــید لە ســـەر روبارەکە « کاندلەر » باسیدا ئەڵێ :

« بەلێواری روبارەکـــەدا رێگا نەبوو . مـــاڵە گەورەکانو کۆنسولییەکان یەکسەر لە ســـەر لێواری روبارەکـــەو لە ســـــەر شۆستەی پتـــەوی قـــەڵا ئاسادروستکرابوون . زوربەی ئەم ماڵانە باخچـــەی بچووکی تیـــایە کــــە لێیەوە بە پێپلکانـــەی بەردینداەبەزێتە ناو روبارەکەوە . لە بۆشایی نێوان ئەم ماڵانەدا رەوگە هەیە . لە هەندێك شـــوێندا ئەم رەوگانە بەژێر ماڵەکاندا تێدەپەرێ کە ئافرەتان بـــە حاجەتی مسینەی مل درێژی نەخشێنراو ئاو لــــە روبارەکەوە دەبەن . بەلەمەوانەکانیش چــاوەڕوانی خـــەڵکی بەکرێیان‌بگرن . هەروەها ئاو فرۆشەکانیش کە کوندەکانیان پڕ لەئاو دەکەنو دەیخەنە سەر پشتی گوێدرێژەکانیان . »

« کاندلەر » دەچێتە گەرەکی سەرای لـــە رەسافەوە باســـێکی وردی سەرا حکومەتییەکــە لەوکاتەدا دەکــــا کە بەریتانیاییە داگیرکەرەکـــان تیێ‌چوون :

سەرا شارستانیو حکومەتییەکە دەکەوێتـــە ئەوبەری لای سەرووی شارەوە . چـــارەکە میلێك زەویی لە سەر روبارەکـــە گرتووە : تەکـــە نەکانی سەربازەکانو دادگای دادو ئەنجومەنی هەرێمو گشت نووسینگا حکومەتییەکانی ولایـــەتی عوسمانییەکانی تیایە . لێرەدا راستاییەواهەیە بەشی گشت ئـــەو هێزانە دەکا کە شار پێویستیی پێیەتی بۆ پاراستن .

خانوو بەرەکانی د ،رەی ئەم راستاییە فراوانو پتەون : نووسیداو ژێرزەوییەکان بەهۆی کونودەلاقەوە باﻫ ﭖ دەکرێنو پلەی گەرما لەژێرزەوییەکاندا ٨ ـ ١٠ پلە لە سەر زەوی‌کەمترە . .

مرۆڤ پێویستی بە چەندین رۆژ هەیە تا هەموو شتەکانی ناو سەرای بدۆزێتەوە . زۆر شت هەیە لەو پاشماوانەدا بدۆزێتەوە کە لە پایتەختدا حکوومەتێك بەجێی هێشتوون ئەوەندە ماوەی بەدەستەوە نەبووە بە ئارەزووی خۆی هەڵبێ . پاش ١٢ سەعات لە کشانەوەی تورکەکان ئێمە خەریکی پشکنینی دایەرە حکوومەتییەکان بووین . ئەتوانین بڵێین لە هەر ژوورێکدا شتی وامان دۆزییەوە کە گومانی تێدانییە تورکەکان دوو دڵبوون لە بەجێ هێشتنی ئەگەر گیروگرفتی گواستنەوە نەبوایە. لە یەکێ لەدایەرەکاندا چەند نەخشەیەکی ژماردنو لەیەکێکی تردا لیستەی داهاتە بازرگانییەکانمان دۆزییەوە . لە ژوورێکی تریشدا چەند جانتایەکی رەسمیو چەند بلیتێکی ئەندامێتی تایبەت بە لیژنەی بەرگریی نیشتیمانیمان دۆزییەوە ، کاغەزەکانی بەشی ئاودێریش لە راستاییەکدا لە ناوەڕاست باخچەیەکی پرتەقاڵدا پەرتو بڵاو کرابووەوە ، بەڵام ئەو نەخشەو پلانانەی « ولیەم ویلکۆکس کێشابوونی لە ژوورێکدا یان بەدیوارەکانەوە هەڵواسرابوونو یانیش لە سەر زەوییەکە پەرتو بڵاو کرابوونەوە .

لە قەڵاکەی سەرایدا کۆمەڵە چەکەکان لەگەڵ پشکنینی یەك بەیەك ماڵەکاندا تادەهات زیاتر دەبوون. جگە لە تفەنگو شیرو دەمانچە ، تفاقێکی زۆریشمان دۆزییەوە کە لە باری سەرنجی سەربازییەوە ێکەڵك بوون ، بەڵام جێگای سەرنج بوون ، لە [illegible] گوللە تۆپی بەتاڵو کۆن کە هی سەردەمی سو[illegible]ون لەگەڵ ئەو تفەنگانەی کە ساڵی پار لە [illegible]ان هێشتبوون . وێنەی جەنگاوەرانو ئاژەڵ لە[illegible]ەر لوولەی تۆپەکان کێشرابوون کە لە ناوەندیشیاندا نەخشو نیگاری نووسین بە عەرەبیو فارسی هەبوو . « نصر من الله وفتح قریب » نەخشێكبوو لە سەر یەکێك لەم تفاقە رەقانە نووسرابوو کە مێژووەکەی دەگەڕایەوە بۆ ساڵی ١٥٤٦ ی ز . ! لەجێگایەکی تردا نووسرابوو « شا سەفەوی مەلیکی سەرکەوتن شوێنەواری تورکەکان ئەسڕیتەوە . ئەم تۆپە هەناسەی ئاگرین ئەداتەوەو وەکوئەژدیها تورکەکان ئاگر باران ئەکا ! » .

پاشان « کاندلەر » دەچێتە جێگایەکی تری بەغداو باسی گورستانەکانمان لە هەردوو دەستی رەسافەو کەرخدا بۆ دەکاو ئەو هەستەی خۆیمان بۆ دەر ئەبڕێ کە لە کاتیچوونەئەم شوێنانەدا هەستی پێکردووە :ــ

« تەنیا رەنگێك کە لە بەغداو پایینەکانیدا ببینرێ هەر رەنگی‌شینو زێڕینی کۆنە کە مزگەوتو منارەکانیان پێ‌رەنگ کراوە . ئەم نەخشە بریقەدارانە گۆڕینێکی دەمار خاوکەرە لە وڵاتێکدا رەنگەکانی چۆتەوە بەهۆی ئەوخۆڵو تۆزەوە کە زەویو دیوارو سەربانی ماڵەکانی پۆشیوە ، جگە لەو وردە تۆزە گەرمەی کە بەسەر گشت شتێکدا دەخولێتەوە .

هەر وەکو لە شارە ئیسلامییە کۆنەکاندا باوە دیارترین شت لە پایینی شاردا هەر گۆرستانەکانە . لەدیوی ناوەوەی ئەو بەربەستەدا کە چوار دەورەی شاری داوە ـ دەستی رەسافە ـ گۆڕستانێکی زۆر هەیە کە بۆگەنییەکی وشکیان لێدێ . رێگاکەی پشت بەربەستەکە بەبیاباندا دەگاتە ئێران ، دیارترین نیشانەشی ئەو ئێسكو پروسکانەیە کە کۆمەڵ کراون. نیشانەکانی رێگاکە بریتییە یان لەمزگەوت یان گۆر !

لەدەستی چەپدا ـ کەرخ ـ ژنەکەی هاروونە رەشید لە ژێر منارەیەکی درێژی لێوار نەخشراوی سەرخڕدا چاوی لێك ناوە . ئەو گردەی کەدەکەوێتە نێوان ئارامگاو مزگەوتەکەوە بەجۆرێك پڕە لە گۆڕ کە جێگای ناشتنی منداڵێکی یەك مانگانەشی تێدا نابێتەوە .

کاتێك کە لەوناوەدا دەگەڕاین لاشەیەکی بە چەشەف پێچراویان لە سەر تەختەیەکی دارین هێنا ، جێگا نەبوو لەم شوێنە قەرەباڵغەدا بینێژن ، بۆیە نزیکترین جێگای شیاو بێستانە خۆڵە پەتاینیەکەی دارخورماکان بوو کە بەرامبەر بەگۆرستانەکەیە ، لەوشوێنەی کە شیوەنکەرە سپۆڕدکە شینو شەپۆڕی بووو خۆڵی بەرەولای ئێمە بە بادائەدا. ئەوشیوەنکەرە تەنیاشتێکی زیندوو بوو لەم ناوە مردوەدا . لەهەمووشیان مردووتر « زوبەیدە » بوو لەگۆڕەکەیدا ـ ناوی گۆڕی‌ژنەکەی هاروونە رەشید بە « ئەلست زوبەیدەباوە لە کاتێکدا ناوەراستەکەی « زمرد خاتوون » ە ـ رۆمانسێتیو ئەفسانەکانی لەگەڵ

خۆیدابردوته گۆڕەوەو لەم رۆژە سەختانەدا گشت گەشەو هەستە رۆمانسییانەکەی سیس‌و وشك‌بۆتەوە » .

✶ ✶

« کاندلەر » ئەڵێ : « لە بەغدادا شتی مرۆڤایەتییانە زۆرە سەرنج رابکێشێ ، بەڵام لەم شارە دێرینەی کە ئێستا رووخاوو پڕ لە زرِوزبڵە بەلای ئەوکەسانەوە کە لە رەش دەگەڕێن شتێکی گرانە بزانرێت چ هەستێکیان لە لادروست بووە . چونکە ئەوەی بەتەمای بوون ببینن نەماوە ، بێگومان ئیستا ئەوکەسانە یەکسەر لە خەیاڵە خۆشەکانیان بەئاگا دێنەوە » .

« کاندلەر » تاکۆتایی مایسی ئەو ساڵە لە بەغدا مایەوە هەڵی ئەوەشی بۆ رەخسا لەگەڵ بەغدایییەکاندا لە سەربان بخەوێ :-

« لە کۆتایی مایسدا ئەتوانرێ بەرگەی گەرمای بەیانیان بگیردرێ ، بەڵام گەرمایی خۆرەکە تادێت زیاتر دەبێ . ئێمەیش وەکو خەڵکی ئەم وڵاتە لە سەربان دەنوستین . لە سەرەتای نیساندا گشت سەربانەکان چۆڵ بوون ، بەڵام داهاتنی مانگی مایس وای لەگشت بەغدایییەکان کرد ، چ پیاوو چ ژن‌و چ منداڵ ، پەناببەنە بەر سەربان بۆ نوستن . پیاو کە بەیانیان هەڵئەسێ‌و سەرنجێکی سەربانی ماڵەکان ئەدا لە دەریایەك لە نوێن‌وجێگای نووستن زیاتر هیچ نابینێ . باشترین رێگایش بۆ نووستن ئەوەیە دەورەی جێگاکەت بەپەردەیەکی تەنك بدەی بۆئەوەی لە مێش‌و مەگەزی بەیانیان رزگارت بێ . هەژارەکان لە سەر سەکۆیەکی دارینی بەهێز دەخەون‌و لێفەلە خۆ دەئاڵێنن . لە ماڵە بچووکەکەی تەکمانەوە سێ خێزان دەژیان کە (٢٨) منداڵیان هەبوو لە سەربان لەسەر (١٠) جێگای گەورەی چوارگۆشە دەنوستن کە لە سەکۆی دارین دەچوون دەوریشیان شوورە کرابوو نەوەکو منداڵەکانیان بەر ببنەوە . بەیانیان لە مێروو گەڕان وادەگەیەنێت خەوی شەوی رەحەت نەبووە . لە یەکێك لە سەربانەکاندا چاوم بە بەرخێك کەوت‌و لە سەربانێکی تردا عەلەشیشێك ، لە کاتێکدا لەقلەقێك لەسەر منارەی مزگەوتەکەی تەنیشتماندا قوت بووبووەوە . . ئەمە لە مانگی نیسان‌و مایسدا ، کاتێك کە لە کۆتایی ئەیلوولدا گەڕامەوە بۆ بەغدا نە بەرخەکەو نە عەلەشیشەکە نەمابوون ، تاوەکو لەقلەقەکانیش رۆیشتبوون ، بەڵام پیاوان‌و ژنان‌و کۆمەلە منداڵەکانیان مابوونەوە ، لەوەیش ئەچووزیادیان کردووبێ . »

« کاندلەر » دەڵێت : هاوینی ساڵی ١٩١٧ گەرمترین هاوین بوو وەك خەڵکی ئەڵێن بە سەر ئەو نەوەیەدا تێپەڕیبێ . بۆیە ئەمیش لە دوو مانگی تەمووزو ئابدا رۆیشتەوەو لە سەرەتای ئەیلوولدا گەڕایەوە کە هێشتا گەرما لە جۆشدابوو ، لە (١٢) رۆژی یەکەمی ئەو مانگەدا گەرما (١٠) پلە لە ئاسایی گەرمتربوو ، هەوا تەڕو لینج ، ژێرزەوییەکان تەنیا پەناگای خەڵکی بەغدابوون بۆرزگار بوون لەو گڕەو گەرمایە . « کاندلەر » باسی ئەوژێر زەوییانە ئەکاو دەڵێت :

« لە زوربەی ماڵەکاندا ژێرزەوی هەیە ، قووڵی ژێرزەوییەکان شەش پێ دەبێ . پلەی گەرما لەم ژێر زەویانەدا لە ژوورەکان بەنزیکەی (١٠) پلەکەمترە ، بۆیە هەڵاتن بۆ ژێر زەوی مایەی خۆشییە ئەگەر چیش هەوای ژێر زەوی پەنگاوو گرانە . کونەباکێشەکان لە سەربانەکانەوە دەردەچن‌و وەکو قلنسوەوان‌و هەموویان روویان لە یەك لایە تاوەکو بای‌شەماڵ بکێشن کە شنەی خۆشی لە ئاسماندا هەیە » .

« کاندلەر » ئەم قسە خۆشانەی دەربارەی بەغدا بە باسی دیجلە لە کاتی رۆژ ئاوابووندا کۆتایی‌پێ‌دێنی:

« لەگەڵ ئەو هەموو وێرانکارییەدا کە بەسەر بەغدادا [illegible]اتووە ، سەرنجم دەربارەی ئەم شارە ئەوەیە وێنە[illegible]ی خەمناکە . . پێویستە لە سەر ئەو[illegible]وڵی لە ئەفسوونی ئەم شارە ئەکەن دەم[illegible]ن لە لای ژووررووی روبارەکەوە رابوەستن تا چ[illegible]ن بەداکشانە باریکەلانەکەی ئەم روبارە بکەوێ‌و ببینن چۆن مزگەوت‌و منارە کووژەکەیەکان لەگەڵ تیشکی خۆری لار بووەوەدا تێکدەئاڵێن کە لە لای چەپی روبارەکەوە وردەوردە دڕئەدەن‌و لەرەنگی پرتەقاڵییەوە بەرەو رەنگێکی تۆخی‌گەش ئەچن ، لە هەمان کاتیشدا دارخورماکان لەلای رۆژ ئاواوە وێنەیەکی سێبەرین بەرامبەر بە ئاسمانی بێگەردی رەنگ شینێکی کوژاوە ئەکشێن . »

✱ رۆشنبیری نوێ کردویە بە کوردی ✱

ئافرەتە خوانەسەکانی کوردستان



* عبدالقادر قزاز وەری گێڕاوە *

پێشەکی

لە سالی ١٩٥٧ دا نووسەری ئەم باسە کە لـــە گۆڤاری « ڕۆشنبیری نوێ »دا دەستمان کردوە بـــە بلاوکردنەوەی بە زمانی کوردی یەکێ بوو لـــە کەسانی ئـــەو تاقمە شارەزایانە کـــــە ئەرکی تاقیکردنەوەی خاکیان پێ سپێردرا لە شوێنەکەی ئێستای پەنداوی دووکان (٢) لەسەر زێی کۆیە (٣) . ئـــــەرکی ئەم ئافرەتە کە ناوی « هەنی هارالد هانسن »ە وەخەلکی ولاتی دانیمارکە بریتیبوو لە لێکۆلینەوەو جـ... نە بنچو بناوانی ڕەگەزایەتی گەلانو دمبولیە لە... قمە شارەزاکاندا بمایەوەو جـــــار جاریش ... دەوروپشتی شوێنی پەنداوەکەدا بگەڕایە ... ی پێ نەچوو بوو بە میوانی کوێخای ئەو ناوچەیە ، ... ای ئەوە لەگەل خێزانی تەرجومانەکەیدا مایـــەوە تا وای لیهات دەرگای گەلێ لـــــە مالە کوردەکانی بۆ خرایە سەرپشت ، ئەو مالانە کە ئەیان کردووە بـــــە عادەت دەرگا لـــــــە میوانی بێگانە بکەنەوە بەتایبـــــەتی لەو ئافرەتانەی کە ئیسلام نین .

خاتو هانسن کەوتە گەشت بەناو دێهاتەکانی ناو شاخو کێوەکانی کوردستانداو توانیی لەبارەی جۆری ژیانی ڕۆژانەی ژنانی ئەم گەلە وەجاغزادەو خانەدانەوە شارەزاییەکی تەواو پەیدابکات .

هەرچەندە باسی ناو کتێبەکە لەسەر شێوەیەکی ئافرەتانەیە لەگەل ئەمەشدا بۆ کـــەم کەس ڕێککەوتوە کە وەك ئەم ژنە بتوانن بچنە ناوجەرگەی ئەم گـــەلەوە کە ژنو پیاویان جۆرە ژیانێکی تایبەتی دەبەنەسەر .

گەلی کورد زۆر لە مێژەوە نیشــــــتەجێی ئەم ولاتەی خۆیەتی ؛ لە سالی ٤٠٠ پێش زایین‌دا کـــــە زینوفونی یونانی لەگەل لەشکرەکەیدا لـــە شاری بابل کشانەوە لەگـــەل پێشینانی کوردەکـــانی ئێســـتا بەجەنگهاتن وە زیانی زۆریان لە یونانیەکان دا .

تا ئەم چەندانە ژمارەیەکی کەم لــــــە ئافرەتانی بێگـــــانە چوونەتە ناوجـــــەرگەی کـــوردەواریەوەو شارەزاییەکی ئەوتۆیان دەستنەکەوتوە بـــەلام خاتو هانسن لە باسی ئـــــەم گەشتەیدا شتی زۆر خۆشو سەیرمان بۆ دەگێڕێتەوە .

ئەمـــــە بوو پێشەکی خـــــاوەنی چاپخانەکەی کتێبەکەی هانسن . بەلێ هەر وەك لـــــە ســـــەرەوە باسکـــــــراوە ناوەڕۆکی ئـــــەم کتـــــابە زادەی بیرو وردبوونەوەو لێکۆلینەوەی ئافرەتێکەو بریتی‌یە لـــــە چۆنێتی ژیانی کۆمەلایـــــــەتیو ڕۆژانەی گەلی کوردو

بەتایبەتی ئافرەتی کورد ، ئێمەش بە وێنەکانی ناو کتێبەکەدا دەردەکەوێ کە بریتین لە چەند ئافرەتێك کە بە ئیشی ناومالەوە خەریکن وەك نانکردن ، چێشتلێنان ، مەڕو بزن دۆشین ، جگەرەی بەرماغ تێکردن ، منال بەخێوکردنو کۆچکردن بە خێزانەوە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر . لەگەل ئەمەشدا گەلێ باسو ڕووداوی وای تێدایە کە تا ڕادەیەك کەلك بەخشو سەرنجڕاکێش بێ بۆ خوێنەری بەڕێز .

لەبەر ئەمە بە هەلم زانی ناوەڕۆکی ئەم کتێبە بە دەستپیاهێنانێکی کەم لە ئینگلیزیەوە بکەم بە کوردیو پێشکەشی بکەم بە گۆڤاری « ڕۆشنبیری نوێ » تا خوێنەرە خۆشەویستەکان جۆری ژیانو ڕابواردنی گەلەکەیان بۆ ڕوونببێتەوە .

وەرگێڕ

هانی هانسن دەلێ :

لە سەرەتای سالی ١٩٥٧ دا کە تاقمێ لە شارەزایانی دانیمارکی ئەرکی تاقیکردنەوەی خاکی ناوچەی پەنداوەکەی دووکانیان پێ سپێردرا تا بزانن خاکی ئەو شوێنە بەرگەی دامەزراندنی بەندەکە دەگرێ لەسەر زێی کۆیە (٣) [بە زێ بە تەقتەق ناسراوە ، بە ڕووبار ناسراوە بە نیسبەت شاری کۆیە] .
کاربەدەستانی ئەم تاقمە چوون بۆ دایەرەی ڕەگەزناسی گەلان کە لەژێر چاودێریی موزەخانەی نیشتمانی دانیمارکدا ئیشدەکا تا بزانن دەتوانرێ کەسێکیان بخرێتە پال لەوانە کە شارەزاییان هەیە لە ڕەگەزناسیندا چونکە لەو ناوچەیەدا گەلێ دێهاتی کوردنشین هەیە کە بۆ ئەوە دەشێن فرمانی ڕەگەز ناسینیان تیا بەجێبهێنرێ .

بەجێهێنانی ئەم فرمانە بە من سپێردوا بەو ناوەوە کە « بێجگە لە بەجێهێنانی ئیشەکەم کە بریتییە لە وردبوونەوە لە ڕەگەزو چوونە بنجو بناوانی سەرچاوەی گەلان » بە خۆما ڕادەپەرمووم ، وەك ژنێك ، سەر بکەم بە مالەکانی ئەو گەلە ئیسلامەدا کە جیاواز هەیە لەنێوان ژنو پیاودا بە جۆرێك کە بۆ نێرینە هەلناکەوێ لەوانە کە عەودالی کۆکردنەوەی ئەم چەشنە زانینە بن .
دوای ئەوەی کە دەزگای کارلز بەرگ ـ پیاوانە پارەی تەرخانکرد بۆ بەجێهێنانی ئەم فرمانە ، لە ڕۆژی چوارەمی مانگی مایسدا لە دانیمارکەوە بەرەو بەغداو کەرکووك کەوتمە ڕێ بۆ ئەوەی بگەم بە تاقمەکەی دووکان لە شوێنی دامەزراندنی پەنداوەکە لەو شوێنەدا کە هەردوو هێلی بە درێژی ٤٥ پلەی ڕاست لەگەل هێلی پانی ٣٦ پلەی سەروو لەیەك ئەدەن .

لە سەرەتاوە وا نیازبوو کە من لەگەل ئەندامانی تاقمەکەی دووکاندا جێنشین ببم لە شوێنێك کە پێیدەلێن « کەمپی شمشارە (٤) » وە لەوێوە هاتوچۆی دێهاتەکانی دەوروپشت بکەمو ئەگەر بۆم ڕێكبکەوێ بۆ ماوەیەکی کەم لە یەکێ لە مالانی دێیەك بمێنمەوە ، حال وایە مانەوەم کە چوار مانگی خایاند پرۆگرامەکەی بە تەواوی گۆڕیو ـ لەجیاتی ئەوە کە هەر لە هەوارگای تاقمەکەی دوکان بمێنمەوە ـ هەر کە گەیشتمە شوێنی پەنداوەکەی دوکان کارێکی وام کرد کە ببم بە میوانی مالی کوێخای دێی تۆبزاوە کە چەند کەسێکیان کرێکار بوون لە شوێنی بەنداوەکەدا .

ڕاکرتنی ئافرەتێکی زمان زان بۆ یاریدەمو بۆ وردبوونەوە لە کاروباری ڕەگەزییدا بە ناوی تەرجومانەوە زۆر پێویست بوو ـ بە هۆی وەزیرێکی پێشوو . جەنابی توفیق وهبی وە موتەسەریفی سلەیمانیەوە ، دوای گەیشتنم بە دێی ناوبراو بە چواردە ڕۆژ ، معلمەیەکی کوردم بۆ دۆزرایەوە کە ناوی مەلیحە کەریم سەعید (٥) بوو کە حەزیدەکرد لەگەلم بێ بە ناوی تەرجمانەوە . دوای ئەمە بۆ ماوەیەکی زۆر مامەوە لەگەل خێزانی تەرجمانەکەمدا لە شاری سلەیمانی . هەروەها لەگەل ئەم کچەدا بە ناو ژمارەیەکی زۆر لە دێهاتەکاندا گەڕاینو بەهۆی خزمایە[illegible] ناسیاویی خێزانی کچەکە لەگەل گەلێ لە دا[illegible] دێهاتانە دەرگای گەلێ مالم بۆ خرایە س[illegible] بەم جۆرە ـ لەجیاتی ئەوەی دەبوایە لە [illegible]مەکانی دوکاندا ببومایەو ڕۆژیی بۆ چەند سەعاتێك لەگەل خەلکەکانی دەوروپشتم ڕامبواردایە هەموو وەختم بۆ ڕابواردنو گەڕان بەناو کوردەکاندا تەرخانکرد .

بەم بۆنەیەوە هەلی زۆر باشم بۆ هەلکەوت بۆ لێکۆلینەوە لە ڕادەی تێگەیشتنو هوشیاری ئەم گەلە .

هەموو چواردە ڕۆژ جارێك بە ئوتومبیلی تاقمەکە کە دەهات بۆ کەمپی شمشارە بۆ خواردەمەنیو

ئازووقە سەرم ئەدا لە شوێنی ئیشەکەم لە ناوچەی پەنداوەکەو بەم هۆیەوە توانیم بۆ ئەوەی بتوانم کاروباری رەسمی جێبەجێبکەم بۆ ناردنی ئەو شتانە کە دەمنووسی بۆ مۆزەخانەی نیشتمانی لە کۆبنهاگن .

بێجگە لە تۆبزاواو راکاوەی (٦) دراوسێ‌دێ‌و شاری سلەیمانی بۆ ماوەیەك لە نزیك قایفەکەی (٧) میرزا رۆستەم مابنەوە ، دوای بە ئۆتۆمبیل چووین بۆ دێی شەدەلەو لەوێوە بە سواری ولاخ بەسەر شاخی چەرمەباندا (٨) بەرەو سەرگەلوو کەوتینەرێ ، ئنجا چووین بۆ هەلەبجە ، بەلخەو تەوێلە کە بەسەر شاخەکانی نزیك سنووری ئێراندا دەروانێ . لە دێی سەرکانی نزیك پێنجوێن مابنەوە ، لەپاشدا بە ئوتومبیل چووین بۆ کەرکوك ، هەولێر ، موصل‌و رەواندز بۆ ئەوەی شارەزای رەوشت‌و خووی دانیشتوانی ئەم ناوچانە ببین کە کەوتوونەتە بەشی سەرووی کوردستانی عیراقەوە . لە رۆژکانی دوایی ئەم گەشتەمدا کە لە بەغدا رام‌بوارد سەری حلەو شارە کۆنەکەی « بابل »م دا .

بێجگە لەمە شارەزایی‌یەکی ئەوتۆم لەبارەی هەلکەوت « جوگرافیای » ولاتەکەو بەسەراهاتی رابوردوی کورد دەست‌کەوت . مێژووی کورد دەگەرێتەوە بۆ ماوەیەکی دوورو درێژو ئەم شوێنە کە تیادان لە دەمێ سالەوە نیشتمانی خۆیانە .

زینۆفۆن‌و دە هەزار سەربازەکەی یۆنان لە کاتی گەرانەوەیاندا لە بابلەوە بۆ یونان لەناو شاخەکانی کوردستاندا لەگەل کاردوخیەکاندا دووچاری جەنگ بوون .

کوردەکان موسلمان‌و سوونی[illegible]ێك بەشی هەرەزۆری عەرەبەکان‌و تورکەکان . [illegible] لە زمانی هیندو ئەورووپاییەوە نزیکە بە پێچەوانەی عەرەبی کە زمانی سامیەکانە .

هەندێ لە کوردەکان کۆچەریین وە هەموو سالێك گەرمیان‌و کوێستان دەکەن (٩) وە ئەو کوردانە کە من لەناویاندا دەهاتم‌و دەچووم بە زۆری بە کشتوکالەوە خەریك‌بوون ، گەنم ، برنج ، توتن ، لۆکەو میوەجات دەهێننەبەرهەم بەپێی چۆنێتی‌و هەلکەوتی خاکەکەیان .

ئەو کوردانەی من لە کەرکوك‌و سولەیمانی لەگەلیانا ماومەتەوە هەموویان پیاوی ئیش‌و کارن . لەپێش رووداوی جەنگی یەکەمی جیهانی کانی نەوتەکانی کەرکوك لە لایەن شرکەتی نەوتی عیراقەوە « ئای . پی . سی » خراونەتە کار .

« ماویەتی »

خاوەنی ئەم باسە (هانی هانسن) دەلێ :

ئەگەر بتەوێ زیاتر شارەزایی پەیدابکەی لەبارەی مێژوو ، سیاسەت‌و باری جوگرافیای کوردستانەوە . لەوانە کە ئەم باسەی من نەیگرتۆتەوە بروانە نامەکەی « سی . جەی . ئەدموندس » : کوردو تورك‌و عەرەب . کە لە چاپخانەی زانکۆی اوکسفورد لە سالی ١٩٥٧ دا لەچاپ دراوە .

(١) ناوی باسەکە بریتی‌یە لە ((DAUGHTERS OF ALLAH))

واتا کچانی خوا بەلام من وام بەباش زانی بەناوی « ئافرەتە خواناسەکانی کوردستان »ەوە بیگێرم بە کوردی ئینجا حەزدەکەم بزانم بیرو باوەری خوێنەری بەرێز چیە .

(٢) بە زمانی ئینگلیزی پێ‌ی‌دەلێن [BUND یا DAM] ئێمەش (ئەمباراو یا بەنداوی)ی پێ‌دەلێین .

(٣) لەناو کوردەواریدا زێی بچووك بە زێی کۆیە ناسراوە .

(٤) هانی هانسن لە باسەکەیدا دەلێ (TEL SHEMSHARA)

(٥) بەلای منەوە (مەلیحە ئەحمەد سەعید)، نەك (مەلیحە کەریم سەعید) .

(٦) هانی هانسن ناوی دێی رکاوای (RAKAWAH) وا نووسیوە .

(٧) تا ئەم چەندانەش (مەعبەرەکەی میرزا رۆستەم) بە قایفەکەی میرزا رۆستەم ناسرابوو .

(٨) هانی هانسن ناوی ((CHARMABAN)) ی لەو شاخە ناوە دوور نیە مەبەستی میرگە پان بێ .

(٩) لەدەمێ سالەوە کوردە کۆچەرییەکان هەمو جێ‌نشین بوون‌و گەرمان‌و کوێستان کردن نەماوە .

« وەرگێر »

پەزو شڤانەتی

* عبدالرحمن نقشبندی *

● شڤانەتی کو کەڤنترین پیشەیە ـ مهنە ـ پشتی نێچیرێ ، هەر ژزوڤا مروڤی ڤیای ئان ژیانێ سەپاندی لـەر مروڤی کو پەزا کەهی‌و ب خودان کەت. شڤانەتی‌و رەوشتێن وێ یێن پەیدابوین‌و هەتا ئەڤروژی هەر ئەڤ رەوشتە یێن ماین ، ژبەر هندێ زانایێت ـ ئەنتروپولوجی‌و فولکلوری بهایەکێ گەلە مـــەزن ددنە ڤێ مەسەلێ ژبو دیارکرن‌و ڤەکولانا ژین‌و ژیـــارو تورێ مللەتان ، دیسا ژبەرکو مللەتێ کـــورد ژوان مللەتانە ئەوێن گەلە دێرین دخـــودانکرنا پەزی‌داو ژنیڤێ پتر هەتا نهو ژی ژین‌و ژیارا وان یالـەر پەزی، لەوا مەلشکافتنا ڤێ مەسەلێ‌و لدویف چونەکـــا زانسی گەلە پێدڤی‌یەو کارەکێ گەلەکـــێ پیروزە نەخاسمە هێدی هێدی ئەڤ رەوشتە بەرەو بەرزەبونێ دیسا ئەم پێدڤی دراسەکرنا فولکلوری‌نەو دانانـــا بناغەکێ موکم بو زانستیا ـئەنتروپولوجیا ـ کوردی .

لێ چ دراسەتێن ـ فولکلـــوری بن ئان یێـــن ئەنتروبولوجی بناوایەکی زانسی کەس نەشێت بننـێ بکەت ژبەر گەلە ئەگەرا ، ژبەر هندێ هەر ئێك هندی خوو دچارچوڤێ دەڤەرا خودا دکاریت هـــاریکارەك بیت ژبو ڤی‌مەسەلێ .

لەواژی ئەڤ نڤیسینە یا کێمە ژبەر وان ئەگەرا ئەوێن مەگوتین‌و چنکو ـ مەسحەکا ـ زانسی من نـە کەریەو رامانا من ژی ئەڤ رەنگـە نڤیسینە نەبـــو دەمێ ئەز لدەڤەرێ ، لێ دگەریانا من‌دا لدویف هندە پەیدابون‌وی ئەڤ ـ معلوماتە ـــنزکیرسا‌ڤن‌بێ‌وکود پەیدابون‌و بهاریکاریا برا ـ دکتور دلیر ئەنوەر توڤی ـ کو ناڤێن پەزا بومن پەیداکرینە ، ئەو ناڤێن دەڤـــەرا ـ قەلادزێ ـ کرمـــانجی ژێری ـ پەلبـــەزا دنن و ـ معلوماتێن ـ دی من ژبرا ـ حوسەینێ عەلـــی ـ وەرگرتینە کو گەلە درێژ شڤانەتی یاکری‌و بەلێ دڤـێ ئەو ـ حەقیقەت ـ ژبیرا مە نەچیت کو ئەڤ ناڤەنەکو ژدەڤەرەکێ بو دەڤەرەکێ دهێنە گوهرین ، بـــەلکی ژگوندەکی بو گوندەکی جوداهی دیار دبیت . لـــەوا ئەز دبێم هەکە هەئێك دچارچوڤێ دەڤەرا خودا ئـــان دگوندێ خودا بنڤێسیت دێ چەند ـ مەعلوماتێـــن ـ راست‌و دروست بدەست مە کەڤن .

● شڤانێ پەزی ئان خودانێ پەزی بخویە ، ئان خودان پەز دێ (کەوالێت)(١) خـــوو کـــەنە ناڤێك‌و (کەرەك(٢))ی ژێ دروست کەن‌و شڤانەکـــی دێ بوگرن ، ئان ژی خودانێت پەزی بخو دێ لـــەرخـــو کەنە گۆری‌و هەر هەیامەکی دێ ئێك چیتە بەر . ڤێجا هەکە پەز بوگەلەك‌و نشیان هال ـ لگوندی ـ بخودان کەن دێ هەلێخن‌و بەنە (کوزا)(٣) لێ هەکە بیچـــەك بوو زڤستان گەلەکا گران نەبو ، دێ پەزی هێنـــە دگوندی‌داو اوێدێ دێ بخودان کەن .

● هـــاتن‌و چونا پەزی ـ حەرەکـــەتا ـ وی



دهاڤینێدا پتر دهێتەکرن ، چنکو زڤستانێ هەرێ راگرتێیە (دگوڤ و کوتا ڤە)(٤)و هەکە گەلە ببەن هەتا نێزیکی (دوینها) (٥) دێ بەنو لوێدێ دێ تەخێت چولی کەنە بەر ــ ئەو ،ولێ هاڤینێ دبرنو دکەنە باسك لسەر قورمێ دارا ــ هەرئێك ل (شویپرا(٦))خو . بەلێ هاڤینێ ئەڤ هاتنو چونە مشەتر لێ دهێت چنکو پەز ژگوڤا دەردکەڤیتو ئیدی ژیاراوی دەکەفتە سەر چەرێ .

ئیڤرو هەکو پەزی ژچیای دئیننەڤە دێ بەنە سەر دەراڤی ئاڤێ پاشی دێ بەنە بێرێ ، هەکو بێرکر وێ بەنە (مەخەلێ) (٧) هەتا ئێڤاری ، پاشی دێ راکەنە (پالینێ) (٨) دێ جارەکا دی بەنە بێرێ ــ دانێ ئێڤاری ــ پشتی هینگێ دێ بەنە چیای ڤە چەرێ هەتا نیڤ شەڤو دێ پاشی بەنە هەڤشوی(٩)) لێ پەز لهەڤشوی گەلە نامینیت جارەکا دی دێ راکەنەڤە پالینێ هەتا بەرسپێدەو جارەکا دی دێ بەنەڤە هەڤشویو دێ لوێدێ بیت هەتا تاڤ دهەلێت پاشی دێ راکەنەڤە چەرێو هێدی هێدی دێ نێزیکی دەراڤێ ئاڤێ کەنو هەکو ئاڤ ڤەخار دێ بەنە بێرێ .

● دیسا خوێ دانا پەزی ژی رەوشتێن خو یێن هەین وەکو دڤێ پەزێ سپی بەری یێ رەش خوێ بدەن چنکو پەزێ رەش شویم ترەو ناهێلیت یێ سپی نێزیکی خوێریزێ ببیت . هەروەسا برینا پەزی ژی رەوشتێن خوێن هەین . وەکو پەزێ سپی دڤێ دەستو پێن وی گرێدەنو گرێل کەنە ئەردی پاش بجەوێ ببرن ، لێ یێ رەش هەما وێ ئێك سەرێ وی گریتر یێ دی دێ بریت .

● بێخش ژبەر ئەگەرێن ئابوری ... سر ناهێلن یێ دمینیت هەر یێ مێیە ، لێ ... دڤێ دگەل کەرێ پەزی بن ژبەر (پەرێ ... لە ١) هەروەسا نێری نەخاسمە ئەوێن شاخقلوز وەکمی سەرگێرەکی هەرێ دبەری پەزیو کەرێ پەزی دکەفتە دویف ئەو کیڤە دچیت پەز ژی وێڤە دچیت . ئەڤ نێریە وەسا یێ هویکریە هەکو پەز چو هەڤشوی بنڤیت دێ ئێکسەر چیتە (کەرباری(١١)) نك شڤانی، ئەوژی دێ سەرەکێ رستێ کەتە ستویو سەرێ دی دوەستەکێ خو گرێدەت ، دا هەکە هاتو پەز (وەرگەریا ئان بربو (١٢)) داشڤان رابیت ، چنکو هەکە پەز چو ئێکسەر دێ نێری رابیت چیت ڤەستا

بەراهیا پەزی کەنو دێ رستا خو کێشیت ڤێجا دێ شڤان هشیار بیت .

● گەلە جارا وەسا چێد بیت پەزەك ئان چەند پەزەك ژکەری ڤەدبینو بەرزەدبن هەتا شەڤ بسەردا دهێت ، ڤێجا شڤان دێ رابیت دەڤێ گورگی ئان یێ هرچێ بێنیت داکو نەخوت هەتا لێ دبیتە سپێدەو دچیت لێ دگەریێت بێنانا دەڤێ گورگی نە وەکی یا دەڤێ هرچێیە یاگورگی دڤێ ئایەتا ــ الشمس والضحی ــ بخوینن ــ ئان ئایەتەکا دی ــ پاش دێ بێژن : دەڤێ گورگی لبا هەتا سوبەهی روژ ئاڤا ە بەلێ بو هرچێ دڤێ ئایەتا ــ انا اعطیناك الكوثر ــ بخوینن ــ ئان ئایەتەکا دیو پاش دێ بێژن : دەڤێ هرچێ لبەر هەتا سپێدێ روژ دهێتە دەر ، بو بێنانێ ئان بەندکەکی دێ گرێدەن ئان چەقوکێ دێ دەڤێ وێ گرن .

● پەزی ژی وەکی هەمی گیانبەرێن دی نەساخێت خوێن هەین ، لێ پەزێ سپی پتر نەساخ دبیت ژیێ رەش چنکو یێ سپی ناسك ترە ئەڤەژی چەند نەساخیەکن .

١ ــ کەچەلو گوری .
٢ ــ پێشکی : هری خو ژکەڤلی بەرددەت .
٣ ــ سیسکی : پێت خو نادەتە بەرخوت .
٤ ــ دەپزیت : پەرسیڤ .
٥ ــ باوی : دوەرمیت .
٦ ــ باوش : ژسەرمادا هشك دبیت .
٧ ــ مێلاك .
٨ ــ گوهانرەش : گوهانێت وان کول دبن .
٩ ــ هەمەر ، ژخارنێو بەتلین ژئاڤی .

● ئەڤەنە هندەك ژوان رەوشتان ئەوێن پەزو شڤان بکار دئینن : لێ ناڤ کرنا وان ــ تسمیە ــ بچەند ئاوایەکا دەهێتەکرن . بونمونە :

١ ــ ناڤ بو مێو نێر رەش و سپی ژلایێ جنسیڤە .

٢ ــ ناڤ بو مێ رەشو سپی ژلایێ تێکەلیا رەنگیو سەروچاڤاو شاخاڤە .

أ ــ پەزێ سپی نێر جنس

١ ــ بەرخ ــ بەرخ ــ هندی شیری بخوت .
٢ ــ کاڤر ــ کاور ــ هەکو شیر ڤەکر .
٣ ــ شەك ــ شەك ــ دو سالی .
٤ ــ هوگنج ــ .... ــ سێ سالی .
٥ ــ بەران ــ بەران ــ پشتی چار سالیێ .

٦ ــ قمرت ــ خمرت ئان ڤەیره ــ بەرانەکێ بنــــاڤ سالڤه چوی •

ب ــ ..ریَ سپی مێ جنس :

١ ــ بەرخ ــ بەرخ ــ هندی شیری بخوت .
٢ ــ کاڤرِ ــ کاورِ ــ هەکو شیر ڤەکر .
٣ ــ بەلندیر ــ بەردیل ــ سێ سالی .
٤ ــ مها ــ مەرِ ــ پشتی چار سالێ .
٥ ــ مهایر ــ سەرەمەرِ ئان کەتره ــ مها بنــاڤ سال ڤه چوی ·

حـ ــ پەزێ رەش نێر جنس •

١ ــ کەهر ــ کار ــ هندی شیری بخوت •
٢ ــ گیسك ــ گیسن ــ هەکو شیر ڤەکر •
٣ ــ کویر ــ کور ئان تەگه ــ دوسالی •
٤ ــ سەیس ــ نێری ــ سالا سێ •
٥ ــ نێری ــ ••• ــ سالا چارێ •
٦ ــ قمرت ــ خمرت ــ نێریەکێ بناڤ سالڤـــه چوی •

د ــ پەزێ رەش مێ جنس

١ ــ کەهر ــ کار ــ هندی شیری بخوت •
٢ ــ گیسك ــ گیسن ــ هەکو شیر ڤەکر •
٣ ــ تشتویر ــ چویشتیر ــ دو سالی •
٤ ــ بزن ــ بزن ــ سێ سالێ • ئان هەکو زا •

● ئەڤ ژلایێ جنس ڤه بەردو زاراڤا ــ کرمانجیا ژوری‌و ژێری ، لێ ژلایێ ناڤێ پەزێ بخو ڤه هـــــەر چەندە گەلەکن لێ ئەڤه چەندەك ژوان .

آ ــ پەزێ رەش کرمانجیا ژێری •

١ ــ ڤیته : شاخ ڤیت‌و کورت •
٢ ــ تەلێن : شاخ ڤیت‌و درێژ •
٣ ــ ڤیتەرەش : سەررەش‌و شاخ ڤیت •
٤ ــ ڤیتەپوش : سەر سپی‌و شاخ ڤیت •
٥ ــ ڤیتەگوێ‌سپی : گوه سپی‌و شاخ ڤیت •
٦ ــ ڤیتەغەزال : گوه سورو شاخ ڤیت •
٧ ــ ڤیتەگوێ‌سور : گوه سورو شاخ ڤیت •
٨ ــ ڤیتەمس : گوه سورو شاخ ڤیت •
٩ ــ کەچه : شاخەك نینه •
١٠ــ شاخ‌بەکەوان : شاخ لول •

ب ــ پەزێ رەش کرمانجیا ژوری •

١ ــ کرِ : گوه بچویك •
٢ ــ بەل : گوه رەپ ئان بەل •
٣ ــ باڤێل : سەرێ گوهر بێ چەمیایه •
٤ ــ پوش : چنیکێت سپی یێت لێ •
٥ ــ حنێر : پشت گوهی خیچەکێ سپی یالێ •
٦ ــ کال : سەرچاڤ‌و گوه دسورن •
٧ ــ شەمام : سەری ئان گوهی خی[illegible]ەکا رەش ئان سپی لێ‌بیت •
٨ ــ چال : پنیەکا سپی لناڤ بیت •
٩ ــ هنبز : سەرو چاڤ سپی •
١٠ــ گورد : بن زکێ وێ سپی ئان سوربیت •
١١ــ کەڤەر : هەکه یارەش‌و سپی بیت
١٢ ــ قلیچ : شاخەکێ وێ بێ خار بیت
١٣ــ قلوز : شاخ قلوز •
١٤ــ کوچ : یا بێ شاخ •
١٥ ــ بازن : پێیەکێ وێ خەلەکەکا سپی لێ‌بیت •
١٦ــ کەرِه : کوه بچویك ئان برِی ·

حـ ــ پەزێ سپی کرمانجی ژێری ·

١ ــ شر : دوینك مەزن •
٢ ــ خشته • دوینك مەزن •
٣ ــ قوله : دوینك مەزن •
٤ ــ بەکەلێچ : کوریکەك بدوینگی ڤه بیت •
٥ ــ بەلەك : پنی پنی •
٦ ــ گواره : بن حەڤکێ چەرمەکێ زێده پێڤـه بیت •
٧ ــ بەله : گوه لول‌و درێژ •
٨ ــ کورِه : گوه لول‌و کورت •
٩ــ کەرِه : گوه پێڤه نەبن •
١٠ــ [illegible]قول : گوه چەمیای •
١١ــ [illegible]ەوی‌سەر : سەرسپی ئان چنیـــك چنیك •
١٢ــ سوربەش : چنیك چنیك لسەر سورێ ڤەبوی •
١٣ــ رەش‌بەش : چنیك چنیك لسەر سپی •
١٤ــ بەکول سەر رەش ئان سپی‌و خیچەك لێ بیت •
١٥ــ گوردو : گوه درێژ ــ بەله غەزان •
١٦ــ تەوشین : گوه سپی •

١٧ـ گویَ‌بەزەلە : گوه سپی ئان رەش خیچەك لنیڤەکیَ .

١٨ـ شاخ‌دار : شاخ هەبتن .

١٩ـ بەرچن : سەر بەپورتاخ : بەرچەمەك لنـــاڤ چاڤا بیت .

٢٠ـ تەو : سپیو پنیەکا رەش لسەری بیت .

د ـ پەزیَ سپی کرمانجیا ژوری .

١ ـ رسەر : هەمیا سپی بیت .

٢ ـ بەلەك : نیڤەکا رەش‌و نیڤەکا سپی .

٣ ـ سەررەش : سەر ئان ستو رەش .

٤ ـ سیس : سەر چاڤ سپی .

٥ ـ کەل : شاخ پێڤە نەبن .

٦ ـ کەوی‌سار : گوه سپی .

٧ ـ رەش‌کەوی‌سەر : رەش گوه سپی .

٨ ـ ڤەرە : هەمی رەش .

٩ ـ تەعلە : گوهێت ویَ سورەکیَ ڤەبوی‌بن .

راڤـــە

١ ـ کەوال : چەند پەزەك ، تەرش ، گەلە پەزە.

٢ ـ کەرەك : وەکی ئەم دبێژین رەڤدەکا گۆرگا . کەرەکیَ پەزی .

٣ ـ کوز : ئەو جهە ئەویَ گەرم ـ لدەشتیَ ـ ئەوی پەزی دبەنیَ‌و لیَ دهەلێحن .

٤ ـ کوف کۆتان : گۆف وەکی ئاخویرا دەوارا ، لیَ کوتان نەیا سەرگرتی‌یە ، جهەکـــە تانەکیَ دابیَ داپەزی تێڤە راگرن‌و هەکە کوتان بچویك بو ئانکو بـو کەهرو بەرخا بو دیَ بێنیَ کوزك .

٥ ـ دوینهە : ئەو جهە ئەویَ چولی لیَ کوم‌دکەن بو زڤستانیَ .

٦ ـ شـــویبرە : ئەو جهـــە ئەویَ چـــولی لیَ دبرن بو، پەزی‌و هەر خـــودان پەزەکیَ شـ... خـــویا تایبەتی یاهەی .

٧ ـ مەخەل : جهیَ نڤستنا نبڤر...

٨ ـ پالین : شوینا شیڤیَ دگریت بو... .

٩ ـ هەڤشوی : جهیَ ڤستنا شەڤیَ‌یە .

١٠ـ پەرین : بو نێریە ـ عەمـــەلیاجنی ـ و ئاڤزبون ، بومیَ‌یە .

١١ ـ کەربار : بنەڤانا پـــــەزی‌و سەربار : سەرەڤان .

١٢ـ وەرگـــەریا : مەکو شەڤ لیَ دقولبیت‌و کەریَ پەزی هەمی دچیت لیَ بردبن ، هەکو ژترســادا دچیت‌و پەز بژالە دبیت .

مەرگی وێـ...

کـە ئاژانسی جیهانی هەوالی... کوشتنی (جـــوی ئادمیســـن) ی... ناوداری لە ناودارستانەکانی ئەفریقاد... بلاوکـــردەوە ، دلـــی ملیـــۆنان... لەوکەسانەی لـــــە هەموو لایێکی... دنیادا ئەم ئافرەتە مـــەزنەیان خۆش... دەویست هاتە ژان .

لاشەکـــەیان لە نزیك ئـــەو... سەربازگـــەیەی کە تیـــادا دەژیاو... یاسەکانی خۆی تیادا تاقی دەکردەوە... دۆزرایەوە، کە هەمان شوێن‌بوو بەر... لە ماوەیەکی کـــورت دەلەشێریکی... تووڕەیان تیادی کـە لە بێچوەکانی... دەگەڕا .

لە سەرەتای ئەم سالدا جـوی... ئادمیســن بـــــەبۆنەی تێپەڕبوونی... حـــەفتا ســـال بەسەر لە دایك... بوونی‌یەوە ئاهەنگی دەگێڕا ، زیاتر... لە چل ســـالی لەناو مەترسی‌یەکی... بەردەوام بەســـەر برد کە هـــەر... دەقیقەیێ هەڕەشەی لە ژیانی دەکردو... لەوماوەیەدا ئەوەی سەلماند کە دەشێ... تەبایی لە نێوان مرۆڤـــو گیانەوەری... دڕندە پێك‌بێ . لەگەڵ ئەوەش‌دا لە... شوێنێ کە بە هەوارگەی برادەرانی... دادەنا ، لە ڕارەوە نادیارەکانی ژیانی... دڕەندەیی‌دا ، بەپیر مردنەوە چوو .

جوی ئادمیسن هەر تەنیـــا لەکن... خوێنەرەکانەوە نەناسراوە ، بەلکـو... سەیرکەرانی سینەماش دەیناسن ... کتێبـــەکانی بۆ چـــەنـــد جارێك... بەژمارەیـــەکی هێجگار زۆر بەچاپ... گـــەیشتن ، بۆ زوربەی زمانەکانیش... وەرگێڕان . لەوانە « بە سەربەستی...



لەناو دارستانەکانی ئەفریقیادا

لە دایك بوو » ، « بە سەربەستی ریا » ، « هەتا هەتایی سەربەستە »، « ئەبول هەولی بەڵەك » . هەروەها سینەماکان و ئێستگەکانی تەلەفزیۆن لە جیهان بە دەیان جار ئەو فیلیمەیان پێشکەش کرد کە لەسەر بنچینەی کتێبی یەکەمی یەوە دەر هێنرابوو « تەلەفزیۆنی بەغدا پار ئەم فیلیمەی پێشساندا » . بینەرانی فیلیمی ناوبراو ئێلیسای دەلە شێری ناوداریان بینی کە ناوی پەروەرد کەرەکەی بە نەمری هێشتەوەو ناوەکەی بە « سندووقی ئێلیسا » بەخشنی کە یارمەتی پێشکەش بە سەرپەرشتکردنی گیانەوەران دەکا .

جوی ئادمیسن لەو بڕوایەدا بوو کە جیهانمان ئەوەندەزلە بەڕادە دەشێ مرۆڤ و شێرو پڵنگ و کەرکەدەن بە ئاشتی لەتەك یەکدا بژین . ئەوەشی سەلماند هەر تەنیا مرۆڤ ناتوانێ لەگیانەوەری دڕەندبوو بکات ، بەڵکو هەروەها گیانەوەریش دەتوانێ لە مرۆڤ بکات . بەگاڵتەوە دەیگوت کە مرۆڤ ئیجای داوەتە خۆی کە بەسەر هەموو سروشتدا زاڵە . بەڵام ئەوەی لەبیر خۆی بردۆتەوە کە هیچ نیە تەنیا گەردێك نەبێ لەو سروشتە . چاکترین ڕەووشتی لەخودی سروشتەوە هاتووە . ئەقڵ هەر چەندە پێشکەوێ ناتوانی خۆرسکی مرۆڤ و گیرۆدەبوونی بە سروشتی سەرەتاییەوە لە ناوبەرێ . ئادمیسن بڕوای وابوو کە گیانەوەر خێرو چاکە لە بیر ناکا ، دەیتوانی ئەوە بە هێنانەوەی دەیان نموونە بسەلمێنێ .

ـ ئەلبەتە ، دۆلفین ناتوانی هیلۆکۆپتەرێ دروست بکات بەڵام دەتوانێ شتیوا بکات ئێمەی مرۆڤ ڕێی پێ نەبەین .


ئادمیسن زۆر شتی دەربارەی بە دەنگەوە هاتنی گیانەوەر لەگەڵ هەستو نەستی مرۆڤدا نووسی . دەیتوانی لەم ڕووەوە بە دوورو درێژی بدوێ . بەڵکو بە تەواوەتی بەخۆی ڕادەپەرموی کە گیانەوەر بە شێوەیێکی نا ئاسایی گیرۆدەی مرۆڤ دەبێ ، ئەگەر هەستی کرد ئەو بەراستی خۆشی دەوێو بەرژەوەندی تێدانیە .

ئەم خۆشەویستی یە تەنیا بێدەسەڵاتەکان پێویستیان پێ نیە ، هەروەها ئەو باڵندە باڵ شکاوەی کە (جوی) دۆزی یەوەو بردی یەوە ماڵەوەو دەستی کرد بە چارەسەرکردنیو ، هەستی کرد چۆن تەزووی پەیێ کردنو سوپاس ئەقلی باڵندە دەردەچوو . ئەم خۆشە بە هێزەکانیش پێویستیان پێ هەیە هەروەها ئەو شێرەی کە لە دارستانەکەدا تووشی بوو کە قوولەپێی برینداربووو مێشومەگەز خوێنەکەیان دەمژی ، لەگەڵ ئەوەش هێشتی ئادمیسن تیماری بکاتو سارێژی بکات .

هاسانە گوێت لەم هەموو قسەیە بێ ، بەڵام بانەوە بڵێین جاری واهەیە کە ئێمە لەناو دارستانێ چ ترسێکی لە پڕمان لێ دەنیشێ . بەڵکو لە ڕێگاو بانێکی چۆڵدا ، کە دەنگێ دێ ، یا کە سێبەری لقەدارێك دەجوولێتەوە . ئەمە لە کاتێکدا کە ئادمیسن دەچووە ناو دارستانی ئەفریقا وەك ئەوە وابوو کە دەچووەوە ماڵێ ، هەستی بە بڕوایێکی غەریب، بەپەیوەندی ئەو خزمایەتی یە دەکرد کە مرۆڤی بە گیانەوەرەوە دەبەستەوە .پشتی بە تاقیکردنەوەو غەریزە دەبەست ، بەڵام توانای خۆی لێك نەدایەوە بە دۆزینەوەی زمانی لەیەك گەیشتن لەگەڵ گیانەوەر بەو خاسیەتە دیارانەی بە دەستەوەیەوە بوون. بەڵکو بە هاوبەشیی یاساکانی جیهانێ دەورو بەرەوەش ، ئەو هاوبەشی یەی کە ئەقلی مرۆڤ و درەختی نەشونماکەرو باڵندەی هەڵفڕیو وەك یەك دادەنێ .

– مرۆڤ تەنیا پارچەیێکە لە سروشت . هیچ مافی ئەوەی نیە کە خۆی لە سروشت بەرزتر دابنێ. مەسەلەی پارێزگاری کردنی گیانەوەری دڕندە مەسەلەیێکی بە پەلەیە . چۆن ئەم جیهانە سروشتی یە دەپارێزینو چۆن دەربازی دەکەین.. ئەمەیە کەمن بەدەم ئازارەوە بیری لێ دەکەمەوە ، بەلام بەو ئومێدەی هەموو شتێك لە دەسی نەچووبێ .

کارەکەش تەنیا بەو هەستە ئازار بەخشەوە نەبەستراوەتەوە کە ئەوەی نەشو نماکەر بۆی دەلوێ شێر یا فیل تەنیا لەڕێگەی بیستنو وێنەوە بناسێ ، بەڵکو قڕکردنی جۆرەهای



تەواری گیانەوەران دەبێتە هـۆی لەنگەر تێك چـوونی تەرازوو لـە سروشتدا کە لەوانەیە ببێتە هـۆی زیاد کردنی کوشندە سەبارەت بـە هەموو مانـەوە . ژیانی پڕبوو لـە چالاکی هەلچوونو پشێوی ، بەدەس خـۆمان نیـە لە ئاستی توانـاو دەسەلاتیدا سەرسام دەبین ، کە خۆی ئافرەتێکی بێ‌هێزی تەواو ئاسـایی بووو ، بەرەنگاری ئـەو ڕاوکەرانـە دەبوو کـە لە زەوی‌و ئاسـماندا

دارستانەکانیان پاك دەکـردەوە ، سـندووقی دانا بۆ گیـانەورانی دڕندەبوو کە سـەرەتاکەی تەنیـا کتێب‌و کارتی پۆسـتە بوو ، دەبووە ئافرەتێکی چوست‌و چالاك تەنانەت بـەوە بوەستابا کە لە سـەرەتای چالاکی لە ئەفەریقـادا وەدەسـتی هێنابوو . پەرەمووچەکەی سـەدان لاپەڕەی بە وێنـەی ڕەنگاوڕەنگی

نایاب‌و زۆر زانسـتی‌یانەی ڕووەك‌و نمـوونەی ئەتنۆگـرافی لە کینیادا ڕازاندەوە.هەروەها ژمارەیەك کتێبی دانا کـە ئێستا لە هـەموو لایەکی دونیادا زانراون . بەلام ئەوە گشتی تەنیا ڕەنگ دانە وەێیك بوو بۆ ئەو شـتەی کە لە لایەن ئەوەوە مانای ژیانی دەبەخشی .

دەوترێ « بەشی شێر » کاتێ لە بەشی لایەنی بەهێزو دەسەلاتدار دەدوێی ، ئادمیسن بەڕاستی بەشی شێر بوو بەلام بەواتایێکی تر ، خۆی لەگەل شای گیانەوەراندا نەك تەنیا مال‌و مـولکی بـەلکو دیسانـەوە ژیانەکانیشی دابەش کردبوو .

دەبویست لەنگەری تەرازووە تێك چووەکە لە ڕێگەی باوەر پێ‌کردن‌و یارمەتی‌دانەوە لە ڕێگەی تێگەیشتن‌و سـروشتەوە ، لەناو دارستانەکانی دەورو بەری خـۆیدا ڕابگرێتەوە .

شتێکی ئەوەندە هاسان نیە کـە مرۆڤـ ئەو دلپاکی‌یەی لە ئادمیسن‌دا هـەبوو ، هەیبێ ، بەخێوکردنی بێچوە شێرێ تا پتەو دەبێ ئـەوجا لە دارسـتاندا بـەرەللای بکات تا بەوتاکە هـۆیەوە بژی کـە پێی دەوترێ .

بکوژێ تا پارێزگاری جـۆری خۆی بکات . هەموو دایکان وەك یەك

منالەکانیان خۆش دەوێ‌و هەنگاوی یەکەمیان لـە ژیاندا فێردەکەن . دەلەشێر بێچوەکـەی فێردەکات بکاتـەوە گیانـەوەران . مامـز بچووکەکەی خـۆی فێردەکات کـە ڕابکات . ئادمیسن سەیری مرۆڤی دەکرد کە ئەقلی دراوەتێ هەتا دەمرێ

گیروگرفتە بەردەوامەکانی چارەسـەر بکات ، تا سەرکێشی دوژمنکاری پێ بەربەست بکات . ئەمە لە کاتێکدا ئادمیسن بـە تەواوەتی ئەوەی ڕەت دەکردەوە کە لەکن گیانەوەردا هیچ دوژمنکاری‌یەك هـەبێ ، دەربارەی پێکەوەژیانی پلنگ‌و بـەرخـەر پاش سازکردنی دلنیایی‌و متمانی کردن لەسەر دوا ڕۆژ بە سەدان نموونەی دەهێنایەوە .

[illegible] گیانەوەری دڕنـدە هەرگیز [illegible] مرۆڤـ نادا ئەگەر هەرەشە [illegible] یانی بچوکەکانی نەکات. بەلا[illegible] مرۆڤ خۆر شتێکی لە سنوور [illegible]ەرە .

ڕاڕەوێك هەبوو دەچووە نـاو دارستانەکـەوە ، دەلـەشێرێك‌و بچوکـەکانی بە ڕاڕەوەکـەدا

دەڕۆیشتن ، ئادمیسـن بە وریایی‌و ڕاپەڕینێکەوە سـەیری دەکردن . گیانەوەرەکان گەڕانەوە دارستانەکە، پاش چەند ڕۆژێك ئاژانـەکان ئـەو

هەوالە بەخەمەیان ڕاگەیاند کـە پەنجەی تاوانی درێژکرد بۆ گیانە ـ وەرە مرۆڤ کوژەکان ، شتێکی بـە ئەستەمـە ، بـەلام لەوانەشە بـە تەواوەتی وابێ ، دڕندە هەر دڕندەیە .

ئادمیسن وای دەگوت ، لەبەر ئـەوە دەنوانین ڕادەی وریایی‌و ڕاپـەڕین‌و ئاگـاداری ئـەو بخـەینە بەرچاو ، ئادمیسن مەبەستی تەنیـا مالی‌کردنی دڕندە نەبوو ، بەلکـو

چاودێری کـردنی‌و لـە پاشـان گەڕاندنەوەی‌بوو بۆ دارستان کـە دەبوو بژیت . زۆر چـاك دەیزانی ژیانی سـەربەست دەتـوانێ ورەی هەموو دڕنـدان زیاد بکات ، جا چ دەلـەشێرێکی زل بێ یا پلنگێك‌بێ وەك بروسکە بازبدات .

بـەلام دەبوایـە ئادمیسن لە ژیانیدا خەلك ئاگادار بکات نـەك دڕنـدە . ئایا ئەوانە ڕێگر بوون یا گیانەوەر دزبوون یا خود حەسوود ؟ تا ئێستا وەلامێکی هەست پێ‌کـراو نیە تەنیا ئەو ڕاپۆرتە پزیشکی‌یـە نەبێ کـە گیانەوەران لە کوشتنی‌دا بەبێ تاوان دادەنێ .

بازنەی ژیان لـەوە ئالۆزتربوو کە جوی ئادمیسن تێی گەیشتبوو ، هەرچەندە بەرامبـەر ئەقلی مرۆڤی داتەپیـوی ناو دوژمنکاری‌و تونلو

تیژی‌و دل ڕەقی دوور لـە هەموو شتێکی مرۆڤایەتی‌یەوە یاخی ببوو . بوو بە قوربانی مرۆڤ ، بـەلام بستەیەکی تری مرۆڤی لە مرۆڤدا بۆ

بەجێ هێشتین : دلپاکی ، سـۆزو خۆشەویستی بەرامبەر گیانـەوەر . چەند کتێبێکی بۆ بەجێ هێشتین وا ئێستا بـە هـەستێکی نوێوە دەیانخوێنیتەوە .

قوللەی بابل و زانستی لاهووت

گوڕینی
کەمال غەمبار

قوللەی بابل لوتکەیێک بوو . لەبەر ئەوەی کە ئێمە لەسایەی زانستی شوێنەوارەوە ، ئەم جۆرە ساختمانەمان زانیوە ، شتێکی سروشتی یە کەدەبێ بگەڕێینەوەسەر

زانستی شوێنەوار ، تا کاکلی دەرەوەی بپشکنین . هەوڵی ئەوە دەدەین ئەو هۆیە لاهووتیو ئایینیانە دەرخەین کە ئیلهام بەخشی دروست کردنی ئەو قوللە زلانەن . بۆچی دروست کران ؟

لێرەدا ئیتمۆلۆژیا (زانستی بنچینەکانی ووشەکان) زۆر بەکەڵکمان نایە ،ووشەی «زقۆراتۆ» بەکار (فعـل)ی « زقارۆ »وە بەستراوەتەوە کە بە مانای «بەرزبۆوە» دێ ، ووشەی زەقوورە یا بە لوتکەی چیا دەگوترێت ، یاخود قوللەی پێپیلکەدار .

گەڕیدەو هەوەڵین ڕۆژهەڵاتنا ـ سەکان لێکدانەوەی ماددیان هێناوەتەوە . « نیبۆهەر » گوتوویەتی : عەقەرقووف وەك نیمچە سەکۆیەکی بەرز بوو ، خەلیفەکانی عەبباسی ڕوویان تێدەکرد بۆ هەڵمژینی هەوای ساردو شەماڵی فێنکی . فرێسنل نە بێرس نەمروودەوە نووسیویەتی، کە گوتوویەتی ئەوە تەنیا ساختمان بووە بەم شێوە دروست کراوە ، تا شوێنێ ئامادە کرێت بۆ پیاوە ئاینی یەکانی (بل) شەوان لەوێ ڕابوێرنو ، لە میشوولە بەدوور بن . (دی سارزۆك)ی قونسوڵ کە چەند هەڵکەندنێکی لە (تەلو) کرد هەمان ڕای هەیە گوتوویەتی : لەوانەیە مەبەست لەم ساختمانە (کلدانی یە ـ بابلی یە) بەرزانە ئەوە بێ کە ببنە پەناگایێ بۆ دانیشتوان لە ترسی جڕوجانەوەرو لەبەر وڕەی با کە ئەم ناوچانە بۆماوەی نۆ مانگ دوچاری دەبن .

بەڵام دیسانەوە لێکدانەوەی کەمتر ماددی هەیە ، ڕای فیکتۆر بلاس کە لە خۆرسباد لە قوللەکەی دەپەشکنی ئەوەیە کە ڕوانگەیێك بووەو «مۆرکێکی ئاینی» هەبووە ئەویش بەهۆی ئەو دووپەیکەرەی کە لە نزیك ئەوەوە دۆزرانەوە . جۆرج پیرۆ دانی بەوەنا کە ئەم قوللە پێپیلکەدارانە بۆ خوای دیاری کراو تەرخان کراون ، بەڵام دیسانەوە گوتی : خەڵك بەسەریان دەکەوتن « بۆ چاودێرکردنی ئەستیرەکانی ئاسمان » .

ئەو لێکدانەوانە لە سەدەی ڕابوردوودا دەچوونە ئەقڵەوە ، بەڵام ئەمڕۆ ناشێ جێی بڕوابن ، پاش ئەوەی بە شێوەیەکی زۆر



بەلگەنامەمان لەبەردەمدایەو ، پسپۆرەکانی هەمە جۆرە زانیارییەکان وەك شوێنەوارناسەکانو ئەندازیارە بیناسازەکانو مێژوو نووسەکانی ئایین بەلگەنامەکانیان خستەژێر پشکنینێکی وورد . ئێستا چەند تێئۆرێك دەربارەی ئەو بابەتە هەیە ، کەلەخوارەوە بە کورتی باسیان دەکەم :

١ ـ یەکەمین تیئۆر زەقوورە بە بەمەسەلەی ناشتنەوە دەبەستێتەوە ، بەگۆڕی پاشا یا خوای دادەنێ . وابزانم ئەو لێکۆلەرانەی ئەو تیئۆرەیان هێنا گومانی تێدانییە کەوتوونەتە ژێر کارتێکردنی دیدەنی ئەو نیمچە ڕووەیییەی لەنێوان زەقوورەو کووچەکی میسری دایە . لە کاتێکا کووچەك گۆرەکە دادەپۆشێو دەیشارێتەوە زەقورە تەنیا سەکۆیەکی پێچکەدارەو بەو مەستە کراوە کە لە کۆتایی یەکەبدا پەیکەرێکی بە سەرەوە بێت .

ڕۆژهەلاتناسی دی هەن کەوتوونەتە ژێر کارتێکردنی هەندێ دەقی کلاسیکیو بابلی ، ئایا جوگرافی ناس سترابون نەیگوتوە : کە قوللەی بابل (گۆڕی بیلۆس) بووە ؟ ئایا ئەدەبی مسماری لێرەو لەوێ بەرێزەوە ، پەنجەی درێژنەکردووە (بەبەستنەوە لەگەل زەقورە)دا بۆ شتێکی نادیار کە پێی دەگوتری (کیکونۆ) کە زۆر کەس وایان حیساب کردووە کە بەمانای «گۆڕ» دێت ؟ لێرەدا ناتوانم خۆم بخەمە ناو دەمەقالێکی فیلۆلۆژیانەی دوورودرێژ . بەلام ئەوەندە بەسە کە بلێم مانای ووشەی (کێکونۆ) زۆر لێلە بە جۆرێ بەدوا داچوونیو لەسەر ڕۆیشتنی لەم باسەدا هیچ ئەنجامێکی باش نادا بەدەستەوە .

٢ ـ لێکدانەوەی دووەم ئەوە دەسەلمێنی کە زەقوورە لەڕووی بیناوە مانایەکی « گەردوونی »و (ڕەمزی) هەیە ، قوللەی بۆرسیبا ناوێکی زۆر سرووش بەخشە : «یانەی حەوت بەلکەکانی زەوییو ئاسمان» کەحەوت ئەستێرەکان لەناویا مەلە دەکەن ، خراوەتە پال زەقوورەی بۆرسیبا ـ بەلام بێ هەر ساخکردنەوەیەکی بە شوێنەوار ـ خۆی حەوت نهۆم بووە . هەر یەکێکیان بۆ ئەستێرەیەك تەرخان کراوەو . بە ڕەنگی ڕەمزی بۆیە کراوە . ڕەنگەکانیان : ڕەشو پرتقالیو . سوورو ، سپیو ، شینو ، زەردو ، زێڕینیو . زیوینی بوون ، من نامەوێ لە نایابی ئەم گونجانە ڕەنگدارەو ساختمانە کەم کەمەوە ، ئەگەر بوو بێ بەلام دەبێ لەپێشەوە ئەوە ساخکەینەوە کە بەڕاستی بووە . ئەمەش شتێکە ئەو بلاوکراوانەی دەربارەی بابەتەکە دەرچوون ئەمەیان ساغ نەکردۆتەوە ، هەمان شت بەرامبەر ڕەنگی «سپیو . ڕەشو ، سورو ، شین » ڕاست دەردەچێ کە دەخرێتە پال زەقوورەکەی نوور ـ کە زۆر لە چاودێرەکان نکۆلی لێ دەکەن .

[illegible] ئالاب لێکرانج [illegible]هەندێ ڕووەکانی تیئۆری ڕەمز[illegible] دەکەون ، هەردووکیان زەقوورە بە نموونەیێك دانین لەزەوی . کە مولکی خوای تایبەتییەو بۆی ئامادە دەکرێ هەر وەك ئالاب فینسنت نووسیویەتی ، نەك تەنیا پەیکەرێکی ئایینداریيە بەلکو جۆرە هەوارێکە تیایا دەحەسێتەوە .

٣ ـ لە کۆتاییەکانی سەدەی ڕابوردوودا (لیشابی) بیرێکی نازایانەی لەو ڕۆژانەدا خستە ڕوو ، کە زەقوورە (تەخت)ی خواو (سەربڕینگە)ی ڕاستەقینە بووە . ئەندازیاری بیناساز (دۆمبارت) ئەو تیئۆرەی پەسند کرد . لەدۆزینەوەی ئەو دەقانەی کە بەئاشکرا دەلێن خوایەکان حەز لە ژیانی لوتکەی چیاکان دەکەن : تووشی هیچ سەختییەك نەهاتن ، بەم شێوەیە زەقوورە نموونەی چیا دەکەیێنێ کە خوا لەسەر تەختی خۆی دانیشتووە تا حوکمی گەردوون بکات .

٤ ـ بەلام بەلای منەوە . ئوولترین لێکدانەوە ئەوەیە کە ئەندازیاری بیناسازی ئەلمانی (و . ئەندرای) پێشکەشی کرد ، کە خۆی فوتابیی (کولدیوای)و بەرپرسیاری هەلکەندنی شوێنەواری نایاب بوو لە ئاشوور . ئەوە جگە لەوە ، ئەو لێکدانەوەیە کە زیاتر لە گەل بەلگە تێر کۆلۆژییەکاندا دەگونجێ . پوختییەکەشی ئەوەیە کە زەقوورە تەنیا قوللەیەکی پێپیلکەدار نەبووە . بەلکو بنکەیەکی زەبەللاحی هەبووە . مەبەستی ڕاستەقینەش لەوەدا ئەوە بووە کە پەرستگایێك یا پەیکەرێکی بەرز تری بەسەرەوە بێتو مالی خوا بێتو خواش بتوانی لە مالی خۆی دەربچێو بێتە خوارەوەترین شوێنی شار ، بۆ ناو مرۆڤ . خوا پەیژەی قوللە بەکار دێنی ، پێیان دادێتە خوارێ ، بۆ پەیکەری نزیکتر ، کن بنکەی قوللەکە ، لەوێدا خۆی نیشاندەداو دەردەکەوێ .

٥ ـ ئەم تیئۆرە هەرچەندە بەرەنگاری ڕەخنە لێگرتن بوو ،

...تایبەتی لـــــە ئەلمانیا ، لەلایەن ...سپۆڕەکانەوە وەك شۆتو لێنزن ، بەلام بـــەلای منەوە لە کاکلیـــــدا ڕاســـــتە . بـــەلام لــــەڕووی دوورودرێژی‌یەوە پێویستی بــــــە دەستکاری هــــەیە . زانســـتی شوێنەوار ئەوەی سەلماندووە کـــــە دانیشتوانی دۆلی رافیدەین هـــەر لەوەتی‌چوارەمین هەزارەوەو لەمەولا ...یەخیان بەوە داوە کە خانوۆیك بۆ خواکەیان ساز بکـــــەن لەڕادەی خانووەکانی مرۆڤ بـــەرز تر بێت . بڕواش ناکەم ڕێکخستنێکی ئاوایان کردبێ بۆ یەك مەبەســـت ، ئەویش ئەوەیە کە شوێنی خوداوەند دوور بێ لــــە لافاوو سەرەنجامەکانی ، ســـــەکۆ . چـــەخمە یەکـــــەمین ...ەنجامەکانی ئارەزووی مرۆڤ بوو ...ە بەرزکردنەوەی خـــودی خۆی . بەلام خەوو خەیالی وای لێ دەکرد کە لەوە زیاتر ڕوو بکاتە ئەو خوایەی کـــــە دەبێ داوای ڕەزامەندی لێ بکات ، کە گومانی تێدایە مـــــەیلی پێش دەمی بانی خانووەکە دەکـــا . ...ســـتە ئاینی‌یەکانی ســـــەردەمی سلوقییەکان لە عیراق (ســــەدەی چوارەم پ.ز) کە دەتوانین ئـــــەوە بلێین پەیوەندیان بـــە بیروڕای زۆر کۆنەوە هەیە بە دوورودرێژی ئـــەو خۆئامادەکردنەو مەراسیمانەمـــان دەدەنە دەست کە خەلکی دەیان کرد بۆ مسۆگەر کـــردنی سەرکەوتنی کردەکە .

خۆ ئەگەر ئەم بیروڕایانەو ئـــەو تقوسە ئاینیانەی لەو دیوی ئەوانن (لـــەم بارەوە ئارەزووی مـــرۆڤ لەدابەزینی خوا بۆ سەر زەوی) بـــە درێژایی سەدەکان زۆر نـــەگۆڕابن بەلام ئەلبەتە ئەندازەی بینـــاسازی پێشکەوتووە . لـــــە دەوروبەری ...ودڕاستی سێ هەزارەمین مرۆڤ ...دەستی کــــــرد بە دروست کردنی خانووو بەرەی بەرز بەرز تر . پاش ئەو پەیکەرەی لە سەر چەخمەیەکی بلند دروست کراوە ، قوللەی بریتی لە چـــــەند پێپیلکەیەکمان هەیە . بەلام بیرۆکـــە تەنیا دروست کردنی تۆپەلێك بەسەر تۆپەلێکەوە نیـــــە لەجاوهەردا بەلکو بریتی‌یە لــــــە بنکەیەکو ...ەی زلی زیاد دەبێ تـــــا ڕووی زەبەللاح بەخۆیەوە دەبینێ . ...ە درێژایی سەدەکان خەلك حـــەز بەدروستکردنی خانووو بەردی بلند تر دەکەنو، هەمیشە بە ســـــــەر لوتکەی بیناکەوە پەیکەرەکـــە قوت دەبێتەوە .

بەلام ئەم پێشکەوتنە بیناسازی‌یە ئارەزووێکی دووڕوو دەردەخات . نەدەشیا خوا هەردەم لە پەیکەرێکی هێجگار بچووك دانیشێ ، لەبـــــەر ئەوە شتێکی وا کرا کـــە بەرە بەرە لە مرۆڤ دوور کەوێتەوەو لەدوایدا گوشە گیر بێ . لەبەر ئـــــەوە وەك ئەرکێکی سەرشان دەبوایە لــــەکن بنکەی قوللەکـــە پەیکەرێکی تری بۆ ساز بکرێ کـــە زل ترو بالا تر بێ . لەوەش گرنگ تر لەناو خەلکـــــە خۆیاندا دەبێ . بـــــەم ...وە کۆمەلێك خانووو بـــ... هاتنە کایەوە ، کە دوو ... هەبوو ، یەکـــــەمیان لە ...ـــەی زەقوورەکەوە بوو ئەوی تریان لـــە بنکـــــە کەیەوە . یەکـــــەم بوو بەو شوێنەی کە خوا بەسەریا دادەڕواو خـــــوا پەرســـــتی ئیماندارەکانو بێشەکیان وەردەگرێ ، کــــە ڕوو دەکاتە زەوی ، دووەمیشیان بوو بە مالی میوانی خوداوەند کـــە چەندی بیەوێ تێیدا دەمێنێتەوە .

بــــەلام دەبێ ســــەرنج لـــە گیروگرفتەکە بدەین . وەك گـــوتم ، ئیمۆلۆژیا زۆر بەکەلکمان نایـــە ، زەقووره وەك زاراوەیەك ئەلبـــەتە شتێکمان پێ نالێ .

ئایا دەتوانین شتێك لەم ڕووەوە بزانین . لـــەو ناوانەی لەزەقوورەی هەمەجۆرە نراون ؟ ئێمـــە دەزانین ئەم ناوانە جیا بوون ، هــــەروەك نموونە کلێـــەمان هــــــەیە پێیان دەگوترێ (ســـــیانە) ، ـــثالوثـــ (زایینی) ، (قوربانی) یـــا نـــاوی یـــــەکێك لە پیـــاوە پیروزەکـــانی لێدەنرێ . بـــەم شێوەیە زەقووره چـــەند ناوێکی هـــــەبوو وەك : « ساختمانی چیـــای گەردوون » ئاشوور . «ساختمانی حـــــەوت بەلگـــەکەی زەوی‌و ئاســـمان » بۆرسیبا ، « ساختمانی پاشـــــای پەنجـــە درێژکەر بە دادپەروەری » ئوو . «ســـــاختمانی زلی (زبابا)و (ئینینا) کە ســــەری لە ئاسمانە » کیش « ساختمانی کـــەژ » نیپۆر ، «ساختمانی پەیوەندی نیوان زەوی‌و ئاسمان» لارســـــــا ، «ساختمانی بناخەی زەوی‌و ئاســـمان » بابل . دەتوانین هی زیاتر بخەینە ســــــەر لیستەکەوە ، بەلام ئەم چـــــەند نموونەیە بەسە ، ئەگەرچی هەمـــە جۆرەن بەلام لە نێوانیادا بنکـــەیەکی هاوبەش هەیە ، زەقووره لە هەموو شوێنێك پێی دەلێن «ســــاختمان» واتە پەیکەر ، بەزۆریش ناوەکـــــە زەوی‌و ئاسمان دەگرێتەوە ، لەیەك لە حالەتەکان (لارسا) ، ووشــــەی (پەیوەندی) بە ئاشکرا دێنی . بەم شیوەیە هەر وەکو من تێ‌ی‌بگـــــەم زەقووره (پەیوەندی یـــەکێتی)یە ، مەبەست، لـــەوەدا مسۆگەر کردنی

پێکەوە بەسنی بیوان رەوی‌و ئاسمانە . تەنانەت ئەگەر بە ئاشکرا . دەربڕینی ئەم بیرەمان نەدی . ئیحایەکەی وا دەگەیێنی . چونکە ئابا (چیا) پەیژەکی بەرزەو مرۆڤ بەسەریا دەکەوێ بۆ ئەوەی تا لەتوانای‌دا هەیە لە ئاسمان نزیك بێننەوە ؟

نەك تەنیا دەستی پێ‌یکەوێ . بەلکو دیسانەوەو بە شێوەیەکی گشتی ـ تا لەو خوایەی کە تاسەی دیدەنی دەکا زۆر نزیك بێتەوە . لە هەمان کاتیشا تاسەی ئەوەیە کەدابەزینی بۆ ناو مرۆڤ ئاسان بێت .

لە ئاستی ئەم حالەدا ، دەبێ بگەرێینەوە سەر کتێبی (تکوین) ، هێشتا گفتوگۆ دەربارەی ئەو گیروگرفتی‌یە مێژوویی‌و لاهوتی ـ یانەی کۆمەلێك لەو نووسینانەی یانزە ئیصحاحەکانی یەکەم پێك‌دێنن؛ گەرمو گوڕە .

گرانی ئەو گیروگرفتانە زیاتر دووپات دەکرێتەوە بەگوێرەی « بلاوکراوەکانی لێژنەی ـابەوی کتێبی مقدس»و ئەو جۆرە لێکولینەوانەی بە نووسین‌و بەزمان لە ئاراوانە کە زانایانی برۆتستانت بە هەموو جۆرە ڕێبازو قوتابخانە ـ کانیانەوە پێشکەشی دەکەن .

ئێمە لە هەردوو حالەتدا دەبینین نزیك‌بۆوەی گشتی ئەوەیە کە مرۆڤ لە چیرۆکی ئیصحاحی یانزەمینی کتێبی (تکوین)دا داوای ڕاستی‌یەکی ئەخلاقی بکات‌و پێویست بە ڕاستی‌یەکی مێژوویی ناکات . دیسانەوە ڕایەکی تر دەبینین کە لە شوێنێکی تردا پەنجەم بۆ برد ، کە دەلێ گێڕانەوەکان لێرەدا لە جەوهەردا ڕاستن ، بەلام «لە ڕووی دووردودرێژی‌یەوە ووردنین » سەردرای ئەوەش من دەبینم چیزۆکی تەوڕات بە شێوەیەکی قووڵ (مێژوویی‌یە) ؛ چونکە دوورودرێژی تێدایە کە پشت بە بەلگەی ساغکراوەو ڕووداى سەرنج‌راکێشەر دەبەستێ .

بەلام چیرۆکەکە بە ئاشکرا تر لەڕووی ئەو حوکمە سەختەی بە سەر ئەو پرۆژەیەی کە مرۆڤ نرتۆیەتی‌یە ئەستۆی خۆی ، دەیدا. لاهووتی‌یە . کە شارەکەو قوللەکەی بە باشی دورست دەکات لەبەر ئەوەیە کە یەکگرتووە (یەك گەل‌و یەك زمان) ڕق‌و غیرەتی یەهوە دەکاتەوە ، کەواتە سەرکەوتنەکەی دەبێتە نمونەیەك بۆ هی‌تر . دەبێتە هەڕەشەیەك کە مرۆڤ خۆی لەبەرناگرێ . یەهوە بێ دوودلی پانی‌دەکاتەوە؛ گێرەشێوینی‌و پرش‌وبلاوی بەسەر خەلکا دەسەپێنی.

ئەم تاوانبارکردنە سەختەی مرۆڤ بابەتی لەسەرڕویشتنێکی زۆر بوو ؛ زۆر لە لێکۆلەرانی تەوڕات‌و زاناکانی لاهووت‌و [illegible] (وەك پرۆفیسۆر ئەی. [illegible]نیاری‌یەکی تەواویان [illegible]زینەوەی زانستی شوێ[illegible] هەبوو ، ئەگەرچی ئەوان لە گەل بەئەنجام‌گەیاندنەکانی من نین ؛ هێشتا لە ڕێڕەوی خۆیان دەردەچن تا بەنگەی بۆ بدۆزنەوە ، نارەزایی خۆیان بەرامبەر « بوت‌پەرستی دەردەبڕن ، کە بەردەوام دەبێ ، جا هەرچۆنێك بێ نرخی بەرزبونەوە بۆ ئاسمان‌و ناچارکردنی خوا کەبێتە خوارەوە بۆ لامان» یاحود سوور دەبن لە سەر ئەوەی کە دەس پێشخەری‌یەکە دەبێ لە خواوە دەرچێ چونکە مرۆڤ بۆ لای خواو تەنیا بەفەرمانی ئەوەوە بەرز دەبێتەوە، وەك ئەوەی مووسا لە سەر کێوی سینا نواندی ، ئەوەی دەکردو مل‌کەچ بوو لەرزی لێ هاتبور . یەهوە پێویستی بەوە نیە مرۆڤ ڕیگایەکی بۆ بکێشێ بەر لەوەی دابەزێتە سەر زەوی.» یەکێکی دی دەنووسێ‌و دەلێ : «قوللەی بابل ئەو جۆرە گوناهە دەنوێنێ کەوا لە مرۆڤ بکات ، نەك تەنیا پێویستی بە خوا نەبێ بەلکو ، ناوێك بۆ خۆی دابنێ» واتە لە ئاستی چارەنووسیدا خودی خۆی مسۆگەر بکات) ئەویش بە هۆی پرۆژەیەکی ئاینی‌یەوە کە بە ئاشکرا ئامانجی ئەوەیە کە خوا لە ئاسمانەوە بکاتە دراوسێ‌یەکی چەسپاو لە مالێکی سەرزەوی.

بەلام دەبێ ئێمە لە مەبەستەکەمان دورنەچین ، وەبێ بە پێی هەلوێستی بیروڕا وەك زۆربەی خەلك حوکم لە سەر بابل نەدەین ؛ بەلکو دەبێ لەبەر ڕووناکی بەلگەی شوێنەوارو مێژوودوە بێت‌و هیچی تر نا .

دڵ ڕەقی قسەبێژی بەهویش دیسانەوە شایانی لێکدانەوەیەکی مێژوویانەی ساکارە : جوولەکەکان زۆر هۆیان بەدەستەوە بوو لە نارەزایی دەربڕینی خۆیان بەرامبەر بابل . ئەوان هەردەم بەرەمزی بوت‌پەرستی‌و چەوسانەوەیان دادەنا . دیسانەوە ڕاستە ـ ئەمەش من بە هەموو دلێکەوە دانی‌پیادەنێم ـ کە سەربەرزی مرۆڤ‌و لە خۆبایی بوونی ،

سنووریان بۆ نیــه ، پاشاکانیش ـ نــەك دوێنێ بـــەڵکو ئــەمڕۆش نووســـراوی نـــەقش کـــراوی دووردودرێژیان هـــەیە، کــــە شاکارەکانیان دەردەخەن . ئەمـــە هەمووی زۆر ڕاستە. لــەبەر ئەوە ئەگەر دانیشتوانی (دەشتی شەنعار)

بــەڕاستی یـــانەوێ قوللـــەیێ دروستکەن بیگەیێنە ئاســـمان بۆ جارۆانی شـــەڕ لەگەلیا ، ئـــەوە گوناهیکـــە لــەوانەوە ــگوناهێکی گەورەیە بـــەلام بێگومان لێکردن

ئەوان بە هیچ جــــۆر مەبەستێکی ئاوایان نەبووە . ئایا کەس لۆمـــەی ئەوەیان دەکات کەحەز بکەن لـــــە ئاســــمان نزیكبنــــەوە ، واتـــە نزیكبوونەوە لە خواکانیان ؟ ئا ئەمەیە

گیروگرفتەکە . ئەگەر مەسەلەکــە ئاوا بێ ، با ئێمەش مــــەنتقی بین ، دەبێ هەر شتێك لەو بابەتەوە مرۆڤ بینای کرد بێ هەمووی رەتکەینەوەو

نارِدزایی بەرامبــەریا دەربڕین ، وەك قوللەکـــانی کلێســـــەی نۆتردامو گومەزەکانی کاتدرائیـــەی شارتەر ! لەپاشان ، با دان بەوە دابنێن ئــەم

بیره لە خوایەکی توڕەوە دەردەچێو بەدەستەکانی ناکۆکی ــ سەرچاوەی هەموو شەڕو هەموو ڕقو کینە لــە دلی مرۆڤایەتی‌یەکی یـــە کگرتوو ، لەدوایـــــدا لاشـــەڕدا دەچێنێ . گیروگرفتی‌یەکی لاهـــــووتی بەرپا دەکات ، دەبێ بە هەموو دلێکـــەود سـەیری مەترسی‌یەکەی بکەین .

ئەوەی کە لێرەدا دەیلێم ، لـــە شـــوێنێکی تریشدا گوتوومـــە ، ئێســـتاش دووپاتی دەکەمـــەوە : قوللەی بابل کاتدرائیەی ســەدەکانی رابوردووە ، بەلکو لە وەش زیاترە ، چونکە بەنی‌نادەم کــە کاتدرائیەکانی دروستکرد خەوەکانی مەسیحیەتی زانی .

لە سێ‌یەمین هەزارەی بەر لـــە مەسیحدا توخمی مرۆڤ هێشـــتا ڕێکەی خۆی بەدی دەکرد ، بـــەلام خەلکەکە لە نوێژدا دەستیان کرد بە نووقاندنی دەستیان ، بەســـەلیقە چـاویان دەبڕی‌یە ئاسمان . لـــە تشرینی دووەمی ســـالی ١٩٥٢دا ، لەکن بنکەی زەقوورەیەکی کۆن لــە (ماری) پەیکەرێکی پڕ لە بەخشینی قوربانی دانیان دۆزی‌یەوە لە شێوەی کۆتەرەی بچووك بوون ، هی ئەو خوا پەرســـتە وەستاوانەی دەســـتیان نوقاندووە بوو ، ئەلبـــــەتە نوێژو خواپەرستیان بۆ خوایە درۆزنەکان دەکرد . دەیانڕوانی‌یە ئـــــەو دیو دونیاوە ، ئـــەو زەقوورەی کـــە ئـــەوانیش دروســـتیان کـــردبوو بێ پێلکەیەك بوو لە پەیژەیەکدا : ئەم پەیژەیەش بەرەو ئاسمان بەرز دەبۆوە .

با جارێکی تر کتێبی تـــەورات بکەینەوە . لە مالی ئیلدا یەعقووبـ نەوەی ئیبراهیمی رافیدەینی ـخەوی بینی ، کە پەیژەکی دی ســ... دەگەیشتە ئاســـمان ، ... لـــە عـــەردی چـــەقی ... دەقەکەی بێنمەوە ، چونکە ... هەر وەك بزانم ســـــاغکردنەوەی دابڕی تیادا دەبینین ، کە ئــەم لێکدانەوەی من ڕاستە :

« لـــە شوێنێکی دیاردا دابەزی . بە درێژایی شـــەو لەوی مایەوە ، چونکە خۆر ئاوا ببوو، لە شوێنەکەدا چەند بەردێکی هـــەلگرتو کردنی بەسەرین، لەو شوێنەدا درێژبوو تا بخەوێو خـــەونی دی . لــە ناکاو پەیژەیەك لــەزەوی‌یەوە قوت بۆوە ، ســـەری گەیشتبووە ئاسمان . دیتی فریشتەکانی خوا بەسەری دەکەونو دادەبەزن ، دیتی خوا لە ســـــەرەوە وەستاوەو ، دەلێ : من خـــــودێم خـــوای ئیبراهیمی باوکتو ، باوکی ئیســـحاق .. یەعقـــووب لەخــــەو هەلساو ، گوتی : ئەلبـــەتە خوا لەم شوێنەیە ، بەوەم نــەدەزانی. ترسی لێنیشتو گوتی : ئەم شوێنە چەند سامناکـــــە ! ئێره مالێ خوایەو ، ئەمەش دەرگای ئاسمانە . »

ســـفر التکوین ، (٢٨ ، ١١ــ١٣ و١٦ــ١٧) « باب الله » (تکـــوین ، ١١ ، ٩) ، « باب الســـماء » (تکوین ١٧:٢٨) : ناتوانین هەردوو بەشـــان لێكجیاکەینەوە ، دووەم پارمەتیمان دەدا لە تێکەیشتنی یەکـــەم قوللەی بابل پـــەیژە بوو ، ئـــەو پەیکەرەی هـــەلی‌گرتبوو « دەرگـــا » بوو ، لەوەوە راپەرموونێکی ســـــەیری کارتێکەری هاواری ئەشەعیا بــەدی دەکەین : « خۆزیا ئاسمانت شـــەق دەکردو ، دەهاتی‌یە خوارێ ! »

مەسیحی‌یەکانیش بڕوایان وایـــە کە خوا ، سەر لە ئێوارەی جـــەژنی لەدایكبوون ، بـــەڕاستی دابەزیوەتە لای مرۆڤ .

(١) بەشێکە لە (الموســوعـــــــة الصغیرة) ژمارە (٥٥) بــــــە ناوی [برج بابل : نووسینی اندریە بارو. گۆڕینی : جبرا ابراهیم جبرا]



گفتوگۆیەك لەگەڵ هونەرمەندێکی کورد لە دووروڵات دارا حەمە سعید



عەلی بۆسکا

که لە دەرەوەی ولات ئەبم . سوزی نیشتمان پاڵم پێوە ئەنێ بە دوای هاوولاتێکمدا بگەڕێم‌و لەو دوور ولاتە هەندێك لە سۆزی نیشتمان بە دیتن‌و گفتوگۆ لەگەڵ کردنی کەم کەمەوە · هاوولاتی خۆم لە دەرەوە بە پارچەیەك لە نیشتمان · پارچەیەك لە جگەرم ئەزانم‌و نرخی هەرگیز لام تەواو نابێ . ئەخوازەلا ئەگەر هاونیشتمانەکە لەوانەبێ کە لە دەرەوە سەری ولاتەکەم بەرز ئەکاتەوەو شان‌و شکۆی کەلەکەمیان پێ دەولەمەندتر ئەبێ ·

لەم چەندانەدا لە ئیتالیا بووم· لەوێیش وەك لە عەرلایەکی تری ولاتان بەیانی بە دوای هاونیشتمانیکمدا ئەگەرام . ئەمجارە بەختم لە جاران یارتر بوو . هەرچەند لە سەرەتادا زەحمەتێکی زۆرم هاتە رێ‌و کون‌و قوژبنێکی زۆری رۆما گەڕام ؛ سەرەنجام کەسێکم دەستگیر بوو شایانی چەند ئەوەندە زەحمەت بوو بۆ دۆزینەوەی .

لە سووچێکی شاری رۆمادا هونەرمەندی لاوی کورد دارا حەمە سەعیدم دۆزیەوە کە لەگەڵ ئەوەشدا هونەرمەندێکی ناسراوو خاوەن ناوو ناوبانگە لەوێ . ژوورێکی لە مالی پیرەژنێکی ٧٠ سالیدا گرتووەو ژیانێکی کولەمەرگیی تێدا ئەباتە سەر ، ژوورێك ١٠م٢ پانی‌و درێژی‌یەتی ، دەستە نۆینێکی نووستن‌و دوو کورسی‌و مێزێکی لەگەل بەرهەمی چەند سالی دووریدا لە نیشتمان تیاداناوە . بەراستی کاتێکی خۆش بوو کە بەناو ژوورەکەیدا ئەگەڕام‌و ئەویش یەکە یەکەی کارەکانی پیشان ئەدام کە لە برنجە (برۆنز) یا لە گەچ دروستی کردوون‌و بۆی لێك



ئـەدامەوە ، ئـــەو بەرهەمانـــەی هەموویان پێوەندیان بە نیشتمانەوە هەیەو هەریەکی ڕازی سەرێکی ژیانی گەلەکەی ئەگێڕنەوە ·

لە تەماشاکردنی کارەکانی ئەم هونەرمەندەدا بۆم دەرکـەوت کـــە هێنـــانە بەرهـەمی هەر بەرهەمێکی بەلاوە شـایانی ئەوەیە مـــەینەت و ئازاری هەموو جیهانی بۆ بکێشێ ، ئەگینا ئەگەر لە پێناوی هونەردا نەبێ ئەو ژیانەی دارا حەمە سەعید بۆ ئەوە ناشێ کەسی پێ ڕازی بێ · دارا ژیان و ڕەحەتی ژیانی بەهـونەر بەخشیوەو خۆی بۆ ئەم کارە پیرۆزە تەرخان کردوەو لەم پێناوەدا ڕازی یە بەو ژیانە سەختەی بەسەری ئەبا ·

باسی ئەو خەلاتە ئالتوونـــەم لێ پرسی کە بیستبووم لەم دواییەدا لە پیشانگایەکی گەورەی جیهانیـدا وەری گرتوەو ، داوام لێ کرد بۆمی بگێڕێتەوە چۆن بوو ؟ گوتی :

پیشانگای جیهـــانی (دانتی) کە دوو ساڵ جارێك ساز ئەکرێ لە شاری (ڕاڤینا) بۆ پەیکەری لـە برۆنز کراوو پیشاندەرەکان بـــە بەرهـــەمەکانیان تیـــا ئەکـەونە پێشبڕگە ، ئەمساڵ نوێنـــەری ٤٠ دەوڵەتی تێدا بەشدار بوون کـــە بەهەموویان ٤٢٢ پەیکەرتاش بوون· منیش بە ناوی وڵاتەکـــەی خۆمەوە وەك هونەرمەندێکی کورد بەشداریم تیا کرد · گـــەلێ لە کاربەدەستانە سەرۆك پارتی یەکانی ئیتالیا سەریان لە بەشـــەکەی من داو تـــەماشای بەرهەمەکانمان کرد · لـــە ڕیزی بەشدارانی ئەمساڵی ئەم پیشانگەیەدا هونەرمەنـدانی گـــەورەی وەك (ماترووگریکـــۆ) و (ماتسـبنی) هەبوون،ئەمساڵ ٤ مەدالیای ئالتوون دانرابوو کـــە بە هونـــەرمەندە سەرکەوتووەکان بدرێ و ئـەوە بوو یەکێکیان بەر من کەوت · پیشانگای ئەمساڵ لە هی هەموو ساڵانی پێشوو گـــەورەترو سەرکەوتووتر بـوو · بەشدارانیشی تێدا لە هەر ساڵێکی ڕابوردوو زیاتر بوو ·

هەروەها لێم پرسی کـــە ئێستا بە چی یەوە خەریکی ؟ لە وەڵامـــدا گوتی :

ئێستا خـــەریکم پەیکەرێ بۆ چوار قوتابی یە کوردە شەهیـدەکەی ڕێگای هونـــەر ، دروست ئەکـەم (کارزان و فەرمان و ڕێبوار و ئازاد) لە ڕۆژنامـەکانی نیشتماندا هەواڵی جوانەمەرگ بوونی ئـــەو چـــوار ڕۆڵەیەی هونەری کوردیم خوێندەوە هەروەها ئەو بانگەوازەشم خوێندەوە کە ئێوە کەس و کاری ئەو شەهیدانە کردبوتان بـۆ داوای دروستکردنی پەیکەرێك بۆیان · لە ســـەر ئەوە ئێستا خەریکی ئامادەکردنی نموونەی پەیکەرێکم بۆیان ·

لێم پرسی کە ئاخۆ کەس لەم کارەدا یارمـــەتی داوەو ئەدا ؟ لـــە وەڵامدا گوتی

ڕاستەکەی تا ئێستا لە هیـچ لایەکەوە کەس لەم ڕووەوە هیچی بە گوێدا نەداوم · بەڵام [illegible]ـەوە بەرگوێم کەوتووە کە [illegible]ـانی ئەمـنداریەتی گشتی [illegible]ـبری و لاوان و بـــەڕێوەبەرێتی ڕۆشنبیری جـــەماوەر داوایان لە هونەرمەندان کردوە پەیکەرێکیان بۆ بکەن · من لام وایە ئەگەر ئەمە ڕاست بێ و ئـــەو کاربەدەستانە مەبەستێکی وایان بێ، ئـــەتوانن لە ڕێگای باڵیۆزخانـــەی عێراقەوە لـــە ڕۆما گـــە پێوەندی بەکەسانی وەك منەوە بکەن بۆ ئـــەم کارە وەك پێشـــان لە ڕێگای ئـــەو باڵیۆزخانەوە پۆستەرێکم بە بۆنەی خۆماڵی کردنی نەوتەوە پێشکـەش کرد ·

لە بارەی چۆنیەتی دروســـت کـردنی پەیکەرەکەشەوە پرسیارێکم لێ کرد · لە وەڵامدا گوتی :

ڕاستیەکەی دروست کـــردنی پەیکەرەکە کـاری زۆری دەوێ و من نامەوێ لێرەدا بەقسە زۆری لەسەر برۆم و باسی ئەوە بکەم کە چەندی تێ ئەچێ و مەینەتی چەندە ؟ بـەڵام لە بارەی چۆنیەتی یەوە ئەڵێم بـــە شـــێوەی بازنە دروستی ئەکەم · قوترەکەی ٤ ١سم ئەبێ و هەیکەلەکەی لە برنجە (برۆنز) و هەر چواری بە درێژی لەتەنیشت یەکەوە لە ســـەر چەرم کـــەبس ئەکەین · جـــۆری پەیکەرەکەش (ریلیڤو Rilievo) یەو کە تەواوم کــــرد وەك نموونە ئەیخەمـــە پیشانگاکەوە بۆ ئـــەوەی خەڵك ببینن جا پاشان ئەکەوێتـــە سەر هونەر دۆستان · بەش بە حاڵی خۆم لە تواناما ئەبێ گەورەی بکەم و ئامادەی هەموو یارمەتی یەکم · لـــەم بارەیەوە ئەمەوێ بڵێم ئەتوانرێ ئەم چوار برنجەیە بخرێتە ناو دیوارێکی مەڕمەڕەوە بە بەرزایی ١/٥م×١م و ئەمەش لە سەر سەکۆیەك و ناوەکانیان بەلاتینی لەسەر برنجەکە بنووسرێت·

ئیتر لەم ڕادەیەدا گفتوگۆکەم لەگەڵ کاك دارا بڕی یەوەو ، بەهیوای ئـــەوەی بتوانـین لـــە سلێمانی یەوە کارێك بکەین ئـــەم پەیکەرە گـــەورە بکرێ و بهێنرێتـــەوە بۆ شـــــارە خۆشەویستەکەمان و بە یادگاری ئەو چـــوار گـــوڵاڵە سوورە سیس بوەی باخچەی هونـــەری کوردی یەوە لـــە یەکێ لە مـــەیدانەکانی سلێمانیـــدا دایمـــەزرێنین ئیتر لێرەوە ماڵاواییم لێ کرد .

سی ئەفسانە لە ئەفریقیاوە



* محمد بدری ئامادەی کردووە *



١ ـ ئەفسانە یەك لە سیرالیوونەوە :
(سەبەتە پێستەکە)

لە سەردەمە هەرە کۆنەکانا مەرگ نەبووە چونکە لەگەڵ خواوەندا ژیاوە ، خواوەند حەزی لەوە بوو مەرگ هەمیشە لە گەڵیا بێت ولە ئاسمانا بمێنێتەوە بە پێچەوانەی مەرگ کە هەمیشە حەزی لە هاتنە خوارەوە بوو ، لە پاش تکاو رجایەکی یەکجار زۆر مەرگ توانی خواوەند بۆ ئەم مەبەستە رازی بکات بە مەرجێك کە مرۆف بە نەمری بمێنێتەوە ونووشی نەمان نەبێت وبۆ ئەم مەبەستە خواوەند بڕیاری ئەوەی دا کۆمەڵە پێستێکی بۆ بنێری لە کاتی پیری و لاوازی دا بە کاریان بهێنێ ...

خواوەند ئەو پێستانەی خستە ناو سەبەتە یەك و تەسلیمی دەستی سەگێکی کرد بۆ ئەوەی بۆ مرۆف بیبات ، بەڵام لە رێگادا سەگەکە تووشی برسیەتی و تینویەتی دەبێت وبە رێکەوت چاوی بە کۆمەڵە ئاژەڵێك دەکەوێت خەریکی لەوەڕخواردنن خێرا لێیان نزیك دەبێتەوەو نانیان لە گەڵا ئەخوات و لە پاشان بۆ ئەوەی تۆزێ بحەسێتەوە پەنا بۆ سێبەرێك دەبات ودەخەوێت وکە سەگەکە چاوی لە خەودا دەبێت مارێك لێ نزیك دەبێتەوەو سەبەتەکە بۆ ناو جەنگەڵێك رادەکێشێت و پێستەکان بۆ خۆی دەبات ..

کە سەگەکە خەبەری دەبێتەوە سەیر ئەکا سەبەتەکە نەماوە و دزراوە وپاش گەڕانێکی زۆر بۆی دەرئەکەوێ مار تاوانبارو دزە . ئنجا ئەچێ مرۆف لە مەسەلەکە ئاگادار دەکات ، مرۆڤیش خێرا دەروات و سکاڵای خۆی بە خواوەند ئەگەیێنێ وداوای لێ دەکات فەرمانێك بۆ مار دەرکات سەبەتە پێستەکە بهێنێتەوە بەڵام خواوەند ئەوەی نەکرد و فەرمانی مردنی مرۆڤی دا ، بۆیە هەر لەو رۆژەوە مرۆف رقی لە مارە وهەمیشە هەوڵی کوشتنی ئەدا ، ماریش هەوڵی ئەوە ئەدات لە مرۆف دوور کەوێتەوەو بە تەنیایی رۆژگاری خۆی بەسەر ببات چۆنکە هەتا ئیستاکە سەبەتە پێستەکەی لەلایە و هەموو ساڵێك پێی ئەلوێ پێستی خۆی بگۆڕێت ..

٢ ـ ئەفسانە یەك لە نیجیریاوە :
(کیسەڵ وئاموژگاریەکان)

هەبوو نەبوو .. کیسەڵێکی بە فیز هەبوو.. ئەم کیسەڵە شانازی بەوەوە دەکرد هەرچی زانست هەیە لە دنیادا ئەیزانێ و رۆژێك دێت خۆی لە گەورەترین

وبەرزترین پلەی زانستی دا ببینێ و ببێتە گەورەترین سپوری جیهان وئەگەر هاتو ئەو ڕۆژە هات ئیتر هەرچی شاو پیاو ماقوول هەیە بۆ چارە سەرکردنی گروگرفتی ژیانیان ڕووی تێ ئەکەن وبەم جۆرە ئەبێتە خاوەنی پارەو موڵکێکی یەکجار زۆر ‥ بۆ ئەم مەبەستە دەستی بە گەڕان کردو تورەکە یەکی گەورەی پەیدا کرد بۆ ئەوەی لە ئامۆژگاری وقسەی پسپوران لێواو لێوی بکات ٠ پاش گەڕانێکی زۆر گەیشتە ئەو بڕوایەی کە ئیتر بە هەموو شتێك گەیشتووە ، ئەبێ لە کۆکردنەوەی زانستی دا واز بێنێ ‥ گوریسێکی هێناو دەمی تورەکەکەی بەست و بۆ ئەوەی لەبەر چاوی خەڵکی بیشارێتەوە بیری لەوە کردەوە لە سەر لوتکەی درەختێکا دایبنێت، کە گەیشتە لای دارەکە پەتێکی درێژی هێناو سەریکی بە تورەکە کەوە قایم کرد وسەرەکەی تری بە ملی خۆیەوە بەستەوە و ویستی بە درەختەکەدا سەرکەوێ بەڵام لەبەر ئەوەی تورەکەکە زۆر قورس بو پێی نەکرا بەدرختەکەدا سەرکەوێ ، جا هەوڵی دا تورەکەکە بخاتە سەر پشتی دیسان پێی نەکرا ‥ لەم کاتەدا کە خەریکی ئەم بەزم و ڕەزمە بوو زەلامێك لەو دوورەوە دای لە قاقای پێکەنین ، کە ئاوڕی دایەوە دی ڕاوچییەکە راوچییەکە وتی : ئەی هاوڕێی ئازیزم گەر ئەتەوێ بە دارەکەدا سەرکەویت بۆچی پەتەکە بە پشتتەوە ئەبەستیت ؟!

کە ئەم قسەیەی بیست بۆی دەرکەوت ئەم قسەیە پەندێکی بەنرخەو ئەبێ بیخاتە ناو تورەکەکەوە ، بۆیە بە توڕەییەوە تورەکەکەی دا بە زەویدا وهەرچی ئامۆژگاری و پەندی تێدا بوو پەرت وبڵاو بوونەوە و پارچە پارچە بوون ‥ جا لەبەر ئەوەیە مرۆڤ ئەگەر بیەوێ فێری شت بێت و شارەزایی وڕۆشنبیری پەیدا بکات ئەبێ دەست بە گەڕان بکات بە مەبەستی ئەوەی لەو ئامۆژگاریانەی دەست کەوێت ‥

٣ ـ ئەفسانە یەك لە سوودانەوە :

پیاوو مارەکە

ڕۆژێ لە ڕۆژان زەلامێك بە ڕێکەوت چاوی بە چەند مارێك دەکەوێت لە کاتی شەرکردن و بەگژ یەکدا چوون دا ، کە لێیان نزیك دەبێتەوە سەیر ئەکا یەکێك لە مارەکان لە ئەنجامی شەرەکەدا کوژراوە و مردووە بۆیە تووشی خەمباری وخەمگینی دەبێ و بە دەنگێکی بەرز هاوار ئەکات : لاچن واز لەو مارە مردووە هەژارە بهێنن ‥ یەکێك لە مارەکان سەیری پیاوە کە دەکات و پێی دەڵێت : ئەتۆ ئەی زەلام پێت دەکرێ لەمەولا لە قسەی مشك ومیشوولە و مانگا تێ بگەی بەڵام نابێ ئەم نهێنییە لای کەس بدرکێنی ، چونکە ئەگەر هات و قسەت کرد دەمری ٠ پیاوەکە شوێنەکەی بە جێ هێشت و بۆ ماڵەوە ڕۆیی ، کە شەو داهات خێزانەکەی دەرگای ژوورەکەی داخست و خۆیی ومێردەکەی کە خەریکی ئەوە بوون بخەون مێشوولە یەك لە دەرگا کە نزیك بووەوە بە نیازی ئەوەی بێتە ژوورەوە بەڵام نەیتوانی چونکە هیچ درزێکی لە دەرگاکە دا بەدی نەکرد بۆیە لەگەڵ خۆیدا وتی تۆ ئەمە ئەمە کارە ؟! دەرگاکەیان وا داخستووە هەتا میشوولەش ڕێگای بۆ نییە بچێتە ژوورەوە ٠

پیاوەکە بە ئاگا بوو وگوێ لە قسەکانی مێشوولەکە بوو ، بۆیە دەستی بە پێکەنین کرد ‥
ژنە وتی : پیاوە بە چی پێئەکەنی ؟
پیاوەکە ووتی هەروا ···


دوا بە دوای ئەم ڕووداوە مشکێك هەوڵی دا بێتە ژوورەوە دیسان پێی نەکرا بۆیە ئەمیش ووتی: خۆزگە ئەمزانی ئەم ژنە بەڵایە ڕۆنەکەی لە کوێ داناوە ؟! پیاوەکە دیسان پێکەنی وژنەش دیسانەوە ووتی : ئەری کابرا ئەم پێکەنینەت لە چییە ؟! پیاوەکە ووتی : هەروا ‥ هیچی وا نییە ‥ کە ڕۆژ بووەوە پیاوەکە ڕووی کردە تەویلەی ئاژەڵەکان و ژنەش پاش ماوەیەك بۆ شیر دۆشین هات ، مانگا کە لە چاوی پێی کەوت ووتی : بێگومان بۆ شیر دوشینی ... بەڵام شەرت بێ وات لێ بکەم بە دەست ... بکەرێتەوە چونکە ئەمەوێ گوێرە کە ... نەکەم ٠
پیاوە... لە قاقای پێکەنین ‥
ژنە دیسان ئەم پێکەنینەی پێ سەیر بوو بۆیە ووتی : ئەوە بۆچ پێئەکەنی ؟!
پیاوەکە ووتی : هەروا ٠

ژنە بە دەست بەتاڵی ڕۆیشتەوە و مانگاکە لە ڕۆژی دووەمدا هەمان کردەوەی دووبارە کردەوە و منداڵی ژنە لە بێ شیری دا نەخۆش کەوت ، بۆیە ژنە خێرا خۆی کردە تەویلەی ئاژەڵەکان و بە مێردەکەی ووت . پیاوەکە ئەم گوێرەکەیە منداڵەکەی لە برسانا کوشت ‥

مانگا کە گوێ لەم قسانە بوو ، هاواری کرد
— ئەم ئافرەتە شەرم ناکات ئەم جۆرە قسانە ئەکات ؟!

پیاوەکە دیسان بەم قسانە پێکەنی .. ژنە هەمان پرسیاری کرد وپیاوەکەش بە هەمان شێوە وەڵامی دایەوە .. لە بەرەبەیانا ژنە یەخەی مێردەکەی گرت و وتی : هەر ئێستا کە ئەبێ تەڵاقم دەیت وبۆ ئەم مەبەستەش پیاوانی گوندەکەی کۆکردەوە . پیاوەکان وتیان : تۆو مێردەکەت حاڵ و حیکایەتی خۆتان باس بکەن و لە پاشان ئێمەش قسەی خۆمان ئەکەین .

ژنە وتی :ـ ئەمە چەند جارێکە مێردەکەم پێم پێدەکەنێ وکە لێ دەپرسم وەڵامم ناداتەوە بۆیە من ناتوانم لەگەڵیا بژیم .
پیاوەکان وتیان :ـ بۆمان روون کەرەوە بۆ چی بە ژنەکەت پێدەکەنی ؟
وتی :ـ شتی وا نییە .
وتیان :ـ راست ناکەی .
وتی :ـ ئەگەر پێتان بڵێم ئەمرم .
وتیان :ـ چی ئەزانی روونی کەرەوە .
پیاوەکان زۆریان لێ کرد ، ئەمیش ناچار بوو نهێنییەکە بدرکێنی ، دو سێ ووشەی ووت و یەکسەر گیانی دەرچوو .. خەڵکەکە زۆر خەفەتیان بۆ خوارد و خێرا گۆڕێکیان بۆ هەڵکەند ؛ کە خەریکی ئەوە بوون لاشەکەی بە خاك بسپێرن مارێك لەو لاوە دەرکەوت و خێرا خۆی گەیاندە نزیك گۆڕەکە و خۆی بە مەیتەکە نووساند و کلکی کردە لووتیەوە . پیاوەکە کوت و پڕ کەوتە جوڵە جوڵ و لە مردن رزگاری بوو ..



— ئەبێ ئەم مارە چ بێ ؟!
— بۆ دەپرسن ؟!
هەر کە پیاوەکە بە پێوە وەستا مارە [illegible]ی کشایەوە ولێ دوور کەوتەوەو رۆیی .. پاش ماوەیەك پیاوە کە بە مەبەستی دۆزینەوەی مارەکە دەستی بە گەڕان کردو بە رێکەوت لە سێبەری دارێکدا چاوی بە مارەکە کەوت ..

— بۆ قسەت کرد ، بۆ ئەو نهێنییەت درکاند ؟!
— زۆریان لێ کردم بۆیە قسەم کرد .
جا مارەکە نهێنییەکی تری پێی بەخشی و وای لێ کرد لە زمانی باڵندەکانیش تێ بگات ..

ڕۆشنایی لە سەرچۆنیەتی کێڵگەکانی دەوڵەت و ڕێگای پێشخستنیان

بێگومان پێشخستنی کشتوکاڵ و بێك هێنانی پلەیەکی بەرزی پێگەیاندو

پێشخستنی کۆمەڵگای دێهات و رزگار کردنی لە پاشماوەی گرانی دواکەوتن

داماوی پێویستی بە کردەوەو کۆششێکی بێ ووچان و کۆکردنەوەی

گەورەترین وزەی مادی ، مرۆڤانەو پارەو پول هەیە کە ئەمەش پێویستە

لە چوارچێوەی نەخشەیەکی زانیاریی رێکوپێك دابێ ...

لە پێش هەموو ئەمانەشدا پێویستە دووربین بین لە هەڵبژاردنی ئەو رێکخراوە کشتوکاڵی و ئابورییە

دروستە کە لە سەرێکەوە بتوانێ پلانەکانی پەرەپێدان بە [illegible] بهێنێ و

ـە سەرێکی تریشەوە کاریگەرانە بە شداری بکا لە پێك هێنانی گۆڕینی دوول لە گشت مەیدانە جۆر بــە جۆرەکانی کۆمەلایەتیو روشنبری لە دارو باری کۆمەلگای دێهات نشینندا ·

دابین کــردنی پێویستیەکانی دانیشتواو لە خواردنو ئامادەکردنی کـەرەسەی خاوو پێویستەکانی تری پیشەســازی کشتوکال نیشتمانیو قرەکردنی هـەمە جۆرەی بەروبوومی کشتوکال بۆ رەوانەکردنی دەرەوە تیکدا ئەمانە پێك نایەت بە شێوەیەکی دروستو لە ماوەیەکی کەمدا ئەگەر رێگەی بــەرە بەرهــەم - هێنانی کشتوکالی فراوان نەگرینو کێلگەی گەلی کشتوکالی (مجمعات زراعیە) نەکەینو باشترین شێوەی زانیــاری تازە لە کشتــوکالدا بەکار نەهێنین کێلگەی دەولەتیش بە بەردی بناغەی پێك هێنــانیو دارستنی بنچینەکانی گورینی سوشیالیستی لە کشتوکالدا دادەنرێو باشترین شێوەی هێنانەدی ئەو ئاواتانەیە کە لە بەرەوە باسمان کــرد ·

جا کێلگەی دەولەتی برینیــە لــە چـــەند مەلبەندێکی کشتوکالی ئابووری بەرهەم هێنان کە دەولەت دای دەمەزرێنیو بە هۆی دامو دەزگای هونەریو بــەرێوە بەرێتی یەکانیوە بەرێوەی دەبا بە گوێرەی پەیرەوێکی تایبەتی بۆ هێنانەدی مەبەستێك یان کۆمــەلە مەبەستێك لە مــەیدانی پەرەپێدانی کشتوکالدا چی رووەکی بێ یا ئاژال ، و بەشداربوون لــە بناغــەدانانی پــەیوەنــدی یە پێش کەوتووەکانی بەرهــەم هێنــانو لادێیــەکــی سۆشــیالیستی پێش کەوتوو · لــە مێژە کێلگـــەی دەولەتی لە عیراقدا دەستی پێ کراوەو کــەوا لە ســەوەل کۆدا لەقەوارەی چەند پارچە زەوی یەکی بچووك دابوو وە وەکــو ئیستگەیەکی کێلگەیی بۆ

تاقی کردنەوەی کشتوکالیو بەرهــەم هێنانی هەندێ بــەرو بوومو تۆو شەتلی میوە تەرخان نەکراو وەکــو مەلبەندێك بوو بۆ روون کردنەوەی کاروباری کێلگەیی ·· کە تا ئێستاش

ئەم جۆرە ئیستگانە لە ناوچە جــۆر بە جۆرەکانی ولات هەرماون کە ئەو ئەرکەی پێیان سپێراوە بــە رادەی جیاواز جێ بەجێ دەکەن هە وەکـــو

چەنـــد کێلگەیـــەکیش لە هەندێ پرۆژەی کشتوکالی تردا دروست بووە تا ببێتە نمونەیەكو رابەرێك بۆ ئەو پرۆژەیە هەرچەندە کە بە رووبــەر بچووك بووە ·

پاش شــۆرشی ١٤ تـــەموزی ١٩٥٨ ئامانجەکانی کێلگەی دەولەتی فراوان تر بوو چوونکە یەکەندەردو زورکرایە هێنانەدی بەرهەم هێنـــای کشتوکالی فراوان وە دابین کــردی بەرو بومی کشتوکالی هەمو جۆرەو بە نرخێکی باش · هەروەها حکومــەت ویستی لــە دوستایـــەتی یەکیەتی ســوڤیاتیو شارەزایی یەکانی لـــەم مەیدانەدا کەلك وەربگرێت [illegible] لە مێژووی ١٦ـ٣ـ[illegible]٥٨ عیراقی ، سوڤیاتی گرێ[illegible]

پێی ئەم پەیمانە پێویســـ[illegible] هەندێ کێلگەی دەولەتی لە عیراق دابمەزرێت کــە دەولەت راستەوخۆ بەرێوەیان بەرێت ، هــەروەها بە رێوە بەرێتی ی گشـــتی کێلگە ـ کانی دەولەتی دامەزرا تاکو ·· بەرێوە برونی ئەم کێلگانە لە ئەستۆ بگرێت کە هەرە گرنگەکەیان کێلگەی لۆکەی صۆیرەو کێلگەی برنجی شەطــرەو کێلگەی رووەکی پزیشکی ئەبو غریبە ·

بــەلام رەوتی ئــەم کێلگانە کێلکانە تووشی زۆر کەندو کۆسـپ بوو ، گرنگترینیان نەبوونی کادیری هونەریپیشەو بــەکارهێنانی کرێکاری زۆری بێ بەرهەم بوو کە لە ئاکامدا بوو بەهۆی ئەوەی سال بەسال زیان کــەلەکە بکــاتو گیروگــرفتی بەرێوەبەریتو پارەیی زیاتر ببێ کە لە داوییدا کاربەدەستانی ناچارکرد لە ســالی ١٩٦٢ ئــەم بەرێوە بەریە گشتیە بکــەن بە بــەرژەوەندێك (مصلحە) تا بتوانن بەسەر ئــەو گیروگرفتانەدا زال بن کە بەرێوەرێتیی گشتی کێلگەکان رو بەرووی دەبوو لەگــەل ئەوەشـــدا کەپەیرەوی بەرژەوەندەکە هەندێ دەستکاری کرا چ لەرووی مــەیدانی بــەرێوە بردن یانەخشەی کارو پێویستیەکانی بەلام هەر لە توانای دا نەبوو کە لە ناخۆشی رزگاری بێت بەم رەنگە کەمی پارەکە لە کاتی دروســت بوونیەوە توشی بوبو لەگەل هۆکانی تر هەر درێژەی خایاند بۆیە لە سالی ١٩٧٠ بریاری لابردنی بەرژەوەندەکە دەرکرا · وە لە جێگای ئەو کۆمپانیای گشتی بەرو بوومی کشتوکالی هاتە کایەوە کــە لەدوایــیدا بوو بەبنچینـــەیەك بو بەرژەوەندیەك کە سالی ١٩٧٥ ناوی لێ نرا بەرژەوەنـــدی کێلگـەکانی دەولەت ·· پال بــەپال ئـــەم بەرژەوەندەیە کــە کۆمەلێك کێلگەی لەبـــەر دەستە چـــەند کێلگەیەکی دەولەتی تریش لە چوار ـ چیوەی

دکتور
سامال مجید فرج

بەرژەوەندیی پرۆژەکانی کشتوکاڵی تردا هەن .. کە بەردەوام لەپێش کەوتن گەورەبوون دان تابنە ناووکێك بۆ کێلگەی بەرهەم هێنانی گەورەکە لە ئاکامدا دەبن بە بنچینەی هێنانەدیی گۆڕانەکانی سۆشیالیستانە لە دیهاتدا . بۆ ئەوەی ولێنەبەك کێلگەی دەوڵەتی‌و چۆینەتەکەی پێشان بدەین‌وا لەمەودوا ئەمانەوێ بەکورتی باسی گرنگترین رووی بنچینەی ئەو کێلگانە بکەین تالەمەوە دەست کەین بە دیاری کردنی رێگای راست‌و رەوان بۆ پشت گرتنو پێش خستنی ئەم کێلگانە تا جێگای باشی خۆیان بگرن لە ـ رێ رەوی بەرەپێدانی کشتوکاڵی‌و دامەزراندنی سوشیالزمدا .

زەوی‌و زاری کێلگەکانی دەوڵەتی :

ژمارەی کێلگەکانی دەوڵەتی دەگاتە (٣١) کێلگە کە بە هۆی بەرژەوەندی کێلگەکانی دەوڵەتی‌و بەرژەوەندی‌و پرۆژە کشتوکاڵیە جۆر بەجۆرەکانەوە ئەبرێن بەرێوە کە رووپێوی گشتیان (٨٣٩) هەزار دۆنمەو ئەوەی بۆ کشتوکاڵ دەشێ (٣٢٨) هەزار دۆنمە بەلام ئەو بەشەی کە بەتەواوی دەکرێ بە کشتوکاڵ ئەنها (٢٠٧) دونمە .

هەر وەکو لەخوارەوە روون کراوەتەوە سەرچاوە ـ وەزارەتی کشتوکاڵ‌و چارەکردنی کشتوکاڵ .

بێ گومان رووبەری کێلگەکانی دەوڵەتی بەتایبەتی ئەو بەشەی ئێستا بەکەلکی کشتوکاڵ دێت کەبرێتی‌یە لە بەشێکی کەم هەموو رووپێوی ئەو زەوی‌وزارە کشتوکالیە .. چونکە ئێکرا رووپێوی گشتی ئەو زەوی‌وزارە کشتوکالیە (٢٣) ملیون دونمە ئەوەی کەساڵانە لی ئەکێری نزیکەی (١٥) ملیون دۆنمە بوکشتوکالی‌و هارینی .

چۆنیەتی باری بەرووبوومی کێلگەکانی دەوڵەت .

تێکرای بەرهەمی کێلگەکانی دەوڵەت لە گرنگترین بەرووبوومەکانی کشتوکالی ساڵی ١٩٧٦ / و ١٩٧٧

بەرووبووم	بەرهەم / کغم لە دۆنمێك هاوینەی ١٩٧٦ و زستانەی ٩٧٥/٩٧٦	هاوینەی ١٩٧٧ و زستانەی ١٩٧٧/٧٦
گەنم	٣٨٤	٢٤٩
جۆ	١٣٦	١٠٨
برنج	٤١٤	...
لۆکە	١١٠	...
چەوەندەری شەکر	٥٦١٢	٢٢٥٨
گەنمە شامی	٤٠٦	...
پاقلە صۆیا	٥٥	...
بەربەرۆژە	٨٢	٥٨
پەتاتەی بەهارە	١٣٤١	١٦٩١
پەتاتەی پایزە	١٦٤٠	...

ئەو گیروگرفتو تەنگو چەلەمانەی کە تووشی کێلگەکانی دەوڵەت دەبن کن لەسەروو هەموویانەوە بەکەلك نەهاتنی بە شێکی گەورەی زەوی‌وزارەکانە بۆ کشتوکاڵ چی بەهوی بلاوبوونەوەی خوێیەوە یا بەهۆی دابین نەکردنی بەشەتاوی تەوارموە کەبوونەتە هۆی پێك نەهێنانی پلەیەکی بەرزی بەرو بووم هەروەکو لەم لیستەی خوارەوە روون دەبێتەوە کەراوەی بەرهەمی کێلگەکانی دەوڵەت لە گرنگترین بەرووبوومەکانی کشتووکالی دوو ساڵی ١٩٧٦ ـ ١٩٧٧ دا دەر ئەخا

زەوی‌وزاری کێلگەکانی دەوڵەت‌ووەبەرهێنانیان .

ناوی بەرژەوەندی	ژمارەی کێلگە	[illegible] کشتوکاڵ [illegible]او	زەوی‌ی وە بەرهاتوو	
بەرژەوەندی کێلگەکانی دەوڵەت	٩	٤٢٣٠٠٠	١٤٣٥٠٠	٧٧٨٠٠
= کشتوکالی سەپبی کەبیر	٣	٨٤٢٣٠	٨٤٢٣٠	٤٠٤٦٦
= = خالص	٢	١٦٠٠٠	١٣٧٠٠	٧٠٠٠
= = ئیسحاقی	١	١٥٠٠٠٠	ـ	٨٤٥٠
= = دجیلە	٢	٨٤٥٠٠	٢٨٠٠٠	١٢٠١٠
= = ئەبوغریب	٢	٧٣٥٠	٥٥٠٠	٥٣٥٠
دەستەی پرۆژەکانی کشتوکاڵ	١٢	٧٤١٨٥	٥٣٤٦٢	٥٦٣٩٠
سەرجەمی گشتی	٣١	٨٣٩٢٦٥	٣٢٨٣٩٢	٢٠٧٤٦٦

باری کشتوکاڵ کردن بە ماکینە

لە کێلگەکانی دەولەتدا :

ئەو لێکۆڵینەوەی کە لەسەر کێلگەکانی دەوڵەت کراون وانیشان دەدەن کە کشتوکاڵ کردن بە ماکینە لە کێلگەکانی دەوڵەتدا وەکو پێویست بێ ناروا هەروەکو دوو چاری زۆر ناریکیو کەمو کوری بووە لەمەیدانی کارپێکردن ، پاراستن . بەردەوامی ، پەیرەوکردنی بەرنامەی راست لە کاری کشتوکاڵی داو هێنانە دی رادەی بەرهەم هێنانی بەرز . هەروەکو دەبنری بە شێوەی گشتی فرە چەشنی یەکی بێجێ هەیە لە تراکتورو ماکینەی دروێنەی کشتوکاڵ لەچوار چێوەی یەك کێلگەدا هەروەکو بەدیار دەکەوێ کە کەمی هەیە لەبوونی پارچەی یەدەگی پێویستو ئامێرەکانی کشتوکاڵی لەلایەکی تریشەوە دابەش کردنی ماکینەی کشتوکاڵی بە سەر کێلگەکانی دەوڵەتدا بە شێوەیەکی رێکو پێك ناروا بەهۆی کەلەکە بوونی ژمارەیەکی زۆر لە تراکتور لە کێلگەیەکدا زیادە لێی لە کاتێکا کێلگەیەکی تر .. پێویستی پێی هەیە هەربەم چەشنەش بۆ ماکینەو ئامێرەکانی تری کشتوکاڵی .

بێ گومان ئەم بارە دواکەوتووە ئەنجامێکی ناموڵا دەدا بە ئێکدا کاروباری کێلگەکانی دەوڵەتو دەبێتە کۆسپ لە رێگای پێك هێنانی ئاواتەکانی بەشێوەیەکی چاكو دروست . لێرەدا پێویستە بەنجە راکێشین بۆ ئەوەی کەکێلگەکانی دەوڵەت بەپێی بریارەکانی کۆبوونەوەکەی کێلگەکانی دەوڵەت کە لە ئازاری ساڵی ١٩٧٨ گیدا هەنگاوی گەورەیان ناوە لەمەیدانی چارە ـ سەرکردنی ئەم دیاردە گرنگەدا هەر چەندە نەیان توانیوە تا ئێستا بگەنە تەواوی ئەو ئاواتانەی لە مەیدانی کشتوکاڵ کردن بەماکینەو پێش خستنی تا ببێتە هۆیەکی کاریگەر بۆ زیادکردنی بەرهەمو بەرهەمداری لە کێلگەکانی دەوڵەت دا نەخشەکراون .

هەلسەنگاندنێکی ئابووریانەی کێلگەکانی دەوڵەت ئەو لێکۆلینانەوەی کە لە سەر هەلسەنگاندنی کێلگەکانی دەوڵەت لە رووی ئابووریەوە کراون دەخەن کە ئەم کێلگانە لەم بارەی ئیستایاندا خاوەنی توانایەکی ئابووری نینو زۆر بەبان تووشی زیان بوون لە ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٧١ـ١٩٧٦دا هۆی بنە ـ ڕەتیەکانی دەگەرێتەوە بۆ بەرز بوونەوەی تێچوونی چەسپاو (التكاليف الثابتة) بە تایبەتی سووڕانو لەناو چوونی ماکینەو پارچەکانی ماکینەی کشتوکاڵیو زیادەی کرێی کشتوکاڵی بێ ئەوەی بەرهەمداریش لە تەکیا بەرەو زیاد بوون رۆیشتبێت .. ئەمە لەگەل زۆر هۆی بنەرەتی تردا وەکو لاوازی بەرێوە بردنو بەتوانای کارکەران لەو کێلگانەداو دەست تەدانی هەندێ پارچە زەوی بۆ کشتوکاڵ [illegible] بلاوبوونەوەی خوێ لە جێگایدا و دواکەوتوویی کشتوکاڵی لە مەیدانی [illegible]داو کزی بە سەرکردنەوەو سەرپەرشتی لەسەر جێبەجێ کردنی بەرناو کارو باری جۆر بەجۆر .

هەندێ دەست پێش کەریو لایەنە چاکەکانی کێلگەکانی دەوڵەت بێگومان کێلگەکانی دەوڵەت کەپێویستییە نبەرەتیەکانی کارو بەرهەم هێنان بۆ سازکراوە دەتوانێ ئەنجامی چاك بهێتە دی لە زۆر مەیدانی کاروباری کشتوکاڵی شان بەشانی کاروباری خزمەت گوزاریو کۆمەلایەتیو ڕۆشنبیری بەتایبەتی بۆ ئەندامانی ئەو کیلگانە . بەلام باری کێلگەکانی دەوڵەت لە هەرێمی ئێمەداو هەل نەستانی لەسەر زەمینەیەکی پتەوو بناوانێکی راست پاشان گیروگرفتی زۆرو زەبەند کە تووشی بووە ئەمانە گشتی کارێکی وایان کردوە کە ئەم کێلگانە نەتوانن ئامانجی تەواوی بپێکن .

ئێمە کە لەم باسەدا لەپێش هەموو شێکدا لەباری ناقۆلاو ئەو گیروگرفتانە دواین کەڕوو بەڕووی کێلگەکان هاتوون مەبەستمان ئەوە بوو کە هەموو ئەو ناخۆشیەوە دواکەوتنە بخەینە پێش چاو کە ئەم کێلگانە تیا دەژین کە هەوڵ بدرێ بۆ دۆزینەوەی چارەسەری سەرکەوتوو تا ئەم کێلگانە جێگای راستی خۆیان بگرن وە لەبەر ڕۆشنایی بەرنامەو نەخشەی لێکولینەوەی باشدا .. بتوانێت پێشکەوێو جێگای تایبەتی گونجاو بگرێت چی لەمەیدانی بەشی کشوکالی یا لە داویدا لە چوار چێوەی ئابوری نیشتمانیدا . دەرخستنی لا ناشیرینو ناقۆلاییکانی کێلگەکانی دەوڵەتو پێشانیدانی گیروگرفتو کەموکوڕی دواکەوتوەکەی مانای ئەوە نیە کە ئەم کێلگانە هیچ سەرکەوتنو پێشکەوتنێکیان پێك نەهێناوە بەلکو بەپێچەوانەوەی ئەمە دەتوانین بلێین بە بەلگە ڕووداوی زۆرە کەئەم کێلگانە سەرکەوتنی ئاشکرایان لەهەندی مەیداندا بەدی هێناوە هەرچەندە کە تووشی زۆر

گیروگــرفتی گــەورە بوون بخشێنین بە سەر هەندێ لای جوانی بەسوودمەندی ئەزانین ــە چاوێك كارو چالاكی بەرزەوە ی كێلگەكانی دەوڵەت ٠

ئــەو مەیدانانــەی كەنیشانەی پێشكەوتنی پێوە دیارە ئەمانەیە :ــ

١ ــ لایەنی بەرهەم هێنان ٠

٢ ــ لایەنی ماكینە بەكارهێنان ٠

٣ ــ لایەنی رێكخستنو خزمــەت گوزاری ٠

١ ــ لایەنی بەرهەم هێنان :

هەرهەمداری بریتی‌یــە لــەو سەرئەنجامەی كــە چەند هۆیەكی هەمــەرەنگی چالاكــی كێلگەكانی دەوڵەت كە بەرهەم‌هێنانی رووەكی‌یە

بەدییان هێناوە جا ئەگەر كێلگەكان بتوانن بەچاكی و وردیو لەســەر شێوەیەكی زانیاری ئەو هۆیانە بەكار بهێنن ئــەوا ئــەتوانن ئەنجامی سەركەوتوی بــەرز لە تاكە بــەرو بوومێكو لە تەنها كێلگەیەكا بهێنەدی لەم ناوەش‌دا هەندێ دەست‌پێش‌كەری

جوان هەیە جا لە كاتی چاو گێرانەوە بــە خــولی كشــتوكاڵ‌دا بوخت بەكارهێنانی هــۆیە سەرەكی‌یەكانی بەرهەم هێنانی وەكــو زەوی باشو رووپێــوی گونجــاو لەگەڵ ئاوی

ئاودێری‌داو كەم كردنەوەی ژمارەی بەروبومەكانو جۆرەكانیان بە رەنگێ كــە بگونجێ لەگەڵ توانای ئــەو كادرەی هــەیە لەكێلگەدا ئەمانــە هەمووی بوونەتەو دەبن بە هــۆی ئەنجامی‌باشو بەرز لە بەرهەم‌هێنان‌دا بۆ وێنە لە وەرزی ٧٣/ ٧٤ كاتێ ١٦ هەزار دۆنم كرا بە گەنم لە كێلگەی صوێرەدا و ١٦٣ هەزار دۆنم لــە

وەرزی ٧٥/٧٤ ئەنجامی ئــەم كارە وەكــو رادەیــەكی بەرهەم هێنان بریتی‌بوو لــە ٢٠٨ كغم / دونم و

(٢٤٧) كغم / دونم یەك دوای یــەك چــونكە رووپێــوی زەوی‌یەكــە ناگونجێ لەگەڵ توانای كێلگە كە بۆ دابین كردنی ئاوو كادرو بەرێوەبەر بەڵام كاتێ تەنیا رووپێوی ١٢ هەزار دۆنم لــەوەرزی ٧٦/٧٥دا داچێنرا ئەماشامان كرد كەرادەی بەرهــەم

هێنان بوو بە ٤٦٠/كغمو دونم واتە دوو ئەوەندەیە وە هەر لەو كێلگەیە هەمان رووپێو لە وەرزی ٧٧/٧٦دا رادەی تێكرایی گەیشتە ٥٩٨ كغم/ دونم لــەم وینەیــەی سەرەوە دەر ئەكەوێ كــە لەگەڵ لێ‌كۆڵینەوەی پێویستەكان بەرەنگێكی باش لەگەڵ توانای كێلگەی ٠٠ هــەروەها لای ریكخراوو چاوپیاخشتنی بە پێویستی بەرێوەبەر یەكێكە لە هۆیە ســەر بارەكان بۆ پێك‌هێنانی ئاكام ٠

بارو دۆخی ژێركــەوتن لــە بەرهــەم هێنانی كێلگەكاندا كۆنو ئێستا ئەگەرێتەوە بۆ زۆر هــۆی بنەرەتی ٠٠٠ كە لەوانە پیتو فەرەی زەوی‌یە ئەمەش لەوەدا ئاشكرا ئەبێ لەچاندنی گەنم لە كێلگەی (لطیفیة) كە [illegible]ی بەرهەم هێنانی لە وەرزی [illegible] ٣٦٩/٧ كغم دۆنمو ٢٣١ [illegible]و دوا بەدوای لەكاتێكدا كە[illegible]بەرهــەم هێنان پاش چاك كردنی زەوی لەوەرزی ٧٥/٧٦/٧٦/ ٧٧ گەیشتە ٥٠٠ كغم دونم ٧١١كغم دونم ٠

بەرهەم هێنانی پەتاتە لە ناوچەی رەبیضە لە صــوێرە پێش چاكردنی زەوی واتە لە وەرزی بەهاری ١٩٧٤ ١٦٢٧ر١ تەن / دۆنم بوو لە كاتێكدا رادەی بەرهەم هێنان هەر بۆ ئــەم

بەرو بوومە بۆ وەرزی ١٩٧٧ بوو بە ١٢٠ر٢ تەن / دۆنم واتە دوو ئەوەندە

بەلای كەمەوەو رووپێوی ٩٠٠ دۆنم زەوی لە رەبیضە لە وەرزی هاوینی ١٩٧٦ رادەی ٥٠٠كغم / دۆنم لۆكەی

هێنانە بەرهەم ٠ لەكاتێكدا كە پارچە زەویەك كە رووپێوی ٢١٠٠ دۆنم لە كێلگەیــەكی دەرەوەی زەویــە

چاك‌كراوەكانی رەبیضە رادەی بەرهەم هێنانی گەیشتە ٢١٠ كغم / دۆنم ٠

٢ ــ لایەنی ماكینە بەكارهێنان :

لە پێشدا بوو بوو بە باو كــە كێلگەكان لە بەرنامەی كشتوكاڵیان لەكاتی خۆیدا بە پشت بەستن بــە

ماكینەی كشتوكاڵی جێ‌بەجێ ئەكرد هەر وەكو واچوبووە بیریانەوە كــە ئەو كێلگەی كە بەرنامەی خــۆی لە

كاتی خۆیدا جێ‌بەجێ ئەكا بێگومان كێلگەیەكی باش ، بێ‌ئەوەی بروانن

بەرهــەمداری ئــەو ماكینەیــەو كاركردنی لە لایەنی ئابوری‌یەوە كە

ئــەمەش كەموكوریەكی گــەورەی پێك‌ئەهێنا لە رووی وزەی كارگەران

وە كەڵەكــە كــردنی ماكینــەكان بەرەنگێ كــە رێك‌ناكەوێ لەگــەڵ

رووپێوی ئــەو پارچــە زەویــەی كەپێویستە كاری تێدا بكەن هەروەكو

ئەمەش كەمو كوری دروست ئــەكا لە چاككردنی ماكینەو پاراستنی وە

دابین‌كردنی پێویستی‌یەكانی ٠ جــا بۆیە پێویستە كــە هەنگاوی وردە

وردە بنرێت بۆ رێكخستنێ ئەم بەشە گرنگە لــە ملكــوماڵ‌دا ٠٠ لــە كێلگەكــەداو وە ئــەم هەنگاوانەش دەست پێ‌كــرا بە كۆكردنــەوەی

ماکینەی زیادە بەبێ پلانو بەرنامە کەلەئەنجامدا ژمارەی ماکینەکان کەم بونەوە لەکێلگەکاندا لە (٧٦٠) ماکینە لەسالی ١٩٧٥ بوو (٣٤٥) ماکینە لەسالی ١٩٥٦ ـ پاش پێك هێنانی ئەم ئەرکە دەستکرا بەکاری یەکگرتنی ماکینەی هەمەرەنگە وەوای لێهات کە کێلگە بوە خاوەنی رەنگ ماکینەی کاری نیەرەتیو یەك چەشنیش لەماکینەی بو بەروو بوم لەکاتی پێگەیشتنی تا دروێنەو یەك بچم لە اتوموبیلی بەرهەم هێنەر یەك بیچم لەاوتوموبیلی بۆ هاتو چوو

خزمەت گوزاریهەروەکو بەرنامەیەکی تایبەتی ئامادەکرا بۆ کارکردنو پاراستنی مەکینەکان وە لەماوەی کارکردن بەم پەیرەوە کە نۆ مانگی خایاند لە سالی ١٩٧٦ بەرژەوەندی (مصلحە) توانی کەبزانێت چەند ماکینەی لێ زیادەیەی بەرنامەیەکی زانیاری نەك هەروا بەنادورستی هەروەکو لە یەکەم جاردا رویدا . لەکاتی کارکردندا دەرکەوت لەدوایی سالی ١٣٩/١٩٧٧ ماکینە زیادەیە.. کەدەست کرا بەگورجو گۆلی بۆ کۆکردنەوەی لە ـ مخزندا تا دابەش بکا بەسەر بەشەکانی تردا لەکاتی پێویست واتە ئەوەی کەماوەتەوە کە (٢١٤) ماکینەی هەمە رەنگیە وە ئەوەی بۆ بەرژەوەندی ئاشکرابوە بریتیە لە بەراووردکردن لەرووی بەرو بووم لەگەل توانای کێلگەکە . بەبەراووردکردنێك لەنێوان بەرهەم هێنان کە تراکتورەکانی کێلگەی صویرە کە بەرادەی (٤٩٠) سەعات لەسالی ١٩٧٦ کاریان ئەکرد (واتە کاتی جێبەجێکردنی پەیرەوکە ماوەی (٩) مانگ ئیشی گەیشتوە (٨٢٦) سەعات لە (٩) مانگدا وە تراکتۆرەکانیتر لە کێلگەیەدا بوون وە بۆ بەراوورد کردنەوە لەگەل ئەو ماوەیەدا لەسالی ١٩٧٦ (١٦٠) سعات لە سالێکدا کاری ئەکرد لە وەختێکا کە لە ماوەی جێبەجێ کردیی پەیرەوەکەدا ٥١١ سەعات (٩) مانگ کاری ئەکرد . بە سوود مەندی دا ئەنێژن کە لە خوارەوە لیستەیەك بکەین تا گرنگی ئەو پەیرەوەمان بۆ روون لێتەوە :ـ « لیستەی بەراووردکردنی ژمارەکانی کار پێشو پاش دانانی پەیرەوەکە».

ناوی کێلگە	تراکتۆر	تراکتۆری دۆلابدار
کێلگەی صویرە		؟
حەویجە	؟	
ناى		
ابو غریب		
لطیفیة		
الانتصار		

تێبینی : ١ـ سالی ٩٧٦ مانای یەك سالی تەواوە (پێش دانانی پەیرەوەکە) .

٢ ـ سالی ٩٧٧ مانای (٩) مانگ دەنوێنی (پاش دانانی پەیرەوەکە).

٣ ـ لایەنی رێکخستنی وەخزمەتەکان:

رێکخستنی کارو بار لەبەرێوەبردنی بەرهەم ... لەهێنانەدی شێوەی تازە ... ئەگا لەرێزی زنجیرە ... هەلگرتنو وە ئالوگۆری ...کاوە بەرەنگێ کە هەلقەکانی خزمەت کردنی بووم کەم کاتەوەو بکا بۆ دۆزینەوەی توانای تکنیکی تازە گونجاو لەگەل زیادکردنی داواکردن لەسەر بەروبوومی بنەرەتی لەچوار چێوەی ئامانجی بەرژەوەندییەکە .

لایەنی رێکخستنی لەپێش هەمووشتێکدا ویستی بناغەی لە ئەستۆ گرتنی ئەبەرکی بەشداری لەکاری بەرهەم هێنانی یەکسەری فراوان بکاتو ماوەو هەل بۆ دەست پێشکەریو تواناکانی ریزی دوای ریزی یەکەم ساز بکات واتەپشت بەستن بە شێوازی دیموکراتیەت لەفراوان کردنی بنچینەی بیروا دەربارەی ئەخشە کێشانو جێبەجێ کردنی ئەو ئەرکانەی کە بەسەر کێلگەوەیەو جا لەم رووەوە بەرژەوەندی لەم مەیدانانەی خوارەوە کاری کردووە .

١ ـ چاوگێرانەوە جارێکیتر بەدابەشکردنی ئەرکو فەرمانو بەرێوەبردن لە کێلگەدا ... بەرەنگێك ئەم ئەرکە هەر نەکەوێتە سەر بەرێوەبەرێك لەکێلگەیەکی بچووکی ناو کێلگەیەکی گەورە ، کە ئەمە بەرپرسە لەگەل قەبارەی رووپێوی ئەو کێلگەیەو کاروفەرمانی

لە بەشەکەی خۆیدا . پێکەوەنانی ئیجە ئەنجومەنێك بۆ بەرێوەبردنی کێلگەکە کەهەمو هەفتەیەك کۆدەبێتەوە وە بریتییەلە بەرێوەبەری کێلگەکەو بەرپرسیاری بەشەکان بەرپرسیاری مەلبەندە

بەرێوەبەریەکان وەبەرپرسیاری نقابەی کرێکاران ... ئەم ئەنجومەنە لەسەر کەندە کوسپی کارکردن هەفتەی رابردوو وتووێژ ئەکاو وە هەفتەی داهاتو .

رێگەو کار دائەنێو . کۆبوونەوەی نیومانگی لە بەرژەوەندیدا کە بەرێوەبەرانی دائرەکانی بەرژەوەندی ئامادە ئەبن کە دەربارەی بەسەرکردنەوە دەستنیشان کردنی کاری ناقوللاو کەندو کۆسپو رێگای چارەکردنیان راپۆرت دەرەنو ووتووێژیان لەسەر دەکەن .

جگە لەمانـــەش‌و شێوەیەکی شبەلکیش لەگـەڵ ڕێکخستنی بـــە ماکینەکردن سەرلەنوێ دەستکـــرا بەچاوگێڕانەوە بەکـوادری ئیش‌کەر لە بەرژەوەندو کێلگەکاندا تا باشتر ئـــەو ڕاستیە ووپات کەتەوە کـــە مەبەست بەرهـــەم هێنانە نــــەك زیادکـــردنی ژمارەی کـرێکاران یا موچـــەخۆران لەباتی جا بۆ ئەوەی کادر بە خواریی بەکار نەهینزران·· لـــە ناو بچێت بڕیار درا لەبارەی ڕۆژنانەی وەستاندنی خەرج کردنی ڕۆژنانەی زیادە ·· لەحالی دەگمەن بیان ناچاری‌دا نەبێ بۆیە ئەم زیادەیە بەنیسبەتی ٩٠٪ هاتـــە خـــوار لە ماوەی ســـالێك‌دا واتـــە لە ١٠٪ لەقەبارەی ڕۆژانەی پێشوو خـــەرج کرا ·

یاســـای هانە هانەبو بەرهەم هێنان‌و ماکینەو شێوەو نمـونەیەکی پەسندە لە شێوەێش کەوتوەکان کە بەرژەوەندی پشتی پێ ئەبەستی تا نرخ‌دان بە کارو ئـــەرکی پـیرۆزی بزوێنێ لەناو کارکەراندا وە سەرەڕای ئەمـــەش بەتەنگـەوە بوێکی باشی ئـــەدایە بەشی خـــزمەت گوزاری کۆبوونەوەیەکی مانگانە بۆ کارگەرانی کێلگەکـە کـــە باسی ناقـــوڵاییو نادروستی کاری مانگێـــك تێـــدا دەکـــرێت ، هەروەها ئـــەو سەرنەکەوتنانەی کـــە لە ئەنجامی بەرهەم هێنانی ماکینەوە پێك هاتوە هـــەروەکو ژێرکەوتوەکان‌و ڕێکەی چارەسەریشیان دەست ــ نیشـــان دەکرێت ·

٢ ــ کۆبوونەوەی مانگی ڕێکوپێك لە بەرژەوەندیدا کە بەڕێوە بەرەکانی کێلگەو بەر ــ پرسیاوی ماکینـــەو سەرۆکی لیژنە نقابیەکان تیایا ئامادە ئەبن ئەمە جگە لەوەی کە بەڕێوەبەری دائرەکان لە بـەرژەوەندیا ·· باسی لیستەی کار ئەکەن کە بریتی‌یە لـــە باسی ئەم شتانەی کە پەیوەندی بەم کێشانەوە هەیە :ــ

١ ــ بەرنامەی کشتوکاڵ ·

٢ ــ بەرنامەی وەبەر هێنان ·

٣ ــ ماکینە بەکاوهێنان ·

جگە لە کاروباری تری بڵاوەی گـــووراو کـە بەنـــدە بە شێوەی ڕێکخستنی کاری ڕۆژانە و کـــەم کردنەوەی ڕۆتینی‌و چارەسەرکردنی گیروکێشەکان جا لەسەر ڕۆشـــنایی ئامانجـــەکانی بـــەرژەوەندی بۆ ئامادەکردنی تۆوی باش بۆ کـەرتی کشتوکاڵ بەرژەوەند کەوتە چالاکی بۆ ئەوەی پێویستەکانی وڵات لــــەم بابەتـــەوە دابین‌بکا بۆیـــە توانای کارگەکانی پیشەسازی کـردنی توو (تصنیع البیور) لە یەك کارگـەوە بوو بە پێنج کارگە بە وزەیان بوو بە پینجا هەزار تـــەن وە وزەی ءەمار کردنی خلیچکەو نێرکەکان (النقاوی) لە چوار هەزار تەنـــەوە بوو بە ١٤ هەزار تەن‌و هەمیشەش لە زیادیایە· هەروەها ماکینەی پلەکردن‌و تاشینی تۆو بوختە کردنی ڕیشاڵەکانی کـە ئێستا بەرژەوەنـــدی خارەبنـەیی یەرکێ[illegible]ـە لـــە بەرزترین ئەوشێوە [illegible] کە کەرستەو بەرهـــەم [illegible]کا بۆ کـــەرتەکانی تری [illegible] پیشەسازی ·

ڕێکی پێش‌خستنی کێلکەکانی دەوڵەت :

کێلگەکانی دەوڵەت بەم بارەی ئێستایانـــەوە هـــەرچەنـــدە کـــەێش کـەوتنێکی تاشـــکرایان بەخۆیانەوە دیوە لە هەندێ میـــدانی تایبەتردا بـــەڵام لەگـەڵ ئەمەش‌دا دوچاری کۆمـــەڵە گیروگـــرفتی‌و ناخۆشـــیەك بوون کـــە بـەشێکی ئەگەڕێتـــەوە بۆ کاری ســـەرەتایی دامەزراندیی ئەم کێلگانە کە ووردو دروست نەبووە بەتایبەتی لـەڕووی هـــەڵبژاردن زەویوزاری باشـــی بۆ کشتوکاڵ‌و دابین کردنی ئاو کە ئەمە بۆ بە هۆی ئەوە کە لە ئەنجامـــدا شێواوی‌و خراپی باڵ‌بکێشێ بەسەر گشت لایـــەکی کارو چالاکی ئـــەو کێلکانەدا بەڵام بەشەکەی تری بەندە بـــەو دواکەوتنەی کە لە کاروباری نەخشەکێشان بـــەڕێوە بـەریەتی‌و ئامادەکردنی کادری لێ‌هاتو ، پێـــك هێنـــانی پەیڕەوی زانیاری بۆ کاری کشتوکاڵی وەکارکردنی ماکینـــە ·· ئەمە جگەلەوەی کە پێویستە بزانـــین کە بەشێ زۆری کێلکەکانی دەوڵەت تائێستا لە دەوری دامـــەزرانـــدن‌و تەواوکردنی دارو باری‌و چاككردنی زەویدان · کە ناتوانن بە شیوەیەکی زانیاری ورد نرخ بدەین بە دەوری‌و سەرکەوتنەکانی هەڵسەنگێنین لـــە نەخشەکانی پەرەپێدانی کشتوکاڵی‌و ڕیشـــە داکـوتایی ·· گۆڕانەکانی سۆشیالیستی لە دێهات‌دا ·· بـــەم پێیە کە لەسەرەوە وتمان لەو باوەڕە دابن کە کۆمەڵە کاروبارێك‌و هەنگاو نانێك پێویستە تا ئەم کێلکانە پێش بکـــەون‌و بگـۆڕێن تا پایەیـــەکی سەرکردایەتی وەرگـرێ لە ڕێڕەوی کەرتی کشتوکاڵ‌دا کەخوارەوە باسی گرنگە کانیان ئەکەین بەکورتی :

یەکـــەمین : ئامادەکـــردنی زەویوزاری بەپیت بۆ کشتوکاڵ ــ

لەپێشەوە لەوە دواین کە کزو لاوازی کـــەم توانای زەویەکانی کێلگەکانی دەوڵەت‌و بڵاو بوونەوەی خوێ لەزۆر بەشی‌دا ، کـــەمی ئاو لە هەندێ کێلگەکانی‌دا ئەمانە لە هۆ بنیەڕەتیەکانی دوواکەوتنی کێلگەکانی دەوڵەتن · کەواتە هەنگاوی یەکەمین

پێویستە برینی بێ لەگوێدان بەم٠٠ لایەنە بنەرەتیانە کە ئەویش بە دەستوبرد کردن ئەبێت بۆ پێك هێنانی کاروباری ٠٠ چاککردنی بنەڕەتی لە هەندێ کێلگەکانی دەوڵەتداو دانانی نەخشەیەکی سەرتاپایی بۆ چاككردنی تێکڕا زەویوزاری کێلگەکانی دەوڵەت جگەلەمە تەرخان کردنی بەشەزەوییەکی باش بۆ دامەزراندنی کێلگەی تازە لەگەل ئیش‌کردن بۆ

ریکخستنی کۆمەڵێك جۆگاو شەلەگەی ئاووێڕی لە کێلگەکانی میری کە بتوانێت بەباشی سوود لە ئاو وەرگرێ ٠٠ هەروەکو کەلکی چاك وەربگیرێ لە ئاو بەگژێڕەی ئەو بەروبوومانەی بڕیارنی چاندیان دەدرێت ٠

دووەمین : پتەو کردنوو پێشخستنی بەڕیوەبەرێتی کشتوکالی :

زۆر نالێین ئەگەر بلێین کە بەڕێوەبەرێتی باشەو بە توانا یەکێکە لە هۆیەکانی سەرکەوتنو پێشخستنیو هێنانەدی ئامانجی نەخشەکێشراو ٠ بۆیە پێویستە بەتکەو بونێکی تایبەتی بنووسینی بۆ پێشخستنی دامو دەزگای بەڕێوەبردن لە کێلگەکانی دەوڵەتداو

پتەوکردنی تواناو وزەی بەشێوەی زاینیاری شارەزایی بەپێچەوانەی ئەمە تێکڕا هەمو وزەی مادی ، پارەیی کە لەم کێلگانەدا خەرج ئەکرێ هیچ ناگات بەهیچو ئامانج ناپێکێ ٠ وە لەبابەت پێشخستنی بەڕێوەبەرێتی کێلگەییەوە وای دەبنینین کە دەبێ بەشێوەیەکێ تایبەتی بایەخ بەم کاروبارە سەرەکییانەی خوارەوە بدرێت ٠

١ ـ پێك هێنانی پەیرەوێکی سەرانسەری کە نێوان کاروباری بەرهەم هێنانو بەڕێوەبردن پێکەوە گرێ ئەدا بە چەشنێ کە نەخشە دانراوەکان بەدروستی بەجێ دەگەیێنێ ٠

٢ ـ بەلیستەگرتنی گشت کارگەرانی کێلگەکانی دەوڵەتو بابەت کردینان لەڕووی زانیاریو بەڕێوەبەرێتییەوە پاشان سەر لە نوێ دابەش‌کردینان بەپێی نەخشەیەکی تەواو چ لە چوارچێوەی تەنها کێلگەیەك یا لەسەر پلەی کێلگەکانی دەوڵەت لە هەموو ولاتدا بە مەرجێ کە یارمەتی بێتواناو زیادە دورخرێتەوەو کوادری شارەزایی لێ هاتوو بخرێتە جێگایان تاتوانای بەڕێوەبەرێتیو بەرهەم هێنانی ئەو کێلگانە بەرزکاتەوەو پێویستەکانی جێبەجێ بکا ٠

٣ ـ نواندی نەرمونیانییەکی باش لەکاروباری کێلگەییدا ئەمەش بە پێش‌کەش کردنی دەسەلاتی تازەو بەڕێوەبەری تەواودا بۆ هێنانەدی نەخشەکانی بەرهەم هێنان بەلاکردنەوە بە شێوەی تایبەتی کە پێویستە ئەم کێلگانە دەستەلاتی تایبەتیان هەبێ بۆ پێك هێنانی ئەم نەخشانە ٠

٤ ـ هەوڵدان دابین[illegible] بەڕێوە بەرو شارەزای [illegible]انا بۆ کێلگەکانی دەوڵەت بەتایبەتی بەڕێوەبەری ، هەروەکو پێویستە ئەوانە لەوانە بن کە باوەڕیان بە رێڕەوی سۆشیالستی بێ سووربن لە کارکردن لە کێلگەکانی دەوڵەتداوله کورەی لە خۆبوردنیو چوونەپێشەوە داقال بوبون وتوانایان هەبێ کە بە برایانە لەگەل کارگەرانی کێلگەکاندا هەلسوڕێن ٠ لەگەل ئەمەشدا پێویست بە بەردەوام خولی مەشق‌کردنی شارەزاییو هەنەری بۆ گشت کرێکارە چالاکەکانی کێلگە کە بکرێتەوە تا تواناو شارەزایان زیادبێ بە ڕاستی ئەم خولانەوە هەنگاوێکی گەورە پێك‌ئەهێنێ لە مەیدانی بناغەی دانایی سۆشیالستی ودامەزراندنی کێلگەکانی پێش‌کەوتنی دەوڵەت ٠

٥ ـ بەکارهێنانی دروست سەرانسەری بۆ پەیرەوی محاسبەی یەك‌گرتو هەرەکو پێویستە گرتنی دەفتەر بۆ هەمومەکی لەو کێلگانە بە سەربەخۆیی ڕێك بخدێ کە ئەمە سەرەڕای سوودی ئەتوانرێ نرخی تەواوی ئەو بەرهەمانە بزانرێ لەگەل ئەو ماکینانەی ئیشی تیا ئەکەن لەگەل کرێکارەکانی کە کاری تیا ئەکەن بە نیازی ئاگاداربوونو نرخ دانی لە ڕووی ئابوریەوە کە ئەمە ئەبێتە هۆی بەشداربون لە ئامادەکردنی نەخشەی زانیاری بۆ پێشخستنی ئەو کێلگانە جگە لە چارەسەرکردنی ئەو کەندو کۆسپانەی کە دێنە ڕێگەی هەندێ لەو کێلگانە٠

٦ ـ دانانی پەیرەویەکی تەواو بۆکاروبار کە لەسەر بنچینەی پەیوەندی کەیی‌بە بەرهەم هێنانەوە میستری چونکە ئەم ئیشە ئەرزیەتێکی باش ساز ئەکا بۆ بەشدار بوون لە زیادەی بەرهەم هێنانو بەربو بوم ورێکە ئەکاتەوە بۆ هانەهانەدانی گیانی دەست پێش‌کەری لای کارگەران لە کێلگەکانی دەوڵەتدا ٠

سێیەم : پشت بەستن بە نەخشەکانی کشتوکالی :

پێویستە تێکڕا کارو بارو

چالاکی بەشەکانی کشتوکاڵ لەسەر بەرنامەو نەخشەکانی کشتوکاڵی تەواو بڕوا بەڕەنگی کە بە وردی ئامانجو ڕێڕەوی تایبەتی سیاسەتو نەخشەکانی پەرەپێدانی کشتوکاڵی لە وڵاتدا تیایا خۆی بنوێنێ ئێمە بوونی ئەم نەخشەیەو بەرنامەی خوارەوە لە چوارچێوەی تەنها کێلگەیەکدا بە پێویست دادەنێین :

١ ـ نەخشەی بنچینەیی سەرانسەری بۆ تێکڕا بەشەکانی ئابووریو کشتوکاڵی کۆمەڵایەتی لە کێلگەکەدا ٠

٢ ـ بەرنامەی شیکراوە کە لە سەرچاوەی نەخشە بنچینەییەکەوە وەرئەگیرێو هەمو لایەنە جۆربەجۆرەکانی بەرهەم هێنان لە کاری کێلگەدا دەگرێتەوە ٠

٣ ـ بەرنامەی شیکراوە کە لە سەرچاوەی نەخشە بنچینەیی یەکەوە وەرئەگیرێو چالاکی یەکانی وەبەرهێنان (الانشطه الاستثماریه) دەگرێتەوە ٠ جا کاروباری نەخشەکێشان چارنییە دەبێ کرداری بەسەرکردنەوەی دوابەدوا (متابعه)دا بێت بەتایبەتی بەسەرکردنەوەی مەیدانانەو چاوگێڕان (رقابه) تو مەبەستی چارەسەرکردنی گیروگرفتو تەنگوچەڵەمانەی کە دێنە ڕێی بەجێ گەیاندنی نەخشەکان بە شێوەیەکی ڕاستو دروست ٠ بێگومان نەخشەی زانیاری ورد ، دوا بەدوا ڕۆیشتنو چاوگێڕایی بەکەڵك ناتوانرێ بهێنرێتە دی بێ ئەوەی پێویستی یە بنچینەکانیان پێك نەهێنرێ کە لە سەروو گشتیانەوە کوادری تێ گەیشتووی شارەزاو ئەژمارووە بیاناتی ٠٠٠ ڕاستو دروستە چکە لە ٠ بەشدارکردنی کاریگەر لە لایەن تێکڕا کارکەرانی کێلگەوە بەشێوەیەکی دیموکراتی بۆ ئامادەکردنی نەخشەکانو وتووێژکردن لەسەر بەرنامەی کارو چۆنیەتی جێبەجێ کردنی ٠ جا پێویستە باش پەنجە بخەینە سەر ئەمکارانە لە کێلگەکانی دەوڵەتدا تا بتوانین نەخشەی دروست کارکردنی زایناری تەواو بۆ سازکەین ٠

چوارەم : پێشخستنی بەرهەم هێنانو زیاد کردنی بەرهەمداری :

بۆ ئەوەی کێلگەکانی دەوڵەت ڕابەرو سەرکردەی ڕێڕەوی کشتوکاڵ بن پێویستە زۆر بە وردی گوێ بدەینە پێشخستنی بەرهەم هێنان بەمیشەیی و پەیڕەوکردنی تازەترین شێوازی زایناری دروست بۆ زیادکردنی بەرهەمداری بۆ پێك هێنانی ئەم مەبەستە پێویستە ئەم ڕێبازە بنچینانەی خوارەوە بگرێتەبەر :ـ

١ ـ تێکر زەویوزارەکانی کێلگەو پول کردنی خاکەکانیان بتوانین بەروبومی گونجاوی بۆ هەڵبژێرینو تیایا بچێنین بەڕەنگێ کە لە دواییدا بەرزترین بەرهەممان پێ ببەخشێ و بە باشی بەروبومان بداتێ ٠

٢ ـ بەکارهێنانی شێوەی دەوراتی [illegible] پەیڕەوکردنی شێوەی ز[illegible]زە زۆر گوێدان بە پەیین کر[illegible]زەوییەکەو پاراستنیو ڕزگار کردنی لە دەردو بەڵا ٠

٣ ـ هێنانی ماکینە بە شێوەیەکی فراوانو بەکارهێنانی لە کاروباری کشتوکاڵیدا کە پێویستە زۆر بە وردی ئەم کارە بڕوات بەڕێوە تا بەتەواوی کەڵك لە ماکینەکان وەربگیرێو کارەکە بە پوختەیی جێبەجێ بکرێ بەڕەنگێ کە ڕەنجدان و پارەی کەم تێچێ وە لەم مەیدانەشدا پێویستە چاومان لەم خاڵانەی خوارەوە بێ ٠

أ ـ پێویستە نەخشەیەکی تەواومان هەبێ لەڕووی بە کارهێنانی ماکینە بۆ کاروباری هەمە جۆرەی کشتوکاڵ لەم بازەیەوە پێویستە چەشنی خاکەکەو باری ئاو هەواو چەشنو قەبارەی کردارە کشتوکاڵی یەکانو کاتی دەستپێکردنیان بخەینە بەرچاو ٠

ب ـ پێویستە ئەو ماکینانە لەم جۆرانە بن کە لەگەڵ ئەو چەشنە کارەی کە لە کێلگەدا ئەکرێ بگونجێن هەروەکو دەبێ ژمارەشیان بەگوێرەی پێویستبێتو بە شێوەیەك کە بەرزترین بەرەنجام بەدەستەوەبدەن

ج ـ پێویستە وبسپلینو بنچینەیی تایبەتی دابنرێ بۆ کارتێ کردنو پاراستنو دەوامی ماکینەکان٠

د ـ دابینکردنی پارچەی احتیات بەزۆریو ڕێکخستنی کاری خزمەت گوزاریو چاككردن بە ڕەنگێ کە شکاندنی ٠٠ ماکینەکانو کات بەخیڕۆ بردن لەکەمەکاتەوە ٠

هـ ـ زۆر بەتەنگەوەبون ڕێکخستنیو گرتنی دەفتەری تایبەتی بە ماکینەکانو ئیشکردنی ئەم ماکینانە بە ئامانجی هەڵسەنگاندنێکی ووردیان ٠

٤ ـ مسۆگەر کردنی هاوسەنگی نێوان بەرهەمی ڕووەکیو ئاژەڵی بەپێی باری ئەو کێلگەیە لەڕووی ئاو و هەواو سروشتیەوە بەڕەنگێ کە لە مەیدانی تەکامولی ئابوریەوە

بتوانێ کەڵك وەرگرێ لە بەکارهێنانی سەرچاوەکانی بەردەستو بتوانێ کەڵك وەرگرێ لە بەروبومە دووەمینەکانی بەرهەمی کشتوکاڵی بۆ بەخێوکردنی هەندێ لە ئاژەڵەکانی کێڵگەکە لە کاتێکا کە کێڵگە ئامانجی سەرەکی بەرهەم هێنانی ڕووەك بێ ٠

لێرەدا پێویستە ئەوە بزانین کە کێڵگەکانی دەوڵەت مەرج نیە کاری سەرەتیان هەر بەرهەم هێنانی ڕووەك بێ ٠ بەڵکو ئەتوانرێ کێڵگەی ... دروست بکرێ کە بەرهەم هێنانی ...زایێ بنچینەیی چالاکی ٠٠ لێرەدا

...ێ پێویستە بنەڕەتەکان ٠٠ ...زبکرێ بۆ گۆڕینی بەرهەم هێنانو ...دکردنی لە چوارچێوەی ...خشەیەکی تەواودا لەگەڵ ئەوەشدا ...ە مەرج بێ تەقەلا بدرێ بۆ

...مادەکردنی بەڕێوەبەری بە تواناو ...وادری شارەزا لە پلەی جۆربە جۆردا ٠٠٠ واتە لە کوادری مام ...وەندیو وەپیساوی پسپۆری زانستی ...ە بەرز ٠

پێنجەم : دانانی ئەستراتیجی کارکردن لە کێڵگەکانی دەوڵەتدا

پێویستە کە بۆچوونێکی ڕوون هەبێت بۆ دەوری کێڵگەکانی دەوڵەت ئاسۆی پێشخستنیان هەروەکو پێویستە نەخشەی پێشخستنی بەرنامەی کاروباری بەم شێوەیەی خوارەوە بێت تا لە ماوەیەکی کەمدا بگات بە ئامانجی خۆی ٠

١ ـ ڕوانینە کێڵگەکانی دەوڵەت بە شێوەیەك بریتییە لە کۆڵەکەی بنچینەیە بۆ دامەزراندنی سۆشیالیستی لە دێهاتدا ، بەشداربوونێکە بۆ ڕیشە داکوتایی گۆڕانەکانی سۆشیالیستی لەسەر بناغەی ئابووری و کۆمەڵایەتی لەوڵاتدا ٠

٢ ـ هەوڵو کۆششی خەست بۆ ئەوەی کێڵگەکانی دەوڵەت ببنە ڕابەرو ٠٠ وێنەیەك لە سەر بەخۆیی کشتوکاڵی لە بەشی کشتوکاڵدا بەتایبەتی لە مەیدانی پێشخستنی بەرهەم هێنانو زیاد کردنی لە هەموو ڕوویەکی کارو چالاکی کشتوکاڵی ٠

٣ ـ کردنی کێڵگەکانی دەوڵەت بە لانەی تیشك دانەوەی ڕۆشنبیری شارستانیەتدا لە دێهاتدا هەروەکو کردنیو سەرچاوەی دەست پێشکەریو لە کاروبارداو بەرهەم هێنانو نمونەیەکی پێشکەوتوو بۆ پەیوەندی بەرهەم هێنانی ئادەمیزادی لە دێ نشینیەکاندا ٠

هەوڵدان بۆ :

٤ ـ ڕووکردنەوەی خراوان کردنی چوارچێوەی کێڵگەکانی دەوڵەتو کاریگەرییەکانی بەرەنگێ لەگەڵ ڕێرەوی کەرتی کشتوکاڵی بکونجێ ، ئەم کێڵگانە ببنە سەرکردەو ڕابەر بۆ پەرەپێدانی کشتوکاڵ گورجو سەرتاپاگیر ئەمەشی بەم دوو ڕێگەیەی خوارەوە ئەبێ ٠٠٠

أ ـ جێبەجێ کردنی پانو ...رینی پۆیییانە (الافقی) بەخستنە... زەویوزاری نوێ بۆکێڵگەکا... یا لە نۆژەن دانانی کێڵگ... مەرجێ کە زەوییەکان ل... ...دوو حاڵ بەلای کەمەوە لە پیتو ...ردا مام ناوەندی بن ٠

ب ـ کۆشش نواندنو ڕووکردنە فراوان کردنی ئەم کێڵگانەو زیادکردنی بەرهەمداری لە هەموو مەیدانو هۆیەکانی بەرهەم هێناندا٠

٥ ـ پێویستە کشتوکاڵ لە کێڵگەکانی دەوڵەتدا بەرەو چاندنی بەروبومی ئەستراتیجی بچێت بەتایبەتی ئەو چەشنەی کە جوتیاران یا کێڵگە هەرەوەزیەکان زۆر گوێ نادەن چ لەبەر زەحمەتی لە کشتوکاڵ کردنیا یا کەمی بەروبومی کە لە سەرو ئەمانە ئەم بەروبومانە دێن کە کەرەسەی خاون لە پشەسازی نیشتمانیدا وەکو تۆوە ڕۆن

بەخشەکان بە نموونە یان ئەوانەی کە مایەی پێشخستنی چەندیو چۆنیی بەرهەم هێنانن وەکو تۆوە چاككراوەکان بە نموونە ٠

٦ ـ کارکردن بە سازکردن بنەماکانی پشت بەستن بە بنەڕەتی قازانجو زیان ، لە کێڵگەکانی دەوڵەتدا و ڕۆیشتن لەسەر بنچینەی ئابوری بە مەبەست بە کارهێنانی وزەی مادی ، پارەیی ، ئادەمیزادی کە لەو کێڵگەیەدا هەیە ٠٠ لە دوایدا بەشداربوونێکی چالاکانە بۆ پێکهێنانی پەرەپێدانی کشتوکاڵیو پێشخستنی ئابووری نیشتمانی بە هەنگاوی گەورە گەورە ٠

٧ ـ هۆشیارکردنەوەی هەمیشەیی، لە تێکڕا دامو دەزگاکاندا بەتایبەتی دامو دەزگاکانی کەرتی کشتوکاڵی٠٠ دەربارەی دەورو نرخی کێڵگەکانی دەوڵەت ٠ و پێویستیی بەشدار بوون بە هەموو ڕەنێ بۆ پێشخستنیو پتەوکردنی توانایان لەگەڵ توندکردنی چاوگێڕانو سەرپەرشتی کردنی ناوەندیانە (الاشراف المرکزی) بەسەر تێکڕا کاروباری کێڵگەکان دەوڵەتدا وە بەڕێوە بردنو یارمەتی دانیان بۆ زاڵ بوون بەسەر هەموو تەنگو چەڵەمەکانیاندا تا بتوانن نەخشەکانیان بهێننە جێو ئامانجەکانیان پێك بهێنن ٠

ئەرشیف مێژووی چەشنەکانی بەڕێوەبردنی

وا لەمەولا پەرەسەندنی ئەرشیف لە ژمارەیەك لە وولاتانی ئەوروپا لە بواری پێشکەوتن و شارستانیەتدا رابوردوویەکی دێرینیان هەیە هەروەها لە چەند دەولەتێکی تری جیهانیدا دەخەینە ڕوو .

ئەلەمانیا :

زۆربەی شارەکانی ئەلەمانیا لە رێکخستنی ئەرشیفەکانیاندا چاویان لە کلیساکانیان دەبڕی ، ئەگەرچی لە سەر هەمان شێوازە کۆنەکان بەرێوە نەدەچوون ، ئەوەبوو (برووسیای رۆژهەلات)ـ سەرەڕای ئەرشیفی مەرکەزی لە بەرلیندا ــ لە شارانی دیکەی وەك باڤاریاو ، رۆتنبرگ ، بادن ، ئەرشیفی هەبوو ، هەریەك لەم شارانەیش ئەرشیفی مەرکەزیی خۆی هەبوو سەرەڕای ئەرشیفەکانی ناوچەکان . بەلام ئەرشیفی رایخی مەرکەزی ئەوا دوای یەکەمین جەنگی جیهانی (١٩١٤ ــ ١٩١٨) وورد تر لە سالی ١٩١٩ دا دەستی پێ کرد ، شوێنەکەیشی لە بۆتدامدایە (لە ئەلەمانیای دیموکرات) ، کاربەدەستانی ئەلەمانیا هەولی ئەوەیان نەدا چەند پەیڕەونامەیەکی گشتی دابنێن بەسەر هەموو شوێنی بەلگەنامەکاندا بسەپێنرێت ، بەلکو ئەمەیان بۆ حکوومەتەکانی ویلایەتەکان هێلایەوە کە خۆیان ئەو یاساو پەیڕەوانە دەربکەن کە بۆ کاروبارەکانیان دەگونجێن ، بۆیە دەبینین ئەو سیستەمانەی لە باڤاریادا پەیڕەو دەکرا لەگەل ئەوانەی (سەکسۆنیا)دا جیاوازن هەروەها لە ئەرشیفی شارەکاندا چەندین سیستەمی جۆراوجۆر بەدی دەکەین .

گرنگترین ئەرشیفە حکوومەتییەکان لە ئەلەمانیادا ئەمانەن :

(١) ئەرشیفی رایخ و لقەکانی

(٢) ئەرشیفی ویلایەتەکان

چەند جۆری تری شوێنی بەلگەنامە هەن سەربەخۆن وەك ئەرشیفەکانی دەستە ئاینیی و زانستییەکان (٩) ، ئەرشیفی (پۆتسدام) (کە ئێستا لە ئەلەمانیای دیموکراتدایە) بەلگەنامە سیاسی و جەنگی و دادگاییەکانی [illegible] بەشێکیشی تێدایە تایبەتە [illegible] و شتانەی پەیوەندیان بە [illegible] جیهانییەکان و شوێنی جەنگەکانەوە هەیە ، ئەو لقەیشی کە لە بەرلیندایە تایبەتە بە بەلگەنامەکانی جەنگەکانی بروسیاوە ، هەروەها لقی « دەرسدن » تایبەتە بە بەلگەنامە جەنگییەکانی سەکسۆنیاوە هەر لە سالی ١٨٦٧ تا ١٩١٩ ، لقی شنداویش دیسان چەند بەلگەنامەیەکی جەنگیی برووسیای تێدا پارێزراوە ، لە شتووتگاردیش چەندین بەلگەنامەی جەنگیی بەنرخ هەن .

بەلام ئەرشیفی ولایەتەکان ، گرنگترینیان ئەرشیفی نهێنیی برووسیاییە لە نزیکەی (داهلم) کە ئەرشیفی مەرکەزیی برووسیاو براندنبۆرگە ، کە لە سەدەی شازدەهەمدا دامەزراوە و ، بەلگەنامەکانی وەزارەتەکانی برووسیاو بەلگەنامەکانی سوپای بروسیای تا سالی ١٨٦٦ تێدایە ، هەروەها بەلگەنامەکانی وەزارەتی دەرەوە تا سالی ١٨٦٧ . بەلگەنامەکانی ناوچەی براندنبۆرگیش سەر بەم ئەرشیفەن . لە سالی ١٨٥٠ دا ئەرشیفی هۆهنزولیرن لە ئەم ئەرشیفە داب‌ڕ کرا کە بریتییە لەو بەلگەنامانەی پەیوەندیان بە مالە پادشاکانی برووسیاو براندنبۆرگەوە هەیە لە وەسیەتنامەو نامەکانی پادشاو شتی دیکە . لە ناوچەکاندا چەندین ئەرشیف هەن بەلگەنامەی بەڕێوەبردن و سەنەدنامەی دادگاکانیان تێدایە . بەناوبانگترین ئەرشیفەکانی برووسیایش ، ئەرشیفی (هانۆڤەرو ، برسلۆو ، مارپۆرگ)ن . ئەگەر چی شاری (کۆلۆن)یش ئەرشیفی مێژوویی هەیە Historiches Archiv.

ئەرشیفی ویلایەتی (باڤاریا)یش لە سالی ١٩٢١ دا دامەزراوە ئەویش لە ئەنجامی کۆ کردنەوەی ئەو ئەرشیفانەی کە لە نزیکەی سالی ١٧٩٩ دا بۆ بەڕێوەبەرییە جۆر بە جۆرەکان دامەزرابوون. بەلام ئەرشیفەکانی ناوچەی (سەکسۆنیا) ئەوا لە شاری درێسدن لە سالی (١٨٣٢)ەوە دامەزرێنراون هەروەها ئەرشیفەکانی شتووتگارت کە بەلگەنامەکانی مالی پادشایان

تێدایە .

بەڵام ئەرشیفی سیاسی کە لە ساڵی ١٩٢٠ دا لە وەزارەتی دەرەوەدا دامەزرێنراوە ئەوا سەر بەم وەزارەتەیەو ئەو بەڵگەنامانەی تێدایە کە پەیوەندییان بە ساڵانی نێوان (١٨٦٨ – ١٩٢٠) ەوە هەیە بەڵگەنامەکانی پاش ١٩٢٠ یش دەخرێنە بەشە جۆراو جۆرەکانەوەو کەمە کەمە دەخرێنە سەر ئەم ئەرشیفە . بەڵام بەڵگەنامەکانی پێش ١٨٦٧ خراونەتە ئەرشیفی نهێنیی رووسیاوە (١٠) .

دوای دووەمین جەنگی جیهانی (١٩٣٩ – ١٩٤٥)و دابەش کردنی ئەڵەمانیا بە دوو بەشەوە ، بان دوو دەوڵەتەوە : ئەڵەمانیای فیدراڵو ، ئەڵەمانیای دیموکرات ، لەسەر ئەوە پێك هاتن کە کۆماری ئەڵەمانیای فیدراڵ (بۆند ئەرشیف) لە (کۆبلنز) لای خۆ بپارێزێتو ئەرشیفی رکەزی لە پۆتسدام بەشی کۆماری ئەڵەمانیای دیموکرات بێت .

ئەو یاسایانەی لە زۆربەی وولاتەکانی ئەورووپادا جێبەجێ کراون رادەیەکی بەرزی رێکخستنی مەرکەزیی حکومەتییان هەبەو ئەم یاسایانە مافی پشکنینەوەی ئەرشیفەکانی دیکەیان بە ئەرشیفە مەرکەزییەکان بەخشیوە ، بۆ وێنە لە ئەڵەمانیادا سەرەڕای ئەوەی باس کرا ، سیستەمێك هەیە بە (ئەمانەتی بەڵگەنامە فەخرییەکان) دەناسرێت تایبەتە بە ئەرشیفە ناوچەییەکانەوە ئەوێش وەك هۆیەك بۆ پاراستنی ئەرشیفو ئەو بەڵگەنامانەی تێیدا پارێزراون .

ئەوەیش سەرنج رابکێشێت ئەوەیە کە پەیوەندیی نێوان ئەو دەستانەی سەرپەرشتیی بەڵگەنامەکان دەکەن زۆر توندو تۆڵە ، هەموو ساڵێك کۆنگرە دەبەسترێت ئەوانەی تێدا دەبن کە لە بەڵگەنامەدا کار دەکەنو لە هەموو شارەکانی ئەڵەمانیاوە دێن بۆ ئەوەی بیروڕا دەربڕنو نەخشە دابنێنو کاروبار رێك بخەن .

ئەنجا لەبەر ئەوەی ئەم ئەرشیفانە بەنرخن ئەوا دەوڵەتەکانی تر هەوڵی ئەوە دەدەن بە هەموو شێوازو رێگایەك دەستیان پێ بگات ، بەراستی لە دووەمین جەنگی جیهانیو ژێر کەوتنی رایخی سێهەمدا بۆ هێزە سوپاییەکانی ئەمریکا هەلێکی گەورە بوو ، زۆر لە بەڵگەنامەکانی ئەڵەمانیایان دەست بکەوێت کە چەندین نهێنیی مەزنیان لە هەموو بوارێکدا تێدایە وەك نهێنیی سوپاییو پیشەسازیو سیاسی کە بۆ وولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا گوێزراونەتەوەو سەدەها ئەرشیفیست خەریکی لێکۆڵینەوەو هیما دەرکردنیان بوونو بەڵگەنامەکانی حزبی (نازی)شیان تێدا بوو .

فەرەنسا

بەڵگەنامەکان بەر لە ... فەرەنسی بەدەستی ... دەستەڵاتی هەمەچەشن بوون هەریەکە دادگاو ئیمتیازاتی خۆیی هەبوو ئەوەبوو ژمارەی مەڵبەندی ئەم بەڵگەنامانە لە دەهەزار مەڵبەند زیاتر بوون ، تەنیا لە پاریسدا لە ساڵی ١٧٧٠ دا نزیکەی ٤٠٥ مەڵبەند ، هەبوو ، رەووشتی پادشاکانیش بەو جۆرە بوو کە بەڵگەنامەکانیان لەگەڵ خۆ هەڵبگرن .

لە پێشدا ووتمان ، کە فیلیپ ئەغستۆس لە ساڵی ١١٩٤ دا بەرانبەر ریشارد (ریکاردۆس)ی شێر دڵدا شکاو ئەمەی دوایی دەستی بەسەر بەڵگەنامەکانی ئەودا گرت بۆیە زۆربەی بەڵگەنامەکان رووونووس کرانو خرانە نێو سنووقی لە دار دروست کراوەوەو لە (لۆڤەر)دا پارێزران ، ئەمەیش بوو بە ناووکی گەنجینەی بەڵگەنامەکان .

(کۆلبیر)ی وەزیری بەناوبانگیش هەوڵی ئەوەی دا ئەو بەڵگەنامانەی پەیوەندییان بە دەوڵەتەوە هەبە کۆیان بکاتەوە ، ناردی وێنەی بان دانەیەکی ئەو بەڵگەنامانە لە ناوچەکان بهێنن ، هەروەها زۆری لە بەڵگەنامە ئەسڵییەکان کۆ کردەوە ئەگەرچی زۆربەیانیشی بۆ خۆ گل دایەوە . لە ساڵی ١٦٦٣ دا کۆلبیریش ئەکادیمیای خەتو وێژەکانی دامەزراند کە دەستی بە بڵاوکردنەوەی کتێبی (فەرمانەکانی پادشایانی فەرەنسا) کرد ، ئەوە بوو لە وەزارەتی داراییدا مسیۆ (ماشۆ)ی چاودێری گشتی لەسەر رێڕەوی ئەو دەچوو کە چەندین کەسی لە رووونووس کارەکان ئامادە کردبوو بۆ ئەوەی ئەرشیفەکانی ناوچەکان رووونووس بکەنەوە . ئینجا (سلهوێت)ی چاودێری گشتی کتێبخانەی داراییی دامەزراندو (مۆرۆ)ی پارێزەری کرد بە (بەرێوەبەری) . ئەمیش ئەهرەستێکی بۆ فەرمانەکانی پادشاکان رێکخست ، مێژووو شوێنیانی تێدا دیاری کرد . بەڵام (برتن)ی چاودێری گشتی لە ساڵی ١٧٦٠ دا بەشێکی بۆ بەڵگەنامە یاساییەکان خستە سەر ئەم کتێبخانەیە ، لە ساڵی ١٧٦٢ دا

(الدائرة التاريخية ـ دەزگای مێژوویی) دامەزرێنرا ، ئەم سێ بەشەیش لە ژێر چاودێری کردنی (مۆرۆ)دا بوون ، لە سالی ١٧٦٤دا لە کۆشکی (فرسای)ەوە بۆ پاریس گوێزرایەوەو ناوی (Cabinet des chartes)ی لێ نراو، فەهرەستی بۆ ئەو بەلگەنامانە کرد کە مافەکانی (ملکیة) دەچەسپێنن‌و ، پەیامنێری بۆ وولاتە بێگانەکان نارد بۆ ئەوەی ئەو بەلگەنامانە وێنە بگرن کە پەیوەندیان بە مێژووی فەرەنساوە هەیە . بەلام فیکرەی کۆکردنەوەی بەلگەنامە فەرەنسییەکان لە یەك شوێن‌دا بەر لە شۆڕش نەبوو بەهۆی دروست کردنی ئەرشیفی نیشتمانی‌ی فەرەنسا ، ئەو پرۆژە نەتەوایەتی‌یەی کە شۆڕش جێبەجێ کردنی خستە ئەستۆی خۆیەوە(١٢)

پیاوانی شۆڕش دەستپێشکەری‌ی چاودێری‌ی بەلگەنامەکان‌و رێکخستنیان کرد ، لە سەرەتاوە بایەخیان بە بەلگەنامەکانی کۆمەلەی دامەزراندن (الجمعية التأسيسية) داو (کامۆس)یان کرد بە بەڕێوەبەری ئەرشیفی ئەم کۆمەلەیە لە ٤ ی ئابی ١٧٨٩ دا ، لە ١٢ ی ئەیلوولی ١٧٩٠ دا یاسایەك دەرکرا بەپێ‌ی ئەم یاسایە ئەرشیفی کۆمەلەی دامەزراندن کرا بە ئەرشیفی نیشتمانی ئەنجا یاسای بنەڕەتی دەرکرا کە ئەرشیفی نیشتمانی‌ی لە فەرەنسادا رێك خست کە یاسای (میزۆدۆر)ی سالی دوو هەمە واتە ٢٥ـ٦ـ١٧٩٤ .

ناپلیۆن بۆناپرت ئارەزوویەکی زۆری هەبوو بەلگەنامە فەرەنسی‌یە پەرش‌و بلاوەکان کۆ بکاتەوە ، بەڕێوەبەری ئەرشیفی نیشتمانی لە سەردەمی ئەودا مسیۆ (دۆنۆ) ویستی هەموو بەلگەنامەی ناوچەکان بخاتە سەر ئەم ئەرشیفە نەتەوایەتییانە ، کاربە ئەمەیشەوە نەوەستا بەلکوو ناپلیۆن خۆی ویستی ئەرشیفی نیشتمانی فەرەنسا بکاتە ئەرشیفێکی گشتی بۆ ئەوروپا ، تۆژینەوەرەکان لە هەموو وولاتێکەوە رووی تێ بکەن بە دووی بەلگەنامەی وولاتەکانیان‌دا بگەڕێن ، هەر لەبەر ئەوەیە بەلگەنامەکانی ئەسپانیاو بەلجیکاو ئەلەمانیاو ڤاتیکانی تێدایە .

چونکە شۆڕشی فەرەنسی کە دەرەبەگایەتی‌ی لە فەرەنسادا لەناو برد هەموو بەلگەنامەیەکی دەرەبەگایەتی‌ی سووتاند ئەنجا هەموو ئەرشیفەکانی کۆ کردەوە کە تەنیا لە سالی ١٧٧٠ دا لە پاریس‌دا نزیکەی ٤٠٥ مەلبەند هەبوون ، هەروەها ئەرشیفی نیشتمانی‌ی دامەزراند ؛ بەم چەشنە شوێنی بەلگەنامەکان تەنیا ئەمباری بەلگە دادگایی‌یەکان نەبوو بەتەنیا ، وەکوو لە پێش‌دا وا بوو ، بەلکوو بوو بە مەلبەندی لێکۆلینەوە مێژوویەکان‌و سەرچاوەی تۆژینەوە زانستییەکان

●

دوو[illegible]ەکانی بریتانیا

[illegible] لە مێژووی بەلگەنامەو [illegible] ئنگلتەرە بکۆلێتەوە [illegible]لالەت‌و نیشانەی بەرچاو دەکەوی[illegible] کە لە ئنگلتەرەدا لە سەدەی نۆیەمی زایینەوە ئەرشیفێکی پادشایی هەبووە ، لەوانەیشە ، ئەگەر ئەم ئەرشیفە هەبووبێت ، ئەوا بەشێکی لە گەنجینەی بەلگەنامە پادشاییەکان پێك دەهێناو ، شوێنێکی تایبەتیشی نەبووە .

کۆنترین زنجیرەی ئەرشیفی سەر بە چاودێری دارایی Exchequer دەگەڕێتەوە بۆ سالی ١١٣٠ ، لە سالی ١٣٢٣ دا ، یەکەمین رابەر ، پێڕست inventory لە ئنگلتەرەدا ئامادە کرا ئەوەندەی نەبرد لە پاشان‌دا بوو بە یەکەمین نموونە ، ئەمیندارەکانی بەلگەنامەکان لەو سەردەمەدا لەسەری دەڕۆیشتن .

دوای بیست‌و پێنج سال ، بەلگەنامەچی‌یەکان کردیان بە نموونەی ئەو پێڕستانەی کە بۆ عەمبارەکانی بەلگەنامەکانی فەرەنسا دانران کەوا فیلیپی جوان Philip the Fair دای‌مەزراند .

لە ئنگلتەرەدا بەلگەنامەکان لێرەو لەوێ بوون ، ئەویش وەکوو بەلگەنامەکانی تری دەولەتەکانی دیکەی ئەوروپا ، کە سالی ١٨٣٨ یاسای(Public Record Office) دەرچوو کە بە گوێرەی ئەم یاسایە هەموو کۆمەلە ئەرشیفی‌یە پەرش‌و بلاوەبووەکان کۆ کرانەوەو خرانە ژێر چاودێری کردنی گەورەی قازی‌یانەوە —

Master of the Rolls

دەشتوانرێت ئنگلتەرە بە نموونەی دیاری سیستەمی پاراستنی مەرکەزی بژمێردرێت سەرەڕای ئەوەیش چەندین کرداری ئەرشیفانە بەو شێوەیەی کە لە سیستەم‌و بەڕێوەبردنی لامەرکەزی دا باوە لەو ناوچانە یان ئەو هەرێمانە بەڕێوە دەبران کە لە راستیدا خۆیان شوێنی سەرهەلدانی ئەو ئەرشیفانە بوون .

بەردی بناغەی خانووی گشتی‌ی بەلگەنامەکان لە بریتا: ١ لە رۆژی ٢٤ـ٥ـ١٨٥١ دا دانرا ، دروست کردنی ئەم خانووەیش لەو کاتەدا

(٨٨٤٩٠) پاوەی نیسەرلینیی تێ چوو ؛ ئەو یاسایەی کە لە ١٨٣٨/٨/١٤ دا دەرچوو چەشنی ئەو بەڵگەنامانەی دیاری کردن کە دەبێت بپارێزرێن (١٥) .

لە ساڵی ١٨٨٨ دا لە بریتانیادا (کۆمەڵەی بەڵگەنامەکانی بریتانیایی (The British Records Society) دامەزرا کە کارێکی گەورەی لە دروست کردن و دامەزراندنی خانووەکانی بەڵگەنامەکان و چاودێری کردنیاندا هەبوو .

ئەنجا بە پێی ئەو فەرمانەی لە ساڵی ١٨٥٤ دا دەر کراوە ، دەستەڵاتی بنەڕەتی ، پتر فراوان بوو ئەنجامی ئەوەیش ئەمە بوو کە خانووی گشتیی بەڵگەنامەکان لە حاڵی حازردا لە دوو بەشی سەرەکی پێك هاتووە کە ئەمانەن :

١ ـ ئەرشیفی دادگایی و بەڵگەنامەکانی دەوڵەت .

٢ـ ئەو ئەرشیفەی کە بەڵگەنامەو کاغەزی وەزارەت و دام و دەزگاکانی لەو چەشنەی تێدایە . کە پێداویستییەکانی بەڕێوەبردن دابین دەکات (واتە ئەو بەڵگەنامانەی جار جار سەیر دەکرێن) .

تەنگ و چەڵەمەی دەستگیر بوونی کاغەزی ئەو مووچەخۆرانەی کە خانەنشین دەکرێن ، تەنگ و چەڵەمەیەکە لە سەرجەمی ئەو تەنگ و چەڵەمانەی کە پێویست بە یاسادانانی خێرا دەکات بۆ ئەوەی چارەسەر بکرێت ، هێشتاکەیش سەرچاوەی زیزپێبوون و سەختییە لە بەردەمی ئەمیندارەکانی ئەرشیفدا لە هەموو جێگایەکدا ، ئەم مەسەلەیەیش کۆنە بۆ سەردەمی (ئەلیزابیس)ی شا ژن دەگەڕێتەوە، ئەوە بوو هەندێك لە وەزیرەکانی کە پلەو پایەکانیان بەجێ دەهێشت زۆربەی بەڵگەنامەکانی دەوڵەتیان لەگەڵ خۆ دەبرد ؛ ئەوە بوو چەند هیمایەك لە هەندێك لە بەڵگەنامەکانی ناوچەی (لستەر)دا لە سەدەی شازدەهەم دا دۆزراونەتەوە ناهێڵن مووچەخۆرەکان نامەی ڕەسمی لای خۆ بپارێزن بەڵکو دەبێت بیانخەنە ئەرشیفە ناوچەییەکانەوە .

لە دووەمین چارەکی سەدەی بیستەمدا بایەخ دان بە بەڵگەنامەی ناوچەیی زیادی کرد ، لە ئەنجامی ئەمەوە مەڵبەندەکانی بەڵگەنامەکان زۆر بوون و بڵاو بوونەوە . بەڵام لەو ناوچانەی کە مەڵبەند یان خانەی بەڵگەنامەیان تێدا نییە ، ئەوا کتێبخانەکان جێگای ئەوەیان دەگرتەوە . هەروەها بەڵگەنامەو کاغەزە کەسایەتییەکان بە شێوەیەکی گشتی جێی بایەخدان و چاودێریی لایەنە پسپۆڕەکانی بەڵگەنامەکان بوون . ئەوە بوو هەر لە ساڵی (١٨٦٩)ەوە لیژنەی دەستنووسە مێژووییەکان ئەرکی کۆ کردنەوەی بەیاننامەو زانیاری دەربارەی بەڵگەنامەو دەستنووسە مێژووییەکانی گرتە ئەستۆ کە یارمەتیی لێکۆڵینەوەی [illegible] ئنگلیزو یاسای [illegible] ئەدەب و هونەرە[illegible]و بە شێوەیەکی تایبەتی بای[illegible] بە بەڵگەنامە ناوچەییەکان دەدات .

دوای دووەمین جەنگی جیهانی بایەخ دان بە ئەرشیف و بەڵگەنامەکان پتر بوو ئەوە بوو ئەوپەڕی بایەخ پێدان نوێنرا بۆ دۆزینەوەی هۆی کاریگەر بۆ پاراستنی بەڵگەنامەو خستنیانە شوێنی هێمنایی بۆ ئەوەی لە کارەساتی کوتوپڕی و مەترسی چاوەڕوانکراو بیانپارێزن ئەویش بە تەرخان کردنی خانووی نوێی گەورەو ئەستۆری ناوەندی بۆ هەڵگرتنی گشت بەڵگەنامەکان بە سەرپێیی و بەر لە جیا کردنەوەو لێکۆڵینەوەو هەڵبژاردنی ئەوەی پێویست بە پاراستنی هەمیشەیی دەکات .

ئەوە بوو لە ساڵی ١٩٤٥ دا (دووسێی نیشتمانی بۆ ئەرشیف (National Register of Archives) دەرچوو کە لیژنەیەکی تایبەتی سەرپەرشتی دەکات و ڕێکی دەخات و بە پێی ناوچە دایان دەنێت . ئەم دووسێیە زانیاریی تەواوی دەربارەی مەڵبەندەکانی بەڵگەنامە پاراستن و کۆمەڵەکان و دیاری کردنی جێگای پاراستنیان تێدایە ، ئەنجا بواری کار پەلی هاویشت تا کۆمەڵە ئەرشیفیەکان لە ئنگلتەرەدا بگرێتەوە ، جگە لە بەڵگەنامە پارێزراوەکان لە دام و دەزگا مەرکەزییەکانی سەر بە حکوومەتدا ، هەروەها کۆمەڵە دەستنووسە مێژووییەکان لێکۆڵینەوەیان لە سەدەی نوزدەهەمدا دەستی پێ کرد .

سکۆتلەندە :

هەرچی سکۆتلەندەیە ئەوا هەر لە ساڵی (١٧٨٤)ەوە هەموو کۆمەڵە سەرەکییەکانی بەڵگەنامە گشتییەکان کۆ کرانەوەو لە (دەزگای گشتیی دووسێکان (General Register House دا پارێزران ئەویش وەکو ئەمبارە ئەرشیفییەکانی تر جۆرەها چەشنی کۆمەڵە بەڵگەنامەی گرنگی تێدایە .

ئیرلەندە :

هەمان شت بەڵگەنامەکانی ئیرلەندەیش دەگرێتەوە ، کاتێك لە

ساڵی ١٨٦٧ دا دەست بە دروست کـردنی دەزگـای گشـتی‌ی بەڵگەنامەکان کرا بەڵام لە سـاڵی ١٩٢٢ دا تووشی زیـانێکی زۆر بوو ..

ئسپانیا :

هەر لە زۆر کۆنەوە ئسپانیا بەوە ناسراوە کە بایەخێکی زۆری بـە بەڵگەنامەکان داوەو چـاودێرییەکی باشی ئەرشـیفە مێژووییەکانی کردووە . هـەر لە سەرەتایشەوە هەوڵی داوە ئەرشیفی بەڕێوەبردن لـە ئەرشیفی مێژوویی جـودا بکاتەوە ، ئەنجا لەبەر ئەوەی لـە پێشـەوەی دەوڵەتەکـانی ئەوروپاوەبەو لە کۆنترینیانە لـە دروست کـردنی ئەمپراتۆریەتێکی گەورەداو ، ئەرشیفەکانی چـەندین بەڵگەنامەی مێژوویی بەنرخیـان تێـدایە ، کەپەیوەندیان بـە دەوڵەتـەکانی ئەوروپاو وولاتـە موسوڵمانەکانەوە هەیە ، ئـەوا چەندین بەڵگـەنامەی دەربارەی دۆزینـەوەی جوگرافی‌و بزووتنەوە ئایینی‌یەکان‌و دەربارەی چالاکی‌یە ـ کـانی کلیسای کاتۆلیکی‌یەکان‌و شارستانیەتی ئەندەلوس خراونەتە ئەرشیفە جۆربەجۆرەکانیەوە کـە دەتوانرێت بکرێن بەم بەشانەوە :

١ ـ ئەرشیفەکانی حکومەت .

٢ ـ ئەرشیفەکانی ناوچەکان .

٣ ـ ئەرشـیفەکانی ناوچـە بەڕێوەبەرایەتی‌یەکانی دیکە .

کۆنترین خـانەی بەڵگەنامەی ئسپانیـا خـانەی بەڵگەنامەی (سمنیکاس)ە کـە لە بەشێکی قەڵایەکی کۆن لـە لایەن شارلی پێنجەمەوە لە سـاڵی ١٥٤٢ دا دروست کراوە ، ئەم ئەرشیفەیش سەر بە میرنشینی (قشتاله) بوو ، (شـارل) پادشـا یەکـەمین ئەمینـداری بۆ ئەم خـانەی بەڵگەنامەیە دامەزراند ، لەگـەڵ ئەوەش‌دا بـەر لەو مێژووەیش بۆ کۆکردنەوەی بەڵگەنامەکانی تایبەت بە تانجـەوە فەرمان دەرکرابوو ، واتـە لە سـەرەتای سـەدەی شازدەهەمدا ، ئەویش بـە پێی فەرمانی پادشایی کە لـە ساڵی ١٥٠٩ دا دەرچووە . لە سەرەتاوە بەڵگەنامەکان خرانە (بلد الوليـد Vallad Olid) ەوە تا ئەو کاتەی گوێزرانەوە قـەڵای (سمنکاس) ئەویش بە فەرمانی پادشـا شارلی پێنجەم وەك لە سەرەوە باس کرا .

لـە ١٧ ی ٧ ی ١٨٥٨ یش‌دا مەرسووم (فەرمـان)ێك دەرچوو بۆ دامەزراندنی خـانەی تری بەڵگەنامەکان کە لە شارو ناوچەکانی ئسپانیادا بڵاو بووبوونەوە ، لـەوەو بـەریش (قوتابخـانەی باڵای بەڵگەنامەکـان) دامەزرابوو ، واتە لە سـاڵی ١٨٥٦ دا بۆ خوێندنی زانیـاری‌ی بەڵگەنامەکان‌و زانستی دیلۆمـاتیك‌و سیستەمەکانی بەڕێوەبردن لـە سەردەمەکانی ناوەڕاست‌و نوێ‌دا .

دەتوانرێت گرنگترین خـانەی گشت[illegible] بەڵگەنامـەکانی حکوومەتی [illegible]ی خـوارەوە دیاری [illegible]

١ ـ [illegible]رشیفی بەڵگەنامـەکانی (ئەلکالا) : ئەم ئەرشیفە بـە پێی فەرمانی پادشـا کە لە ١٧ ی ٧ ی ١٨٥٨ دا دەرچووە دامـەزراوە ، بـەڵگەنامەکانی بـەڕێوەبردن‌و وەزارەت‌و بەرژەوەندیە حکومە ـ تییەکانی تێدایە .

٢ ـ ئەرشـیفی مێـژوویی نەتەوەیی ، ئەم ئەرشیفەیش بـە پێی فەرمانی پادشا (دیکرێتۆ) کە لە ٢٨ ی ٣ ی ١٨٦٦ دا دەرچـووە دامەزراوە، بناغەی ئەم ئەرشیفەیش بەڵگەنامەکانی دێرو کلیسـاو داموو دەزگـا ئایینی‌یەکانی سـەراپای ئسپانیا بووە ، ئەمـە گرنگترین خانەی ئەرشیفە لـە ئسپانیادا ئەویش بـەهۆی ئەوەوە کـە بەڵگەنامەکانی ئەنجوومەنە باڵا کۆنە هەڵوەشاوەکان‌و بەڵگەنامـەکانی زانکۆی (ئەلکـالا)و بەڵگەنامەکانی وەزارەتەکانی تری خراونەتە سەر .

٣ ـ ئەرشیفی بەڵگەنامەکان لـە سمنکاس : ئەوە بوو قسەی لەسەر کرا ، پادشاکانی ئسپان ساڵ دوای ساڵ بەڵگەنامەی زۆریان خسـتە سـەر ، بەڵام گرنگی‌ی لـە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمەوە نەمـا ، ئەوە بوو ناپلیۆن لە ساڵی ١٨١١ دا زۆر لـە بەڵگـەنامەکانی بۆ پـاریس گوێزایەوە ، لـەم ئەرشیفەیش بەڵگەنامەکانی شارلی پێنجـەم‌و فیلیپی دووەم‌و ، ماری ستیوارت‌و پـاوانی (اصـلاح)ی ئایینی‌ی تێدایە .

٤ ـ ئەرشـیفی بەڵگەنامەکانی هندی‌ی رۆژئاوایی لە ئەشبیلیا :
دروست کردنی ئەم ئەرشیفەیش لە لایـەن شارلی پێنجەمەوە بوو ، چونکە ئـەم ئەرشیفە بۆ پاراستنی بەڵگەنامەکانی تایبـەت بـە دوورگەکانی هنـدی رۆژئاواو دۆزینەوەکانی ئسپانیـاو دۆخی ئەمەریکا تەرخان کرابوو .

سـەرەڕای ئەوەی باس کرا چـەندین ئەرشیفی وەزارەتەکان هـەبوو وەکوو : وەزارەتی دەرەوەو مەعاریف‌و هونەرە جوانـەکان‌و دارایـی‌و ئەرشـیفەکـانی (ئەرشیفیستەکان) کـە لە ساڵی ١٩٣١ دا دامەزراو ، ئەرشیفەکانی

جەنگو دەریاوانیو هی تر .

سەرنج

ئەرشیفەکانی ئەسپانیا گرنگی‌یەکی زۆریان بۆ هەریمەکانی عەرەب هەیە ، چونکە زۆربەی بەلگەنامەو کاغەز ناردن لەگەل دەولەتی عوسمانلیو ئەو ولاتانەی کەوتوونەتە سەر دەریای سپی‌ی ناوەراستو ولاتەکانی ئەفریقیای تیدایە ، بریا تیپیك لە ئەرشیفستە عەرەبەکان چاویان بەم ئەرشیفانە دەکەوتو ئەو بەلگەنامانەیان دیاری دەکرد کە پەیوەندی‌یان بە میژووی نیشتمانی عەرەبەوە هەیە .

سویسرا :

لەبەر ئەوەی سویسرا دەولەتیکی فیدرالی‌یە ئەوا ئەرشیفو مەلبەندەکانی بەلگەنامەکان تییدا بەسەر چەندین ناوچە (کانتۆنات)دا دابەش کراوە ، مامۆستاو لیکۆلەرەوەکان سەر لەم مەلبەندانە دەدەن بۆ لیکۆلینەوەو تۆژینەوە . سەرەرای ئەرشیفی مەلبەندی‌ی دەولەت Bundesarchiv هەیە کە لە سالی ١٧٩٨ دا لە شاری (بیرن) دامەزراوە .

ئیتالیا :

بەلام لە ئیتالیادا دامو دەزگای ئەرشیف بە تەنیا یان مەلبەندی تایبەت بە دەولەتەوە نی‌یە ، بەلکو زنجیرەیەك مەلبەندو کۆگای گرنگی تیدایە کە سەر بە بەریوەبردنو لیپرسراویتی‌ی وەزارەتی ناوخۆیە ، ئەم مەلبەندو کۆگایانەیش کۆنترین دابەش کردنی ئیداری‌یانە لە ولاتدا دەنوینن .

ئەرشیفی فاتیکانیش بە کۆنترین ئەرشیفی بەناوبانگی ئیتا دەژمیردریت ، بۆ سەردەمی سەدەی چوارەمی زایینی دەگەریتەوە .

دەشتوانریت ئەرشیفەکانی ئیتالیا بەم چەشنە دابەش بکرین :

١ ـ ئەرشیفە حکومەتی‌یەکان .

٢ ـ ئەرشیفەکانی بەریوەبەرایەتی‌ی ناوچەکان .

٣ـ ئەرشیفەکانی (ئەرشیفستەکان) الموثقین .

٤ ـ ئەرشیفەکانی دەستە ئایینی‌یەکان .

٥ ـ ئەرشیفی دەستە زانستی‌یەکان .

٦ ـ ئەرشیفە تایبەتی‌یەکان .

بەلام ئەرشیفی گشتی‌ی دەولەت ، یان ئەوەی بە ئەرشیفی نەتەوایەتی ناوی دەبەین ئەوا پاش یەکیتی‌ی ئیتالیا ، واتە دوای ١٧ ی ٣ ی ١٨٦١ دامەزراوە . بنکەی ئەم ئەرشیفانەیش زۆر جار گۆراوە ، هەر لە سالانی ١٨٦١ ـ ١٨٦٥ ئەرشیفەکانی شاری (تۆرین) ئەرشیفی نەتەوایەتی‌ی بەلگەنامەکان بوون ، ئەنجا فلۆرەنسا شوینی گرتەوە ، چونکە فلۆرەنسا هەر لە کۆتایی سەدەی سیازدەهەمەوە بەوە ناسراوە کە یاسایەکی تیدا بووە بۆ ریکخستنی ئەرشیفە گشتی‌یەکانی . هەر لە (٢٧ ی ٥ ی ١٨٧٥)یشەوە رۆما بوو بە دوا بنکە واتە بنکەی هەمیشەیی ئەم ئەرشیفەو بەلگەنامەکانی ئەرشیفەکانی تری خرانە سەر .

ئەرشیفی ویلایەتەکانی [illegible] بەلگەنامەی گرنگیان [illegible]یە پەیوەندیان بە وو[illegible]ەکانی دەوروبەرەوە هەیە . چونکە ئەرشیفەکانی (ناپولی)و (پالرمۆ) چەندین بەلگەنامەیان تیدایە پەیوەندیەکی گەورەیان بە میژووی ناوەراستی ئەورووپاو ولاتەکانی دەوروبەری دەریای سپی‌ی ناوەراستەوە هەیە وەك ولاتە عەرەبی‌یەکانو دەولەتی عوسمانلی .

لە (سالرنۆ)یشدا کۆنترین بەلگەنامەو پیستی لەسەر نووسراو هەن کە بۆ سالی ١٠٧٤ دەگەرینەوە ، هەروەها لە ئەرشیفەکانی شاری (فینیسیا)دا چەندین بەلگەنامە هەن بۆ سەدەی یازدەهەم دەگەرینەوە . بەلام لە کاتی دووەمین جەنگی جیهانی‌دا چەندین زیانی گەورە لە ئەرشیفەکانی ئیتالیا کەوت ، ئەرشیفەکانی ناپوولی رووخان یان لە جیگای خۆیانەوە گویزرانەوە هەروەها ئەرشیفی تایبەتی‌ی میرنشینی فلۆرنسا بەهۆی لافاوەوە کە لە سالی ١٩٦٦ دا رووی دا بە تەواوەتی ویران بوو .

باکورو باشووری ئەمریکا

ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا

هربەرت هۆفەری سەرۆکی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ٢٠ ی شوباتی سالی ١٩٣٣ دا بەردی بناغەی خانووبەرەی (ئەرشیفی نەتەوایەتی)ی داناو یاسای ریکخەری بۆ دەرچوو ئەویش لە ١٩ ی ٦ ی ١٩٣٤ دا وەك بەرژەوەندیکی سەربەخۆ ، لە کاتی دانانی بەردی بناغەدا وتی : « پیرۆزترین ئەو بەلگەنامە میژوویيانەی هەمانن کە سەرچاوەی راگەیاندنی سەربەخۆیی‌و دەستووری ولاتە یەکگرتووەکانن دەخەینە ئەم جیگایەوە » .

ئەوە بوو لە سەرەتاوە بەلگەنامەکان لە کتیبخانەی کۆنگرسدا پاریزرابوون ، تا هەموو بەلگەنامە تایبەتی‌یەکان بە راگەیاندنی سەربەخۆیی‌و دەستوورو بەلگەنامە تایبەتی‌یەکانی سەر بە کۆنگرە (قاری)یەکان بۆ خانووبەرە نوی‌یەکەی ئەرشیف گویزرانەوە ، زۆری پی نەچوو قەوارەی ئەم

کۆمەڵە بەڵگەنامانە گەیشتە پتر لە ۸۰۰ هەزار پێی سێ جا ، بە پێی ئەو یاسایەی کە لە ساڵی ۱۹٤۹ دا دەرچوو ، لێپرسراویو دەسەڵاتی بەڕێوەبەرایەتیی ئەرشیفەکان فراوان کرا ، بەتایبەتیش ئەو دەسەڵاتی تر کە لە بنەڕەتدا بەڵگەنامەی فیدراڵی کە لە ساڵی ۱۹٥۰ دا دەرچووە داونی ، کە دەسەڵاتی بە ئەمینداری بەڵگەنامەکان داوە مافی پشکنینی دامو دەزگاکانی دەوڵەتییان هەبێتو تەماشای بەڵگەنامەکانیان بکەن ، هەروەها بەڕێوەبەرایەتییەکانی ئەرشیفیشو سەرپەرشتی کردنی کاروباری نرخاندن ـ واتە جیا کردنەوەو دوور خستنەوە ـو دەسەڵاتی تر کە لە بنەڕەتدا ئامانجی پەرەپێدانی شێوازەکانی بەڕێوەبردنو چاك کۆنترۆڵ کردنی ئەرشیفە لەگەڵ پێکهێنانو ڕێکخستنو پاراستنو چۆنیەتی سوود لێ وەرگرتنیانە ، هەروەها لێکۆڵینەوەی ئەو ڕێگایانەی دەبنە مایەی خۆ ڕزگار کردن لە هەندێك ئەرشیفی بەردەوام (الجاری) ، گرنگترین ئەوەی لەم یاسایەدا هاتووە چۆنیەتی دامەزراندنی ئەمباری مەڵبەندیی بەڵگەنامەکانو بەڕێوەبردنی قۆناغەکانی ناوەندی (مرکزی) یە .

لە کۆتایی ساڵی ۱۹٥۲ دا ژمارەیەك لە مەڵبەندەکانی بەڵگەنامە فیدرباڵییەکان لە هەشت ناوچە لە هەر دە ناوچەکاندا دامەزران ، ئەم مەڵبەندانەیش لەلایەن بەڕێوەبەرایەتیی خزمەتگوزاریی گشتییەوە دابەش کران ، ئەوە بوو پتر لە ۱ر۴۰۰ر۰۰۰ ملیۆنو چوار سەد هەزار بێی سێ جا بەڵگەنامە گوێزرانەوە دوای ئەوەی جێگای تەواویان بۆ تەرخان کرا ، ئەم جێگانەیش لە ساڵی ۱۹۷۳ دا بایی (٥ر٥ پێنج ملیۆنو نیو) دۆلار ئامێری هونەرییان تێ خرا .

ئەو کۆمەڵە بەڵگەنامانەی لە دامو دەزگاکانی سەر بە سوپادان هەرلە سەرەتای دامەزراندنی دەسەڵاتی نیشتمانییەوە تاکوو کۆتایی یەکەمین جەنگی جیهانی ۱۷۸۹ ـ ۱۹۱۷ دەتوانرێت بە ۲۰٪ تەقدیر بکرێن ، بەڵام ماوەی نێوان ۱۹۱۷ ـ ۱۹۱۹ ئەوا ئەوەندە بەڵگەنامەی هێنایە کایەوە لە چاو سەرجەمی گشتدا دەکاتە ۸۰٪ .

بە پێی یاساکانی فیدراڵی کە لە وولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا لەسەری دەڕۆن ، هەر ویلایەتێك دامەزراوی (دەزگا) ئەرشیفیی سەربەخۆی خۆی پەیدا کرد ، کە بە گەلێك ڕێگای جۆراو جۆر دامەزران ، هەروەها بە پێی شێوازی بەڕێوەبردنی جۆراو جۆر هەڵ دەسووڕێن . لەگەڵ هەموو تێکۆشینێکدا بۆ یەکخستنی یاساو شێوازی بەڕێوەبردنی ئەرشیف ، ئەو ئامۆژگارییو پێشنیارانەی لەم بارەیەوە بەرز کراونەتەوە هیچ پێشکەوتنێك یان سەرکەوتنێکی لە ساڵەکانی پەنجاکانی ئەم سەدەیەدا [illegible] ناوە .

[illegible] بەڵگەنامە لەسەر یەك کە[illegible] کراوانەی کە هی ئەرشیفی ناوچەو شارەکانن ، چاودێرییەکی ئەوتۆو کۆنترۆڵ کردنێکی تەواوی بەخۆوە دیت ئەویش بەهۆی کاروباری پشکنینی مێژوویانەی بەڵگەنامەکان کە بۆ ساڵانی نێوان (۱۹۳٦ ـ ۱۹٤۳) دەگەڕێتەوە ، ئەوا ڕابەرو پێڕستو لیستەیان بۆ ئامادە کراوە . کار بە بەڵگەنامەکانی حکوومەتەوە نەوەستا بەڵکوو بەڵگەنامەکانی کلیساکانیشی گرتەوە ، ئەوە بوو فەهرەسو ڕابەری بۆ دەستنووسە مێژووییو بەڵگەنامە گرنگەکان ئامادە کران .

بەڵام ئامادەکردنی ڕابەری یەکێتیی نەتەوایەتی بۆ کۆمەڵەی دەستنووسەکان ئەوا لە نیسانی ۱۹٥۹ دا دەستی پێ کرد .

وولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایش چەند ڕەگو ڕیشەیەکی ئەرشیفانەی هاوبەشی لەگەڵ دەولەتەکانی ئەمریکاو ژمارەیەك لە وولاتانی ئەوروپادا هەیە . هەر لە سەرەتای ئەم سەدەیەوەیش ، ئامۆژگای (کارینجی) لە واشنتۆندا ئەرکی پارە تەرخان کردنی بۆ چەند پرۆژەیەکی فراوان خستە ئەستۆی خۆوە ئامادە کردنی فەهرەستو ڕێکخستنی ڕابەر بۆ ئەرشیفە تایبەتییەکانی مێژووی ئەمریکا کە لە ژمارەیەك لە ئەرشیفی دەولەتە ئەمریکاییەکاندا پارێزراون .

لە کاتی دووەمین جەنگی جیهانیدا سوپای ئەمریکا سوودی لە زۆربەی بەڵگەنامە گرنگەکانی ئەڵەمانیا دي لەوانەیش هەندێك نهێنیی داهێنانە سوپایی پڕ مەترسییەکان ، هەروەها ئەمریکاییەکان بە یارمەتیی بەڵگە مێژووییەکانی یەکەمین جەنگی جیهانییەوە توانییان سوود لە ڕێگەکانی ئازووقە پێ دانو ڕژێمی خۆ ئامادەکردنی گشتی وەربگرن ، تا ئەو ڕادەیەی دەووترێت ئەوان بۆ دیاری کردنی کاتی گونجاو بۆ شاڵاو بردنە سەر ناوچەی (نۆرمەندی) ، کەوتنە لێکۆڵینەوەی بەڵگەنامەکانی بەرزەوەندیی ئاووهەوا . لێرەوە

دەزانین کە بەڵگەنامەکان لای ئەوان بە ئامێری بەڕێوەبردن و هۆی باش (پراکتیکی) بۆ تەواو کردنی کاروباری حکومەتی دادەنرێت . هەروەها بەڵگەی ماددی‌ی بەڵێن دانی دارایین . هەر وەکو کۆگای شارەزایی و پسپۆری و تاقی کردنەوەن کە پێویستە بزانرێن بۆ ئەوەی کاروباری حکومەت بە ڕێگای ڕاستی‌دا بە ڕێوە ببرێت . جگە لەوەیش کە کۆڵەکەی تۆژینەوەن .

ئەگەر چی وڵاتە یەکگرتووەکان لە لایەنی کاتەوە لە دامەزراندنی خانەی نەتەوایەتی‌ی بەڵگەنامەکان کە لە ساڵی (١٩٣٤) وەیە دواکەوتووە ، بەڵام لەوانەیە بە خێراترین دەوڵەت بژمێردرێت لە تێکەیشتنی یەکەمین ئەرکی خانەکانی ئەرشیفدا ، خۆ ئەرشیفە نەتەوایەتی‌یەکەی زۆر ڕێك و پێکە چونکە هۆی نوێ و ژمێریاری ئەلەکترۆنی تێ هێنراوە ، بە پێی پرۆگرامی وورد و درێژە پێ دراو پرۆژە حکومەتی‌یەکان پەیڕەوی دەکەن .

کەنەدا :

لە کەنەدا ئەرشیفی گشتی لە ساڵی ١٨٧٢ دا دامەزراو لە سەرەتاوە سەر بە وەزارەتی کشتوکاڵ بوو . ئەرشیفی ناوبراو کۆمەڵێکی زۆر گەورە ماددەی بەڵگەنامەی بنەڕەتی‌ی تێدایە ، لە ناوەڕاستی ئەم سەدەیەوەش کۆمەڵێکی تری بەڵگەنامە بە هۆی دانانی پرۆگرامی درێژخایەنەوە خرایە سەری کە بە پێی ئەمە کاروباری وێنە گرتن و رونووس کردنەوەی ئەو بەڵگەنامانە ڕێك خرا کە پەیوەندی‌یان بە مێژووی کەنەداوە هەیە ئەوانەی لە ئەرشیفی گشتی‌ی بەڵگەنامەکاندا لە لەندەن و چەند شوێنێکی تری وەکو ئەرشیفەکانی فەرەنسا پارێزراون . سەرەڕای ئەرشیفەکانی حکومەتی فەرەنسا بریتانیاو کەنەدا . لە ساڵی ١٨٧٣ یش‌دا پارێزگارێکی ئێپرسراو (بەرپرسیار) لە ئەرشیف لە وەزارەتی (سکرتاریەتی) دەوڵەت دیاری کرا ، پارێزگاری ناوبراو ئەرکی ڕێکخستنی بەڵگەنامە رەسمی و مێژوویی‌یەکانی گرتە ئەستۆ لە ناوچەکانیش‌دا چەند ژمارەیەك ئەرشیفی گرنگ هەن .

ئەرشیف لە کۆمارەکانی ئەمریکای لاتینی‌دا

ئەوەی زانراوە کە هەر بیست کۆماری ئەمریکای لاتین لە ژێر دەستەڵاتی ئیستیعماری دەوڵەتانی ڕۆژئاوادا بوون ، شتێکی ئاسایی‌یە ئەرشیفەکانیان بن و بناغەیان لەگەڵ ئەرشیفەکانی ئیستیعماردا جووت بێت ، بەتایبەتی لەو بەڵگەنامانەی سەردەمەکانی دەوڵەتانی ئیستیعمار پێش ئەوەی ئەم کۆمارانە سەربەخۆیی و دەستەڵاتی خۆیان وەربگرن . چونکە ئەرش[illegible]انیان [illegible] پەیوەندیەکی پتەو[illegible] ئەرشیفەکانی ئسپانیا[illegible] ئنگلتەرەو فەرەنساوە هە[illegible]ڕووەها ئەو بەڵگەنامانە چەند دانەیەکی وەکو خۆیانیان هەیە لە ئەرشیفەکانی ئەورووپادا پارێزراون.

بەڵگەنامەکانی هەندێك دام و دەزگای ئەرشیفی ، کە بە نیشانەیەك لە نیشانەکانی ئەم سەردەمە دادەنرێن ، زۆرتر لە کۆشکە کۆنەکاندا پارێزرابوون ، یان لە چەند جێگایەکدا کە لە بناغەدا بۆ شت پاراستن نەدەشیان ، یان بۆ ئەوە باش نین بکرێنە ئەرشیفی شیاو بۆ پاراستنی بەڵگەنامەکان .

لێرەشدا دەبێت پەنجە بۆ ئەوە درێژ بکرێت کە ئاووهەوا چ بە باشی و چ بە خراپی کار دەکاتە سەر ئەرشیفەکان .

بۆ وێنە لە بەرازیلدا ، دەبینین (ریۆدی جانیرۆ)ی پایتەخت ئاووهەوایەکی زۆر تەڕو شێ‌داری هەیە ، وای لە زۆر لەو بەڵگەنامانە کردووە ، کە هی سەردەمی ئیمپریالیزمن ، زۆر نەمێننەوە . بەڵام لە — چیلی —دا ئەوا شتەکە بە پێچەوانەوەیە ، چونکە ئاووهەوا تا ڕادەیەك باشە ئەمەیش کارێکی وای کردووە کە زۆربەی ئەرشیفەکان کە هی سەردەمی ئیمپریالیزمن بە ڕادەیەکی بەرز پارێزراون .

پەنەمایش ، کە یەکێك لەو کۆمارانەیە لە ساڵی ١٩٠٣ دا سەربەخۆیی خۆی وەرگرتووە ، یەکەمین دەوڵەتە لە ناوچەکەدا هەوڵی دامەزراندنی دایەرەیەکی نوێی بۆ ئەرشیفی نیشتمانی دابێت ، ئەویش لە ساڵی ١٩٢٤ دا پێشتریش لە ساڵی ١٩١٢ دا ئەرشیفی نیشتمانی‌ی تێدا دامەزرا .

کۆلۆمبیایش ، کە لەو وڵاتانەیە بایەخێکی زۆری بە ئەرشیف داوەو

کاری ئەوەی کردووە ئەو ئەرشیفانە دوور بخاتەوە کە هیچ سودو قازانجێك ناگەیەنن .

بەڵام – سلڤادۆر – یەکەمین وولات بوو کە تا شەستەکانی ئەم سەدەیە ئەرشیفی تێدا دانەمەزرابوو ، گواتیمالایش تا ئێستا لە ئەو ئەرشیفانەی پاراستووە کە هی سەردەمی ئیمپریالیزمن ؛ ئەگەر چی چەند بەشێکی گەورەی بۆ سلڤادۆر گوێزراونەتەوە .

کووبا :

کووبا لە ساڵی ١٨٩٩ دا سەربەخۆیی خۆی وەرگرتو لە دەستی کلکایەتی‌ی ئیمپریالیزمی ئەوروپا ڕزگارو قوتاری بوو ؛ ئەویش دەستپێشکەری‌ی دامەزراندنی ئەرشیفێکی نەتەوایەتی‌ی کرد کە بەڵگەنامەکانی تایبەت بە ماوەی ئیمپریالیزمی ئسپانیای لە مێژووی نوێی تێدایە .

چەند ژمارەیەکی کەمیش ئەرشیفی کووبایی هەیە بۆ پێش ساڵانی ١٨٠٠ دەگەڕێنەوە ئەویش بەهۆی خراپی‌ی دۆخی ئاووهەوا لە لایەکەوەو ، گواستنەوەی چەند کۆمەڵەیەك لە بەڵگەنامەکانی بە تێکڕایی پێش کۆتایی هاتنی دەسەڵاتی ئیستیعماری ئسپانیایی . لەوانەیشە کۆمەڵێکی گەورەی ئەرشیفی سەردەمەکانی ئیمپریالیزم هێشتاکە لە مەکسیکدا بن .

ئەفریقیا – ئاسیا – ئوسترالیا

ئەم ناوچانە ، ئەرشیفەکانیان لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەمەوە دەستیان بە نەش‌و نما کردن‌و پەرەسەندن کرد . یەکێتی‌ی باشووری ئەفریقیا ، لە هەر ویلایەتێك لە ویلایەتەکانی یەکێتی چەندین ئەرشیفی ناوەندی‌و (عەمبار)ی بەڵگەنامە هەیە ، بەرپرسیارانی ئەم ئەرشیفانە بەوەوە نەوەستاون کە ئەو کۆمەڵە بەڵگەنامانەی هەیەتیان ، بەڵکوو کاروباری وێنە گرتنی (میکرۆ فیلم)ی بەڵگەنامەکانیان خستووەتە ئەستۆی خۆوە ئەوانەی هی باشووری ئەفریقیان‌و لە ئەرشیفەکانی ئەورووپاو ئەمریکای باکوردا پارێزراون . ئەرشیفی ناوەندی لە هەر یەکە لە سالزبۆری‌و ڕۆدیزیای باشووردا لە ساڵی ١٩٣٥ دا دامەزراون . لەسەرەتاوە تەنیا بۆ دانانی نەخشەو ڕێکخستن ڕەنج دەدرا ، تا پاش دووەمین جەنگی جیهانی کار بەم جۆرە مابەوە ، کاتێك لایەنە لێپرسراوەکان لەم ئەرشیفانەدا کاروباری وێنەگرتن‌و روونووس کردنەوەی بەڵگەنامەکان بە (مایکرۆ فیلم)یان خستە ئەستۆی خۆوە .

بەڵام لە کۆنگودا دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتی‌ی ئەرشیف لە ساڵی ١٩٤٧ دا بوو ؛ لە سەرەتاوە بە ئامێرو ئامرازی وێنە گرتن‌و ... کردنەوەو پێکهێنانی ... ئەرشیفی دەستی پێ ...

هندستان‌و پاکستان

هەریەکە لە کۆماری هندستان‌و کۆماری ئیسلامی‌ی پاکستان بۆ دروست کردنی ئەرشیفی تایبەتی‌ی خۆیان دەستپێشکەری‌یان کرد ، بەڵام هێشتاکە هەر لە تەنگ‌و چەڵەمەی هاوبەش‌و تێکەڵ بەیەکدا دەژین بەهۆی جیا بوونەوەیان بۆ دوو دەوڵەتی سەربەخۆی نوێ لە ساڵی ١٩٤٨ دا . هەریەکە لەم دوو کۆمارە ڕیشەو بنەڕەتی‌ی بەڕێوەبردنی خۆیانیان هەیە کە بۆ سەدەیەك یان پتر درێژە دەکێشێت ، لە چوارچێوەی ئەو کۆمەڵە بەڵگەنامانەی لە ئەرشیفی گشتی‌ی بەڵگەنامەکان‌دا لە بریتانیا پارێزراون کە دەزگایەکی تایبەتی‌ی تێدایە بە دەزگای هندستان دەناسرێت‌و بە شێوەیەکی گشتی ئەو بەڵگەنامانەی تێدایە کە پەیوەندی‌یان بە هندستانەوە هەیە .

ئەوە بوو پاکستان تووشی کۆسپ‌و تەنگ‌و چەڵەمەی بێ شوماری کەڵەکە کردوو هات کە پەیوەندی‌یان بە وێنەگرتنی بەڵگەنامە پارێزراوەکانی ئەرشیفی نیشتمانی‌ی هندستانەوە هەیە . ئەم بەڵگەنامانەی کە بە گرنگترین سەرچاوەی مێژووی پاکستان دەژمێررێن کە ناتوانرێت لە مێژووی گشتی‌ی هندستان جودا بکرێنەوە ، هەروەها هندستانیش تووشی هەمان کۆسپ هات لە وەدەستهێنانی بەڵگەنامەکانی یان وێنەگرتنیان ئەوانەی لە خانەی بەڵگەنامەکانی ئەمپراتۆری‌دا لە لەندەن‌دا پارێزراون .

فیلیپین :

هەرچی ئەرشیفی کۆماری فیلیپینە ، ئەویش بەهۆی ڕووداوەکانی دووەمین جەنگی جیهانی‌یەوە تووشی لەناوچوون‌و زیانێکی زۆر هات ، بەڵام بۆ کۆ کردنەوەی بەڵگەنامەکان‌و پاراستنیان‌و وێنە گرتنیان بە میکرۆ فیلم ڕەنجێکی گەورەدرا ، ئەنجامێکی بەرهەمداریان هێنا ، ئەوەبوو توانرا چەندین کۆمەڵەی

چاکی ئەو بەڵگەنامانە بپارێزرێن .

ئوستراليا :

بەڕێوەبردنی ئەرشيف لە ئوسترالیادا لە کاتی هەڵگیرسانی ئاگری دووەمین جەنگی جیهانیدا دامەزرا ، ئوسترالیایش وەکوو دەولەتەکانی تر پێش دامەزراندنی (کۆمینوێلث) لە ساڵی ١٩٠١ دا تووشی چەندین کۆسپو تەگەرەی مەزن هات ، ئەوە بوو ئەرکە تەواو کراوەکانو ڕێکخستنەکانی پێشوو وەها پارێزرابوون وەك بڵێیت هی چەند حکوومەتێکی نیشتمانین ، بە پێی ئەوەیش دەیەها ساڵ بەردەوام کاری تێدا کرا .

نیوزیلەندە :

دەزگای ئەرشیفی نیشتمانی لە نیوزیلەندەدا بەشێك لە وەزارەتی کاروباری ناوخۆ پێك دەهێنێت ، بە دەرچوونی یاسای ژمارە ١٩٥٧ چاو بە ڕێکخستنی ئەرشیفی نیشتمانیدا گێڕرایەوە . ئەرشیفی نیشمانیی نیوزیلەندە ئەو بەڵگەنامانەی تێدایە کە پەیوەندیيان بە مێژووی وولاتەوە هەیە هەر لە سەردەمی قایمقامی بریتانیا (جیمس بۆزبی)یەوە واتە لە ساڵی (١٨٣٢)ەوە تاکوو ئێستا .

هەواڵی هونەری

✱ شیرزاد عبدالرحمن ✱

ماوەیەك لەمەوبەر شاری هەولێر گەلێ چالاکیو جموجۆلی هونەری گرتە باوەش وچەندەها بزووتنەوەی هونەري تیادا پێشکەش کراوە وچەند هونەرمەندێك لە لقە جۆراو جۆرەکانی بواری هونەریدا لە پێش کەش کردنی ئەم چالاکی یانە بەشداربون .

لەو ماوەیەدا شانۆ گەری « هەبو ، نەبو » لە نووسینی قاسم محمدو دەرهێنانی هونەرمەند صباح عبدالرحمن بۆماوەی سێ ڕۆژ لەلایەن تیپی نەتەوەی پێش کەش کراکە لەم دووایيەدا دامەزراوی سینەماو شانۆ وەکو دەست پێشخەریکی هونەری لە هەولێر پێکی هێناوە . ناوەرۆکی ئەم شانۆ گەرییە لە هەندێ لایەنی ژیانی کوردەواری وەرگیراوەو لە چوار چێوەیەکی هونەری هاوچەرخ پێش کەش کراوە .

کۆمەڵی هونەرو ویژە لقی هەولێر شانۆگەری « بوکی بەفر » ی لە نووسینی مهدی ئومێد پێش کەش کرد کە چەندەها هونەرمەندی لاو بەشداربون لە نواندنی ئەم بەرهەمە شانۆیەدا .

تیپی شانۆی لادێ ، شانۆگەری « مام حەسەن دەگەڕێتەوە » ی لەنووسینی (جەوهەر کرمانجو) دەرهێنانی (فەتاح خەتاب) پێش کەش کرد کە باسی ژیانی دەرەبەگایەتی دەکردو پاشان جوتیاران توانیان هۆشمەندیی بلاوبکەنەوەو بە سەرگیروگرفتەکاندا زاڵ بن .

تیپی [illegible]جانێکی هونەری فراوانی ڕێك خست بۆ [illegible]داری دهۆكو لەم میهرەجانەدا چەندەها [illegible]ی هونەری لە مۆسیقاو شانۆگەری پێشکەش [illegible] جوتیارو کۆمەڵانی ئەو گوندانە کراو سازکردنی ئەم میهرەجانە هەنگاوێکی ڕۆشنبیریو هونەری گەورەبو .

هونەرمەند ڕەهبەر جەلال پیشانگایەکی هونەری کردەوە کە تیایدا بەرهەمە ناسکەکانی خۆی لە چەند تابلۆیەکی بەهێزدا دەربڕیبوو ، وە پێشانگاکە چەند ڕۆژێکی خایاند .

تیپی هونەری هەولێر چەند گۆرانیو مۆسیقایەکی میللی نوێی تۆمار کردووەوە نیازی وایە بەم نزیکانە بۆ تەلەفزیۆنی ڕەنگاورەنگ تۆماريان بکات .

زیرەکی

* محمد امین هەورامانی وەری گێڕاوە *

« ئەمە راپۆرتێکی زانستیانەیە ، کە لە پاشکۆی رۆژنامەی ـ الرای العـــــام الکویتی ـ ژمارە (٥٩٣٦)ی رێککـــــەوتی ١٨ـ٥ـ٩٨٠ دا بلاو کرابوویەوە . . . .

دیارە راپۆرتی وەهای زانستیانە لە زۆر رووەوە سوودبەخشە ؛ بـــە تایبەتی بۆ دایك و باوكو مامۆستایانو بۆ ئەو دامو دەزگا پەروەردەیی یانە؛ کە پێ گەیاندنی نەوەی نوێیان لە بەرچاوەو بە ئاواتی دوا رۆژیان دای دەنێن . بـ... ـــە هــــەلم زانیو بە پەرۆشەوە هەلـ... ـە وەرگێڕانی بۆ زمانی کوردیی بە مەبەسـ...ـەی کە ئێمەیش وەك مرۆ و سیفەتی مرۆڤایەتی لــە پەروەردەکردن و پێ گەیاندنی نەوەی نوێ زیاتر لە هەر نەتەوەیەکی دیکــەی جیهان پێویستیمان پێی هەیە ، جا ئاواتە خوازم کە زۆرنەبێ کــــەم سوودبەخش بێ .

ئالۆ گۆڕی کیمیـــــایی ، توانای سەرکردەییو سەرپەرشتی پلەی زیرەکی هەیە ..

هـــۆی ناوەوەی خۆیەکی ـ دەوروبەریی توانای سەرکردەییو سەرپەرشتی زیرەکی منالیـــان هەیە ..

- **لێوەی بلیمەتی چییە ! نا ئاسایی کێن ؟**

- **ئایا تاقیکردنەوەی تایبەتی زیرەکی بۆ منالان و بۆ دیاری کردنی پلەی زیرەکیان هەیە ؟**

لەوانەیە ؛ کە قوتابی لە تەمەنی حەوت سالیدا ، لە هاوەلەکانی زیرەكترو سەرکەوتوتر بێ ، لەوانەشە هەررەتی زوو پەرەسەندنی هێزی زیرەکی لــە تەمەنی دە سالیدا ؛ یاخود هەژدە ، یا بیستســـالیدا روو بدات . .

دەلوێ ، منـــالانی تەمـــــەن بەیەکتری نزیك بچوێنێتە عـــەرەبانەی سیباق ، دیارە یەکێ لــەم عەرەبانانەو لەم فرسەتەدا پێشکەوتوترە تا ئــەوی دیکە ؛ بەلام مەرج کۆتایی ماوەکەیە ، کە کام عەرەبانە خێراتر ئەم ماوەیە لەوانیتر دەبڕێ . . .

ئەم ماوەیەش لە منالدا وا دیاری دەکرێ کـــە تەمــــەنی (٢١) بیستویەك سالەبێ ، کە کۆتایی گەشەکردنی پلەی زیرەکی منالی تیادا ڕادەوەستێ !!

من بە لامەوە وایە کە ڕادەی پلەی گەشەکردنی زیرەکی ئەو دوو زانایە (ئادیسۆن) و (ئانیشتاین) لە هەڕەتی منالییان دا هەستی پێ نەکراوە ، بەلام ئەم ڕادەی پلەی گەشەکردنی زیرەکیە ، بە خێرایی لە نێوان سالانی (١٥ــ٢١) لەمەنیاندا بەرەو زیادی پەرەسەندن چووە ، هەر لەبەر ئەوەی کە ڕادەی پلەی گەشەکردنی زیرەکیان نەخرایە بەر تاقیکردنەوەو پلەی زیرەکیان ، دیاری نەکرابوو بۆیە بە پێی پلەی سەرەتایی زیرەکی ، ئەم دوو زانایە بە مێشك پووت (پووچ) لە قەلەم دران . .

ئەم جۆرە بڕیارانە ، بێگومان زۆر هەلەن ، چونکە ، بە ڕاستی ، ئەوان زیرەك بوون و هێزو توانای زیرەکی لە مێشکیانا هەبووە ، ئەو بڕیارەش (مێشك پووچی) دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەوانەی دەوروپشتیان هەستیان بە بوونی زیرەکیان نەکردووە، یاخود نەیانتوانیوە پێی بزانن !!

زیرەکی تاقی کردنەوە :ــ

دەربارەی بوونی جۆرە تاقیکردنەوەی وەها کە خەریکی تاقیکردنەوەی پلەی زیرەکی منالان بێ و بتوانێ پلەی زیرەکیان دیاری بکات و بیپێوێ ، دوکتۆر (خەیری سەمرە) دەلێ :ــ

بەلێ ، زیرەکی پەنا دەباتە سەر پلەی یەکگرتن و ئالو گۆڕ بوونی (درجـــة التفاعلات) کیمیاوی نێوان شانە هەستیارەکانی مۆخ (مێشك) .

جا ، هەر لەبەر ئەوەی کە ئێمە ، ناتوانین ، ڕادەی پلەی ئەو ئالو گۆڕە بپێوین ، پەنا (ئێمە کە دوکتورێن) دەبەینە تاقیکردنەوەی تایبەتی ، بۆ ئەوەی بە هۆیانەوە بتوانین ڕادەی پلەی زیرەکی منال و ڕاژەی سەدیی هەر تەمەنێ دیاری بکەین .... بۆ نموونە ، بۆ تاقیکردنەوەی منالی تەمەنی ــ چوارسال تەمەن ، چەند (موکەعەبێ)کی تایبەتی دەخەینە بەردەم منال و پرسیاری لێ دەکەین ، کە کامیان گەورەترە !! بۆ ئەوەی هێزی تێبینی و وردبینی دیاریی بکەین .. پاشان داوای ئەوەی لێ دەکەین ، بۆ ئەوەی کە ئەم موکەعەبانە لە نێو بازنەیەکدا ریز بکات ...

بۆ تەمەنی حەوت سالی ، چەند ڕەمزێکی تایبەتی لەبەر دەمیا دا دەنێم .. ئەو ڕەمزانەش بۆ نموونە ، وەك ، دوو هێلیی یەکسانی موازی بە یەکو بە مەرجێ سەری یەکێکیان بە دوو نیو بازنەی دەم بۆ دەرەوە و ئەوی دیکەیان بە دوو نیوبازنەی دەم بۆ ناوەوە دیاری کرابن .. ئەوجا پرسی ئەوەی لێ دەکەم ، کە کام لەو هێلانە لەوی تریان درێژترە !! چونکە ئەو هێلەی کە ئەمسەرو ئەوسەری بە نیوەبازنەی دەم بۆ ناوەوە دیاری کراوە کورت‌تر دەر دەکەوێ لەوی دیکە کە نیو بازنەکانی دەم بۆ دەرەوە بن ، بەلام منالی تیژبین و وردبین توانای ئەوەی هەیە کە لەم فێلە تێ بگات و تێ‌بینیان بکات .

سەبارەت ، بەوەی کە ئایا منالی بزێو و موشاغیب زۆر زیرەکە یام نەء ! دوکتۆر خەیری ، لەو باوەڕەدایە ، کە ئەو وتەیە جۆرە بنچینەیەکی ڕاستی هەیە ؛ هەندێ جاریش بە پێچەوانەی ئەوەوە ڕاست‌ترە ...

دەربارەی ئەوەی کە مێشکی زیرەك لەوانەیە ، یاخود دەبێ چالو چۆل وپێچو پەناوای زۆری تێدابێ، دوکتۆر خەیری دەلێ :ــ ئەوە ڕاستە ، بەلام وەختێ کە مێشکی زانای بلیمەت ، ئانشتاین ــ پاش ئەوەی کە لە پێش مردنیدا مێشکی خۆی پێشکەش بە زانکۆی ئانشتاین لە نیویورك کرد ــ پشکاندو لێکیان دایەوە ، دەرکەوت کە بنیاتی مێشکی لەگەل هی یەکێکی دی زیرەکدا چ جیاوازییەك نیە نە لە رووی قەبارەوە نە لە رووی شێوەوەو بوونی زۆری چالو چۆل وپێچ و پەناوەوە ، لەبەر ئەوە دووپاتی دلنیاییم لەوە دەکەمەوە کە هۆی زیرەکی لە بنەڕەتدا دەگەڕێتەوە بۆ ئال و گۆڕی کیمیاوی نێو مێشك ..

ئەو هۆیانەی کە کار دەکەنە سەر زیرەکی مرۆ :ــ

...ەت بە پرسیاری ؛ ئەو هۆیانەی چین کە دەبن... دانی ئەو ئالو گۆڕە کیمیاویانە ، دو... دەلێ :ــ دوو هۆی سەرەکی توانای روو... ئەو ئالو گۆڕەیان هەیە (... یەکێکیان ناوەڕۆکی خودیە و پەیوەندی بە بنەماکی جیزەوە (وراثە) هەیە .. ئەوی تریان دەوروبەرییە (خارجی)و پەیوەندییەکی بە تینی بەهۆی جمێنەرو گورج وگولکەری دەوروبەرییەوە هەیە .. هۆی دەوروبەری دەستێکی بالایان لە گەشەکردن و پێگەیاندنی هەوێنی بنەماکی چیزەیی‌وە هەیە ئەو مرۆیەی هەوینی عەقلێکی زیرەکی بۆ هاتبێتەوەو ، لە دایك و باوکیەوە ، بەرەنگاری هۆی گەشەکردن و پێگەیاندنی دەوروبەریی نەبووبێ ، وەك نەمامێکە کە

تۆوەکەی باش‌و بەهێزە بەڵام لــــــە زەوی و بوومێکی نارەواو بێ‌پیز دایە . ئەمانەش (هۆیە دەوروبەری‌یانە) هۆی نەفسی ــ دەروونی و کردەوەیین کــــە دەوری منالیان داوە ! لە خێزان و قوتابخانە و هــــەمە جۆر هۆو رێگای راگەیاندن ..

ئەو هۆیانەی کــــە توانای دەرخستنی ئامادەیی سروشتی منالیان هەیەو کاریگــەرن لە گەشەکردن و بەهێزکردن و فراوانکردنی سکێلی نەخشــە‌کێشان و وێنەگرتن و شیعر هۆنینەوەو پەیکەرتاشین و هەمــە جۆر هونەری دروستکەرو نوێ داهێنەر ، جۆرێکــــە لە زیرەکی و جۆرێکە لە وردبینی !

خواردەمەنی (خواردن و خواردنەوە) ، یەکێکە لەو هۆیە دەوروبەری‌یە گرنگانە کە دەبێتــــــە هۆی دەرکەوتنی زیرەکی منال ، جا بۆیە پێویستە منـــــال هەموو جۆرە خواردنێ بخوات ....

پێویستە ئاگاداری ئەوە بین کە سەری منالمان ، نەداو نەکەوێ لە شتی و ببێتـــــە هۆی زیان هێنانی ، هەروەها ئاگاداری ئەوەبین کەلە جێگــای بەرزەوە .. نەکەونە خوارەوە ، زۆر بە وردی ئاگامان لـــە تووش بوونی هەندە پەتایەێ بێ بە تایبەتی پەتا (الحمیات)ی مێشکی .. ئەم جۆرە زیانانە دەبنە هــۆی لە نێوبردنی هەندێ شانەی مێشکی و کار دەکەنە ســـەر راژەی زیرەکی مرۆ ...

دەربارەی شێتانەیی بلیمەت (جنون العبقریة) دوکتۆر خەیری دەڵێ :ــ

زوربەی وەخت ، لـــەو کاتەدا کە زیرەکی زیاد دەکات و کەفەسەر دەبێ ، دەگاتە پلەی بلیمــــەتی و خاوەنەکــــــەی هەندێ جم و جوول‌و [illegible]ەی لێ دەوەشێتەوە ، کە ناچێتە عەقلی ئەوا[illegible] لــە دەوروپشتی‌دا ، یا لێی تێ ناگەن ، لە[illegible]ۆرە کردەوەو جم‌و جوولیانە لەســـەر بنەماکێ[illegible] بنیات نرابن ، بەڵام هەر لەبەر ئـــەوە زوربەی بێی ئالوودە نەبوون و لەگەلی را نەهاتوون ، خاوەنەکەی بــــــە شێتۆکە لە قەڵەم دەدەن ...

پاش گێراندنەوەی رازی ئیمامی شافیعی ، کــە وا زۆر بیر تیژ بووە بە رادەیێ ئەگەر تەماشای هــەر پەرەیەکی بکردابایە ، یەکسەر لە مێشکیدا ‌چـــاپ دەبوو ، هەر لە بەر ئەوەش بوو کە وەختێ بیویستابایە لاپەرەیێ لـــە کتێبێ بخوێنێتەوە دەبوایێ دەســتی بخستابایە سەر ئەو لاپەرەکەی دیکــەی بەرامبەری ، بۆ ئـــــەوەی هەردووکیان بە جارێك و بەتێکەڵاوی لەمێشکی‌دا چاپ نەبن .

هەروەها سەرگوزەشتەی (هارون الرشید) ، کە هێزی بیری ئەوەندە تیژ بووە ، توانیویەتی بە یەك جار بیستنی هەر قەسیدەیێ لەبەری بکات و ئـــەم بەهرەیەش بە پەیوەندی چیزەیی (وراثە) بۆ کچەکەی چوو بووەوە . بـــەم بۆنەیەوە ، دوکتۆر خەیری ، بۆ وەڵامی پرسیاری ؛ پەیوەندی نێوان بیروەر و زیرەکی ، دەڵێ :ــ

شانەی هەستیاری بەر پرس بە بیرو بیرهاتنەوەی مێشك جیاوازن لەوانەی کــە بەرپرسی زیرەکین . زۆر نزیکە کە مرۆ شانەی زیرەکی بە هێزی هــەبێ ، بەڵام شانەکانی بیرو بیرهاتنەوەی ، لەوانەیە ، مـــام ناوەندی ، یا لاوازبن . بۆیە لێرەدا ، ئـــەم مرۆیە ، ئەوەی کە دەیخوێنێتەوە بـــە زووترین کات لێی تێ دەگات‌و وەری دەگرێ ، بەڵام بـــە زووترین کـات لەبیری دەچێتەوە بێگومان پێچـــەوانەی ، ئەمەش راستە ...

بە بیرهاتنەوەو کە بیر نەچوون سنووری هەیە ، زۆر ئاسایی‌یە کـــە عەقلی مرۆ هەندێ شتی لـــەبیر بچێتەوە ، بێگومان ئەمەش جۆرە نیعمەتێکە کــە خوا بەخشیویەتی پێمان ، بە تایبەتی بۆ ئەوەی هـــەواڵی ناخۆش سەرگەردانمان نەکەن ، بەو زۆربەی کـــــە هەن ، ئەگەر بە درێژی تەمەن هەر لە بیربن‌و هەر لـــە مێشك‌دا بمێننەوە ... ئەگەر رادەی بیرو بیرهاتنەوە لە سنووری سروشتی خـــۆی چوویە دەرەوەو هێزی لافاوی کرد ، ئەو وەختە ئەو مرۆیە لەریزی بێ‌هاوتاو ســـەر لەپەرەکان دەژمێردرێت ، کــــە ئـــەوانائی کۆمەڵێکن بـــە هێزی بیروەری فراوانەوە دەناسرێن ، راژەی ئەو مرۆیانەش زۆر کــەمن ــ ئەتوانین بڵێین ؛ (یەك) کەس لە ملیۆنێك کەس‌دا ــ شایەنی باســـە ، هێشتا پزیشکی ئەگەیشتوەتە ئەو پلەیە ، کــە جۆری ئەو ئاڵ و گۆڕە کیمیاویە بناسێ کـــە لـــەو جـۆرە مێشکانەدا روو دەدەن ...

ئیمـــــامی شـــافیعی و هارونەرەشید و ئـــەو کەسەی ، هەروەك لە یەکێ لە بەرنامە ئیزاعیەکان‌دا لە بارەیەوە بیستمان ، کـــــە بە زارەکی کردەوەیەکی ماتماتیکی ئاڵۆسکاوی لە چەند خولێکی کەم‌دا ، بـــەبێ

بەنا بردنە سەر قەلەم و دەفتەر لێکدانەوەو هەروەها ئەو کەسەی کە تەنیا جارێ و بۆ یەکەمجار یەك پارچە مۆسیقا دەبیستێ و توانای ژەنینەوەی هـەیە ، ئە ، ئەمـانە هەموویان سـەر بەو کۆمـەڵە زیرەکەی سەرەوەن . .

دوکتۆر خەیری ، هەر خەریکە دەربارەی یەکێ لە قوتابیەکانی و رازەی پلەی زیرەکی دەدوێ و چۆن لەو بڕوایەدایە ، کە پاشەڕۆژێکی سەرکەوتووی دەبێ!

بزە دەمباتەوەو ئەم گفت و گۆیە دەبیستم و بیری ئەوە دەکەمەوە کە چۆن زاناو راهێنەری گەورەی کارەبا ئادیسۆن ، وەختێ خۆی قوتابیەکی وریا نـەبووە !! چۆن ئەلبەرت ئاینشتاین ، دانەری تیۆری نیسبی ، کە بوویە گەورەترین و گرنگترین بنچینەی فیزیای نەوەی نوێ ، لـە ماتماتیکدا لاواز بووە ، بە رادەیێ کـە مامۆستاکەی وای لە قەڵەم دەدا کە بۆ بەردەوام بوون لەم جۆرە خوێنـدنە دەست نادات ، باشتریشە بۆی کە پیشەیێ بۆ خۆی بدۆزێتەوەو خـۆی پێ بژێنێ ! چۆن ئەم قوتابیە دەبەنگە بوو بـە زانایەکی بلیمەتی وریا ، چۆن ئەم عەقلە مەیوە بوو بـە سەرچاوەی شۆڵە کـە ڕێگای هەموو بەشەری بـەو داهێنەرە سەرسورهێنەرەی رۆشن کـردەوە ، ئایا بلووچەی زیرەکی و بلیمـەتی چییـە ؟ ئایا پلـەی گۆڕان و گەشەکردنی زیرەکی چین و کامانەن ؟

ئاڵ و گۆڕی کیمیاوی نێو شانەی هەستیاری مێشك :ـ

بۆ چەند رۆژێ بیرم خـەریکی چەند پرسیارێ بوو لە بارەی عەقلی مرۆڤ گەشەکردن وپێشکەوتنی ـ یەوە ، وەختێ کـە روو بەڕووی دوکتۆر خەیری کرانەوە ، وتی :ـ مێشکی مرۆ بلێونەها شـانەی هەستیاریە و بە چەند کۆمەڵێکەوە ـ کە هـەر کۆمەڵێکیان بەرامبەر ئەرکێکی تایبـەتی بەرپرسە ـ دابەش کراون ...

بۆ نموونە مەرکەزی گفت و گۆ کردن هـەیە ، مەرکەزێکی دیکە بە (بینین) بەرپرسە ، هی تر بـە (هەستی بۆن) و ئەوی تر بە (جم وجووڵ) پێنجەمیش بە هەستەوانیەوەو بەو جۆرە . .

هەروەها لـە شانەی هەسـتیاری مێشکدا کۆمەڵێ شانە هەن کە ئەرکی سەرشا نیـا زیرەکی یە بە شێوەیەکی گشتی و زیرەکیش لێرەدا ، تێ گەیشتن و وردبینی و زانین و هەڵگرتن یا (بۆ بیرهاتنەوە) . .

پلەی زیرەکی یـەکێ ، یاخود کەفەسەربوونی لەزیرەکیا پەنای بردۆتە ، یاخود بەستراوە بە کەمی و زۆری رازەی ئاڵ و گۆڕی کیمیاوی کـە لە نێو ئـەو شـانە هەستیارانەدا روو دەدات ، هـەرئەم ئاڵ و گۆڕە کیمیاویەیە ، کـە توانای دیاری کردنی جۆری زیرەکی و زیرەکی بێ هاوتایی یەوە (منال لە دایـك


دەربارەی قەبارەی مێشـك و پەیوەندی بـە زیرەکی و زیرەکی بێ هاوتایی یەوە (منال کە لـە دایك دەبێ قەبارەی مێشکی بە نیسبەتیەوە بچکۆلانەیە ، بە هۆی بەسەرهاتنی وەخت و زەمـانەوە ، رۆژ دوای رۆژ . قەبارەی مێشك قورسـایی زیاد دەبێ تاوەکو دەگاتە گەورەترین قەبارەوە ، کە ئەویش لـە تەمەنی (٣) سـالی دا) و ئایا قەبارەی مێشك و کێشانەی مێشکی پیاوێکی گەیشتوو ، لەگەڵ هێنێکی منـالی (٣) سالی دا جیاوازی نی یە ! دوکتۆر خەیری دەڵێ :ـ

بەڵێ ، لە هەردوو حالەت لە ئاسـایی دا ، کێشانەی هەریەك لـەو مێشکانە لـە کیلۆیێ زیاتر نی یە ، لەوانە [illegible] منـال کـە لە دایك دەبێ لە بنیـاتی مێ[illegible]ەی دا کەمی هەبێ و لەوانەشە ئـەم کە[illegible] دەوروبەری چارەکی قەبارەی ئاسایی . بەم کۆمەڵە منالە ، دەڵێن منالە عەقل دواکەوتووەکان ، یاخود دەبەنگەکان ...

تاوەکو ، منال گەشە بکات و گەورە بێ ، ئەرکی مێشکی زیاتر دەبێ ، زانینی پەرە دەسێنێ ، وردبینی فراوان دەبێ ، تا زیرەکی زۆر دەبێ ... ئەو پەڕی پلەی زیرەکی مێشك لە تەمەنی (٢١) سالی دا دەبێ و ئەو جا ئیتر پەرەسەندن و گەشەکردنی ڕادەوەستێ ...

ئەم کتێبە

بەرگی دووەم


NARRATIVE

RESIDENCE IN KOORDISTAN,

AND ON THE

SITE OF ANCIENT NINEVEH;

WITH JOURNAL OF

A VOYAGE DOWN THE TIGRIS TO BAGDAD,

AND AN ACCOUNT OF A VISIT TO

SHIRAUZ AND PERSEPOLIS.

BY THE LATE

CLAUDIUS JAMES RICH, ESQ.

EDITED BY HIS WIDOW.

TWO VOLUMES.—VOL. II.

LONDON:

JAMES DUNCAN, PATERNOSTER ROW.

MDCCCXXXVI.

گەشتەکەی ریچ

ساڵی ١٨٢٠ بەکوردستاندا

کلودیوس جیمس ریچ دایناوە

حسین احمد جاف وەری گێڕاوە

بێ گومان زۆر لــــە خوێندەوارو ڕۆشــنبیرە کوردەکان کتێبی « گەشتی ریج ســالّی (١٨٢٠) بە کوردستاندا »یان خوێندۆتەوە کــە کلودیوس جیمس ریج .. کۆنە بالّوێزی ئینگلیز لــە بەغدا دانیاوەو خوالێخۆشبوو « میر لواء »ی خانەنشین « بهاء الدین شیخ نوری » لە سەرەتای پەنجاکاندا کردبووی بــە عـــەرەبی . لـــەوانەشە ئـــەو خوێندەوارانە لەگــەڵ یادداشتەکانی ریـــجدا لەبارەی ئەو خەڵکەی کە بینیبوونی .. یان ئەو شوێنانەی کە سەری لێ دابوون کاتێکی خۆشیان بردبێتەسەر . هەروەهاش لەوانەیە باســــە وردەکانو شێوازە ئاســانو ڕوونەکەی ریجیان بەدڵ بووبێت .

هەرچەند ئێمە بەتەواوی دڵنیا نین لـــەبارەی هۆی ئـــەم گەشتە ، بەلاّم ئـــەبێ ئەو ڕاستیەش لەبیرنەکەین کـــە ئەم یادداشتو ئاسۆگانە .. تاوەکو ئەمڕۆش لەرووی مێژوو فۆلکلۆرەوە نرخی تایبـــەتی خۆیانیان هـــەیە . شایەنی باس ئەوەیە کـــە ئەم یادداشتانە ـ پاش تێپەڕبوونی پانزە ساڵ بەســـەر کۆچی دووایی ریجدا لەســـەر داخوازی یەکێ زۆری دۆستو برادەرەکانی ریج کۆچ کردووەکەی ، لــــە لایەن خێزانەکەیەوە چاپکراوون . هەرچـــــەند ئەم یادداشتانە زۆر جار لە سنووری ڕاستی دەرئەچن ، بەلاّم ، ئەمەش نرخو گرنگیـــــان زۆر کەمناکاتەوە . چونکە .. باسی سەردەمێك لە مێژووی وڵاتە ئازیزو خۆشەویستەکەمان دەکات کــــە بــــە جــــارێك نەخوێندەواریو دواکەوتنو نەخۆشی باڵی بەســـەریا کێشابوو . ئەم کتێبە بـــە هەردوو بەرگەکەیەوە زیاتر لە هەشت سەد لاپەڕە ئەبێو بەم شێوەی لای خوارەوە دابەشکراون بەرگی یەکەم (٤١٠) لاپـــەڕەو بەرگی دووەم (٣٩٠) لاپەڕەی ئاسایە . وە لـــە پێشەکی کتێبەکەدا .. بەچاپگەیێنەری دەڵێ : بەهۆی چـــەند زروفێکی تایبـــەتی ناخۆشەوە چاپکردنی کتێبـــەکە دوواکەوتووە کە نامەوێ بـــە باسکردنیان ســـەری خوێندەوارە خۆشەویستەکان بیەشێنم .

دانەر ـ واتـــە کلودیۆس جیمس ریج ڕۆژی ١٧٨٧/٣/٢٥ لە نزیکی « دیجون » لـــە ناوچـــەی بیرگاندی هاتووەتە دنیـــاوە .. هەر لە ســـەرەتای ژیانیەوە حـــەزو ئارەزوویەکی قووڵی بۆ فێربوونی زمانە ڕۆژهەلاّتیەکان هـــەبوو .. وەکو عـــەرەبیو فارسیو تورکیو لـــە ماوەیەکی زۆر کورتداو بـــە یارمەتی فەرهەنگو ڕێبازی زمانەوەو بـــە شێوەیەکی ئێجگار ڕێکوپێكو سەرسووڕهێنەر توانی فێری زمانی فارسی ببێت . ریج پاش گەشتەکەی بە کوردستاندا بۆ بەغدا گەڕایەوە .. چـــونکە وەکو نوێنـــەری کۆمپانیای هیندی ڕۆژهەلاّتیو وەکو بالّوێزی وولاّتی خۆی لە بەغدا مەڵبەندی چالاکیەکانی بوو . هـــەر لەو سەردەمەشدا ناکۆکیەکی قووڵ کـــەوتە نێوانی ئەوو پاشای بەغدای ئەو سەردەمە ، پاشان ناچاربوو بەغدا بەجێبێڵێو بەرەو بەسرا بکەوێتەڕێو لـــەوێشەوە بۆ گـــەشتو گوزارو بینینی کـــەلاوەو شوێنەواری پرسەپۆلیسو گۆڕستانی شازادەکان چوو بۆ شیراز ، لەوێدا ئینجا تووشی نەخۆشی « کولێرا » بوو کـــە ئەو سەردەمە لەو ناوچـــەیەدا بلاّو بوو بۆ وە . ریج بەم نەخۆشیە مردو لە باخچەی شازادەکانی « جیهان نمـــە » نێژرا . دەسەلاّتدارانی ئـــەو شارەو بۆ لەیادنەچوونی یەکسەر پاش مردنی پەیکـــەرێکیان بۆ دروستکرد ؛ چونکە بۆ قەلاچۆکردنی ئـــەو نەخۆشیە سامناکە لەو شارەدا دەستێکی باڵای هەبوو . ئەنجا با باسی کتێبەکـــەی بکـــەین .. مـــستر ریج لـــە لاپەڕەی (٩٠)ی کتێبەکەیدا باسی دۆڵو شیوەکانی کوردستانی ڕەنگین دەکاتو دەڵێ :


هەمیشە بیر لـــە دۆڵە ڕەنگاوڕەنگـــەکانی کوردستان دەکەمەوە ، ئای خوایە کـــە جوان بوون .. هـــەتاکو لە گەلاّڕێزانە پایزەکەیاندا ، ئینجا نووسەو باسی ئازایەتی منداڵێکی کـــورد دەکا کە ناوی « عەبدوللا » دەبێ ، ئەم (عەولاّ) یەش کوڕی هاوڕێیەکی ریج دەبێ کـــە عومەر ش... یان پێ دەووت . ریج باسی ئەو منـــداڵە ... : عـــەولاّ لەگەڵ منالێکی کـــەی ...دا گـــەیشتنە ئەو شوێنەی کـــە ...ڕەتەکانمان تێیدا هەڵدرابوون . عەولاّ باوکی پێی ووتبوو .. دوامان کەوی ..

یەکسەر شتومەکی خۆی کۆکردبۆوەو ئەسپەکەی زینکردبووو خێرا بە دواماندا هاتبوو ، ئەو هـــەموو دۆڵو شیوو گردانەی بە دواماندا بڕیبوو . ئـــەم منالە ئازایە نموونەیەکی بچووکی ئەو منالە ئازایانەن کە لەم ناوچە شاخاویە خۆشو دلگیرە دان .

وە لـــە لاپەڕە (١٥)ەی کتێبەکەدا . ریج بـــە

ووردی‌و بــه شێوه‌یه‌کی زانستیانه باسی شـاری هه‌ولێر ده‌کاو ئه‌ڵێ :

له‌گه‌ڵ گزنگی تیشکی به‌یاندا هه‌ستام یه‌که‌مین گه‌شتی خۆم له‌م شاره کورده ڕه‌سه‌نه‌دا ده‌ست‌پێ‌کرد .. یه‌کسه‌ر بۆ بینینی مه‌ناره کۆنه‌که‌ی مزگـه‌وتی هه‌ولێر چووم ، که یه‌کێکه له نیشانه هه‌ره دیاره‌کانی ئه‌م شاره . ئـه‌م مزگه‌وت‌و مه‌ناره‌یه زۆر کۆن‌و به‌سالداچوون‌و کانی به‌ردێکیان لێ نزیکه که خه‌ڵکی شاره‌که به‌ردی لێ ده‌رده‌هێنن . به‌رزی مه‌ناره‌که نزیکه‌ی (١٢٠) پێ‌و چێوه‌ی قولله‌که‌ی خۆی له (٥١) پێ ئه‌داو ، بنچینه‌که‌ی هه‌شت گۆشـه‌یی‌یه‌و به‌رینی هـه‌ر ڕوویه‌کی نزیکه‌ی (٩) پێ‌و (١١) گرێ ئه‌بێ . به‌رزی بنچینه‌که‌ی له‌نێوانی (١٠) تا (٤٠) پێ ئه‌بێ ، مه‌ناره‌که زۆر له مزگـه‌وتی داقوق ده‌چێ . له‌وه‌ش‌ده‌چێ که ئه‌م مه‌ناره‌یه له پاشماوه‌کانی سه‌رده‌می عه‌باسی‌یه‌کان بێ‌و له‌وانه‌شه کۆنتریش بێ . مرۆڤ له ده‌وروبه‌ری ئه‌م مزگه‌وته ده‌ها که‌لاوه ده‌بینێ . واش ده‌رده‌که‌وێ که ئه‌م شاره کـورده گه‌وره‌و کۆن‌و ڕه‌سه‌نه .. شارێکی ئێجگار گـه‌وره‌و فراوان‌و گه‌شه‌کردوو بووه . له‌وانه‌یه به‌قـه‌ده‌ر به‌غدای نوێ بووبێ « واته به‌غدای ئه‌و سـه‌رده‌مه ــ وه‌رگێڕ » . هه‌روه‌هاش حه‌مامێکی گه‌وره‌ی تێدابه‌و ده‌هـا کاروان سه‌راو بازاڕی لێ‌یه . به‌شێك له‌و دوکانانه ئه‌که‌وێته سه‌ر گردێکی ده‌ستکرد که پێ‌ی‌ده‌ڵێن قه‌ڵای هه‌ولێر « لاپه‌ڕه ١٦ » .



ئینجـا هه‌ر بـه‌م شێوه ووردو جوانه ، ریچ تێبینی‌و یادداشته‌کانی ده‌نووسێ‌و ده‌ڵێ : لـه‌و ده‌شته فراوان‌و دلگیره‌ی هـه‌ولێر ، که‌ر[...]ك‌و ئاسـك‌و قه‌تێ‌و سوێسکه‌ش ئێجگـ[...] ئه‌وجا ڕاوه (هه‌ڵۆ)ش لێره‌دا زۆر باوه‌و[...] هه‌ڵۆی « ئالان » له‌م ناوچه‌یه‌دا ناوبانگی هه‌یه‌و[...]ـا لـه‌م جۆره هه‌ڵۆیـه ڕاوئه‌کرێن‌و ده‌نێردرێن بۆ ناوچه‌کانی دیکه‌ی کوردستان « لاپه‌ڕه ١٨ » .

وه له گه‌شته‌که‌ی « سنجار »دا ریچ چاوی بـه ئافره‌تێکی « فالچی » سه‌ربۆش ده‌که‌وێ ، خـه‌ڵکی ناوچه‌که پییان وت ئـه‌م ئافره‌ته فاڵ ده‌گرێته‌وه‌و نهێنیه‌کانی داهاتوو ده‌رده‌خا .. ناوی ئـه‌م ئافره‌ته « بێزار » بوو .. « لاپه‌ڕه ١٦ » .

ریچ هه‌روه‌هـا باسی ئه‌وه‌شمان بۆ ده‌کا چۆن له‌گه‌ڵ گۆرانی بێژێکی خه‌ڵکی ئه‌و ناوچه‌یه شـه‌وێکی ته‌واوی برده‌سه‌ر ــ ئه‌و گۆرانی بێژه‌ش « طنبـور » ژه‌نێکی به‌هره‌مه‌ندو هونه‌رمـه‌ند بوو .. ئینجـا ده‌ڵێ : له‌نێو ده‌ها گۆرانی جوان جوان کـه ئه‌و شه‌وه گوێم‌لێ‌وون گۆرانی « لێلێ غه‌زالێ »یم قه‌ت لـه‌یاد ناچێته‌وه ، که گۆرانی‌یه‌کی ئێجگار دلگیرو پڕ لـه جۆش‌و ئاوازه ، ئـه‌و گۆرانیه باسـی کیژه کوردێکی جوان ده‌کا .. ناوی « غه‌زالی » ئه‌بێ‌و خـه‌ڵکی ئه‌و ناوچـه‌یه ده‌بێ . ئـه‌م کیژه ناسـکۆڵ‌و نازداره ده‌زگیرانی لاوچاك‌و جوانخاسێك ده‌بێ لـه خێزانه ناوداره‌کانی سنجار . ته‌نهـا سێ ڕۆژ ده‌مێنێ بۆ گواستنه‌وه‌ی بووك بۆ ماڵی زاوا ، کاتێك « حه‌سـه‌ن پاشا » باوکی « ئه‌حمه‌د پاشا » که یه‌کێك بوو لـه والی‌یه به‌ناوبانگه‌کانی به‌غدا « له سه‌ره‌تای سـه‌ده‌ی نۆزده‌هـه‌مدا » .. کچـه ده‌بینێ‌و بێ سێ‌و دوو فرمان‌ئه‌دا بۆ خۆی بگوێزێته‌وه .. بێ‌ئه‌وه‌ی گوێ‌بداته هیچ شه‌رع‌و یاسایه‌ك‌و بێ‌ئه‌وه‌ی گوێ‌بداته هـه‌ست‌و نه‌ستی ئافره‌ت‌و ده‌زگیرانه کۆست‌که‌وتووه‌که‌ی . ئه‌م ڕووداوه بوو به چیرۆکێکی عاتیفی کـه پشتاو پشت خه‌ڵکی ئه‌م شوێنه ده‌یگێڕن ـــه‌وه . شه‌نگاریه‌کان ــ وه‌کو ریچ ده‌ڵێ ــ جوانی‌یه کارتێکه‌ره‌که‌ی غه‌زالێ‌یان لـه چوارچێوه‌ی گۆرانی‌یه‌کی جوان‌و دلگیر نه‌مرکرد « تخلید » ، بۆ ئه‌وه‌ی هه‌تا هه‌تایه بمێنێته‌وه‌و لـه‌بیر نه‌چێته‌وه .


شایه‌نی باسه کـه ئه‌م چیرۆکه‌و ده‌ها چیرۆکی کوردی دلگیری کـه‌ی بیستبوو لـه گۆرانی بێژێکی کوردی کوێر که « لاسۆ »یان پێ‌ئه‌ووت «لاپه‌ره ٨٧» .

وه له کۆتاییدا ریچ ده‌ڵێ خه‌ڵکی ئه‌م ناوچـه‌یه زۆر ڕووخۆش‌و میوان په‌روه‌رو ئازان .

وه لـه کۆتایی ئه‌م باسه‌دا ئێمه‌ش ده‌ڵێین .. گرنگی ئه‌م کتێبـه له‌وه‌دایه که سه‌رده‌مێکمان لـه مێژووی وولاتـه خۆشـه‌ویسته‌که‌مان‌و میلله‌ته ئازیزه‌که‌مان بۆ ڕۆشن‌ده‌کاته‌وه که زۆر له ئێمـه‌وه نزیك نی‌یه ، وه ئه‌بێ بـه ووردی‌و هوشیاریه‌کی باش کتێبه‌که بخوێنرێته‌وه چونکه نابێ ئه‌و ڕاستیه لـه‌بیر بکه‌ین که ئه‌م کتێبه لـه سه‌رده‌مێکدا نووسراوه ، وولاتـه خۆشه‌ویسته‌که‌مان وه‌به‌ر « طمـاع »ی هێزنامووکان که‌وتبوو .

کۆئەندامی دەمار چۆن کاردەکات

* ئازاد مصطفى محمود *



● دەرکەوتووە کە کردارە فسیۆلۆژییەکانی لەشی زیندەوەر دوو ئامانجی سەرەکیان هەیە :

یەکەم : پاراستنی جۆر (نوع) ئەویش بەهۆی زۆربوونو زاووزێوە . دووەمیان : پارێزگاری ژیان ئەویش بە خۆگونجاندن لەگەڵ ناوەند (الوسط) ی دەوروبەر . بۆئەوە زیندەوەریش بەسەر دەوروبەردا زاڵ بێت پێویستی بە کۆئەندامێکی بە تواناو چوست هەیە کە توانای راهاتنی لەگەڵ ناوەندی بەنێو ناوپۆشی هەناودا کە ئەم شتانەی خوارەوەی تێدابێت :

١ ـ ئەندامی وەرگرتن
. Detector organs

٢ ـ ئەندامی تێگەیشتنو ڕێکخستنو دەستبەسەرداگرتن
Perceptors, integrators & control systems.

٣ ـ ئەندامی جێبەجێکەر (منفذ) Effector organs .

کۆئەندامی دەماریش ئەمانەگشتیان پێکەوە کۆ دەکاتەوە . بەشی یەکەم کە بریتی‌یە لە ئەندامەکانی وەرگرتن هەستەوەرەکان دەگرێتەوە کە بەسەر رووی دەرەوەی لەش‌دا یان بەنێو ناوپۆشی هەتاودا بڵاوبوونەتەوە . ئەم وەرگرانە هەموویان پێویستیان بە وورپاکەرەوە واتە Stimulas هەیە تاکو بووروژێن‌و لە ئەنجامدا وەڵام‌دانەوەی تایبەتی‌یان لێ دەوەشێتەوە کە پێی‌دەڵێن وەڵام‌دانەوە Response کە لە ئەنجامی دەمارە هەڵپە Impulse سەوە دروست دەبێت کە بە درێژایی دەمارە ڕیشاڵەکان‌دا دەڕوات . ئەم دەمارە هەڵپانەش بەپێی توندی‌و خێرایی‌و ماوەی وورپاکەرەوەکە دەگۆڕێن .

دووەم : ئەندامەکانی تێ‌گەیشتن‌و رێکخستن‌و دەست‌بەسەرداگرتن : ئەم بەشە دەمارە هەڵپەی هەستەوەر (وەرگر) ەکانی پێ‌دەگات کە بەهۆی وورپاکەرەوەوە پەیدابوون لە ئەنجامی وەڵام دانەوەدا ، ئینجا کۆیان دەکاتەوەو شیتەڵیان دەکات‌و لێکیان دەداتەوەو توندی‌و خێرایی وماوەیان دەپێوێت جا چ بۆ یەکەم جار بێت چ دوای تاقیکردنەوەی پێشوو بێت‌و بەپێی پێداویستی وەختی‌ی لەش وە لەژێر رۆشنایی گەلێك هۆکار بڕیاری گونجاوی خۆی دەدات ئەویش بەوەی چارەی دۆخی کتوپڕ بکات لە پێناوی (هەمیشە) پاراستنی جۆرو پارێزگاری ژیان . رەنگە کارەکەش سادە بێت‌و خۆجێ‌یی (موصعي ، وەکو لە کەسێك‌دا دەی‌بینین کاتێك کە لە خافڵەت پێی وەبەر قۆری‌یێکی گەرمی چا بکەوێت ؛ ئەوا لێرەدا رەنگە ئەو کەسە پێی بکێشێتەوە بەرلەوەی چاوی بە قۆری‌یەکە بکەوێت ، یان رەنگە کارەکە زۆر لەوە ئاڵۆزتر بێت وەك ئەوکەسەی لە هیکڕا چاوی بە گیانەوەرێکی دڕندە بکەوێت ، ئەوا لەوبارەدا وەڵام‌دانەوەی کۆئەندامی دەمار زۆر ئاڵۆزو فرەسەر دەبێت بۆ وێنە رەچاوکردنی جۆری گیانەوەرە دڕندەکەو توانای بۆ غاردان‌و سەردار کەوتن‌و هێزو مەلەو بەهرەکانی تری ئەو گیانەوەرەو رەچاوکردنی باری خۆیشی ئایا چەکی لایە ؛ وە تا چ رادەیەك ئەو چەکە بە توانایە وە ئایا ناوەندەکەی چۆنە ، خەڵکی لێیە یاریدەی بدەن بە هاواریەوەو تاقیکردنەوەی جارانی‌و سروشتی تایبەتی خۆی وەك چۆنیەتی تێ‌گەیشتن لە مەفهوومی (ئازایەتی) تاکو بڕیاری گونجاوی خۆی دەدات کە دیسان وەك هەموو دۆخیک ئامانج پاراستنی جۆرو پارێزگاری [...]ا بڕیاری ئەم کۆئەندامە [...]ێك بێت ئەوا فەرمان دەنێرێت بۆ ئەندامەکانی جێبەجێ‌کردن Effector orgns تا بەو کارە هەڵبستێت کە کۆئەندامی زاڵ‌بوون پلانی بۆ داناوە . هەروا ئەو بەشەی کۆئەندامی دەمار زاڵە بەسەر رێك‌و پێکی‌و گونجاوی‌و چالاکی کارەکانی ئەندامەکانی جێبەجێ‌کردن هەروا پلەی گورجی‌و ئاراستەو تینی جوو لەی هەر یەکێکیان هەتا کارەکانیان لەگەل یەکتردا رێك‌و پێك بن .

جا پارچەکانی ئەم بەشە لەژێر ناوی کۆئەندامی دەماری ناوەند کۆدەبنەوە .

سێیەم ـ ئەندامەکانی جێبەجێ‌کردن Effector organs ئەم ئەندامانەش بریتین لەو ئەندامانەی کە کاردانەوەی لەش بەرامبەر بە کارتێکەرە دەرەکی‌یەکان پێشان دەدەن . هەروا گورج‌و گۆڵی لەش لە چالاکی‌یەکانیانەوە دەردەکەوێت . ئەم ئەندامانە دوو چەشنن : ١ ـ ماسولکەکان Museles کەلەش هەمووی یاخود بەشێکی‌یان ئەندام‌و کۆئەندامەکانی دەبزوێنن هەروا فرەوانی لوولەکانی خوێن دەگۆڕن‌و بەشێوەیەکی شیاو رای‌دەگرێت ، هەروا دیمەنێکی‌وا دەداتە روو کە هەست‌و راستی خاوەنی پێشان دەدات ٢ ـ گلاندەکانی دەردان

Secretory glands

کە وەڵامی وورپاکەرەوەی گونجاو دەداتەوە بە دەردانی شلەی تایبەتی لەم گلاندانەش گلاندەکانی ئارەقە کە ئارەقە دەڕژێنێت لە کەشی گەرمدا هەروا گلاندی گەدە

Qastreglands

کە ئاووگی گەدە

Gastric secrtion

دەڕێژێت کاتێك خواردن دەچێتە ناو گەدەوە . هەروەها گەلێك گلاندی‌دی ، هەروەها لە هەندێ بوونەوەری وەك ماسی‌ی (تۆربیدۆ) ئەندامی تایبەتی جێبەجێ‌کردن هەیە کە وەك دەزگای ئەلەکتریك (دینەمۆ) کاردەکات کاتی بینینی دوژمنی هێرش‌بەر بارگەی ئەلەکتریکی گەورە دروست دەکات

بۆ کوشتنی دوژمنەکەی . لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت کە ژیان پاراستن کارێکی ئاسان نی‌یە تەنانەت لە ساکارترین گیانەوەریشدا وەك ئەمیبای یەك خانەکە خانەکە بەگشت ئەو کارانە هەڵدەستێت سەرباری کارەکانی دیکەش بەڵام لەگیانەوەری باڵادا کۆئەندامی ئاڵۆزو پێشکەوتوو بەم کردارانە هەڵ دەستێت کە پێ‌ی دەڵێن کۆئەندای دەمار تا گیانەوەریش باڵاتربێت ژمارەی خانەکانی کۆئەندامی دەماری پتر دەبێت وەك لە مرۆڤدا کە باڵاترین جۆرە دەگاتە ٣٠......... سی هەزار ملیۆن ، دەمارەخانەکان بە شێوەیەکی فسیۆلۆژی بەیەکەوە بەندن‌و هەموویان بەیەکەوە لەیەك کاتدا بەوپەڕی رێکی کاردەکەن ٠

کۆئەندامی دەمار لە مرۆڤدا کرداری زۆر ووردو باڵای پێ‌دەکرێت وەك ئاخاوتن‌و یادکردنەوەو توانای کۆکردنەوەی هەستە لێك جیاکان چ کۆن چ تازە توانایی پێکهێنانی تاقیکردنەوەکان٠ هەروا مرۆڤ بەوە جیادەکرێتەوە کە توانای هەڵسەنگاندنی

هوشیارانەی هەیە . کاتێك کە هەستی زۆر و لەیەك جیاواز پێکەوە بەنددەبن لەناو کۆئەندامی دەماردا لە کاتێکی زۆر کەمدا هەست‌و نەستی تازە دروست دەبێت . جا ئەگەر ئەمانە هەمووی

بەشێوەیەکی فسیۆلۆژی گونجاو ئاڕاستەکران ئەوا نەك تەنها ژیان‌و جۆری خۆ دەپارێزرێ بەڵکو ژیانی خەڵکیش لە ئاسوودەیی‌دا دەژی ٠ یەکەی دەماری (الوحدة العصبية) بریتی‌یە لە یەکەی فرمان‌و دروستبوونی کۆئەندامی دەمار Structural and functional unitوە بەهەریەکە لەم یەکەی دەماری‌یانە دەگوترێت دەمارەخانە (Neurone) دەمارەخانەش

لەیەك ناکەون تەنها لە شوێنی تایبەتی‌دا نەبێت کە پێ‌یان دەووترێت تیلمە دەمارSgnapse .

دەمارەخانە پێكدێت لە : ①ـ تەنی‌خانەکە Nerve cell body ②ـ درێژەوەبووەکان Processes کە دوو جۆرن :①ـ ئەکسۆن Axon②ـ دێندرایتس Dendrites خانەی دەمار هەمیشە تاقە ئەکسۆنێکی هەیە بەڵام ژمارەی

دێندرایتەکان لەیەك زیاترە بە زۆری وەیانە ئەویش یەکە . تیرەی تەنی دەمارەخانە دەگاتە نێزیکەی

٤ ــ ١٢٠ مایکرۆن (مایکرۆن بەشێکە لە ملیۆن بەشی میترێك) .

تەنی‌دەمارەخانە : تەنی‌دەمارە ــ خانەکان لە نێو ماددەی بۆری دڕکەمۆخ‌و ناوکەکانی کۆئەندامی دەماردا هەن . رەنگە لە دەرەوەی

کۆئەندامی دەماریش هەبن ئەوکاتە گرێ Ganglion پێك دێنن لە ئەنجامی کۆبوونەوەیان لەم شێوەی کۆمەڵەدا . بەوێنە دڕکەگرێکان Spinal ganglia پار[illegible] A[illegible] ganglia ئۆتۆنۆمێکان : [illegible] جا چ سمپثاوی بن چ پاراس[illegible]اوی.

دەمارەخانە ناوکێکی خڕی تێدایە کە DNA لە ناودایە ، کە رۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە گوێزانەوەی روخسارە

رەچەڵەکی‌یەکاندا لە باوکانەوە بۆ نەوەکان ، هەروەها دەستدەگرێت بەسەر دروستکردنی RAN لەناو سایتۆپلازمی خانەدا لە رێگای t - RNA . دەمارەخانە ناوەندەتەن (Centriole) ی تێدانیە ئەمەش بۆمانی روون دەکاتەوە کە بۆچی دەمارەخانە لە ژمارەدا زیادناکەن‌و دابەش نابن چونکە وەك دەزانین زیندەوەر کاتێك دەبێت ژمارەیەکی جێگیری لە دەمارەخانە هەیە کە گەورەدەبن‌و گەشەدەکەن هەتا ماوەیەکی کەم دوای بوون ٠

گەیاندنی دەمارە هەڵپە : Conduction of impulse

کاتێك دەمارە ریشاڵێك لە

هەرپنتێکی سەر روویەوە بە رادەیەکی پێویست ووریا دەکرێتەوە ئەمە دەبێتە هۆی پچێەوانە بوونەوەی باری پۆلارێنی پەردەی

دەمارە ریشاڵەکە (هەردەم لەکاتی پشوودا دیوی ناوەوەی نێگەتیفە لەچاو دەرەوەی‌دا) وە دەرەوە دەبێتە نێگەتیف ناوەوەش دەبێتە

پۆزەتیف بە پێچەوانەی باری ئەرکی هەسانەوە Resting Potential خێرایی گەیاندنی دەمارە هەڵپەش ناگۆڕێت هەرچەند لەسەر چاوەی

ووریا کردنەوەکەوە دوور بکەوێتەوە چونکە ووزەی پێویست بۆ گەیاندنی

لەناو دەمارەکەوە خۆی دێت نەك لە ووریا کەرەوەکە ●

سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە :

١ــ فسلجة الجهاز العصبي : د. صادق الهلالي بغداد ١٩٧٢ .

٢ــ Guyton : Text book of medical Physiology

٣ــ Ganong : Review of medical Physiology

زیپکە

هیوا عەمر احمد

زیپکە ، بڵاوترین نەخۆشی پێستە کە بەهەمان ڕێژە تووشی هەرزەکارو لاوی نێرومێ ئەبێ . بەتایبەتی لە تەمەنی [١٣ بۆ ١٩] ساڵان ، هەرچەندە لە هەندێ کەس‌دا تا تەمەنی [٣٠] ساڵی ئەمێنێتەوە .

زیپکە ; (Acne Vulgaris)

کە عازەبەشی‌ـ پێئەووترێ ، بریتی‌یە لە هەڵتوقیوێکی سەر ڕەش یان سورەوەبووی پێست ، کاتێ پێ‌ئەگات سەرەکەی زەرد ئەبێ ، ئەگەر لەنێوان دوو پەنجەدا بەستێورا ; مادەیەکی چەوری وەکو کرمێکی بچوکی سپی‌یان زەردباوی لێ‌دێتەدەرەوەو جێگەکەی گۆشتە زمەئەکاو وردە سارێژ ئەبێتەوە .

عازەبە لە ئەنجامی چالاکی چەوری‌یە گلاندەکانی پێستی دەم‌وچاوو ناوشان‌و بەشی سەرەوەی سنگ‌و پشت‌و قۆڵ دروستئەبێ (١) ، ئەم چالاکی‌یە ئەبێتە هۆی گیرانی کونی چەوری‌یە گلاندەکە ، تاماوەیەك دەردانی چەوری بەردەوام ئەبێ ئیتر ئەوەستێ . ئەم مادە چەوری‌یە ناوەندێکی باشە بۆ گەشەکردنی چەند جۆرە بەکتریایەك ، بۆ نمونە بەکتریای [کۆرینی‌بەکتریەم ئەکنی [Corynebacterium Acnes= و ستافیلۆکۆکەس ئەپێ دێرمایدس . [Staphylococcus epidermidis

ئەم بەکتریایانە ، ئەنزایمێك - Lipase - دەرئەدەن چەوری شی‌ئەکاتەوە ، بەمە چەوری هاوتای ناو چەوری‌یە گلاندەکان ئەگۆڕێن بە ترشەڵۆکی چەوری سەربەست ، ئەمەش شانەی گلاندەکە ئەڕوشێنێ‌و هەوی پێ‌ئەکاو ئەو هەڵتۆقیوە دروست ئەکات کە پێی ئەووترێ ـ زیپکە ـ (٢) ، دوور نی‌یە ئەم هەوکردنە تەشەنە بکاو کیسێکی بچکۆلە دروستبکات کە مادەی چەوری مردووخانەی گلاندەکەو [illegible]ـانەکانی خرێنی تێدایە(٣) . [illegible] کیسانە دەم‌ئەکەن‌و ئەتە[illegible] گۆشتە زمە ئەکەن ، کەسارێژبوونەوە ، شوێنێکی هەمیشەیی بەجێ ئەهێڵن .

هۆکانی سەرهەڵدانی زیپکە :

سەرهەڵدانی عازەبە ،لەسەرەتای تەمەنی هەرزەکاری‌یەوە دەستپێ‌ئەکات ، ئەم ڕاستی‌یەش زۆر لەزانایانی پزیشکی گەیاندۆتە ئەو باوەڕەی کە سەر هەڵدانی عازەبە پەیوەندی‌یەکی قوڵی بەگۆڕانی چالاکی هۆرمۆنەکانی لەشەوە هەیە ، بەتایبەتی ئەو هۆرمۆنانەی پەیوەندی یان بە گەشەسەندنی ڕووکارەکانی [توخم ـ الجنس ـ Sex] ەوە هەیە ، بە تایبەتی هۆرمۆنەکانی [ئەندرۆجین= Androgens] . هەرچەندە بەتەواوی هۆکانی دروستبوونی زیپکە نەزانراوە ، بەڵام ئاشکرایەکە ئەم هۆکارانەی خوارەوە پەیوەندی‌یان بە دروستبوونی زیپکەوە هەیە :

١ ـ چالاکی چەوری‌یە گلاندەکان :

زۆربەی ئەوانەی دووچاری زیپکە ئەبن ، پێستی‌یان چەورەو سەریان کرێشی هەیە .

٢ ـ ڕەچەڵەك :

زۆربەی ئەوانەی دووچاری زیپکە ئەبن ، یەکێ لەباوانیان یان هەردوکیان لەتەمەنی لاویان‌دا توشی عازەبە بوون .

٣ ـ باری دەروونی :

لەو کاتانەدا مرۆڤی زیپکاوی دوودڵ ئەبێ ، وەك کاتی دوودلی تاقی‌کردنەوە ، یان ئەهەژێ وەك بەخوێندنەوەی چیرۆکی ڕۆمانسی یان بینینی فلیمی ڕۆمانسی ، زیپکەکانی زۆر ئەبن .

٤ ـ گۆڕانی هۆرمۆنەکانی لەش :

کاتی سك بڕی لە ژن‌داو کاتی بێنوێژی لەکچ‌و ژنان‌دا ، ژمارەی زیپکەکان زۆر ئەبن .

٥ ـ خواردن :

تا ئەم دوایی‌یانە جۆری خواردن بەهۆیەکی گرنگ دادەنرا . بەڵام دەرکەوتووە تەنیا خواردنی [چەوری‌و چکلێت]ی زۆر ،

ـــەوانەیە رمـــارەی زیپکـــەکان زۆربکەنو خواردنەکانی تر هیـــچ ڕۆڵێکیان نی‌یە .

٦ ـ بەکتریا :

لەئەنجـــامی پشـــــکنینی دەرهاوێژراوی زیپکە ، دەرکەوتووە دوو جۆر بەکتــریا ، کەلەمەوپێش باس‌کران ، ڕۆڵێکی ســـەرەکی‌یان هەیە .

٧ ـ وەرزو ئاووهەوا :

زیپکە لەدانیشتوانی ناوچـــــە فێنکەکاندا زۆرەو لەزســـتاندا زۆرتر ئەبێ .

٨ ـ دەرمان :

بەکارهێنانی هـــەندێ دەرمانی وەکـــو [برۆمـــاید ، ئایۆداید ، ستیرۆید ، هۆرمۆنی ـ ACTH] ژمارەی زیپکەکان زۆر ئەکەن .

چارەسەر :

زیپکـــە ، نەخۆشی‌یەکی سەختی پێست نی‌یە ، بەچـــوونە تەمەنەوە ، وردە وردە بەرەونەمان ئەچێ ، بەڵام باشــتروایە ، زۆر زوو خۆپیشانی پزیشك بدرێو چارەســەربکرێ . دەنا گەر لەمرۆڤەکەی پیس کـــرد جگـــە لەوەی چارەسەرکردنی گران ئەبێ ، هەروەها لـــەوانەیە پاش چاكبوونەوەش جێگەکەی دیـــار بمێنێو کاربکاتە سەرباری دەروونی مرۆڤەکە . . .

یەکــەم : چەند ئامۆژگاری‌یەکی گشتی :

١ ـ حـــەوانەوەو خـــەوتنو وەرزش‌کردن لـــە شوێنی هەواو بەربـــەرەڵادا یـــاربدەی زوو لەکۆڵ‌کەوتن ئەدات .

٢ ـ شتنی دەمو چـــاو : بەلای ئەمەوە . ئەبێ ڕۆژی چوار جـــار شوێنە زیپکاوی‌یەکە بەســـابونو ئاوی گەرم بشۆردرێ .

٣ ـ زۆر نەخواردنی چـــەوریو نەخواردنی چکلێت .

٤ ـ نـــابێ یـــاری پێبکـــرێو هەڵبکەندرێ ، گەر دەمی‌کرد ، ئەوا لەسەرخۆ لەنێـــوان دوو پەنجەدا ، بە پارچەیەك لۆکە یان دەسڕی کاغەز ئەپەسپورێ تا مـــادە چەوری‌یە زەردباوەکەی لێ دێتە دەرەوە .

٥ ـ بەپێچـــەوانەی بیرکردنەوەی هـــەندێ کەســـەوە ، ژن‌هێنانو شووکردن زیپکە چاك ناکەنەوە(٤).

دووەم : چارەسەرکردنی دەرەکی :
External Treatment

١ ـ ئـــەو دەرمـــانانەی دەم بەزیپکەکان ئەکەن :

بۆنمونە ؛ کرێمی [کوینۆدێرم = Quinoderm] و [پانۆکـزیل = Panoxyl] کـەمادەی [بینزۆیل پێرۆکساید = Benzoyl peroxide]

یان تێـــدایە . لـــەم دواییانەدا دەرکەوتووە ئەم کرێمـــانە باشترن لـــەو کرێمانەی مادەی [گۆگرد = Sulphur] و ڕیزۆرسین یـــان ســـالیسیلیك ئەســـــ [illegible] n & Salicylic acid ـ ی تێدایە (٥) .

٢ ـ تیشکی سەرو بنەوشـەیی : [اشعة فوق بنفسجية = U. V. R] .

٣ ـ سەهۆڵی کاربۆن دایوکساید

٤ ـ ئێکسـەرداری = (الاشـعة السينية = X-ray) .

سێیەم : چارەسەری ناوەکی :
Internal Treament

١ ـ دژە میکرۆبەکان (المضادات الحيوية) : وەکو :

کـــەپسولی [تیتراسایکلین = Tetracycline]

و ئەریسرۆمایسین = Erythromycine] (6)

٢ ـ هۆرمۆن : بۆهـــاوتاکردنی کاری [ئەندرۆجین]ەکان (٧) .

سەرچاوەکان

١ ـ بڕوانە لاپەڕە (١٨)ی گۆڤاری Postgraduate Doctor

Volume 1. Number 1. January 1978

٢ ـ بڕوانە لاپەڕە (٩٩٠)ی کتێبی : Muir's Textbook of Pathology By : J . R . Anderson Tenth edition - 1978 - London

٣ ـ بڕوانە لاپەڕە (٢٠٨)ی کتێبی Lecture Notes on Dermatology Bethel Solomons Fourth edition - 1979 - London

٤ ـ بڕوانـــە لاپـــەڕە (٢١٠)ی سەرچاوەی پێشوو

٥ ـ بڕوانـــە لاپـــەڕە (٢٤)ی سەرچاوەی یەکەم

٦ ـ بڕوانە لاپەڕە (٩٢)ی کتێبی Davidson's Principles and Practice of Medicine By John Macleod Twelfth edition New - york 1977

٧ ـ بڕوانـــە لاپـــەڕە (٢١١)ی سەرچاوەی [سێهەم] .

هەست بە کەمایەتی کردن

* یەعقوب ژنیس *

هەســـــت بە کەمایەتی کردن . بنـــەڕەتی هـــــەموو ئالۆزێیکی دەروونی‌یە . لە ڕواڵەتەکانی ئـــەم دیاردەیە : ترس‌و گۆشــــەگیری‌و بەدگومانی‌و دوو دڵی‌یە . ئەگـــەر منالێك کلۆڵ بووو تووشی ئـــەم نەخۆشی‌یە هات ، هەمیشە لـــە هەموو شتێکی ژێر پەردە دەترسێ . ئیش‌و فەرمان ناگرێتە دەســـت ، بەشداری لــــە بەرپرسیارێتی ناکات . ئەگەر هـــاتوو لەژیانی‌دا سەرنەکەوێت ، ئوبالی تاوانەکـــە دەخاتە سەر ئەستۆی خـــەڵکی ترەوە . هەر لەبەر ئەمەشــــە ، سست‌و بێزارە ، دەروونی پڕ لـــە غەم‌و بەژارەیە ، بەدبەخت‌و گیـانی شەڵەژاوە لـە ئـەنـدازەبـەدەر هەستیارە . هەر فسکەیەك لەلایەن خەڵکی ترەوە کرا ، وا ئـــەزانێ ئەویان مەبەست بووە . هەر لەبەر ئەمەیە هاوگونجان‌و هۆگری دەبێت لەناو کۆمەڵەکەی‌دا .

با بزانین هەست بەکەمایەتی‌کردن لە لای مندال‌دا چۆن پەیدا دەبێ ؟

کاتێ کـــە منال خۆی لەگـــەل دایکی‌و باوکی‌دا بەراوورد دەکات ، خۆی بە لاوازی‌و بچووکی‌یەوە دێتە بەرچاو لەبەر ئەوەی ئەوان بەهێزو گـــەورەن ، پشتیان پێ دەبەستێ لـــەدابین‌کردنی پێویــــستیەکانی سروشتی . لای وایە هـــەردەم دەبێ بەندێ یان‌بێ ، نـازانێ بـە توانـای خۆی‌و پشت‌بەستن بـــە خۆیەوە گەورە دەبێ . ئەمانە هـــەموویان وا لە منالەکە دەکەن‌کە هەست بـــە کـــەمی بکات . لەبەر ئەمـــەیە لاسایی‌یان دەکاتەوەو خــــۆی هەڵدەقوورتێنێ لـە کارو فەرمانیـان هەروەکو بڵێ : « منیش دەمـــەوێ گەورە ببم » .

کەواتە هەست بە کەمایەتی‌کردن لـــە لای منالی ساوادا هەستێکی خۆرسکە . ئـــەم هەستەش زیاتر پەرە دەسێنێ ئەگـــەر مـــاوەی سەربەستی نەدرێ . هەروەها ئەم هەستەیە بەردەوام دەبێ لـــەلایەن منالێك ئەگەر کەموکوڕی لـــــە لەشی‌دا هەبێت ، وەکو : «گێژی‌و شەلی ، چاو چەپ‌و خێل ، زمـان لاڵ بێ » ... هتـــد ، یاخـــود نارێکیەك لە لەشی‌دا هـــەبێت ، وەکو : « کەتەیی ، لاوازی، درێژی یان کورتی » .

زۆر جار پەروەران بە چـــاوی سووك‌و نزم تەماشای منــــدال دەکەن‌و بەهرەی کـــەم ئەکەنەوە . رەخنە لە ئیش‌و کـــارو فەرمانی دەگرن ، هانی نادەن بۆ پرۆسیسی داهێنان‌و لێکۆڵینەوە ، بۆ نموونە : منالێك وێنەیەك بکێشێ‌و پیشانی باوکی بدا ، باوك بەپێی بۆچوونی خـۆی ، کارەکەی هەڵدەسەنگێنێ‌و بەچاوی خۆیەوە تەمـــاشای دەکات نەك بەچاوی منالەکەوە . ئـــەویش تووشی دڵتەنگی دەبێت . لەمـــەش خراپتر ئەوەیە رەخنە لە منـــاڵ

بگـیریٚ لەپێش خـەڵکی تردا . هەروەکو قوتابی‌یەك هـەڵە بکات‌و مامۆستاش رەخنەی ئاراستە بکات‌و لە توانای بیری‌یەوە کـەم بکاتەوە ئەمانە هەمووی دەروونی منـاڵ دەچووزێننەوە .

دەشێ زیرەی قوتابی‌یەك هاوتایی زیرەی مناڵانی لەخۆ گەورەتر بێ بێ‌گومان ئـەم منـاڵە ناتوانێ ئالوویٚلیان لەگەڵدا بکـات . دەشێ تووشی ناخۆشی بێ‌و بەرامبەریان هەست بە کەمایەتی بکات . هـەر ئەم مناڵەش هاوگونجانی ئەم دەبێت لەگەڵ مناڵانی هاوتەمەنی خـۆی ، چونکە لەوان زیر ترە ، لە ئەنجامدا مناڵەکە هەست بـە کەمایەتی دەکات .

ئەگـەر قوتابی‌یەك لەوانەکانی‌دا دوا بکـەوێ خـراپـە پۆلێـك گشت قوتابیانی بەتەمەن لـەو بچووکتر بوون ، ئەوی ئەو مناڵە هەست بـە کەم‌پایەو بێ بەهرەیی دەکـات‌و باوەری بەخۆی کەم دەبێ . ئەگـەر مامۆستاو قوتابیان گاڵتەی پێ‌بکەن‌و بەچاوی سووکەوە تەماشای بکەن ، ئەوە ئەم هەموو ووروژانە لـەناو دڵ‌و دەروونی کپ دەبن‌و کار لـە پاشەرۆژی دەکات . دیـسـان هەرەشەکردن لە مناڵ‌و توندو تیژی بۆ مەبـەستی گـوێڕایەڵی دەبێتـە هۆی هەست‌کردن بـە کـەم‌پایـەو بـەهـرە ·· ترسنۆك‌و گۆشـەگیر دەبێ .

هەروەها قوتابی‌یەك دیمـەنی دەرەوەی ناریٚك بێ‌و خـەرجی رۆژانەی کـەم‌بێ ، وەیا ژیانامەی خێزانەکەی بەدبێ ، کار دەکـەنە سەر مناڵەکەو لەژێر باری هەست بەکەمایەتی‌کردن دەرناچێ .

بۆ ئەوەی منـاڵ هەست بـە کەمـایـەتی کردن نەکات ، پێویستە رەچـاوی ئـەم چـەند خـاڵانـەی خوارەوە بین :

١ ـ رێز لـە کەسێتی منـاڵ بگرین‌و دان بـە توان‌و کارامەیەکانی بنێین .

٢ ـ هانی مناڵ بدەین بۆ ئەوەی پشت بەخۆیەوە ببەستێ ، یاخـود هانی بدەین بۆ ئەوەی هەڵبسێ بەو کارانەی کە لە توانای‌دا هـەیەو دەتوانێ بیان‌کات‌و فێری بکـەین چۆن خزمەتی خۆی بکات .

لـەم بارەیەوە « بریستۆن »ی پزیشك دەڵێ : « لەشی مرۆڤ بە خواردەمەنی باش نەشونما دەکات . . هەروەها دەروونیشی نەشونمـا دەکـات بـە تاقی‌کردنەوەو نواندن‌دا » .

٣ ـ دەرفەتی مناڵ بدرێ بـە ئارەزووی خـۆی چالاکیەکانی بنوێنێ‌و یـاری بکات ، وە بـەبێ ترس .. گەر وا نـەبێ ، تووشی ئەشکەنجەو ئازار دەبێت . لـەم بـارەوە « رۆسۆ » دەڵێ « ئەگـەر مناڵ رۆژێ سەد جار بکەوێتە سەر زەوی ، ئەمە باشە بۆی چونکە فێر دەبێ چۆن هەڵبستی‌و رابکات . . . بەسەربـەستی یەکەی دڵنیـایە ·· گوێ نـادات بەم ئـەشکەنجەی کـە تووشی دەبێت » . هـەروەهـا پزیشـك « عبدالعزیز القوصي » دەڵێ : « ئـەم ئەشکەنجەی تووشی منـاڵ دەبێت لەمیانی تاقی[illegible] وەکانی‌و پشکنین‌و یاری‌دا[illegible] کـورت دەخـایەنێ [illegible] ئەشکەنجەی دەروون بـەردەوام دەبێ‌و تـا دوا رۆژی ژیـانی هاوسەریەتی » .

٤ ـ ئەگەر مناڵێك کـەموکوڕی لە لەش‌دا هەبوو ، ئەبێ ئامۆژگاری پەروەران سادەو سـاکار بێت ، ئەسۆزی لـە ئەندازەبەدەر بۆی بنوێنن · وە نابێ بـەر تیرو توانج بکەوێ .

٥ ـ لـەکاتی رێکخستنی پۆلەکاندا ، ئـەبێ « بیرە توانا »و تەمەنی قوتابیان رەچاو بکرێت تـا هاوگونجان‌و هۆگری هەبێت .

٦ ـ نابێ وانەی تایبەتی تەنهـا لەبارەی چار ناچاری بدرێ بـە قوتابی ، بەڵکو ئەبێ بۆ سەربەستی بیری هان بدرێ .. رۆسـۆ ئەڵێ :

« ئەو وانانەی قوتابی فێریان ئەبێ ، گەر پیوە ماندوو بێ ، ئەوە هەرگیز لەبیری ناچنەوەو لەوەی کـە یەکێك بۆی ‹ ائه بکات ، زیاتر لە مێشکی‌دا دەچەسپێن » .

٧ ـ ئەگـەر هەسـتی بەکەمایەتی‌کردن لەلای منـداڵ‌دا بەرچاوکەوت ، ئەبێ زوو بـەزووی چارەسەری بکەن ·· ئەمـەش بـە کۆلینـەوەی هۆیەکـانی‌و چارەسـەرکـردنی یـە وە دەبێ ماڵەوەی لـە هێمنایەتی‌و دڵنیایی‌و شـادی‌و خۆشی‌دا بێت ، بۆ ئەوەی منـاڵ هەسـت بە خامۆشی‌و شانازی‌یەوە بکات کەوا سەربەستە لە خێزانەکەیداو هەمیشە رێزی لێ دەنێن‌و هانی دەدەن بۆ ئەوەی لـە ژیانی‌دا سەربکەوێت .

سەرچاوەکانی ئەم باسە :

١ ـ علم النفس في حیاتنـا الیومیة .. سمیر شیخاني

٢ ـ اسس الصحة النفسیة ـ الدکتور عبدالعزیز القوصي .

٣ ـ روسو وآراؤه في التربیـة والتعلیم ـ محمد عطیـة الابراشي

٤ ـ گۆڤاری « بەیان » .. ژمارە ٥٤ی مایس ی ١٩٧٩

تابلۆی گێرنیکا لەنێوان هەڵوێست و هونەردا

سەرنجێکی ڕاکـــوزاری و سەرزارەکی هـــەر ئەوەندەمان پێ دەڵێ

تابلۆی گێرنیکا ·· ئەسپێکی سەرچڵ و جووتە هاویژ و کەڵبە تیژ ·· گلۆپێک و چرایێک ·· هەندێ دەست و قاچی مرۆڤ ·· لە ناوەڕاستیشدا چەنـد سێ گۆشەیێک کە زیاتر لـــە پارچە کاغـــەزی دڕاو دەچن.. لەولاشەوە سەرەگایێک .. هەروەها دووسێ ئافرەت ··

باشـــە دەبێ ئەو هەموو ناوبانگ و پیرۆزییەی ئـــەم تابلۆیەی پابلۆ پیکاسۆ لـــە چیـــەوە هـــاتبێ ؟! یا ڕاگوزەرانە سەرنجی نەدەینێ و بەوردی .. یا کـــەمێ بەوردی بچینە ناویەوە ·· با بزانین وەك هونەر و وەك هەڵوێست و وەك مێژوو چی دەبەخشێ !

ئەسپێك بە سەرکیشی و بە ناڵ و سمەکانیـــەوە پیاوێکی جەنگاوەر دەشێلێ و چۆکی داداوەتە سەری·· جەنگاوەرەکەش مشتووی شیرێکی شکاوی بە توندی بەدەستێکیەوە گـــرتووە و لە دەستەکـــەی [illegible]یشیدا گوڵێکی لە سمەکانی ئەسپەکە دوور خستۆتەوە ··

ئەم ئەسپە شێتە تەعبیر لە «ڕاس[illegible]ستی» یەکان دەکات کە ترس و تۆقاندن و لەر[illegible] نـــاو ماڵە هێمن و ئاسوودەکانەوە ·

لەلای ڕاستی تابلۆکەوە ئافرەتێك دەستی بەرەو ژوور کـــردۆتەوەو دەقیژێنی ·· ئـــەم ئافرەتە لـــە خانوویێکی ئاگر گرتوودایەو بەجاری ئاگر دەم و چاوی هەڵقرچاندووە ··

لە تەنیشتیەوە ئافرەتێکی سەر زەبەلاح دیارە·· دەستی لە پەنجەرەکەوە تا نزیك ســـەری ئەسپەکە درێژ کردووە و چرایێکی پێیە ·· هەروەکو بیـــەوێ ئەوەی بیر بخاتـــەوەو بڵێ : ســـەرکەوتن تەنیا بۆ ڕووناکی و دادپەروریە .. بوونی ئـــەم ئافرەتەو چرا

بردنەپێشەوەکەی هیوا و ئومێدێکی زۆر لەو بێوەسـدە تاریك و پڕ لە کوێرەوەریەدا دەبووژێنێتەوە ··

لە سەرووی تابلۆکەشەوە تیشکی شـــەوقداری گلۆپێك مژدەی تەقینەوەیێکی بەهێز دەگەیێنێ ·

بەڵام لای چەپەوە گایێکی خەفەتبار دەبینین ··

هـــەروەها دایکێکیش بەســـەر کۆرپە کوژراوەکەیدا شیوەن و واوەیلایەتی ·· لـــە دوایانەوەو لە دوور ، کلکی گاکە هەر وەك شاپلیتەیێك کلپە دەسێنی ··

کۆترێکی شکـــستو شپرزەی بەشداری خـــەم و خەفەتیان دەکات

ئـــەم تابلۆ گەورەیە کە درێژی هـــەشت مەترەو پانی سێ مەترو نیوە ·· هاواری هونەرمەندێکە ·· هاواری گەلێکە ·· هاواری گشت مرۆڤانی جیهانە بە ڕووی ڕاسترەوەکانی ئیسپانیاداو بە ڕووی گشت فاشستەکانی جیهـــانداو دژی جەنگی ســـەردەم و کەرەسەی بکوژ و وێرانکەریان ·

پابلۆ پیکاسۆ لـــەم تابلۆیەدا کارەساتەکانی چڕو خەست کردۆتەوەو لە شێوەیێکی هونەری سەردەمانەو هاوچەرخانـــەدا دەری خستوون ·· ئەسپێك لەناو دیکۆرو نێوەنـــدێکی خۆڵەمێشیدا لاشەو زینـدەوەر دەشێلێ ·· خۆڵەمێشێك کە هێشتا پشکۆ سووتێنەرە شارراوەکانی بەلەش و گیانیدا دەچزێن و ترس و خۆف بە سووچ و کەنارەکانیدا پەرش دەکەنەوە ·· بـــەڵام پیکاسۆ نەهاتووە گشت دەروازەکانی ژیان و ئومێـــد لەسەر ئەم دیمـــەنە دابخات ·· نا ·· بەڵکو لەلای ڕاستی ژووروەوە پەنجەرەیێکی بە تیشکێکی سپیەوە هێشتۆتەوە کـــە مژدەی خـــۆرو ئاسمانێکی ڕوون دەبەخشێ و هەمـــوو گیرخـــواردن و داخراوییێك دەڕەوێنێتەوە ··

پیکاسۆ گەیشتە ئەو قۆناغەی کە تابلۆ و شێوەکانی لە « بێجێگایی »دا وازلێبێنێ مەلەبکەن ·· بەڵام لە هەمان کاتدا لەملا بنمیچی خانوویێکمان نیشان دەداو لـــەولا پەنجەرەیێك .. جـــارێکیدی شـــارێك لـــە ئاسمانـــەوە بۆردمان کرابێ ·· وامان لێدەکا لـــە بەردەم ئەم تابلۆیەدا هەست بەوە بکەین کە ئـــەم دوژمنکاریە دوورنیە لە ماڵەکەماندا یا لە شارەکەماندا، لەهـــەر ئان و ساتێکدا ڕووبـــدات · واتە لە ڕووی « کات » یشەوە هـــەمان هونەری تیا نوێنراوەو هیـــچ ئیشارەتێکی بە مێژووو کاتێکی دیاریکـــراو نەداوەو لێی گەڕاوە کـــە هاواری گشت گـــەلان بێ دژی دیکتاتۆرێتی و فاشستێتی ·· تەنانەت ڕۆژ و شەویشی

بۆ دیاری نەکردوە ٠٠ ئەوەتا لە پەنجەرەکەوە هەتاوێکی گەش دیارەو لای چەپیشەوە باکراوندی گاو کلکە گڕگرتوکەی لێڵ دیارە کە زیاتر لە دەمەدەمی ئێواران ٠٠ یا کازیوە دەچێ ٠٠ لە ناوەڕاستیش‌دا تیشکە سپیەکەی بنمیچە ڕەشەکە بە شەوێکی تار دەچێ ٠٠

تابلۆکە ساتێکی دیاریکراوی بۆنیەو ئەم کارەساتە دوور نیە لە هەر ئانو ساتێکی شەوو ڕۆژیشدا ڕوو بدات ٠٠ بەمەش فراوانیو بەرینیو گشتێتی دەنوێنێ ٠٠

زۆرانبازییێکی گەلانە لەگەڵ هێزی وێرانکاریو نووتەکدا لە هەرکاتو لەهەر شوێنێکی ئەم جیهانەدا ٠٠ بەڵام هەمووی لەڕێی مەفاهیمو شێوەی تایبەتی هاوچەرخانەوە ٠٠ بێگومان ناوەڕۆك ئاشکرایەو هەموو کەسێ مێژووو چیرۆکەکەش دەزانێ ٠٠ بەڵام تابلۆکە وەك ئیدانەکردنێکی گشتی‌یە بە ڕووی سەرجەم هێزە دڕندانەکانو بە ئوسلوبێکی ئەوتۆش کە لەوەوبەر نەبنیرابوو ٠٠

پیکاسۆ بۆ ئەم تابلۆیە تەنیا دوو ڕەنگی بەکار هێناوە ٠ ڕەشو سپی ٠٠ ئیتر چی لەو دوو ڕەنگە پێكدێ هەمووی تیایە لە خۆلەمێشی ٠٠ هەندی جار خۆلەمێشی‌یێکی زەردباو یا شینباو تا بتوانێ چەند مەودایێکی پێ ببەخشێ ٠٠ بەڵکو توانیوێتی لە نێو ڕەنگی سپیەوە جارێك دووریو قوولی دەربخات وەك لە پەنجەرەکەدا دیارە ٠٠ جارێکیشی نزیکی وەك لە گلۆپەکەدایە ٠

لە ناوەڕاستی تابلۆکەدا سێ گۆشەیێکی گەورەی وهمی هەست پێدەکەین ٠٠ دوولای چونییێکنو بنکەکەی دەبێتە بنکەی تابلۆکە بەگشتی ٠٠ گۆشەی سەرەوەشی لە ئاستی گلۆپەکەدایە ئەم سێ گۆشە وەهمیە ئەسپەکەو جەنگاوەرە کوژراوەکەی سەر زەویەکەو ئافرەتە لاق قورسو قەبەکەی لای ڕاستی دەگرێتەوە ٠٠ کە بەسەرییێکەوە شێوەی هەرەمێکی چەسپبوو بە تابلۆکە دەدات کە هەستی هێزو قورساییێکی ئەوتۆ بە تەماشاکەر دەبەخشێ وابزانێ چیاییێکی لەسەر زەویو بەرەو ئاسمان هەڵچوو دەبینێ ٠٠

ئەسبەکە لەیەك کات‌دا قورسیشەو سووکیشە .. جارێ لە شێوەی پارچە ڕۆژنامەی دڕاودا خۆی دەنوێنێ کە سینەی چەپکێ هێڵی خۆلەمیشی‌بێ لەسەر پارچەیێکی سپی ٠٠ بەڵام سمەکانی ئاسنینو

تۆکمەو قورسن ٠٠ کەلحۆو دەبەنگانە چی بەژێرکەوێ تێکی دمشکێنێو دەیشێلێ ٠٠ کەللەو چاوەکانی بچووکنو دوو شەویلاکی گەورەو پڕ لە ددانو کەڵپەی دڕندانەو بەقەوارەن ٠٠ تەنانەت زمانیشی بۆتە کەڵبەیێکی ترسناك ٠٠ هەموو گرینگی لەو سرووشەدایە کە سەری ئەسپەکە دەیبەخشێ ٠٠ ئەمەش بەهۆی چۆنیەتی نەخشە کێشانێوە لە باریك کردنەوەی ملداو کەمکردنەوە یا نەهێشتنی چاوو کەللەسەری دایە ٠٠ هەروەها لە قەبە کردنی شەویلاکەکانیو دەمو دوانی کراوەی دایە ..

لەشی ئەسپەکە وادەزانرێ لە پارچە کارتۆن دڕێنراوە ٠٠ واتە دوو مەودایە ـ پانیو درێژی ـ بەڵام کەللەسەرو سمەکانی سێبەرداروو خڕۆلەیی هەڵکەوتوون کە ئەمەیان هەرسێ مەوداکەی دەداتێ ـ بەرزیو پانیو درێژی ـ ٠٠

ئایا پیکاسۆ ویستوێتي بلێ : ئەم سەرە ترسناکەو ئەم پێچکە بەربادانە ٠٠ چنگو پەلی نیوەندێکی هەڵوەشاوەو بۆشی کارتۆنێ !؟ ٠٠ یا چۆنێتی فۆرم ئەم گۆڕینو جۆراو جۆربەی بەسەردا سەپاندوە ؟!

تیرێکی شکاو ئەسپەکەی پێکاوە ٠٠ بەڵام نەگریسیو پەلەقاژێی دانەمرکانلۆتەوە ٠٠ ئەم تیرە شکاوەو ئەو جەنگاوەرەی کەوتوە ، زۆرشتمان بەگوێدا دەچرپێنن ٠٠ دەڵێن :

بەر لە چەند ساتێ بەیێکدادانو جەنگێکی بێئامانم ڕوویداوە ٠٠ بەڵام هێشتا کۆتایی نەهاتوە٠٠ جەنگەکە لەنیوان ئەو مرۆڤەدا بوە کە بەکوژراوی لەسەر [illegible] کەوتوە لەگەڵ ڕەشە هێزێکی کوێردا کە [illegible]یتو سبرە چاو کتو کوێرەکەیە ٠٠ چاوی [illegible]ەی چاوی چۆلەکەیێك دەبێ ٠٠ بینەرو قوربانێکان هەستی پێدەکەن ٠٠ گا خەمبارو دڵسۆزە کە هەموو دیمەنەکە دەبینێو خۆیشی لە ئاگری جەنگەکەدا دەسووتێ ٠٠ ڕەنگە مەبەستی پیکاسۆ لەم گایە ئیسپانیای نیشتمان بێ ٠٠

ئەو شتەی تابلۆکانی پیکاسۆ لە هیتر جیادەکاتەوە ٠٠ یا ئەدگارە کانی ئەم تابلۆیە بە شێوەیێکی تایبەتی ٠٠ ئەوەیە پیکاسۆ لە وێنەگرتنەکانیدا دووبارەی ئەوشتانە وەك دەبینرێن

وه‌ها دووباره‌یان ناكاته‌وه ٠٠ بۆ نموونه له هه‌موو تابلۆكانی‌دا « چاو » ده‌بینین كه هه‌ر جاره‌ی به‌جۆرێ وێنه‌ی گرتوه ٠٠ له گیۆرنیكا دا ، ده‌بینین چاوه‌كان له یه‌كتری جیاوازن‌و ئه‌مه‌ش هێنده‌ی‌تر پیتو پێز به بینا ته‌شكیلیه‌كه ده‌دات ٠٠ هه‌مان وته‌ش ده‌رباره‌ی وێنه‌گرتنی گوێ‌و قژو ده‌م‌و لووتیش ده‌وترێ ٠٠ لێره‌دا نهێنی‌یه‌ك له نهێنیه هونه‌رییه‌كانی پیكاسۆ ده‌رده‌كه‌وێ ته‌نیا له شێوه‌و قه‌واره‌گشتیه‌كان‌دا نا ٠٠ به‌ڵكو له گۆڕین‌و دووباره دروستكردنه‌وه‌ی شته هێجگار ورده‌كان‌دا ٠٠ وه‌ك وێنه‌گرتنه‌وه‌ی كونه لووت ، یا هه‌ڵگێڕانه‌وه‌ی چاو ٠٠ ئه‌مانه‌ش هه‌مووی له پێناوی چاو گێڕانه‌وه‌یه‌كی نوێ‌تر به شته بینراوه‌كاندایه ٠٠ كه‌لله سه‌رێك درێژكۆله ده‌بێ‌و یه‌كێكی تریان خڕۆله ٠٠ ملێك به بادراوی ده‌كشێ‌و یه‌كێكی‌تر كوڵ‌و كورت ٠٠ چاوێك له‌جێی خۆی ده‌خزێ‌و به چاوه‌كه‌ی تره‌وه ده‌گیرسێته‌وه .. لووتێك به‌ره‌و زوور كوڵ ده‌بێ‌و ده‌ه‌ڕێته ئه‌ودیوی چاوان .. ده‌ستێكی هه‌ڵقرچاو ٠٠ یه‌كێكی تری پته‌وو به‌هێزو پۆڵایین ٠٠ به ئیراده‌وه‌و به توندی شتی پێ‌گرتوه ٠

ئه‌مانه گشتی ئاوێنه‌یه‌كی هه‌ستو ده‌نگدانه‌وه‌یه‌كی ئه‌م جیهانه‌یه كه تێیدا ده‌ژین ٠٠ به ئاشكرا ته‌ئسیری چه‌رخی پیشه‌سازی به هێڵ‌و نه‌خشه‌و شێوه‌كانه‌وه دیاره ٠٠ هه‌روه‌كو بڵێی پارچه پارچه له پۆڵای ئه‌ستووره‌وه كراوه‌ته‌وه‌و دانراون ٠٠ ئه‌و هێڵ‌و پارچه پته‌وانه ته‌نیا بۆ ئه‌م سه‌رده‌مه‌مان ده‌گه‌ڕێته‌وه٠٠ سه‌رده‌می پێشكه‌وتن‌و ته‌كنۆلۆژیا ٠٠ كه له هه‌مولایێكه‌وه شێوه ڕه‌ق‌و پته‌وه‌كانی ده‌وره‌مانی داوه ٠

مێژووی ئه‌م تابلۆیه بۆ ساڵی ١٩٣٧ ده‌گه‌ڕێته‌وه ٠٠

له سه‌ره‌تای ئه‌و ساڵه‌دا فه‌رمان[illegible]ۆماری ئیسپانیا داوای له پیكاسۆ كرد كه به تابلۆیێك ته‌عبیر له‌و یاخی‌بوونه سووپاییه‌ی ڕاستره‌وه‌كان بكات كه دژی كۆماره‌كه‌یان ده‌ستیان داوه‌تێ ٠٠ تا ئه‌و خانه‌یه‌ی پێ‌بڕازێننه‌وه كه له پیشانگای پاریسی جیهانی‌دا بۆ ئیسپانیا ته‌رخان كرابوو ٠٠

دوای دوو سێ مانگ‌و له ڕۆژی ٢٦ نیسانی ١٩٣٧ دا شاری گیۆرنیكا به بوردمان كاوڵ كرا ٠٠ ئه‌م كاره بێ‌مروه‌تیه بێزارییه‌كی جیهانی خسته‌وه .. پیكاسۆش ده‌ستی دایه په‌ره‌موچو نزیكه‌ی (٧٠) نه‌خشه‌ی سه‌ره‌تایی كێشاو له مانگی حوزه‌یران گه‌یشته شێوه‌ی كۆتایی ئه‌م تابلۆ به‌ناوبانگه‌ی‌و به هه‌ڵوێستێكی مه‌ردانه‌ی دژ به‌و جه‌نگه ده‌ژمێرێ كه هێزه ڕاستره‌وه‌كان ئاگره‌كه‌یان بۆ خۆش‌كرد .. هه‌روه‌ها پرۆتیستۆیێكیشه دژی جه‌نگی سه‌رده‌مانه.. ده‌بینین هه‌موو چاوه‌كانی ناو تابلۆكه به‌ره‌و ئاسمان ده‌ڕوانن ٠٠ چونكه ئاگرو بارووت به‌سه‌ر له‌ش‌و لاری خه‌ڵكی بێ‌چه‌ك‌و بێ‌تاوان‌دا ده‌بارێ ٠٠

باشه گیۆرنیكا ٠٠ وه‌ك شارێك چیه ؟!

له ڕۆژانی جه‌نگ‌داو له ساڵی ١٩٣٦ نه‌ته‌وه‌ی (باسك) كه له ژووروی ئیسپانیادا ده‌ژیان ٠٠ له ئه‌نجامی ئه‌و دیكتاتۆرێتیه‌ی له هه‌ندی ناوچه‌دا ده‌ستی درابووێ ئه‌مان سه‌ربه‌خۆیی خۆیان ئاشكرا كردو كۆمارێكی كاتیان له شاری گیۆرنیكادا پێك هێنا ٠٠ پاڵه‌وانانه به‌ره‌نگاری هێزی دیكتاتۆرێتیان ده‌كردو به‌ڕوو هێرشه‌كانیان‌دا ده‌وه‌ستانه‌وه ٠٠ تا ڕاستره‌وه‌كان به‌رامبه‌ر ئه‌م ته‌حه‌دایه په‌نایان برده به‌ر فڕۆكه‌كانی هیتله‌ر بۆ بۆردمان كردنی شاری گیۆرنیكا ٠٠ ئه‌م فڕۆكانه پیاوو ژن‌و منداڵانی له شه‌قامه‌كان‌دا درووێنه ده‌كرد ٠٠ ماڵی ده‌ڕمان‌و. له ماوه‌ی سه‌عاتو نیوێكدا سه‌رجه‌می شار وێران‌و كاول كرا ٠٠

بۆیێ ئه‌م تابلۆیه بوه ڕه‌مزێ تێكۆشان‌و مێژووی گه‌لان له‌لایه‌ك‌و خوێنڕێژانی فاشست له لایه‌كی‌تر ٠٠ تائێستا چه‌ندان جار وه‌ك پێشه‌نگ‌و دروشمی خۆپیشاندانه كرێكارانه‌یه‌كانی ئیسپانیا به‌رز كراوه‌ته‌وه‌و هه‌ر ئه‌م تابلۆیه‌ش كاری كردۆته سه‌ر تێكڕای هونه‌رمه‌ندانی جیهان ٠٠ چونكه پیكاسۆ « هونه‌ر به هه‌ڵوێست‌و خه‌بات ده‌زانێ » و ده‌ڵێ :

« زۆر شادمانم كه تابلۆكانم نه‌كردۆته هۆیه‌ك بۆ له‌زه‌تی ڕووت وه‌رگرتن ٠٠ یا نه‌م كردوونه‌ته بوارێك بۆ هه‌ڵاتن‌و خۆ دزینه‌وه‌م له كێشه‌كان ٠٠ وپستوومه له نێو وێنه‌و بۆیه‌كانه‌وه ــ كه چه‌كی منن ــ زیاتر به قووڵایی هۆش‌و گۆشی مرۆڤ‌دا ڕۆبچم‌و بیاننانسم .. ناسینی مرۆڤیش له توانای‌دا هه‌یه هه‌رده‌م‌و هه‌نگاو به هه‌نگاو به ڕێبازی سه‌ربه‌ستی‌دا به ڕێمان بكات »٠

تەلەفزیۆن لە لایەنی کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆژیەوە چ کارێک لە منداڵان دەکات



کە دەمانەوێ لەو کارە بدوێین کە تەلەفزیۆن لە منداڵانی دەکات ، دەبێ بە یەك جار لە سروشتی هەریەك لە تەلەفزیۆن و لە منداڵان وورد بینەوە . بە نموونە کە دەڵێین بەرنامەکانی تەلەفزیون خۆش و بە کەڵك و بە قازانجن مەبەستمان ئەوەیە کە قازانج و

کاتێکیش دەڵێین بەرنامەکان بەترس و تۆقێنەرن مەبەستمان ئەوەیە کە ئەو بەرنامانە هەندێ سیفەت و ئاکاری وایان هەیە کە ترس دەخەنە دەروونی منداڵانی بچووکەوە . کەوابێ ، منداڵان کەرەستەیەکی کاریگەر و چالاکن بۆ لێکۆڵینەوەی باسی پەیوەندی نێوان تەلەفزیۆن و منداڵانن ، چونکە هەر ئەوان تەلەفزیۆن بەکاردەهێنن ، تەلەفزیۆن بۆی نییە ئەوان بەکاربهێن[illegible]

ش[illegible]ی تەلەفزیۆن لە مێشکی منداڵان بە هیچ ش[illegible] لەگەڵ شوێنەواری هۆیەکانی تری پرۆپاگەندەو ڕاگەیاندنی وەکو رادیۆ ، سینەما ، گۆڤار ، رۆژنامە و هیتر .. جیاوازیی نییە کە منداڵان بەکاریان دەهێنن . جا ئێمە کە کاری تەلەفزیۆن باس دەکەین مەبەستمان ئەوەیە منداڵان بە چ رێگەیەك تەلەفزیۆن بەکاردەهێنن . چونکە منداڵ چەند پێویستییەکی هەمە جۆری سایکولۆجی و کۆمەڵایەتی هەیە دەیەوێ بە گەلێ رێگە دابینیان بکات ، کاتێ کە دووپاتیان دەکاتەوە کە بە کەڵکی پێویستییەکانی دێن و لەگەڵ ئارەزوو رێبازەکانی دا رێك دەکەون .

مندالآنیش بە زۆر جۆرو ریگا هەمان تەلەفزیۆن بەکاردەهێنن و هەر یەکەیان بە شێوەیەکی وەها بـــە کەلکی دێنێ کە لەگـــەڵ شارەزایی و تەجرەبەکانی پێشوو و پێویستی‌یەکانی سایکۆلۆجی و کۆمەڵایەتی و پێوانە و نرخـــەکانی خۆی دا بگونجێت (١) ئەوەتا هەندێ منداڵ حەز بە فلیمی پڕ لە زەبروزەنگ و تاوان و نا ـ ڕەووشتی دەکەن و لەوەدان کـــە لـــە ژیانی رۆژانەیان دا لـــە چاویان بکەنەوە ، هەندێکیشیان تەماشای ئـــەم جۆرە فلیمانە دەکـــەن و ئاکـــارە خراپەکانیان کاریان تێناکات چونکـــە ئەم کۆمەڵـــە مندالآنە ئەوەندە ژیری و زیرەکی‌یەیان هەیە کە بزانن هۆی تاوانەکان و قەوماوە نا بەجێ‌یەکانی سەر پەردەی تەلەفزیۆن چی‌یە و چی نی‌یە .

جا ئەگـــەر بمانەوێ لە تەئسیرەکانی تەلەفزیۆن تێ‌بگەین پێویستە لە بارو هـــەلی ئەو تەئسیرانە وورد ببینەوە و تێیان بگەین ، بۆ تێگەیشتنی بارو هـــەلی تەئسیرەکانی تەلەفزیۆنیش دەبێ گەلێ زانینی جـــۆراو جۆر دەربارەی ژیان و پەروەردە کردن و رەفتاری ئەو مندالآنە دەستگیر بکەین . ژیانی کۆمەڵایەتی‌ی مندالآن جۆرە لێزانی‌و تاقی‌کردنەوەیەکی تایبـــەتیان دەداتێ و گەلێ پێوانەو زۆر پێویستی‌ی سایکۆلۆجییان بەسەردا دەسەپێنێ و پەیوەندی‌ی کۆمـــــەڵایەتی و رەفتاری کۆمەڵایەتی‌ی وایان لا پەیدادەکات کـــە لە بینـــــای شەخسییەتیان دا دەورێکی گـــەورە دەگێڕن . کاتێك کـــە سەیری تەلەفزیۆن دەکـــەن هەندێکیان رەفتـــارو بەهاو پێوانەی خـــۆیان دەگۆڕن ، هەندێکیشیان ئەو بەهاو رەفتارە بنەڕەتی‌یەی کە لە ژیانگەی کۆمەڵایەتی‌ی خۆیان پەیدایان کردووە دەستیان پێوە دەگرن . بۆیە لێکۆلینەوەکەمان دەربارەی گرنگی‌ی ئـــەو دەورە دەبێ کـــە تەلەفزیۆن لە ژیانی مندالآنماندا ، لە چوارچێوەی ئەو لێزانی و تاقی‌کردنەوەو بینینانەدا ... داتێ ، یاری دەکات .

دەتوانرێ تەلەفزیۆن بـــە پەروەردەکەرێك یان مامۆستایەك دابندرێ لەو ماڵە ، چونکە هـــەواڵ و دەنگوباسی دەوڵەتانی دەرەوە بە خێزان دەگـــەیەنێ و ئاگاداری نـــەریت و ڕەووشت و خووی کۆمەڵایەتی‌ی ســـــەیر سەیری کۆمەڵگا هەمە جۆرەکانی مرۆڤـــیان دەکات و ئاسۆی تازەی بیریان بەسەر داهێنانی نوێ و بەهرەی زانستی و تەکنـــولوجیای جیهاندا دەکاتەوەو وێنەی زیندووی سروشتی جوغرافیایی و ئایکولوجی دەولـــەتانی جیهانی دەرەوەیان دێنێتە پێش چاو کـــە هەر یەکە لە دنیای شارستانەتی و لـــەگێنکی ماددی دا جۆرە ئاستێکیان نیشان کردووە . بەلآم لـــە لایەکی ترەوە تەلەفزیۆن بەوە تاوانبار دەکرێت کـــە بووەتە هۆی کەوتنی مندالآن لە ئیمتیحانەکان و قوتابخانەکاندا هەروەکو لێکۆلینەوە کۆمەڵایەتی‌یەکان دەستنیشانی دەکەن کـــە قوتابییانی نازیرەکی قوتابخانەکان ئەوانەن کە لە قوتابییانی تر زیاتر تەماشای تەلەفزیۆن دەکـــەن و هەر دوو قوتابی لە سەرجەمی پێنج قوتابییان دا کە بە زۆری سەیری تەلەفزیۆن دەکەن ، پێیان لەوە ناوە کـــە تەلەفزیۆن لێناگەڕێ باش بخوێنن و ئەرکەکانی قوتابخانەکانیان جێبەجێ بکـــەن (٢) . هـــەر ئەم لێکۆلینەوانە پیشانیان داوە کـــــە تەلەفزیۆن هۆی شێواندنی سروشتی ئەو مەبدەئە رەووشت و ئـــەو بەهایانەیە کە مندالآن لـــە کۆمەڵو دەوروبەری ژیانی خۆیان فێری بوون . چونکە منـــداڵ یان هەرزەکار ، ئەوەی لە پەردەی تەلەفزیۆنەوە پێی‌دەگات زوو بەزوو کاری تێ‌دەکات و لەوانەیە ئەوەی کە دەیبینێ لەگەڵ ئەو پێوانەو بەهـــا رەووشتی‌یانەدا نەگونجێت کـــە لە ماوەی قۆناغـــەکانی هۆگربوونی کۆمەڵایەتی‌دا فێریان بووە بە تایبەتی لـــــە حالەتی دووبارە بوونەوەی ئەو فیلم و ئەو دیمەنە تەلەفزیۆنیانەی کـــــە لەگەڵ خوو ڕەووشتی منداڵ دا ناکۆکن .

پرۆفـــیسور جوزیف کلابر دەلێ مندالآن زوربەی وەخت کـــە تەماشای تەلەفزیۆن دەکەن تەماشـــای ئەو بەرنامانە دەکەن کـــەبۆ ژیانی گەوران داندراون ، هەروەها دەلێ کاروباری گەورانیش تایبەتی یە بـــە خۆیان و هەر بۆ گەورانە ، ئـــەو فیلمە تەلەفزیونانەش کە کارو بارەکانیان دەنوێنن شەڕو کێشەیان پیشـــان دەدەن کە لە ئەنجامدا کارێکی نابەجێ لـــەو مندالآنە دەکەن کە سەیریان دەکەن(٣) .

زانایانی دەروون ناسی پزیشکی سەرباری ئەمـــە دەلێن بەردەوامی‌ی مندالآن لە تەماشاکردنی ئەم جۆرە فلیمانە وا دەکات کە پێگەیشتنی ژیریان لە زوویێکەوە سەر ببزێوێ و لە ئەنجامدا وایان لێ‌بێت کە بڕوا بـــە گەوران نەکەن ، باشانیش ناکۆکی و ناتەبایی دەکەوێتە نێوان گەوران و بچووکان ، هەندێ جاریش بچووکان لە هەندێ کاروباردا لاسایی گەوران دەکـــەنەوە . ئەم لاسایی کردنەوەش لەجێی خۆیدا و راســـیە چونکە زرووف و گیروگرفتەکانی گەوران لـــە زرووف و گیرو گرفتەکانی بچووکان جیا یە .

بەڵام بەشێك لە زانایانی دەروون ناسی پزیشکی دەڵێن تەلـەفزیۆن توانای هـەست کردن بـە لێپرسراوی‌ی کۆمەڵایەتی‌ی منـداڵ دەبووژێنێتەوەو هێزی ژیری و فامیاری منداڵ پەرە پێدەدات کە بـە هۆیەوە لە ژیانی خۆی دەگات لە ئەنجامی بینینی فلیمی زۆر دەربارەی گەوران(٤) .

بەڵام ئەو پرسیارە گرنگەی لـە مێشکی زانایانی کۆمەڵناسی و دەروون دا لە دژی تەلەفزیۆن هاتو چۆ دەکا ئەوەیە ئایا زەبروزەنگ و تاوان و نا ـ ڕەووشتی سەر پەردەی تەلەفزیۆن منداڵان فێری ڕێگەی تاوان و زەبروزەنگ و ڕەفتاری بەد ڕەووشتانە دەکـەن ؟ ژمارەیەکی زۆر لـە زانایانی کۆمەڵناسی و دەروون پاش لێکۆلینەوەو ووردبوونەوە لەم باسە ویستوویانە وەڵامی ئەم پرسـیارە بدەنەوە ، یەکێکیان کـە وولتەر لیمـانە Walter Lippmann دەڵێ هیچ گومان لەوە دانی‌یە کە ئەو فلیمانەی زەبروزەنگ و کرداری بێ بەزەییـانە پێشـان دەدەن ئارەزوو و خۆکوتان لای تەماشاکەر پەیدا دەکەن بۆ بەکارهێنانی توندو تیژی لە چارەسەر کردنی گیرو گرفتـەکان دا ، وا دەرکەوتووە کە پەیوەندی‌یەکی تەواو لە نێوان پێشان دان و دووبارە بوونەوەی تاوان و قەوماوی گوناهباری لـە کۆمەڵداو لـە نێوان پێشـان‌دانی فلیم و بەرنامەی تەلەفزیۆنی پڕ لە دیمەنی تاوان و دڵڕەقی و زەبرو زەنگ دا هەیە .

کاری تەلەفزیۆنیش لـە منداڵان جۆرا و جۆرو جیا جیایە ، هەندێ جار بە تەووژم هـەندێ جاریش ئەوەنـدە نی‌یە ، ئەگـەر منداڵە کـە بەر ووریـا کردنەوەیەکی دەوروبەری وا بکەوێت کە شوێنە واری تەلەفزیۆن دا پۆشـێت زوو بەزوو لادەچێت .

پروفیسور ئیـزەنك Propessor Eysenk دەڵێ هەندێ بنچینەی تیوریی وا هـەن ئەوە سـاغ دەکەنەوە کە تەلەفزیۆن دەتوانێ بنەوانەکانی ڕەووشت و ڕەفتاری منـداڵان بگۆڕێت و ئـەو بنچینـانەش دەتوانرێ بە بەڵگەی تاقی کراوەو پزیشکانە پشـت ئەستوور بکرێن(٦) .

بەڵێ تەلەفزیۆن وای کردووە خێزان بە شەوان لە ماڵێ‌دا سـەتار بگرێت و تەماشای بەرنامەکانی تەلەفزیۆن بکات و ئەو خێزانانەی کـە تەلەفزیۆنیان هەیە لـەوانەی کـە نی‌یانە زیاتر بەشەو لـە ماڵێ دەمێننەوە . بە جەخدەوە بەڵگەی ئەوەش هەیە کـە تەلەفزیۆن بووەتە هۆی کەم دووبی و کەمو تووێژی‌ی نێوان ئەندامانی خێزان لە شەوان داو ئەو گیانی ژیانە کۆمەڵایەتی‌یەی کوشتووە کـە جاران پێش تەلەفزیۆن هەبوو(٧) چونکە ئێستا تەلەفزیۆن بووەتە مۆلگەیەکی ڕووناکی وا وەکو پەروانە هـەموو ئەندامان رووی تێ‌دەکـەن و قرتوقپ لە بەرامبەر یادادەنیشن : نـە هـەواڵ و نەگاڵتە و گـەپێك ، نـەباس و خواسی هەڵسوکەوتی ڕۆژانـەو کارەکانیان هیـچ نابەت و ناچێت . بەڵام مەسەلەی ئەو کارەی تەلەفزیۆن لـە دامەزراوەی مـاڵ و خیزانی دەکا لە خێزانێکەوە بۆ خێزانێکی دیکـە فەرقی هەیە ، لەگەڵ ئەوەشـدا تەلەفزیۆن هـەر توانیوەتی تەرزی ژیانی خێـزان بگۆرێت و لـە گۆڕانی چوارچێوەی کاروبارەکـانی شەوانە بەشـداربێت . سەرژمێرێکی کۆمەڵایەتی دەربارەی بەکارهێنـانی تەلەفزیۆن لەلایەن چینـە



کۆمەڵایەتی‌یەکانەوە لە عیراق روونی دەکاتەوە کەوا دوو سێ‌یەکی خێزانانی کرێکاری عیراق ئەوانەی تەلەفزیۆنیان هەیە هەر لە سەرەتای ئیش‌کردنی بەرنامەکانەوە تا کۆتا هاتنیان بەدیار تەلەفزیۆنێ دادەنیشن ، کەچی (نیوەی) خێزانە ناوەندی‌یەکان بەردەوام تەلەفزیۆن دەکەنەوە(٨) . بۆیە ئەندامانی چینەکانی کارکەر لە ئەندامانی چینە ناوەندی‌یەکان زیاتر تەلەفزیۆن تەماشا دەکەن‌و زۆر خێزان هەیە لایان وایە دەبێ تەلەفزیۆن لە سەرەتای شەوەوە بکرێتەوە هەندێ جاریش هەر کاردەکات با کەسیشی بەرامبەر نەبێت . بە نموونە چینەکانی کارگەر تەلەفزیۆن ناکوژێننەوە کاتێ کە منداڵەکانیان خەریکی دەورو دەرسی قوتابخانەکانیانن . کەچی هەندێ خێزانی ناوەندی لەو کاتەدا تەلەفزیۆن ناکەنەوە . جا هەرچەند بە پەیژەی کۆمەڵایەتیدا بێینە خوارەوە زیاتر حاڵی بەکار خستنی تەلەفزیۆن دەبینین لەکاتی خەریك بوونی منداڵانیان بە ئەرکی ماڵەوەی قوتابخانەکانیان .

دکتور براین ولسون ، کە زانایەکی کۆمەڵایەتی‌یە هەندێ لەو تەئسیرانە باس دەکات کە تەلەفزیۆن لە هەڵوێست و بەها کۆمەڵی و دەروونی‌یەکانی تەلەفزیۆن بینەکانی دەکات ، دەڵێ تەلەفزیۆن لە گۆڕینی بەهاکانی خەڵك و بیروڕایان دا دەربارەی تاوانەکان دەورێکی گرنگ یاری دەکات و کۆمەڵە بەهاو پێوانەیەکی تازەیان دەداتێ کە بە هۆیانەوە ڕووداوەکان هەڵدەسەنگێنن و دەسکەنەیان دەکەن و کاری خراپ لە کاری چاك جیا دەکەنەوە . ولسون هەروەها دەڵێ تەلەفزیۆن هەمیشە بووارو دووبارە بوونەوەی تاوان گەورە دەکات‌و قەوماوی زەبرو زەنگ و بەکارهێنانی توندی و هێز لە چارەسەرکردنی کارو[illegible]دا دەخاتە پێش چاو ، ئەو کەسانە هان دە[illegible]ی ماتی خۆکوتانە ناو تاوانباری و لاساری‌یان [illegible]وە هەیە ڕێگەی ناناسایی و لاساری و تاوانباری و تۆڵەسەندنەوە بگرن تاکو ئارەزوو و حەزی ناکۆمەڵایەتی و نا ـ ڕەووشتی‌ی خۆیانی پێ تێراو بکەن(٩) .

ئیتر تەلەفزیۆن ڕێگە و شێوازی وا پیشانی ئەم جۆرە کەسە نا ئاسایانە دەدات کە بەهۆیانەوە دەتوانن کاری گوناهباری‌ی خۆیان بەجێ بگەیەنن‌و شێوەی تاوانباری و زەبرو زەنگی کۆمەڵانی بێگانەیان دەخەنە

بەردەست . ئەمەش ناوی پەیوەندی‌یە کۆمەڵایەتی‌یەکان شێلوو دەکات و گەلێ جۆرە گیرو گرفت دەخاتە سەرباری کۆمەڵ کە لێیان بەدوور بوو . ئەوەتا هەندێ فلیمی تەلەفزیۆن تاوانبارێك دەکەن بە قارەمان ، ناوودەنگ و ناوبانگی گەورەی دەدەنێ و دەیانەوێ ئەوەمان پێ‌بسەلمێنن کە ئەو لەرێ لادان و یاخی بوونە کۆمەڵایەتی‌یەی تاوانبارەکە کە قارەمانی فلیمەکەیە دەیکات بەشتێکی نەپچراوی جەستەی ئەو دەوروبەرو واقیعی کۆمەڵایەتی‌یەیە کە لاوانی کۆمەڵەکە لە ناویدا دەژین ، ئەمەش بۆ تەماشا کەرانی دەگەڕەێنێتەوە کە ئەو کارەی قارەمانی فلیمەکە کردی ڕەوایە ، بێ‌گومان ئەمەش ژمارەیەکی ـ کەم نا ـ لە لاوانی کۆمەڵ دەخاتە سەر ئەو ڕایە کە ئەوانیش هەمان کردەوە بکەن کە لە دوایدا دەبێتە مایەی گیرو گرفت و دەردەسەری‌ی کۆمەڵەکەو ئەو دستوورو بناوانە ڕەووشت و رەفتاریانەی کۆمەڵ بڕوای پێیان هەیە و کە بە هۆیە بناغەییەکانی کۆك ڕاگرتنی کۆمەڵایەتی دادەنرێن لەناو دەبات یان بێ‌هێز دەکات .

بەڵام دەشبێ ددان بەوە دابێنین کە وەنەبێ تەلەفزیۆن تاکە هۆی قەومانی ئەو تاوان‌و سەرهەڵدانی ئەو گیرو گرفتە کۆمەڵایەتی و ڕەووشتی‌یانە بێت کە کۆمەڵ تووشیان دەبێت ، چونکە ئەو گیروگرفتانە پێش ئەوەی مرۆڤ تەلەفزیونی زانیبێت لە کۆمەڵەکاندا هەر هەبوون و واش سەیر دەکرا کە شتێکی سروشتکردە وهەردەبێ لە کۆمەڵانی ئاڵۆزو بە پەلوپۆدا هەبێت ، تەنیا ئەوەندە هەیە تەلەفزیۆن هەندێ جار یاریدەی بڵاوبوونەوەی گیانی تاوانباری و لاساری دەدات لەنێوان هەندێ لەو هاونیشتمانانەی کە جۆرە پەروەردەیەکی ڕەووشتانەیان هەیەو ئامادەن کارتێکردنی نابەجێ‌ی دەورو بەری کۆمەڵایەتی‌ی ژیانیان وەربگرن .

پێویستە تەلەفزیۆن یان رادیۆ بەوە گومانبار نەکەین کە گوایا گیانی لەرێ لادانی کۆمەڵایەتی و یاخی بوون دەخەنە نێوان منداڵ‌و هەرزەکاران ، نا ، رەفتاری تاوانباری و لاساریی منداڵ خەتای تەلەفزیۆن یان هۆیەکانی تری ڕاگەیاندن و پروپاگەندە نی‌یە ، بەڵکو گەلێ هۆی ئاڵۆزی کۆمەڵایەتی و دەروونی و شارستانەتی وا هەن کە دەیکەن بە پیاوێکی نائاسایی لە سروشت و رەفتارو هەڵسان و دانیشتندا لەو

هۆیانەی کە شەخسییەت و رەفتاری تاك پێدەگەیەنن دەستگیربوونی کۆمەلە زانین و لێزانی و تاقیکردنەوەیە کە لە دەوروبەری کۆمەلایەتی خۆی و بە هەلسوکەوتی لەگەل خەلکیدا ، دەستکەوتنی وێنە و دیمەنی ژیری زەبین کرد دا کە لە تەفسیر کردنی رووداوو ئەو شتانەی دەوریان داوە بایەخێکی گەورەیان هەیە ، لەگەل باوەڕ کردنی بە کۆمەلە بەهاو پێوانەیەك کە لە نێوانە کۆمەلایەتی‌یەکەی خۆیدا فێریان بووە ،هەروەکو چۆن چینە کۆمەلایەتی‌یەکەشی و کۆڕو تاقمەکان و ئەو پەیمانگا کۆمەلایەتی‌یانەی سەربەوانە هەمیشە جۆرە سروشت و شەخسییەتێکی تایبەتی لەو ڕەووشتو ڕەفتار و بیرو ڕاو مەبەستانەی پێدەدەن کە هۆی جوولانەوەو چالاکی و پەیوەندی کردنیەتی بە خەلکی ترەوە .

دەبێ ئەو هۆیە کۆمەلایەتی و دەروونییانە بپشکنینەوەو لێیان وورد ببینەوەو لە دیاری کردنی سروشتی تاك و جۆری رەفتارەکەی‌دا گرنگییان بزانین و دەتوانین بلێین کە تەلەفزیۆن تەنیا هۆیەکە لەو هۆیانەی کە کار لە شەخسییەتی تاك و سروشتی پەیوەندی‌ی بە خەلکەوە دەکەن . لەوانەشە تەلەفزیۆن هۆیەکی دووەمینی بێت لە تەئسیری بەسەر تاکدا ؛ هۆیە راستەو خۆکان ئەوانەن کە پێشتر باسمان کردن وەکو هۆیە کۆمەلایەتی و سایکولوجی و شارستانی‌یەکان کە لەمەودوا بەشێکیان شی‌دەکەینەوە . یەکێك لەو هۆیە ناوەخۆیی یانەی کە هەلسو کەوت و بیرو ڕاکانی تاك لە بۆتەیەکی تایبەتی‌دا دادەڕێژن باری نیگایەتی بۆ خۆی‌و بۆ خەلکی تر . کەوا بیرو ڕای تاك دەربارەی خەلکی زادەی ئەندیشەو ئەو لێکدانەوانەیە کە لە ڕاستی‌یەوە دوورن ، بەلکو سەرچاوەکەی هەوال و تاقیکردنەوەی نیوەراستەیان لێزانی‌یە کە لەگەل سروشتە فسیولۆجی و عەقلی‌یەکەیدا دەگونجێت و لەگەل ئەو واقیعەی تێیدا دەژین ڕێك ناکەوێت . لەو هۆیانەی تر کە کار لە شەخسیەتی تاك و ئاستی بیرکردنەوەی دەکەن چەندی و چۆنی ئەو زانینەیە کە لە دەورو بەرو واقیعی کۆمەلایەتی‌یەوە پێی گەیشتووە ، دیارە کە ئەو زانین و لیزانی‌یانەی مرۆڤ فێریان دەبێت ناتوانرێ بە ئاسانی لەو ئاستانەی شعور جیا بکرێتەوە کە هاوشانی فام کردنو بیرکردنەوەن(١٠) .

چونکە هەموو کەس بایەخ بەو بابەتانە دەدەن کە پەیوەستییان بە ژیانی شەخسییانەوە هەیەو لەگەل بیرو باوەڕیان هاوشا دەڕۆن و تەفسیری هەلوێست و باری ژیانییان دەکەن . هۆیەکی تر کە کار لە رەفتارو بیرو ڕای تاکەکان دەکات بریتی‌یە لەو تاقم و کۆمەل و پەیمانگا کۆمەلایەتی‌یانەی کە سەر بە ئەون . هەموو تاکەکانی کۆمەل سەر بە کۆڕو کۆمەلەو پەیمانگای کۆمەلایەتی خاوەن ئامانج و بەرژەوەندی هەمە جۆرن و زوربەی جاریش ئامانجەکانی ئەو تاقم و کۆمەلانە دژ بەیەك دەبن و تاکیش ددکەوێتە ژیر کار تێ‌کردن و ووریا کەرەوەی ئالۆز و داخوازیی جیاواز ئەمەش بێ‌گومان کارێکی گرنگ دەکاتە سەر بیرو لێکدانەوەو رەفتاری و لە هەندێ باردا دەیکا بە یەکێك کە بە خۆیدا ڕانەپەرموێ و پێویستی بە بڕواو دلینا بوون هەبێت و نەتوانێت سادە ترین بڕیار بۆ ژیان و دوارۆژی خۆی پێویست بدات .

هەرچی هۆی چینە کۆمەلایەتی‌یەکەو شوێنەوارە پەل ـ هاویشتووەکانی‌یەتی بەسەر تاکدا ، یەکێکە لەو هۆیە بنەڕەتییانەی کار لە شەخسییەتی دەکات و سروشتی پەیوەندی بەخەلکەوە دیاری دەکات و هەندێ سیفەتی وای دەداتێ کە دەیکەن بە مرۆڤێك بتوانێ لەگەل تاقمێك ڕابێت لەلایەنی کۆمەلایەتی‌یەوە و لەگەل تاقمەکانی تردا ڕانەیەت .

کەوابێ چینی کۆمەلایەتی کردارێکە تاك دەتوانێت بەهۆیەوە ببێ بە ئەندام لە تاقمێك کە هوشیاری و ئایدیولوجی‌یەکی تایبەتی و پلەیەکی ناسراوو پایەو هێزی کۆمەلایەتی خۆی هەیە(١١) . چونکە لەو کۆمەلە فرە چینەدا کە لای وایە دەبێ بەپێی چەندیی دەستکەوتی ماددی و واتایی کردارێکی [illegible]بوونەوەو نزم بوونەوەی خەلك لە لایەنی [illegible]تی‌یەوە هەبێت ، دەبینین ئەو کەسەی کە لە لایەنی کۆمەلایەتی‌یەوە بەرز دەبێتەوە هەول دەدا لاسایی رۆلەی ئەو چینە بکاتەوە کە گواستوویەتی‌یەوە لای دەربارەی شێوازی ژیانی و نەریت و ڕێ‌و شوێن و رەفتارو ڕووالەتی دەرەوەو ئەو شتە ماددی واتایانەی کە لە چینەکانی تری کۆمەلی جیا دەکەنەوە .

پاش شیکردنەوەی ئەو هۆیە کۆمەلایەتی و دەروونیانەی کە بناغەن بۆ جۆرو سروشتی شەخسییەت و بیرو ڕاو ئەو رەفتارەی کە تاك خووی

پێوە دەگرێ ، دەبێ بڵێین بەسەر لەوە لە لێکۆڵینەوەی تەئسیرەکانی تەلەفزیۆن قووڵ ببینەوە پێویستە ئەو هۆیانە سەیر بکەین و بە پان و بەرینی لێیان بکۆڵرێتەوە چونکە هۆیە کۆمەڵایەتی و دەروونییەکان بەردی بناغەی پێکهاتنی توخمەکانی شەخسییەتی تاکن ، هەروەها ئەو مەعلوماتە سەرەتاییانەن کە پێویستە لێکۆڵەرەوە لێیان ئاگادار بێت بەسەر لە لێکۆڵینەوەی تەئسیرەکانی تەلەفزیۆن لە شەخسییەت و رەفتاری منداڵی هەرزەکار جا ئەگەر شەخسییەتی تاك لەلایەن کۆمەڵایەتی و شارستانییەوە پێگەیشتوو بوو واتا تاکەکە بە توندی دەستی بە کۆمەڵە بیرو باوەڕێکەوە گرتبوو و هەڵسو کەوتێکی چەسپاوی کۆمەڵایەتی وای هەبوو کە لە دەورو بەرە کۆمەڵایەتییەکەی خۆی دەستی خستبوو ئەوا تەلەفزیۆن یان هەر هۆیەك لە هۆیەکانی تری پروپاگەندەو ڕاگەیاندن ناتوانێت بیرو ڕاکانی یان شەخسییەتی بگۆڕێت یان تەنانەت کەمێکیش کاری تێ بکات . بەڵام لەسەر ئەوەشەوە پرۆفیسور خاتو و هملوایت Himmell wiet دەڵێ : تەلەفزیۆن دەتوانێ کار لە بیری تاکی تەماشاکەر بکات ئەگەر ئەم هۆیانەی خوارەوەی لە پاڵدا بوون (١٢) :

(١) تەلەفزیۆن دەتوانێ رەفتار و بەهاکان و بیرو ڕاکانی تاکە کەسان بگۆڕێت ئەگەر هاتوو هەموو بەرنامەکانی تەواو بە سەرو بەرو دووبارە کەرەوەی یەك جۆر بەهاو پێوانە بوون .

(٢) ئەو بەهاو پێوانانە پیشان بدات کە مەبەستە بڵاو بکرێنەوەو لە مێشکی خەڵکیدا بچەسپێنرێن بە شێوەیەك جۆشی دەروونیان بەرامبەر ئەو بەهایانە هەڵدەگیرسێنێ .

(٣) دەبێ ئەو بەهاو پێوانە نوێیانەی [illegible]بەستە لە مێشکی خەڵکیدا بچەسپێنرێت لەگەڵ پێویستی و بەرژەوەندەکانی شەخسی و ئێستایان دا پەیوەندیدار بن .

(٤) دەبێ هۆی ڕاگەیاندن واتا «تەلەفزیۆن» نەکەوێتە بەر کولنگی رەخنەی هیچ لایەنێك . واتا دەبێ بەرنامەکانی لەگەڵ ئارەزوو و بەرژەوەندەکانی تاکە کەسان دا گونجاو بن .

(٥) ئەگەر تەماشاکەر لەو مەعلومات و تاقیکردنەوانەی لە پەردەی تەلەفزیۆن دا بڵاو دەکرێنەوە نەزانێت ڕوو پەسەندیان دەکات چونکە پێشتر شتێکی وای لانییە دژی ئەوە بێت کە لە تەلەفزیۆنەکە دەیبینێ و دەیبیستێ

کەوابێ تەلەفزیۆن دەتوانێت کار بکاتە سەر زەینی هەموو ئەوکەسانەی کە لەو باسو بابەتانەی تەلەفزیۆن نازانن .. منداڵان و هەرزەکاران بە نموونە نازانن تاوانەکان لە سۆنگەی چییەوە هاتوون و ئەنجامی کاریان بەسەر کۆمەڵدا چییەو چ جۆرە شارەزایی و تاقیکردنەوەیەکیان نییە دەربارەی تاوان ، کاروباری ژن و مێردایەتی ، جا لەو حاڵەتەدا لەو چیرۆك و زنجیرە چیرۆکە تاوانباری و جنسیانەی فلیمە بەهات و هاوارەکانی تەلەفزیۆن شت فێردەبن و باوەڕیان پێدەکەن . ئەو چیرۆکە تاوان بابەتە یان جنسییەی یارمەتیی و پشتگیری قارەمانی فلیمێك دەکات کە بەپێی پێوانەی باوی رەووشت و بە گوێرەی کردەوەی ناشایستە و دژ بە بەهاو نەریت و ڕێو شوێنی کۆمەڵ بەتاوانبار دەژمێردرێ لەوانەیە کار لە بەهاو بیرو لێکدانەوەی هەرزەکار بکات ، ئەویش پشتگیری بکات و بچێتە ژێر ئاڵاکەیەوە ، هەندێ جاریش هەرزەکار هەمان کاری تاوانبارییی نوێنەری فلیمەکەی تەلەفزیۆن دووبارە دەکاتەوە ، ئەمەش هەموو جۆرە گیرو گرفتێك بەسەر کۆمەڵ گشت لەگشت دەهێنێ .

لە گۆڤاری
(الجامعة المستنصرية)وە وەرگیراوەو
کراوە بەکوردی

پەراوێزەکان :

(1) W . schramm " Proeess and gffect of mass communication " P. 23


(2) C. R. wright " mass communica - tion A soeiological perrpeatire " P. 56 .

(3)

(4) W. schramm " T. V. in the lires of our children " PP. 14 - 16

سانت بوف و هونەری رەخنە

لەگۆڕینی و ئامادەی جلیل کاکەوەیس



ڕەخنە ـ لە سەدەی حەڤدەهەم و هەژدەهەمدا بریتی بوو لە کورتکردنەوەی نووسینی نووسەران . وە بەرچاوخستنی برێ لە نووسینەکانیان و لێدوان لە سەریان .

ئەم تۆژینەوە کەم بەهایانەو بایەخ نەدانی ڕەخنەگران شێوەیەکی سەر لێشێواوی و بەرەڵلایی پێك هینابو .. هەر نووسەرێك کاتێ دەقێکی هەڵئەسەنگان لە ڕوانگەی بیروباوەڕی خۆیەوە تەماشای ئەودەقەی ئەکرد .. ئەگەر بهاتایەو بیروباوەڕی نووسەرو تۆژەرەوە لە یەك عاست دا بوایە ، ئەوا بەرهەمی ئەو نووسەرە سەرکەوتوو ئەبوو ، بەلام ئەگەر لە باوەڕ دا یەکیان نەگرتایەوە ئەدا نووسەر بە سەرکەوتۆ دا نە ئەنرا .. بەم پێیە

ڕەخنە بەرهەمێکی ڕواڵەتی بوو . دەستوورو ڕێرەوێکی تایبەتی نەبوو .

لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمدا چووزەرەی هونەری ڕەخنەی نوێ سەری هەڵدا . وە یەکەم سەرهەڵدانی بە ناوی ڕەخنەی مێژوویی

((Critique historique))
بەوە بوو لەسەر ئەو باوەڕەی کە هەموو کارێکی ئەدەبی پێویستە بکەوێتە ژێر باری کۆمەڵایەتی ئەو سەردەمەی کە بەرهەمەکەی تیادا نووسراوەتەوە . ئەمە تێروانینێکی تازەبوو ، وە یەکەم کەس کە ئەم هونەرەی بەکارهێنا مامۆستا (فیلمان) بوو ، کە بەلایەوە ڕەخنە وێنەیەك بوو لە مێژوو . کاتێ دەستیکرد بە لێکۆڵینەوەی ئەدەبی فەرەنسیو ئەدەبی ئەورووپی وەکو ئەدەبی ئینگلیزیو ئیتالیو ئەسپانی پەیرەوی ئەم ڕێبازەی کرد .

لەوانەی تازەگەریان لە بواری ڕەخنەدا وەدەستهێنا سانمارك جیراردان (١٨٠١ـ١٨٧٣)ز بوو کە ناوبانگی بەو موحازەرانەوە دەرکرد کە لە «سوربوون» ئەیدان، وەبەنووسینی کتێبی : لێکۆڵینەوە لە ئەدەبی کارەسات (بحث في الادب الدرامي) .

فیلمانو سان مارك جیراردان لەم تازەگەری‌یە دا بەرابەری یەکەم دائەنرێن ، بەوەش کە ڕەخنەیان بە مێژووەوە مووتۆربەکرد . وەلێرە دا یەکەم بە وێنەیەکی بچووککراوەی دووەم ئەژمێررێ ، بەلام داهێنانەکەیان بە پلەیەکی نزمو کەم دائەنرێ ئەگەر لەگەڵ داهێنەری تازە (سانت بۆف) دا بەراووردیان بکەین .

سانت بۆف (١٨٠٤ ـ ١٨٦٩) سەرەتای ژیانی بە پیشەی پزیشکی دەستپێکرد ، لە دوایدا چووە ڕیزی کۆمەڵەی ڤیکتۆر هۆگۆوە .. لە سالی ١٨٢٨ زاینیدا کتێبی (لێکۆڵینەوەی ئەدەبی فەرەنسی لە سەدەی شانزەهەمدا) بلاوکردەوە ؛ دوای ئەوەی یەکەم کۆمەڵە شیعری (شیعر جۆزیف دولورم)ی لە سالی ١٨٢٩ زاینی بلاوکردەوە . وەکو شاعیرێك ناوبانگی دەرکرد . ئینجا کۆمەڵە شیعری دووەمی بە ناوی (سکالا)وە لە سالی ١٨٣٠ زاینی بلاوکردەوە . وە لە سالی ١٨٣٤ چیرۆکی ئارەزوو((Volupte)) ی بلاوکردەوە ، وە لە سالی ١٨٣٧ کۆمەڵە شیعری سێیەمی بە ناوی (باوەڕنامەکانی مانگی ئۆغستۆس)ی بلاوکردەوە .

وە لە سەرەتای سالی ١٨٤٠ سانت بێۆف خامەکەی بۆ ڕەخنەی ئەدەبی تەرخانکردو زووبەزوو [illegible] سەرکەوت . لەم بوارەدا [illegible] بوو شان لە شانی بدات . وە لە سالی ١٨٤٥ بە ئەندامی ئەکادیمی هەڵبژێردرا ... وە لە سالی ١٨٥٧ بوو بە مامۆستا لە قوتابخانەی (نورمال)و زنجیرەیەك ووتاری تیادا ووتەوە کە لەوە دوا بە ناونیشانی (چەند لێکۆلینەوەیەك لە سەر فیرجیل) بلاوکردەوە .

سانت بۆف نزیکەی سێ سەد بابەتی وەرگێران Biographie ، وێنەی ئەدەبی
Portrait Litteraniro
هێنایە کایەوە کە تێگرا بە ناونیشانی هەمە چەشنە نووسی‌یەوە ؛ وەکو : (گفتوگۆی دوو شەممە)و (وێنەی ئەدەبی)و ... هتد .

ئەگەر بلێین : فیلمانو جیراردان لە سەر بنەماو شێوازی تایبەتی وەکو هونەرێك برەویان بە ڕەخنە دا ، ئەوا سانتبۆف باشترین داهێنەرە کە بە هیچ کلۆجێك ئاوڕی دواوە ناداتەوەو پەیرەوی یاسای کۆنیش ناکات . ئەو پیاوەی کە گۆڕانێکی بنەڕەتی خستە دنیای هونەری ڕەخنەوە لە سەدەی نۆزدە هەمدا ، وە کەس نەی توانی بگاتە لێهاتوویی ئەو لە بەکارهێنانی (ڕەخنەی مێژوویی) دا .

سانتبۆف بە زگماك ڕەخنەگر بوو ، هەموو ئەو خەسێتانەی تێدابوو کە پێویستە لە ڕەخنەگری چاو نەترسا هەبێت بۆ چوونە ناو ئەو هونەرەوە . ئەو هونەرەی کە بە گرانترین لقەکانی تری ئەدەب دائەنرێ .

ئەو خەسێتە پێویستانەی کە لە (سانت بۆف) دا بوون ئەمانەن :ـ

١ ـ ئارەزووی زانین ـ زۆر لەزەتی لە تۆژینەوەی هەموو لقەکانی ئەدەب وەرئەگرت ... تەنانەت ئەوانەی خۆشی‌نەویستنو باخۆد خۆشی نائەویستن .. هەروەها خوێندنەوەی کارە ـ ئەدەبی‌یەکان لە هەموو چەرخێکدا .

٢ ـ پشوودرێژی ـ وای لێکردبوو لە خوێندنەوەی

ساکارترین کاری ئەدەبی بێزار نەبێ، وەگوێش ڕابگرێ بۆ هەموو وشەیەك پێش ئەوەی دەستبکات بە ڕەخنەگرتن لە کارێکی ئەدەبی .

٣ ـ زیرەکی‌یەکی بێ پایان کە توانایەکی وای پێبەخشی‌بوو بتوانێ خۆی بناسێو خۆشی لەوە قورتار کردبوو کە خۆبەسەند بێو ڕای تایبەتی خۆی بەسەر نووسەر دا بسەپێنێ لێهاتوویی سانت بۆف لەم بارەوە لە دوو لایەنەوە بوو :ـ

یەکەم ـ ئەچووە ناخی ئەو نووسەرەوە کە ڕەخنەی لێ ئەگرت، بۆ ئەوەی هەرچی دژایەتی‌و لێك‌نەچوونی بیروباوەڕی نووسەرو ڕەخنەگر هەیە نەمێنێو نورسەریش لەبەر چاوی ڕەخنەگردا ببێتە کەسێکی زۆر ئاسایی‌و بە شێوەیەکی هێمنانە ڕەخنەی لێبگرێ .

دووەم ـ خۆی ئەبردە ئەو بارو دۆخەی کە نووسەر بەرهەمەکەی تیادا نووسیوە تا بابەتەکانی واقیعانەو بەردەست بن ، ئینجا دەهات تۆژینەوەیەکی ووردی لە هەموو بارێکەوە لەسەر ئەکرد ـ وەئەمەش بەلای سانت‌بۆفەوە باشترین ڕێگەبوو بۆ گەیشتن لە نووسەر .

٤ ـ لە بیرکردنەوەدا ـ توانایەکی بەبری هەبوو لە هەڵسەنگاندنی بەرهەمی جیا جیا دا .

٥ ـ هەستی دادپەروەری ـ ئەمەش خەسیەتێکە لەکەم کەسدا هەیە ، بەڵام لە سانت‌بۆف دا هەبوو ، وەبووە هۆی ئەوەی هەموو ڕەخنەکانی کە بەسەر سەدەها کتێبدا دای‌بۆن دووربن لە کینە ، سەرەڕای جیاوازی بیروباوەڕی نووسەرەکانیان .

سانت‌بۆوف ئەو خەسیەتانەی بە جوانترین شێواز لە ڕەخنە دا بەکار هێناو ئەم دوو لایەنەشی خستنە سەر :ـ

یەکەم ـ وێنە .
دووەم ـ باس‌و خواسی ژیانی نووسەران .

کاتێ بەرهەمی نووسەرێکی هەڵئەسەنگان لە خۆی ئەپرسی :ـ ڕەووشتی نووسەرەکەی چۆنە ..؟ بیروباوەڕی چۆنە ..؟

بە ناخی ئەم شتانە دا شۆڕ ئەبۆوە تا ئاگاداری‌یەکی تەواوی دەستگیر ئەبوو ؛ کە زۆر کەس لایان وایە پەیوەندی بە ڕەخنە لێ‌گیراوەوە نی‌یە ..! بەڵام بەلای

ئەوەوە باشترین ڕێگە بوو بۆ گەیشتن لە نووسەرو نووسینەکەی لەم بارەوە باسی باوەڕەکەی خۆی دەکاو دەڵیت :

(من هەمیشە ئەو نامەو ووتارو بیرۆکە ووردانەم خۆش دەوێ کە چۆنێتی هەڵس‌وکەوتی نووسەر ددست نیشان دەکەن .. بە کورتی

باسی ژیانی گەورە نووسەرانم خۆش دەوێ .. جاری واهەیە ... ڕۆژ خۆم بە کتێبی شاعیر... فەیلەسوفێکی کۆچ کردووەوە

خەریك ئەکەم ، بە ووردی لە خۆم ئەپرسم‌و پێیدا ئەچمەوەو تاووتۆی ئەکەم . کاتێ لە نرخاندنەکە دەبمەوە ئەبینم ئەم تۆژینەوەیە چەند لایەنێکی

نهێنی بۆ دۆزیومەتەوە . ئەبینم ئەو نووسەرە ئاڵۆزەی کە لە سەرەتاوە بەلای منەوە نادیارە وەکو ئەو نووسەرانەیە کە خەسیەتی هونەری تایبەتی خۆیان هەیەو نابێ « لە بیر بکرێت » .)

ئەم شێوازە تازەیە لای سانت‌بۆف لە ڕەخنە دا بە شێوەیەکی زۆر کارامە لە کۆمەڵە ووتاری (وێنە ئەدەبی‌یەکان) دا دەرکەوت .

ئەم جۆرە لێکۆڵینەوەیە لە بارەی زانینی کەسێتی‌و ڕەووشتی نووسەرەوە لای سانت‌بۆف بەشتێکی ساکار دا ئەنرا ، بۆیە (ووردبوونەوە)ی لە ژیانی نووسەر بە پێویست ئەزانی ئەوەش بە زێدەکردنی لێکۆڵینەوەی (مێژووی سروشتی کانە) .

Histoire naturelle les esprits

لەبەر ئەوەی لێکدانەوەی نووسەرەکان لایەنی لێکچوون‌و لێك‌نەچوونیان هەیە ، ئەرکی سەرشانی ڕەخنەگر گەڕانە بە دوای

ئەم لایەنانە دا ، بۆ ئەوەی بیان‌دۆزێتەوەو یەکالایان بکاتەوە ، تا لەبەر ڕۆشنایی ئەم پشکنینە دا

خەسیەت‌و لێکچوون‌و جیاوازی نووسەر لەگەڵ نووسەرێکی تر دا کە هەموویان دەکەونە ژێر خێوەتی

یەك بنەماڵەی فیکریدا دەربخات ، وەبۆ ئەمەش سانت‌بۆف پەنای بردە بەر شێوازی (سروشتی‌یەکان) Naturalistes بە بەکارهێنانی Monographie واتا لێکۆڵینەوەی ژیانی نووسەران لەبەر ڕۆشنایی تێبینی‌یەکی ڕاستگۆیانە بۆ گەیشتن لە بیروباوەڕەکانیان .

وە باشترین نموونەی نووسینەکانی سانت‌بۆف (ووتاری دووشەممە)یە، کە بەڵگەی هونەری ڕەخنەی نوێ‌یە .

کێشەی ئافرەت لە کلاوڕۆژنەی شیعری هەندێ لە شاعیرانی هاوچەرخدا

مەسەلـەی ئـافرەت شوێنێکی بەرفراوانی لـە مەیدانی شیعری کوردیدا گرتووە ، شـاعیرانی کورد هەمیشە دەنگێکی ڕەسەن بوون کـە بـانگ بۆ ئـەو مەسەلەیە بـدەنو هەردەم وەك کەسـانێکی ڕابـەرو شۆڕگێڕ لە وێنەگرتنی ئەو تانە نامرۆڤایەتیانەی کە ئافرەت بێ‌نرخ دەکەنو لە کەسایەتی‌یە ڕاستەقینەکەی خۆی ڕووتی دەکەنەوە ، ڕۆڵی زێڕینی خۆیان بینیوە ٠

شاعیرانی کورد هەر تەنیا بە شیعر پشتیوانی ئافرەتیان نەکردوە ، بەڵکو بە کردەوەش ئەوەیـان ساخ کردۆتەوە ، بۆ نموونە تا ئێستاش خـەڵك کـردەو مەزنەکەی «مەلای گەورە» دەگێڕنەوە کە پێش هەموو کەس کچەکەی دەنێرێتە قوتابخانەو بێ‌گومان ئـەوە شتێکی کەم نـەبوو لـەو کاتـەداو هـەڵـوێستێکی شۆڕشگێڕانەو یاخی‌بوونێك بوو کـە نـەریتی کۆن ڕەت بکاتەوەو ئەوەش لە ئەنجامی ئەوەوە هـاتوە شاعیرانی کورد بە تێگەیشتنێکی قوڵەوە هـەمیشـە کێشە کۆمەڵایەتیەکانیان چارەسەر کردوە ٠

بێ‌گومان شیعر ئاوێنەی بیرو باوەڕی شـاعیرە کـەواتـە دەبێ پێشـەکی ئـەوە بڵێین کـە ئـەو مەسەلەیە لەلای هەر شـاعیرێك ڕوویەکی تـایبـەتی هەیە چونکە ئەو کاتە بەپێی ئایدیۆلۆژی‌و بیرو باوەڕی خۆی هێڵ بۆ مەسەلەکان دەکێشێت‌و چارەسەریـان بۆ دەدۆزێتـەوە ٠ وە هەڵوێستی بسە گوێرەی کات‌و شوێن‌دەگۆڕێ ٠ هەیە کێشەی ڕزگاری‌و چەوساندنەوەی ئافرەت هەر بـە گیروگـرفتێکی کۆمەڵایـەتی دادەنێ‌و هەروا بە ئاستەم سەرپێیانە خۆی لێ‌دەداو تێبەڕئەبێ و بە چەند ووشەیەك دەیبڕێنێتەوە ٠ هەشن هەر وەك چۆن هەموو بابەتێکی شیعریان لەسەر بیرو باوەڕ یان ئایدیۆلۆژیەکی پتەو دامەزراندووەوە لە ڕوانگەیـەکی پێشکەو تنخوازانـەوە مەسەلـەکە بۆ گیروگرفتیکی ئابووری‌و کۆمەڵایەتی‌و سیاسی ئاڵۆز شی‌دەکەنەوە و لە ناخیدا ڕۆ دەچنە خوارەوە ٠

شاعیری کورد نوێنەرێکی هەمیشەیی کۆمەڵەو دەربڕێکی ڕاستگۆی هەست‌و ئازارەکانی بوە ، وە شیعریشی چەکێکی ئامادەکراوبوە لە گۆڕینی ئـەو واقعە تاڵەدا کە شاعیرو کۆمەڵەکەی تیـادا ژیاوە ٠ لێرەوە ئێمە وەك ڕۆشنبیرو رابەر دەڕوانینە شاعیرانی کوردو لایەنێك لەو لایەنـانە ڕوون دەکەینەوە کـە هەمیشە بابەتێکی بەپێزی نێو جیهـانە شیعرەکەیان



بوە ئەو لایەنەی کێشەی ئافرەتە ، کێشەی چەوساندنەوەی لەو کێشانەیە کە هەرگیز لە مەسەلەکانی تری کۆمەڵ جیا ناکرێتەوەو هەرچەندە ئافرەت هیچی لە پیاو کەمتر نی‌یە بەڵام بە درێژایی سەدەکان کۆمەڵ زوڵمی لێ کردوەو تەنانەت یەکەمین چەوساندنەوەی لەو کێشانەیە کە هەرگیز لە ئافرەت بوە . بەهۆی دواکەوتنی کۆمەڵەوە ئافرەت ئازاری چەشتووەو ئەو ژیانەی هیچ لە زیندانێك کەمتر نەبوە کە سەربەستیو ئارەزووو حەزەکانی تێدا بەندکراوە ، وەك کۆیلەیەك لەژێر دەستی پیاو بەبێ بەزەییانە لە گۆمی کلۆلی و دەردەسەریدا تلاوەتەوە . شاعیری بەرز « گوران » ئەم چەمکە بەم دێرەی پێشەوە دەردەبڕێو بە زمانی کچەوە دەڵێ :ـ

منی کچ ، مامزی بەندیخانە ژین
سزای تاوانم
بە دەستی باوکی خۆم چووم بە سەربڕین
پرچی پەخشانم

بێگومان لە ناو گەلی ئێمەشدا وەك هەموو گەلێکی دواکەوتو گەلێ پڕوپاگندەو تێگەیشتنی نازانستیانەی وامان هەیە کە ڕەگەکەیان دەچێتەوە سەر ئەو ئایدیۆلۆژیەتەو شالاوی کۆنەپەرستیو دەرەبەگایەتی ڕایمالیون . بەڵام پێشکەوتنو پەرەسەندنی ڕەوڕەوەی مێژوو ئەوە دەسەلمێنێ کە ئەو بیرۆکانە پشت بە هیچ تیوریەکی زانستی نابەستنو هەوڵ دەدەن کە لە نرخی ئافرەت کەمبکەنەوە . دلداری شاعیرو ڕابەری لاوان دەلگ هەڵدەبڕێو دەڵێ :ـ

لەچاو کێژە کوردانی ماڵ ...
شەپۆلی ئەشکی خوێنین دێ وەکو جۆ سارێ یا لافاو
هەنیکە قوڵپە گریانی هەتیوو ڕووتی باو ..
فیداکەی واجبە بۆ گشت لە بۆ دڵتینی ئەشکێنی
لەگەڵ لاوی نەهێنی کورد بلێ سەربەستی سەربەستی .

ئافرەت وەکو کێشەیەکی سەرەکی خۆی لە شیعری کوردیدا بەدیار دەخات کێشەی ئافرەتی کوردیش دەتوانین بە شێوەیەکی گشتی بۆ هەموو ئافرەتانی جیهانی سێهەم بە نموونە بهێنینەوە . چونکە ئافرەت لە هەموو ئەو وولاتانەدا ئازاری نەزانینو دیلێتی ناو چوار دیوارەکەی ماڵەوە دەناڵێنێ . دوورە لە مەیدانی چالاکی سیاسیو کۆمەڵایەتیو بێ بەشە لە هەموو ئەو نازو لایلایانەی کە بۆ مرۆڤ هاتووە ، یان چاکترە بڵێین کە بارێکی وای بۆ ئەخولقێنراوە کە سەنگە ڕاستەقینەکەی خۆی هەبێو چەوساوە بێو کەلوپەلێك بێ لە خزمەتی هاوجنسەکەی خۆیدا بێ ، کەواتە هەرچەندە هەموو مەرجە فسیۆلۆژیەکاتی تێدا بەدی بکرێ .. ئەوە هەموو مەرجە بنەڕەتیەکانی مرۆڤی پڕ بە پێستی خۆی تێدا نایەتە دیو بیەوێو نەیەوێ لێی داگیرکراوە . مرۆڤیش کاتێ دەتوانێ بوونی خۆی بسەلمێنێ کە سەربەست بێو کەس گیانە مرۆڤیەکەی پێشێل نەکات بەڵام ئەگەر مرۆڤ شوێنێکی وای بۆ دیاری کرا کە بۆ گیانەوەری ئاسایی نەبێو ناشێ . لێرەوە قانیع شاعیری بەرەی جوتیارو ڕەنجدەرانی کورد (سکالای نەسرین) بەرزدەکاتەوەو دەڵێ :ـ

کچێ ، تۆ کچێ داکەوە لە ماڵ
نابێ بێیتە دەر بە درێژایی ساڵ
ئێمە ناوێرین بڵێین ئینسانین
دایکی دوا ڕۆژ دەستەی لاوانین
حیسابمان بکەن بۆ هەڵبژاردن
ڕۆژی ئینتخاب بۆ وەکیل ناردن

ئافرەتی کورد لە لایەکەوە ، بەهۆی دواکەوتنو پاشکەوتویی کۆمەڵگاکەمانەوە وا سەیر کراوە کە گیانێکی بێ خزمەتو ووزەیەکی نەجوڵاوەیەو درەختێکە نابێ ڕەنجی بۆ بدرێو بێ بەرەو ئافرەت جوانیەکەیە تێو بەس ، وێنەیەکی ڕەنگینە بەڵام خۆی لە کێلگەی سەربەستیو ڕزگاریدا نابینێتەوە .

ئەحمەد هەردی ـ مەسەلەی دلداریو ئافرەت بە ناکۆکی[illegible]اوازی چینایەتیەوە گرێدەداو بۆ ئەو راستیە[illegible]ی :ـ

کچ ، لەلای ئێمە گوڵێکە بۆ یە پەروەردەی ئەکەن
تا برازێنێتەوە مێزی شەرابی دەوڵەمەن

« ٢ »

تا ئێستا ئافرەتمان وەکو چەوساوەیەك نیشان دا بەڵام لێرەوە ئەو قاوغە دەشکێنینو دەڵێین « ئافرەت نیوەکەی تری کۆمەڵە » واتە بەم ڕستەیە ئافرەت لە پلەیەکی بەرزتردا دەخەینە ڕوو بۆ ئەمەش چەند کۆپلەیەك بە بەڵگە دەهێنینەوە .

هەڵبەت ئافرەت لە دورگەکەی خۆی دەرکراوەو هەڵبەت شوێنە شایستەکەی خۆی بۆ دیاری نەکراوەو

ئەنانەت بە زەبروزەنگی ئەو بیروباوەڕو نەریتە کۆنە پەك‌کەوتانەی مرۆڤایەتیەکەی خۆیشی لێ زەوت‌کراوەو خولقاوی چەند ئارەزوویەکی ووشکی پیاو بووەو کۆمەڵ لەباری سەرنجیەوە هەر بۆ مەسەلەی سێکس‌و منداڵبوون دانیاوەو بەکاری هێناوە ·

ئافرەت کانگای خەملین‌و سەرکەوتنەو هەرگیز بەبێ ئافرەت ناشێ خەون‌و خولیاکانی ژیان‌و مرۆڤایەتی بهێنینە دی‌و هەنگاو بنێین‌و، هەرگیز مەحاڵە وەکو بێکەس بۆی چووە کە نەتەوە بە لاسەنگیەوە سەرکەوێ :ــ

نێرو مێ هەردوو بە جووتە بۆ وەتەن هەوڵێ نەدەن
دوورە دەرچوونی لە زیللەت مەل بە باڵێ نافڕێ ·

ئافرەت لە مەیدانی خۆشەویستیشەوە هەر چەوسێنراوەتەوە و ئافرەتی لای خۆمان ئەو مافەشی لێ قەدەغەکراوە کە بناغەیەکی‌زانستی‌و پتەو بۆ پێکەوەنانی خێزانێکی دڵشادو بێ گیروگرفت ، وە بە حوکمی ئەو بارودۆخە ناسکەی کە تێیدا ژیاوە ئەڤینەکەی هەر لە دڵی خۆیدا بووەو یان ئەگەر بە کردەوەش پەیرەوی کردبێ ئەوە لە لایەن کۆمەڵ لادان بوە لە نەریت‌و یاساکانی کۆمەڵ ·

خۆشەویستی ڕاستی ، سەربەستی شووکردن‌و کامەرانی خێزان ، بەندە بە لەناوچوونی دواکەوتنی‌و سەربەستی شووکردن‌و هەروەها ئازادی هەڵبژاردنی



هاوسەری ژیانیشی نایەتە دی ئەو ڕۆژە ئەبێ کە هەموو ئەو مەرجە ئابووریانە ڕەت دەکرێنەوە کە هاوسەردا ·

کەواتە دڵدارییەك ئەو ترسەی هەبێ‌و زۆر جار دەستی خنکاندن‌و لەناوچوون بگەیەنێتە بینەقاقای ئافرەتەکە ، چۆن ناچێتە قالبی داستان‌و ئەفسانە کۆنەکانەوە · لەبەر ئەوەشە « ئەحمەد هەردی » بێ بەدڵ دەڵێ :ــ

گەرچی‌دڵداری لە خاکی ئێمەدا ئەفسانەیێ،
هەر بە تەنیا بۆ کوری خاوەن تەلارو نانەیە

یان گۆران دەڵێ :ــ

بێن کچان ! بێن کوڕان ، پەیمان ببەستین
بۆ هێزی زۆرداری مل‌کەچ نەوەستین
شەهیدانی عیشق
بکەین بەسەر مەشق ·

مایەوە سەر ئەوەی کە بڵێین کە مەسەلەی ئافرەت کێشەیەك نیە کە تەنها پەیوەندی بە خۆیەوە هەبێ بەڵکو کێشەی هەموو میللەتەو « پلەی ئازادبوونی ئافرەت لە هەموو کۆمەڵێکدا پەیرەوێکی ڕاستە بۆ ئازادبوونی گشتی » چونکە ئافرەت ڕزگاری نابێ هەتا وەکو کۆمەڵ ڕزگاری نەبێ ، کەواتە تێکۆشان بۆ ڕزگارکردن‌و لەناوبردنی دوژمنانی ئافرەت لەو بارە نالەبارەی کە ئافرەتی تیا چەوسێنراوەتەوە ·

ئافرەت لە ئەدەبی پێشکەوتنخوازو شۆڕشگێڕدا لاشەیەکی‌بەستەزمان‌و بێچارە نییە بەڵکو شۆڕشگێڕە پێش ئەوەی ئافرەتێکی ئاسایی بێ ، لە تەك براکانیدا هەوڵ دەدات بۆ لەناوبردنی ئەو زۆردارەی کە خۆری ئازادی دەدزێ ، « لە تیف هەڵمەت » دێتە قسەو دەڵێ :ــ

من کچێکم خۆش دەوێ
تاڵ تاڵ قژی بچنێتەو
بیکا بە پەتی سێدارە
بۆ زۆردارێك
گوڵی کرد : بە هەورێ دوکەڵ
لەم هەوارە

ئەو کچە لەلای « هێمن » تابلۆیەکی جوان‌و وشك نییە بەڵکو جوانە ڕاستیەکەیە یاخییەکی جەنگاوەرو شۆڕشگێڕە ، ئافرەت وەك سنگە قەڵغانەکەی کانون‌و جێگای شیاوی خۆی هەیە لە مێژوودا · پەچە دەخاتە لاوەو بۆ ڕزگاری‌و سەرفرازی خەبات دەکات ·

هێمن لە شیعری « گوڵی هیوا » دا ئـافرەت دەگەیێنە ترۆپکەی قارەمانێتیو دەڵێ :ـ

یەکجارێ فڕێت دا چارشێو
ئەوە ڕووت کردە چـڕو کێو

دەبڕی جەرگی دوژمنی زۆڵ
بە سەر نێزە نەك بـە مژۆڵ ٠

جلی ئافرەتی کـورد بـە سوخمەو کەوێ کراسەکەیەوە کە لە دێر زەمانـەوەی لەبـەرکردوە پێویستی عەباشی وەك دیاردەیەکی ئاکاریو ئەدەبی پڕکردۆتەوە ٠ هەروەك مێژوو دەڵێ ئەو عەبایە سوڵتان ڕەشادی عوسمانلی بەسەر میللەتی کوردی دا بڕیو هەر لەناو خێزانە کۆنەپەرستو دەرەبەگەکاندا ماودتەوە وە ئەم دیاردەیەکە لە فۆلکلۆری کوردیدا هەیە ٠

ئەم نەریتـە مەحـالە لە بـەرامبـەر ڕەوڕەوەی چـەرخدا خۆیبگرێو لەگـەڵ گیانی کـوردەواریو ئیشکردنی ئافرەتدا ناگونجێ ـ هێمن موکریانی ـ دەڵێ :ـ

ئەو پەچەوڕووبەندو چارشێوەی ئەدیوە ئەنگی تۆ
ئەو شڕو شـالاتە دیاری دوژمنی دڵ چلکنـە
کیژی شێخو کیژی حاجیو کیژی ئاغا ڕەنجەڕۆن
کیژی ئازادە ئـەوی ژینی بە نووکە گاسنـە ٠

لێرەدا هێمن ئەو ڕاستیانەی سەرەوە بە زمانێکی ساکار لە قـالبی ئـەم چـەنـد دێرەدا دارشتوە ٠ ووردبینانە مەسەلەکەلە بنچینەوە دیاریدەکات، هیچ کاتێ ئەو ئافرەتە ئەو پەڕۆ تاریکەی لە خۆی نەئالاندوە چونکە ئـافرەتی کورد بەچکـەی بنێو ئەم شاخو داخو کوردستانە بووە ، ئەو شەوە تاریکەشی لە چاوی٠ کۆنەپەرستـەکانەوەیـەو هەر بۆ چینی دەرەبەگەکان دەگـەڕێتـەوە ٠ هێمن دەزانێ کێشـەی ئـافـرەت کێشەیـەکی ئـابووریـەو هەر وەك ئـەو ڕاستییـە خـەستدەکاتـەوەو دەیخزێنێتە گیانی شیعرو دەوری ئـافرەتی ڕەنجدەر دەردەخـاو دەڵێ « کیژی ئازادە ئەوی ژینی بە نووکی گاسنە » ٠

دەبێ ئافرەت سەرفراز بێو ڕاپەڕێ ٠٠ بەڵام چۆن بخوێنێو تێبکۆشێو ڕۆشنبیری بێو خۆی لە دیۆجامەیئەو نەریتو بیروباوەڕە بۆگەنانە ئازادبکات٠

ئەو نەریتو یاسایانەی ڕێگرن لە گەشەکردنی کۆمەڵو ڕەگەکانیان زۆر قوولنو بەئاسانی دەرناکێشرێن ٠ « بێکەس » لە پارچە شیعری ـ ئەسرین ـ دا دەڵێ :ـ

هێندە دانیشتی پشتت چەمـاوە
زەردو لاواز بوویت هێزت نەماوە
کچی بێگانەت خۆ لەبەر چـاوە
هەستە تێکۆشە تا خوێنت گەرمە
سەرپۆش فڕێدە چ وادەی شەرمە

دەبێ دەستە دەستە ئەو توولە تەنگەی ماڵەوە بشکێنیو بۆ کارکردن وا بکەیت لە ژێردەستەیی پیاو دەرباز ببی چونکە بەوە دەتـوانێ گۆر بۆ ئازارەکانی دوێنێ هەڵکەنیو ئافرەت دەبێ خۆی خۆی ڕزگاربکاتو هەروەك سیمون دی بوڤوار دەڵێ « ئەو کاتە ئافرەتان بە تەواوەتی دەرباز دەبن کە بە خۆیان ژیانی خۆیان دەبەنەوە » ٠

هونەرمەندانی کورد هەر نوێشکی ئازارەکانمان وەکو فوتوگراف بۆ تۆمار ناکەن ، بەڵکو تێکەڵ بە ژانەکانی دەبـنو وەستـایـانـە چارەسەریشی بۆ دەدۆزنەوەو [illegible]انگکەیەننە ئەنجام ٠

پەراوێز

١ ـ المرأة والاشتراكية ٠ منشورات دار الآداب٠ بیروت ٠
٢ ـ المـرأة والجنس ٠ د٠ نوال السعـداوی ٠ بیروت ١٩٧٢ ٠
٣ – ڕۆشنبیری نوێ ژمارە « ٤٣ ، ٤٤ » سالی ١٩٧٥ ئەو سەرچاوانەی شیعرەکانی لێ وەگیراوە ٠
گۆران ڕۆشنبیری نوێ ژمارە « ٤٣ ، ٤٤ » سالی ١٩٧٥ دلـدار / دیوانی دلـدار ٠ چاپی دووەمین ٠ ١٩٧١ ٠ هەولێر قانیع نامەی قانیع ٠ چاپخانەی دار التضامن ـ ئەهلی بەغدا ١٩٧٤ ٠
احمد هەردی ڕۆژی کوردستان ژمارە » ٤٩ « شوباتی ١٩٧٨ لەتیف هەڵمەت / ڕۆژی کوردستان ژمارە « ٣٨ » ٠
هێمن / تاریكو ڕوون٠ هێمن ٠ بنکەی پێشەوا٠ ١٩٧٤ بێکەس / دیـوانی بێکەس ٠ کۆکردنـەوەی حەمەی مەلا کەیم ٠

کەرکوك / ١٩٨٠ ٠
دلشاد حەمەمین/ببن بە تیشك ٠

فؤاد یوسف قرانجی

کتێبخانەی ئاشورپانیپاڵ

سەرەتا :

وا دیارە تا کاتی گەشـــەکردنی شارستانی‌یەتی میزوپوتامیا لە دەوڵەتانی شار لە دەشتەکانی خوارووی عێراق « ٣٤٠٠ـ٢٣٥٧ » پێش زایین ، کتێبخانەیەك نەبووە بـــەرووی تێگەیشتنی تازە لەگـــەڵ شێوەی کتێبخانـــەی ئەمرۆدا بـەراوردی بکەین ، بەتایبەتی لەرووی رێکوپێکی‌و دانانی‌و دابەشکردنی کتێبەوە٠٠ هتد(١) ٠

بـەڵام ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ کـە شـارەکانی سۆمەرو ئەکەد چەند هۆدەیەك یان چەند خانوویێکیان تێدا نـەبووە بۆ تیاهەڵگرتن‌و پاراستنی بڕوانامـــەو تۆماربەڵگەنامەکان‌و کەلەپووری پێشینان لـە ڕاستیدا زۆربەی پەرستگا کۆنەکان لەدەوری شارستانیـــەتی عێراق‌و میسرو مەکسیك چەند هۆدەیەکیان بەسەرەوە بووە کە پڕبوون لە تـاتەقوڕ یـا گەڵای » بەردی « و تاتەبەرد کـــە ئادەمیزاد لەســـــەرەتای دەوْرەکانی مێژوویی‌یەوە هەستی ئایینی خۆی بە وێنەی‌و وێردو سروود یان چەند جـۆری جادوکاری‌ی[illegible]ری‌یوه ٠

ئـەمەش کارێکی وای کـــردوە کـــە [illegible]نێ لـــە مێژوو نووسەکان بڵێن کە سەرەتای پەیدابوونی شت پاراستن‌و هـــەڵگرتنی دەگەڕێتەوە پێش مێژوو لـــە حاڵێکا ئەگەر بێتو ئـەوە بخەینە پێش چـاو کـــە ئادەمیزادانی کۆن کۆمـــەڵێکی زۆر بـــەردو پێستی

نەخشکراویان کۆکردۆتەوە ٠ هەرچەندە بیری ئـــەم کۆکردنەوەیە ئاساییە بەڵام ناتوانین وای تێبگەین کە شـــێوەیەکی رێکوپێکی مەبەســـتو ویســـتی وەرگرتووە(٢) ٠ هەروەکو گرانیش نیـــە وا تێبگەین کە سۆمەری‌یەکان شـــان بە شانی فرعەونی‌یەکانی

میسر لە کۆکردنەوەی بەڵگەنامەو تۆماری تایبـــەتی خۆیان سەردەستە بوون ، لەوانەیە یەکەمین نەتەوەی کـــۆن بووبن ٠ لە حاڵێکا ئەگەر ساغ بووەوە کـــە میســـری‌یەکان بیری نووســـینیان لـە سۆمەری‌یەکان وەرگرتبێت ، ئەو سۆمەریانەی کە وەکو شوێنەوارناسی ناسراو « سامیل نوح کرومر » بە دروستکەری لانەی شارستانیەتی مرۆڤایەتی‌یان دائەنێ ٠

بۆ یەکەمین جار ئەتوانین ئەوەی کە لە پەرستگاکانی سەرەکی کە لە شاری « لکش » کە هەندێ مێژوونوس بـە « تلو » دائـەنێن « ٢٢٠٠ ـ ١٧٥٠ » پ ٠ ز دۆزراوەتەوە ، ناوی لێ بنێین کتێبخانە ٠ بەداخـــەوە ئەوەی لە گەنجینەی ئەم پەرستگایەدا دۆزراوەتەوە لە ئەنجامی پشکنین‌و بەدواگەڕانێکی رێکوپێکدا نەبووە

وەکـــو ئـــەوەی کـــە « دی سارزوك » بە ریکوپێکی دۆزیویێتەوە ٠ بەڵکو بە رێکەوت رەوەندەکان لە کاتی هـــەڵکەندندا دۆزیویانەتـــەوە وە بـــە هەرزان بـــە ئارەزوومەندانی شوێنەوارناســـە رۆژئاوایی‌یەکانیان فرۆشـــتووە ، بۆیـــە زۆربـــەی دۆزراوەکان بـــە مۆزەخانەکانی جیهـــاندا بڵاوبوونەتەوەو بەشێکیشیان گوم بووەو لەناو چووە ٠

لە پەرستگا گەورەکانی شارەکانی ئوور ، سیپارا، نیپور « نفر » ، ئوروك « الورکاء »و هی‌تردا چـــەند هۆدەیەك دۆزراوەتەوە کە تاتەقور Deytable ؛ تیا پارێزراوە کە تۆمار نووسەکان رووداوی مێژووو باس‌و خواستی خواوەندەکان‌و رەچەڵەکیان ، ئەفسانەو داستانی هـــۆنراوە ، هـــەروەها بابـــەتی پزیشکی رەجەتەی جادوویی ٠٠٠ هتـــد تێدا تۆمار کرابوو ٠

جکە لەمە ساغ‌بۆوەتەوە کە سۆمەری‌یەکان سیستەمێکی قوتابخانەیی پێشکەوتوویان هەبووە بە مەبەستی کەڵك وەرگـــرتن لە کتێبخانـــەکانی پاڵ قوتابخانەکان بۆ ســـوودی بابـــەتی دەرسەکانیان ، بـــەتایبەتی لەو قوتابخانەیەدا کە لە « تل حرمل » دۆزراوەتەوە ٠ بەم ڕەنگە دەرکەوتووە کە زۆربەی کتێبخانەکانی سۆمەری‌و بابلی‌و ئاشووری جێگای پاراستنی تۆمارکراو بوون ٠ دوا بـــە دوا کتێبخانەی بابلی‌و ئاشـــووری گۆڕانی بەسەرداهـــات بە جۆری کـــە دەربـــارەی ریزکردن‌و رێکخستنی تاتە قوڕەکان ، وەکـــو لە کتێبخانەکەی ئاشووری بانیبالدا بەرچاو ئەکەوێ لە تۆمارخانەکانی سۆمەری‌یەکانیان تێپەڕکرد ٠

لە میزوبوتامیادا تەتەڵەقوڕ یا تەختەقوڕ کەرەسەی

بنەڕەتی نووسین بوو، بەڵام لە شارستانیەتی فرعەونیدا گەڵای «بەردی» ، وە لە شارستانیەتی مایای مەکسیکدا بەرد بەکاردەهێنرا • وە ئەم تاتەقوڕانەش لە گڵی پوختەکراو لەگەڵ ئاودا دروست ئەکرا • پاش ئەوەی لە کاو گژوگیا پاك ئەکرایەوە ، ئەکرا بە قالبی بچووك لە قەبارەی بەریدەست یا کەمتر رێك ئەخراو ئەخرایە بەر رۆژ یا سوور ئەکرایەوەو پێش ئەوەی ووشك ببێتەوە بە قەڵەمێکی ئاسن خەتی پواز شێوە یان بسماری (Cumeiformy) لەسەر ئەکێشرا •

کتێبخانەی نەینەوا :

زەحمەتە بڵێین کە کتێبخانەیەکی گشتی یا بەو چەشنەی کە لێکۆڵەرەوەکانی روویان تێ کردبێ ، دوور لە مەبەستی سەوداو کاروباری بازرگانی یان پەیمانی یاسایی تر ، پێش کتێبخانەکەی ئاشوور بانیپال کەوتبێ یا هەتا دەوری ئەمپراتۆری ئاشووری دوایی نەینەوا لە حەوت هەزار ساڵ پێش زایندا هەبووبێ• جا کتێبخانەی ئاشووری لە نەینەوا دەگەڕێتەوە دەوری سەنحاریب باپیرە گەورەی ئاشوور بانیپال •

وە ئاشوور بانیپال تاتە قوڕەکانی لە کۆشکی باپیریەوە لە لای خوارووی « تل کونجق » گواستەوە بۆ کۆشکەکەی خۆی لە قووڕنەی باکووری گردەکەوە کە ئەمەش بەرزاییەکە رووبەرەکەی کیلۆمەترێك دەبێ لە کەنار رووباری دجلەوە لە نەینەوا کە ئێستا دەکەوێتە لای رۆژئاوای شاری مووسڵ •

پاشای رۆشنبیر ئاشوور بانیپال بەشێکی لە کۆشکە گەورەکەی کە لە ٣٦ هۆدە پێك هاتبوو ، تەرخان کردبوو بۆ پاراستنی هەزارەها تەتەڵەقوڕ کە لە هەر چوار لای ئەمپراتورییە تەکەیەوە کۆی کرد بووەوە ، بۆ ئەوەش خەڵکی دەنارد بۆ گەڕانو دۆزینەوەی نووسینە کۆنەکانو ئەدەب رۆشنبیریەکانی سەردەمانی پێشوو بە تایبەتی ئەو بابەتەی کە پەیوەندی بە جادوکارییەوە هەیە کە پاشای جەنگاوەر ئارەزووی دەکرد ، وە ئەو شوێنەی کە ئەم هەزارەها تاتە قوڕەی تیا کەڵەکە کرا ناونرا بە « خانووی تاتەقوڕ » وە رادەی بایەخدان پاشا بەم کۆمەڵە تاتە قوڕانە لەو نووسینەدا دەرئەکەوێ کە لەسەر هەندێ لەم تاتە قوڕانەی کتێبخانەکەیدا دەینووسین •

کۆشکی پاشا ئاشوور پانیپال ، پاشای جیهان، پاشای پشتبەستوو بە « ئاشوور » و « بعلیت » لە لە خواکانی ئاشوور کە پاش گوێی لە (بنو)ی شای حیکمەتزانی گرتووە کە کەس لە پاشاکانی پێش خۆی نەیتوانیوە کە زانایی خواوەندی (بنو) فێر بێ • کەوا لەسەر ئەم تاتە قوڕە نووسیوێتی • من ئەوەی ویستوومە بیخوێنمەوەو فێری ببم لەسەر ئەم تاتە قوڕانە نووسیومەو خستوومەتە ناو کۆشکەکەم هەر کەس لەجێی خۆی هەڵیان گرێت یان نووسینەکانیان لێ بسڕێتەوە یا ناوی خۆی بخاتە جێگای ناوی من خواکان نەحلەتی لێ دەکەنو لەسەر زەوی ناهێڵن(٥)•

هەرچەندە کتێبخانەی ئەسکەندەریە لە رووی گەورەیی ، ناوەڕۆك ، سەرچاوەو ڕێکوپێکییەوە لە کتێبخانەی ئاشوور بانیپال پێشکەوتووتر بووە بەڵام ئەوەی کەوتۆتە بەر چنگمان لە کتێبو دەستنووسەکانی زۆر کەمە تەنها هەر چەند سەدێکە لە گەڵای «بەردی» کە لە ناوچەی « نجع حمّادی » لە میسر لەژێر گڵدا دۆزراوەتەوە • بۆیە زۆربەی زانینمان دەربارەی چالاکیو دەستنووسو کاربەدەستانیو ناوەڕوەکانی لە سەرچاوەی نووسینی ئەو مێژووناسانەمان وەرگرتووە کە پەیوەندیان بە رۆشنبیری یونانیەوە هەبووە ، وەکو هیرۆدوتس • ئەمە لە کاتێکدا توانراوە زیاتر لە [٢٥] هەزار تاتەقوڕ لە ژێر کۆشکی ئاشوور بانیپالدا رزگار بکرێ • چونکە یەکسەر کەلەپووری سۆمەریو بابلیو ئاشووری ناو کتێبخانەکە تەرجمە کراون ، هەر بۆیە زانینمان دەربارەی کتێبخانەی پاشایی لە نەینەوادا ووردو تە•١•٥ • دیارە پاراستنی کەلەبووری میزوپوتامیا بە گرنگترین کارە مێژوویییە کتێبخانەییەکانی ئەم کتێبخانەیە دائەنرێ •

جگە لە پاراستنی زۆر سەرچاوەو چاوگەی گرنگ کە لەم لاو ئەو لایدا لەژێر خاکدا دەرهێنراون وە هەرە [illegible]بانکیان داستانی گەلگامیشو فەرهەنگی زمانی با[illegible]سووریە •

یەکەمین کەس کە دەستی کرد بەکارو هەڵکەندن لە « تل کونجق » لە نەینەوا ، « بول بوتا » ی کونسولی فەرەنسی بوو کە لە ساڵی ١٨٤٢ بوو ، پاشان لە ساڵی ١٨٤٥ دا ئەم جێگایە بەتەواوی دیاریکرا ، سیر « ئوستن منری یاردی » (x) بشی نامەو نامەکاری لەگەڵ بوتا هەبووە لە شێوەو لە دەستنووسەکانی ئەم شوێنە یارمەتی ئەدا ، جگە لەمە پشکێنەری عێراقیش « هورمز رسام » و « سمث »ی شوێنەوارناسیش لە پەردەلادان لەسەر پاشماوەکانی

کۆشکی ئاشوور بانیپاڵو کتێبخانە کەورەکەی لە نێوان ساڵانی ١٨٤٥ـ١٨٥١ پاریدەیاندا ·

سیر « ئوستن هنری لیارد » بەناوبانگترین لێکۆڵەرەوەو تالانکەری شوێنەواری عێراقییە « ١٨١٧ـ١٨٦٤ » زۆربەی ژیانی لەگەڵ باوکی کە ئەفسەر بوو لە دەرەوەی بەریتانیادا بردۆتە سەر ، وە هەر لەسەرەتاوە حەزی بە سەفەرو سەرکێشی کردووە لە کاتی گەڕانەوەیدا بۆ وولاتەکەی خۆی بە عێراقدا تێپەڕی ، بە ڕێکەوت بەرگوێی کەوت کە خەڵکی پەیکەر ئەدۆزنەوە ، بۆیە لیارد بیرو ئارەزووی خۆی لەم مەیدانەدا خستە بەردەم کاربەدەستانی بەریتانی کە ئەوانیش چ بە پارە یا ئامۆژگاری یارمەتیاندداو هانیاندا چنگ بەسەر ئەو عەنتیکانەدا بگرێ کە دەیان دۆزینەوە بۆ ئەوەی ئەو شوێنەوارەی دەستی ئەکەوێ لە ناوی نەبا · ئەوەبوو ساڵی ١٨٤٥ شوێنەواری شاری نەمرودی دۆزییەوە وە لە ساڵی ئایندەدا دەستی بە هەڵکەندن کرد ، لە هەوەڵ کوودا پەیکەری « گای باڵدار » وە میلە بەردی شلمانصر وە هەندێ پەیکەری دیواری ئاشوورییەکانی دۆزییەو ، لەگەڵ چەندین تاتەقوڕ کە لەسەرەتادا هیچ گوێی نەدایە چونکە بایەخی هەر بە پەیکەرە داتاشراوەکان دەدا · پاشان دەستیکرد بە هەڵکۆڵین لەسەر « تل کونجق » کە بە یارمەکی بوتاو هورمز رسام کۆشکی سەنحاریبو ئاشوور بانیپالی دۆزییەوە کە دوو هۆدەی گەورەی تیا بوو پڕ بوو لە تاتە قوڕ کە بە هۆی هوڕێی یارمەتی دەریەوە « سەحث » تێگەیشت کە ئەمانە تاتە قوڕی کتێبخانەی ئاشوور بانیپالن کە لەدواییدا(٢٠) بیست هەزاری لێ نار… مۆزەخانەی بەریتانی ، سەربارەی ئەو دەستی بەسە… پەیکەرو ئەو پارچە نووسراوانەدا گرت کە دیوارو دەرگاکانی کۆشکی هەردوو پاشای ناوبراوی گرتبووەوە ، ئەمە جگە لەوەی کە زۆر لەو شوێنەوارانەی کە لە بابل دۆزیبووەوە بە کەلەك لە ڕێگای ڕووباری دجلەوە بە قاچاخ ڕانی بۆ بەریتانیا ·

گرنگترین نووسینی ئەمانەن

1—Nineveh and Babylon 1851-1897.
2—Nineveh and its Remains 1897.
3—Discoveries of The Ruins of Nineveh and Babylon 1853.

هەر لە کەلاوەکانی ئەم کۆشکەدا ناوەڕۆکی کتێبخانەی شاهانەیان دۆزییەوە کە هەرگیز لە قیمەت نایەت کە شتەکانی بە ڕێکوپێکییەکی بێوێنە وە لەماوەی ٢٥٠٠ ساڵدا پارێزراو بوو ·

ئاشوور بانیپاڵ لە هەر چوار لای وڵاتەوە ئەم تاتە قوڕانەی گواستەوە بۆ نەینەوا بە ڕەنگێ کە کتێبخانەکەی پڕ بوو لەم تاتە قوڕانە کە بوو بە زیاتر لە (٢٥) هەزار تاتە قوڕ لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە گەلای «بەردی» کە ئێستاکە زۆربەی لە مۆزەخانەی بەریتانیاو مۆزەخانەی لوڤەر لە پاریسدا پارێزراوە«٦» ·

ئاشوور بانیپاڵ هەروەها فەرمانی بە تۆمار نووسەکانی خۆیدا تا بە هەر چوار لای ئەمپراتۆریەتی ئاشووریدا بگەڕێن بۆ دۆزینەوەی تاتە قوڕو نووسیناوەی ئەم بەرهەم و نووسینانە کە لە کەلەپووری سۆمەریو ڕۆشنبیری بابلی پێش خۆیان بەجێماوون ، وا دیارە فەرمانی پێ داون کە بگەڕێن بە شوێن ئەو تاتە قوڕانەدا کە لەژێر زەمین دایە· ڕادەی بایەخدانی ئاشوور بانیپاڵ بە کتێبو زانست گەیشتبووە پلەیەك مەگەر بە دەگمەن ڕۆشنبیری چەرخی خۆی لێی نەدوابێ · خۆیشی لەسەر ئەو دوو تاتە قوڕەی کە لە مۆزەخانەی بەریتانیدا هەڵگیراوە باسی خۆی دەکاتو دەڵێت « من ئاشوور بانیپالم داناى (نابو) تێگەیشتووم ، گەیشتوومەتە ڕادەیەك کە تێکڕا هونەرەکانی نووسینی سەر تاتە قورەکان تێبگەم ، دەزانم چۆن کەوان بەکاربهێنمو چون سواری ولاخو عەرەبانە ببم وە جڵەویان بگرم · مەردۆخ داناى خوداوەندان زانیاریو تێگەیشتنی بە دیاری پێ ڕەوابینیوم · اورتو شرجالیش ٦ مێرخاسیو هێزو نەبەردی بێوێنەی پێ بەخشیوم پیشەی ئادابی داناش فێربووم · هەرچ هونەری نهێنی کتێبخانە هەیە شارەزا بووم ، دەربارەی بناغە دانانی ئەرزو ئاسمانەوە شتم خوێندووەو لێی حاڵی بووم ، کۆبوونەوەکانی کتێبخانەشم دیوە · ئاگام لە ناخۆشیو خۆشی بووە· ئاسمانەکانم لێكدانو دابەشی کردن ، کە لە هەوەڵ کوودا روون نییە ، گشتیم گوێ لێ بووە · هۆی بەختیاریم لەوەدا بووە کە نووسینی جوانو ڕەقەکانی بەزمانی سۆمەریو

نووسینە ئەکەدی یەکان کە گران دەخوێنرێنەوە جارێکی تر بیان نووسمەوە ٠٠٠٠ بە لێزانیومە سواری جوانووی ئەسپ بووم تا هەڵم نەگرێ ، کەوانم راکێشاوەو تیرم هاویشتووە ٠ ئەمەیە پیشەی جەنگاوەر ٠ سونکی راچەنیو رمی کوورتم وەشاندووە وەکو عەربانچی یەك جڵەوەم بەدەستەوە گرتووەو پێوینیی قەڵغانو زری جنەکانم کردوە وەکو هەموو پێشڕەوێك ٠ هەموو ئەو زانیاریانەشم زانیوە کە نووسەران بە هەموو پلەو پایەی جیاوازیانەوە کاتێ کە پێ دەگەن دەیزانن ـ ئەوەی کە لەگەڵ دەستەلاتداریو گەورەییدا بگونجێت فێری بووم وە لەسەر رێگاکانی پاشایی خۆم ڕۆیشتووم«٧» ٠

ئەم ووشانە کە خۆشەویستی یەکی قوولی ئاشوور بانیپال دەردەبڕێ بەرامبەر زانستی ، بۆمان ساغ ئەکاتەوە کە ئەم کۆمەڵە گەورە تاتە قوڕەی کە لە کتێبخانەدا بووە ، وەکو پەیڕەوی کتێبخانەکەدا گەلێ نووسینی بابلی سۆمەری بینراوە بەتایبەتی ئەو باسانەی کە ئاشوور بانیپال حەزی پێ کردووە وەکو جادووگەری ، کاروباری ئاینیو فاڵگرتنەوەو زانینی چارەنووسی ، هەروەکو لە کتێبخانەکەدا گەلێ نووسینی بابلی سۆمەری بینراوە کە بۆ دەرکردنی شەیتانو دوورکەوتنەوە لە خراپەو ئازاریو پێشبینی کردنی غەیب بەکارهاتووە ، وە لە تاتە قوڕەکاندا گەلی کتێبی ئەستێرەشناسیو لیستەی فاڵزانیی ئەرزو ئاسمانی تێدا بووە وە لە تەنیشتیەوە هەندێ ڕێنوێنیی توندو تیژ نووسراوە کە یارمەی چۆنێتی خوێندنەوەیان دەدات ، هەر لە مانەشیدا چەند باسێکی لێکدانەوەی خەون هەیە کە هیچ کەمتر نیە لە بەرزترین ئەو لێکدانەوەی کە زانیاری دەروونی نوێی ئەمڕو هێناویەتەکایەوە«٨» ٠

بەم چەشنە ئاشوور بانیپال کە ٤٢ ساڵ فەرمانڕەوایی کردوە «٦٦٨ـ٦٢٨» پێش زاین بە یەکەمین کتێبخانەگەری ئەژمێررێ لە کاروانی ئادەمیزاددا ، شەڕی زۆرو داگیرکردنی بێ پایان هەرگیز نەبۆتە کۆسپ لە ڕێگەی بایەخدانو گەڕان بە شوێن ئەو تاتە قوڕانەی کە پێشینیان نووسیویانە، هەروەها سەرپەرشتی کردنی تایبەتی خۆی بۆ پێکهێنانی کتێبخانەو دانانی یارمەتیدەر بۆ ریزکردنو خانەخانەکردنی کتێبەکان بەڵگەیەکی ترە بۆ دەوری ئاشوور بانیپال ، لە حاڵێکا لەسەردەمی سۆمەریو بابلدا کارگێڕی کتێبخانەکانو تۆمارخانەکانی یا قشە کتێبخانەگەری یا مامۆستایەکی کتێبخانەیی بووە ٠ پێش ئاشوور بانیپال مێژوو کەسێکی تری بەخۆیەوە نەدیوە کە هەوڵ بدا بۆ دامەزراندنی کتێبخانەیەکی بەم شێوە فراوانە ٠

هەر وەکو کتێبخانەکانی سۆمەریو بابلی بریتی بوون یا لە حوجرەیەك [پەرستگای شار] یا قوتابخانەیەکی گشتی شار کە بە گشتی تاتەقوڕیان تیا دانو بوو و هەرگیز لەوە زیاتر نەبوون کە کتێبخانەیەکی بەڵگە نامەکان بن و بەس ٠٠٠ وە کتێبخانەی لێکۆڵینەوەو بەدواگەڕاندا نەبوون ، بۆیە دەتوانین بڵێین کە کتێبخانەی پاشایی بە وێنەی کتێبخانەکانی دەوری سۆمەریو بابلی خانوویەك نەبووە بۆ تۆمارو دەستنووسە بازرگانیو رەسمی یەکان بەڵکو بریتی بوون لە کتێبخانەیەکی نیشتمانی یا نەتەوەیی کە تێکڕا کەلەپووری میزوپۆتامیای تیا خەرمان کراوە ٠ هەروەها زەحمەتە دان بنێین بە بوونی کتێبخانەیەکی گشتی پێش کاتی ئەمپراتۆریەتی ئاشووری دوایی لە نەینەوا ٠٠٠ کتێبخانەیەك کە خوێندەوار پەری لێبدا بۆ گەڕان بە دوایی بەڵگە نامە ، بەیاننامە دەقەکانی خوێندنو قوتابخانەیی ٠

هەروەکو گوتمان ئاشوور بانیپال بەشێکی گەورەی لە کۆشکەکەی تەرخان کردبوو بۆ ئەو کتێبخانەی کە یە دەیەها هەزار تاتەقوڕی تێدا بوو کە بە پێ ئەو بابەتە سەرەکیەوە ریزکرابوون کە ئاشوور بانیپال بایەخی پێ دەدان وەکو جادووگەری، فاڵگرتنەوە[illegible]ستێرەناسی ، مێژووی خوداوەندو پاشاکان«٩» هەروەها لە کتێبخانەی نەینەوادا چەشنە پەیڕەوێکی گشتی بۆ دانانی کتێب بەکار نەهێنرا کە پێیان ئەووت پەیڕەوی پاشایی کە ئەم ناوەشی ئەگەڕێتەوە بۆ ئاشووربانیپالی پاشا ، هەروەکو چەند سوچێکی تایبەتی لەم کتێبخانەیە تەرخان کرابوو بۆ هەندێ بابەتی گرنگ ، وە سەری دەرگاکانیشی دانرابوون بۆ ئەو کۆمەڵە تاتە قوڕانەی کە لەسەریەوە لیستەیەك هەیە بە ڕێکوپێکی لەسەر ڕەفەکان دانراوە یا خراوەتە ناو کوپەی فەخفوری یەکان ٠

وەکو دەرئەکەوێ ڕێگای کتێب خواستن ، کە بەگوێرەی ڕێکوپێکی یەکی حیسابی دەکرا ، بە گەورەترین کار ئەژمێررێ لە رووی ڕێکخستن

کتێبخانەییەوە ، ئەوەی شیاوی باسە ، لە کتێبخانەکەدا تاتەقوڕی وای تێدایە کە بریتییە لەیەك بابەت بەزنجیرە هاتووی لەسەر شێوەی کتێب کە هەموو کتێبێکیش لەچەند تاتە قوڕێك پێك دەهات لە قەوارەیێکی دیاری کراوا وە پەراوێزێکی دروستیش لەسەرەوە بووە لە پاشکۆش شێوەو بەدەرنەبوو«١٠» .

بەلای کەمەوە کتێبخانەکە دوو هۆڵ یا دوو حوجرەی گەورەی لە کۆشکەکەدا گرتبوو لەگەڵ ڕاڕەوێکی درێژ کە ڕەنگبێ گۆشەی تایبەتیی خواستنی کتێب بوو بێت«١١» .

بەزۆری پوختەی مێژووی میزوبۆتامیا لە لێکدانەوەی ئەو نووسینی سۆمەری ئەکەدییانەدا دەرکەوتووە کە لە کتێبخانەکەی نەینەوادا پارێزراون. شیاوی باسە قەبارەی گەورەترین تاتە قوڕ «٩×٥ر٦» گرێیەو بچووکترینیان کەمێك کورترە ، درێژییەکەی لەیەك گرێ کەمترە«١٢» .

شێوەی مۆرو پێریست دانان کە لەم کتێبخانەیەدا بەکارئەهێنرێ بە بەراوردکردن لەگەڵ ئەو شێوانەی کە کتێبخانەی ، میسری ، عیبری و حیثیدا هەیە پێشکەوتووترێکە تاتە قوڕەکان بەپێی بابەتەکان بەئاسایی یا لە گۆشەی سەرەوەی تاتە قوڕەکە یا لەسەر پارچە قوڕی جیا دەنووسرێت و ئەخرێتە سەر ڕەفا .

داستانی گلگامیش و داستانەکانی تری عێراقی

لە دۆزراوە بەنرخەکانی کتێبخانەکە ئەو دوانزە تاتەقوڕەیە کە داستانی گلگامێشی لەسەر نووسراوەتەوە کە باوەڕوایە سەرچاوەی چیرۆکی تۆفانی دەوری کۆنە «تورات» . ئەمەش بەیەکەمین کاری ئەدەبی داستانی شێوەی بەرزی ئادەمیزاد لە چەرخی کۆندا دائەنرێ . سال[illegible]١ « جورج سمث » شوێنەوارناسی بەریتانی کە[illegible] نیشانەکانی کردەوە ، دووپاتی کردەوە کە لەگەڵ چیرۆکی تۆفاندا کە لە « سفر التكوين »دا باسکراوە لەیەك ئەچن . کە لە دوانزە پارچە سروودیان دوانزە بەشی پێك هاتبوو کەهەریەکەیان «٣٠٠» دێڕە ، کە زاناکان وای بۆ دەچن کە نووسینەوەی دەگەڕێتەوە دەوری بابلی کۆن دەوروبەری سەرەی حەقدەمین یا هەژدەمینی پێش زایینی«١٣» . هەروەها لە کتێبخانەی نەینەوادا گەلێ تاتەقوڕی تر دۆزراوەتەوە کە چەند داستانێکی تر ەگێڕنەوە ، لەمانە :

ـ داستانی خواژنی عوشتار ، خوای پارێزەری شاری نەینەوا کە بریتییە لە چیرۆکی هاتنە ـ خوارەوەی ئەم خوایە بۆ جیهانی خوارەوە بۆ گەڕان بە شوێن تەموزی خۆشەویستیدا کە یەکانەیەك هێرشی بردبووە سەری و کوشتبووبووی .

٢ ـ داستانی پەیدابوونی گەردوون کە بریتییە لە کێشەی سەختی نێوان « نیامات » ئەژدیهای مێ لەگەڵ « مەردوۆك » یا «مردوخی» قارەمانە خوا کە ئاشوورییەکان لە شێوەی خوای ئاشووردا پەرستوویانە .

٣ ـ چەند چیرۆکێکی خەیاڵی تریش هەن دەربارەی «ئەتانا» کە لەسەر پشتی سمیرڤێك چۆتە ئاسمان ، پاشان ماندوو بووەو کەوتۆتە خوارەوە«١٤» .

گرنگترین سەرچاوەکانی شارستانیەتی میزوبۆتامیا:

جگە لە باسی شەڕو خواوەندو جادووگەری و فاڵگرتنەوە ، کۆمەڵە تاتە قوڕی تر هەیە کە بەسەرچاوەیەکی یەکەمین لەنرخنەهاتوو دائەنرێ ، وەکو:

١ ـ انسكلوبدای ڕێزمانی ئاشووری بابلی .
٢ ـ لیستەیەك بەناوی ئەفسەرانی «ایبوینوس» .
٣ ـ زنجیرەی مێژوویی هەردوو دەوڵەتی بابل و ئاشوور .
٤ ـ فەرهەنگی جوگرافیایی شاخ و هەندێ ناوچە .
٥ ـ کۆمەڵێك لە قەباڵەو ژمارەو لیستە .
٦ ـ ووتارێك دەربارەی مافەکانی تایبەتی«١٥» .
٧ ـ مێژووی ڕووداو بەپێی زنجیرە کات کە بریتییە لە ڕووداوی گۆڕینی سنوور لە نێوان ئاشوور و بابل ، ناوی پاشایان . ئەو پاشایانەی کە لە ماوەی ١٦٠٠ ـ ٨٠٠ پێش زایینیدا فەرمانڕەواییان کردووە .
٨ ـ لیستەی مێژوویی لە ماوەی ٩٠٠ـ٦٠٠ پێش زایینیدا .

کلدانی و میدیایی و شاڵاو هێنەرانی تر ، بە وێنەی ئاشوورییەکان ، وە پێش ئەوانیش سۆمەرییەکان زۆر بە تەنگ کتێبخانەو جێگای تۆمار دانانەوە هاتوون . بە هۆی هێرشبەرانی یەك لە دوایی یەکی ئەم داگیرکەرانە ، وە بە هۆی بەکارهێنانی ئامرازی «دیوار بڕ» کە بۆ لێدانی شوورای شارە گەمارۆکان بەکار ئەهێنرا ... ئەو کۆشکە بەرزەی پاشای ئاشوور ڕووخا ، دیوارە ڕووخاوەکان تاتەقوڕی کتێبخانەکەیان خستە ژێر خۆوە . بەم چەشنە لەسایەیدا ئەم «تاتە قوڕانە بە پارێزراوی بۆ ماوەی «٢٥» بیست و پێنج سەدە مانەوە .

بەرەو پێشکەوتن

فرۆکەیەکی نوێ

لەم دوایی‌یەدا لە بریتانیادا فرۆکەیەکی نوێی چاودێری دروست کراوە ، سووکەو توانای بینینی هەیە بە ۳٦۰ پلە کە فرۆکەی هیلیکۆپتەر هەیەتی .

فرۆکەکە لە شێوەی بلقدایەو ئەندازیارێك بە ناوی (جۆن ئێگلی)یەوە دروستی کردووەو سێ کەس دەگرێتو بە یەك مەکینە ئش دەکاتو دوو باڵی هەیە درێژیی هەر یەکەیان ۲۹ پێیەو فرۆکەکە بە چەشنێك دروست کراوە کەفائەتێکی بەرز لە خێرایی‌یەکی زۆر نزمدا ببەخشێت ۵۷ میل بێت لە کاتژمێرێکدا . بەڵام خێرایی ئاسایی فرۆکەکە ۱۱۵ میلە لە کاتژمێرێکدا ، هێزی فرۆکەکە ۱٦۰ ئەسپ دەبێت .

مەیموون دەبێتە هۆی بڵاوبوونەوەی نەخۆشیی لەرزوتا

ئەوسا وا دەزانرا کە هەر کێچ دەبێتە هۆی بڵاوبوونەوەی نەخۆشیی لەرزوتا بەڵام ئێستا بۆ پزیشکەکانی هندستان دەرکەوتووە کە مەیموونیش ئەو نەخۆشی بڵاودەکاتەوە ئەمە وای لێ‌کردوون بە توندی ئاگاداری ئەوە بکەن کە مرۆڤ خۆی لێ‌بپارێزێت .

ئەوەی پتر پەرۆشی کردوون کە کێچی لەرزوتا بە دەرمانو کێچ‌کوژ کاری تێ‌ناکرێت ، لە هەمان ئەو کاتەی کە ژمارەی ئەوانەی لە هندستاندا بە لەرزوتا مردوون گەیشتووەتە ۳۰۰۰ کەس لە ساڵی رابوردوودا واتە نزم بووەتەوە ، لە کاتێکدا لە ساڵی ۱۹۵۰دا ۸۰۰ هەزار کەس بە لەرزوتا لە هندستاندا مردوون .

ئامێرێکی نوێ بۆ ئۆتۆمبیل شوشتن

بۆ پاککردنەوەی ئۆزو گەرد کە بە مەکینەی ئۆتۆمبیلەوە دەنیشێتو دەبێتە هۆی لە کارخستنی هونەری ئۆتۆمبیلەکە ئەوا پسپۆڕو شارەزایانی پیشەسازی لە بریتانیا ئامێرێکی نوێیان دروست کردووە بۆ شوشتنی مەکینەی ئۆتۆمبیل کە بە ئاسانیو لە چەند خولەکێکدا دەیشواتو پاکی دەکاتەوە .

ئامێرە نوێیەکە شێوازی ئاوڕەشەکردن بە برشی پاڵ پێوەنراو بەکار دەهێنێت لە پاك کردنەوەی‌دا ئەویش لە ژێر پاڵەپەستۆی هەوادا ؛ ئەم ئامێرە زۆر باش ئیش دەکاتو کاتو رەنج کل دەداتەوە .

بەر لە ساڵی ۲۰۰۰ بەغدا مێترۆی دەبێت !

● ئایا بەغدا یەکەمین شاری عەرەب دەبێت کە مێترۆ بەکاربهێنێت بۆ هاتو چۆی ناوخۆی لە نێوان گەرەكو شەقامە بازرگانی‌یەکانی‌دا کە پتر قەرە باڵغو لە دەستی قەرەباڵغی دەناڵێنن ئەگەرچی لە کاتێکی دیاری‌کراوی ڕۆژیش‌دا بووبێت ؟ ئایا بەغدا دەتوانێت لەم هۆیەی گواستنەوەو هاتوچۆکردنە سوود وەربگرێت ئەویش لە ماوەیەکی نزیك‌دا بەر لە ساڵی ۱۹۹۰ یان چەند ساڵێك پاش ئەو ساڵە ؟

لە ڕاستیدا بیری دامەزراندنی (مێترۆ) لە شاری بەغدادا نوێ نی‌یە ، ئەگەرچی بەغدا ئێستا یان چەند ساڵێکی دیکە پێویستی پێی نەبێت ، ئەوا بەردەوام بوونی پەرەسەندنو فراوانبوونی بەغدای پایتەخت لە ئەنجامی پەرەسەندنی ئابووریو خانووبەرەو پتربوونی ژمارەی دانیشتووانیەوە سەرەڕای بەرزبوونەوەی ڕادەی گوزەرانیان کە ئەمانەش دەبنە هۆی بەرزبوونەوەی قەوارەی بزووتنەوەی هاتوچۆکردن و ژمارەی ئۆتۆمبیلو هۆیەکانی گواستنەوە بە ڕێژەی ژمارەی دانیشتووانەوە ، ئەوا ساڵی ۲۰۰۰ کە دێت قەرەباڵغی لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت ناتوانرێت چارەسەر بکرێت بە مێترۆ نەبێت .

لە ڕاستیش‌دا وەزارەتی گواستنەوەو هاتوچۆ یەکەمین هەنگاوی بۆ دامەزراندنی مێترۆ هاویشت ئەویش لە ساڵی ۱۹۷٦دا بوو کاتێك ئەو کارەی بە کۆنسۆر[illegible] سپارد کە لە کۆمپانیای ئەڵمانیای ڕۆژئاواو [illegible] سویسرا پێك‌هاتووە بە سەرۆکایەتی کۆمپانیای (ئەلکترۆ وات)ی ئەڵمانیای ڕۆژئاوا ، بۆ ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەیەکی جوگرافیو ئابووریو هونەری سەبارەت بەو پرۆژەیە . ئەو کۆمپانیانە ئەوەیان بۆ دەرکەوت کە دەشێت مێترۆیەك لە بەغدادا بە دوو هێڵ بە درێژایی ٤۲ کیلۆمەتر پێك بهێنرێتو ئەم پرۆژەیەیش شەش سەد ملیۆن دیناری عیراقیی تێ‌دەچێتو دە کیلۆمەتری تا ساڵی ۱۹۸٦ تەواودەکرێت .

بەڵام ئەم پرۆژەیە جارێك وازی لێ‌هێنرا ، تا لەم دوایی‌یانەدا دەستەیەکی تایبەت کە سەر بە

سەرۆکایەتی ی وەزیرانە ئـــەرکی ئەو شـــتانەی
پێسپێررا کە پەیوەندیيان بە پرۆژەکەوە هەیە ، ئـەم
دەستەیەیش ئێستا خەریکە لەگەڵ یەکێك لە کۆمپانیا
بێگانەکـانـدا رێك دەکەوێت کـە کۆمپـانیایەکی
ئنگلیزی یەو ناوی (سکۆت)ە بە مەرجێك ئەم کۆمپانیایە
تا ناوەڕاستی سالی ١٩٨١ لێکۆلینەوە سەباوەت بـە
هەموو لایەنەکانی پرۆژەکە پێشکەش بکات ئەویش بـە
شێوازێك کە بە لایەنی کـەمەوە بتوانرێت تا کۆتایی
سالی ١٩٩٠ بەغـدا بەشێکی زۆری هێلی میترۆی
هەبێت .

ئەم پرۆژەیە نزیکەی ملیارێك دینـاری عیراقی ی
تێ دەچێت بۆیە کۆمپانیاکان ئێستا هەلپـەیان دێت و
دێن بۆ بەغدا بۆ ئەوەی زانیاری ســەبارەت بەغداو
رێگاوبانەکانی بزانن بۆ ئەوەی بتوانن بێنە پێشـەوەو
جێبەجێ کردنی ئەو پرۆژەیە بکەوێتە ئەستۆیانەوە .

هێلکە شلەقێن !

یەکێك لە کۆمپانیاکانی ئەمریکا لـەم دواییەدا
ئامێرێکی دروست کردووە بە کارەبا کار دەکات و هێلکە
لەناو توێکلەکەیدا دەشلەقێنێت واتە بێ ئەوە هێلکەکە
بشکێنرێت دەیشەلەقێنێت .

ئەوەی لـەم ئامێرەدا سـەری لێ سوڕ دەمێنێت
ئەوەیە کـە زەردێنەو سپێنەی هێلکەکـە لـەناو
توێکلەکەیدا دەشلەقێنێت و هـــەردووکیان تێکەل
دەکات . ئەوەیش بـە هۆی دەرزی یەکی تۆزێـك
چەوتاوەوە ئەنجام دەگرێت کـە لە توێکلی هێلکەکەوە
دەچێتە ناو هێلکەکەوە . پاشان لەناو هێلکەکەدا بـە
هێزی کارەبا سووڕ دەخوات و زەردێنـەو سپێنەی
هێلکەکە پێکەوە تێکـەل دەکات و چەند چرکـەیەك
ناخایەنێت .

سوودی ئـــەم ئامێرە ئەوەیە دە[illegible]ی و قاپو
قاچاغی کەم تر لە مووبەقدا بە کـــار دەهێنرێت ،
ئەوەی شایانی باسیشە لـــەم دواییەدا کابرایـــەك
ئامێرێکی دروست کردووە توێکلی هێلکــــەی برژاو
دەگرێتەوە ، هەر ئەوە ماوە ئامێریش دروست بکـەن
هێلکەکە بداتە دەرخواردی مرۆڤ !

گێبەرکێ لە بواری زمانی عەرەبی و وێژەکانی دا

● رێکخراوی عەرەبی پەروەردەو رۆشنبیری و
زانیاری ، نووسینگەی بە عەرەب کردن لـە نیشتمانی
عەرەبدا لـــە بواری زمـــانی عەرەبی و وێژەکانی دا
گێبەرکێ یەك ساز دەکات . چوار خەلاتیش بـە چوار
هەزار دۆلار بۆ هــــەر چوار لێکۆلینەوەی بەرەندە
تەرخان کـــراوە : گێبەرکێ کە یەکێك لەم باســـانە
دەگرێتەوە :

١ ـ دەستنووسێك بـــە عـــەرەبی لەمەوپێش
بلاونەکرابێتەوە . نرخێکی زانستی ی هەبێت لـــــە
بەرەوپێشــــەوە بردنی بزووتنـــەوەی پەرەسەندنی
هاوچەرخانەی زماندا .

٢ ـ لێکولینەوەیەکی بەراووردانە بلاونەکرابێتەوە
سەبارەت بە مۆسیقا لـە قورئاندا ، سەرچاوەکانی و
بێ وێنەیی .

دوا داهێنراوەکانی کۆمپیووتەر

هەندێك کەس بە سەدەی بیستەم دەلێن چەرخی
نێو مانگ و ئەستێرەکان ، هـــەندێکی دیکەیش پێ ی
دەلێن چەرخی کۆمپیووتەر .. لەم سالانەی دواییەدا
ناوی چەرخی کۆمپیووتەر بە سەر ئـەو ناوەکەی تردا
زال بوو .. ئـــەویش بـــە هـــۆی ئـــەو ئامێری
کۆمپیووتەرانەوە کە لـە بازارەکانی ئەمریکاو ژاپۆندا
سەریان هەلداوە .

یەکێك لەو کۆمپیووتەرانەی لەم دواییەدا لـە
وولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا دروستیان کردووە ،
بۆ ســـوود لێ وەرگرتن و رابواردنی کات بـــە کار
دەهێنرێت ، ئەگەر نەلێین بۆ یاری یەکانی یانـــەکان و
زانیاری ی قوتابخانە بەکاردێت . ئەم کۆمپیووتەرەیش
ناوی (ئینتەلەفزیۆن)یان لێ ناوە بەوەی کە پاشکۆیەکی
تەلەفزیۆنەو بەبێ ئەوەی بـــە تەلەفزیۆنەوە نەبێت
کارناکات .. ئەم کۆمپیووتەرە بریتی یە لـە دوو ئامێر
یەکێکیان وەکوو تیپ ڕایتەر وایە ئەوی تریان پەردەی
هەیە یان وەکوو پەردەی تەلەفزیۆن وایە . بۆ هەموو
جۆرە یاری یەك دەشێت ..

کاسێتیشیان هەیە مرۆڤ دەتوانێت هـەرچی ی
بوێت بیخاتە کارو تەماشای بکـــات ، دەتوانێت یاری
تۆپی پێ یان یاری ی شەترەنج و لەو جۆرە شـــتانە
ببینێت .. کاسێتیش هەیە هەر زمانێك تۆ بتـەوێت
فێرت دەکات .. یان هونەرێك لە هونەرەکانت فێـــر
دەکات .. ئیتر دنیایەو شتی سەیر سەیری تێدایە !



تصميم الغلاف : رقيه محمد صالح

نرخی ٥٠ فلسه   ئەم ژمارەیە ٨٠٠٠ دانەی‌لی چاپکراوە

رقم الايداع في المكتبة الوطنية ببغداد ١١٢ لسنة ١٩٧٩

رۆشنبیری نوێ
مجلة ثقافية شهرية عامة
تصدر عن : دار الثقافة والنشر الكردية
وزارة الثقافة والاعلام
بغـــداد

Roshinbiry Nwe
General Cultural Monthly Magazine
Issued by : Kurdish Culture
and Pullication House
Ministuy of Culture and inf ormation
Baghdad — Iraq

ناونیشان : دارالثقافة والنشرالكردية ـ ساحة الفلانى بغداد
تەلەفون ٨٨٧٥٧٩٥ پێنج خەتە